# هەڵسەنگاندنێکی زمانەوانی فەرهەنگنووسیی کوردی

## (فەرهەنگەکەی زەبیحی بەنموونە)

شکۆفە حسین محمد صالح

**پێشکەشە بە:**

- باوکی بەڕێزم و گیانی پاکی دایکم.
- هاوسەری خۆشەویستم، کە هەمیشە هاوکار و هاندەر و پاڵپشتم بووە.
- خوشك و براکانم.
- هەناسەی کوردان و شارە خۆشەویستەکەم (کەرکوك).
- هەموو ئەو کەسانەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان، پیتێکیان فێرکردووم.
- هەموو دڵسۆزانی زمانی کوردی و زانستخوازان.

## سوپاسنامە

**سوپاس و پێزانینم بۆ:**

- **مامۆستای گەورە و بەڕێز** (د. شهاب طيب طاهر)، **کە بەو پەڕی دڵسۆزییەوە، ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەی گرتەئەستۆ و زانستیانە و دڵسۆزانە ڕێنمایی کردووم و هەمیشە ئامادەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانم بووە، بە دڵێکی فراوانەوە ڕێنمایی ورد و بەنرخ و بەپێزی کردووم و نامەکەی دەوڵەمەندتر کرد و لەگەڵمدا گەیاندییە ئەنجام، پڕ بەدڵ هیوای سەرکەوتن و لەشساغی بۆ دەخوازم.**
- **بەڕێز دکتۆر (پ.ی.د. ئازاد ئەمین باخەوان)، کە زۆر بە پەرۆشەوە بە کارەکەمدا چۆتەوە و ڕێنمایی زانستییانەی بەسودی کردووم.**
- **بەڕێز دکتۆر (شیروان حوسێن خۆشناو)، کە زۆر بە دڵسۆزییەوە بە کارەکەمدا چۆتەوە و ڕێنمایی و تێبینی زۆر زانستییانەی کردووم.**
- **بەڕێز دکتۆر (شیماء رشید محمد زەنگەنە)، هاوکارێکی زۆر باشی سەرچاوە عەرەبیەکانم بووە و دڵسۆزانە یارمەتیدەری نامەکەم بووە.**
- **بەڕێز دکتۆر (سنگر علی مامە) بەپێدانی سەرچاوە هاوکاری کردووین.**
- **بەڕێز (شادیە بکر) بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی کەرکوک، هاوکاری کردووم.**

**تێبینی:**

**ئەم کتێبە لە نەژاددا نامەی ماستەرە و لە (2017/5/24) تاووتوێکراوە و بە پلەی (زۆرباشەی باڵا) وەرگیراوە و بە سەرپەرشتی (پ.د.شەهاب شێخ تەیب) بووە.**

## لیستی زاراوەکان

| ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|
| Term | زاراوە |
| Lexicon | فەرهەنگ |
| Lexicol entry | دەروازەی فەرهەنگی |
| Lexicograghe | فەرهەنگنووس |
| Lexicology | لیکسیکۆلۆژی |
| Loxicography | فەرهەنگنووسیی |
| Phonetice | فۆنەتیك/ دەنگسازی |
| Phonology | فۆنۆلۆژی/ دەنگسازی |
| Morphology | وشەسازی |
| Lexical Word | وشەی لێکسیکی |
| Strees | هێز |
| Phonological Structuye | پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی |
| Metaphor | میتافۆڕ |
| Idiom | ئیدیۆم |
| Semantic relation | پەیوەندییە واتاییەکان |
| Context | دەوروبەر |
| Pragmatics | پراگماتیك |

# ناوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| I | **پێشکەشه بە** |
| II | **سوپاسنامە** |
| III | **لیستی زاراوەکان** |
| Iv | **ناوەڕۆك** |
| | **پێشەکی** |
| 1 | ./1) ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە |
| 1 | ./2) هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە |
| 1 | ./3) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە |
| 1 | ./4) ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە |
| | **بەشی یەکەم: لایەنەکانی فەرهەنگ و فەرهەنگنووسیی کوردی**<br>**تەوەرەی یەکەم: چەمك و زاراوەی فەرهەنگ** |
| 3 | 1/1–1) وشەی فەرهەنگ لە ڕووی زاراوەوە |
| 5 | 1/1–2) پێناسە و ڕوونکردنەوەی فەرهەنگ |
| 7 | 1/1–3) دیاریکردن و پەیوەندی نێوان لیکسیکۆلۆژی (زانستی وشە) و لیکسیکۆگرافی (زانستی فەرهەنگنووسی) |
| 10 | 1/1–4) بایەخدان بە لێکۆڵینەوەی پێکهاتەی فەرهەنگ |
| 11 | 1/1–5) گیروگرفتەکانی دانانی فەرهەنگ |
| | **تەوەرەی دووەم: پوختەیەك لە بارەی مێژوو و چۆنیەتی دانان و گرنگی فەرهەنگ و جۆرەکانی لە زمانی کوردیدا** |
| 13 | 1/2–1) پوختەیەك لە بارەی فەرهەنگنووسیی کوردی |
| 14 | 1/2–2) کورتە مێژوویێکی سەرهەڵدانی فەرهەنگنووسیی کوردی |
| 15 | 1/2–3) پۆلێن و جۆرەکانی فەرهەنگ لە زمانی کوردیدا |
| 18 | 1/2–4) زانستی فەرهەنگ |
| 19 | 1/2–5) پۆلێنکردنی فەرهەنگ بەپێی وشەکانی زمان |
| 21 | 1/2–6) قۆناغ و هەوڵەکانی دانانی فەرهەنگی کوردی |
| 23 | 1/2–7) دەروازەی فەرهەنگی |
| 25 | 1/2–8) شێواز و چۆنیەتی ڕێکخستنی کەرەستە لە دەروازەی فەرهەنگدا |

| | |
|---|---|
| 9-2/1) هونەری ڕێکخستنی فەرهەنگ | 27 |
| 10-2/1) ئامانج و سودی فەرهەنگ | 30 |
| **تەوەرەی سێیەم: پوختەیەك لە بارەی فەرهەنگەکەی (زەبیحی)یەوە** | |
| 1-3/1) پێشەکی فەرهەنگەکە | 33 |
| 2-3/1) ئامانجەکانی پێشەکی فەرهەنگەکە | 33 |
| 3-3/1) هێما و کورتکراوە بەکارهاتووەکانی فەرهەنگەکە | 34 |
| 4-3/1) قەبارەی فەرهەنگەکە | 35 |
| 5-3/1) توێژی سودمەند لە فەرهەنگەکە | 35 |
| 6-3/1) ناوەڕۆکی پێشەکی فەرهەنگەکە | 36 |
| 7-3/1) ڕیزکردن و ڕێکخستنی دەروازەکان | 36 |
| 8-3/1) دەروازەی فەرهەنگی و جۆرەکانی لە فەرهەنگەکەدا | 37 |
| **بەشی دووەم: هەڵسەنگاندن و گیروگرفتەکانی فەرهەنگنووسیی کوردی لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە** | |
| 1/2) دیاریکردنی زانیاری فۆنۆلۆژی لە فەرهەنگدا | 40 |
| 2/2) پەرەسەندنی زانیاری دەنگسازی لە فەرهەنگدا | 41 |
| 3/2) پێویستبوونی زانیاری فۆنێمی و دەنگی لە فەرهەنگدا | 45 |
| 4/2) بنەماکانی بەکارهێنانی حینجەکردنی دەنگەکان | 47 |
| 5/2) بڕی زانیاری دەنگەکان لە فەرهەنگدا | 50 |
| 6/2) شێوەزار و بەکارهێنانی لە فەرهەنگدا | 51 |
| **بەشی سێیەم: هەڵسەنگاندن و گیروگرفتەکانی فەرهەنگنووسیی کوردی لە ڕووی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسەوە** | |
| **تەوەرەی یەکەم: لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە** | |
| 1-1/3) وشە و ڕستەسازی لە فەرهەنگنووسیی کوردیدا | 54 |
| 2-1/3) بەلیکیسیکبوون و پێکهاتەی فەرهەنگی (فریزی چەسپاو) | 55 |
| 3-1/3) دیاریکردنی بەشەکانی ئاخاوتن | 57 |
| 3/ 1-4) ڕێبازی نوێی بەشەکانی ئاخاوتن لە فەرهەنگدا | 64 |
| 5-1/3) کەمی زانیاری مۆرفۆلۆژی لە فەرهەنگدا | 65 |
| 6-1/3) پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی فەرهەنگ | 66 |
| 7-1/3) بوونی وشەی بێگانە لەناو فەرهەنگی کوردیدا | 69 |
| 8/3) بایەخدان بە پێکهاتە زمانییەکان و ڕەچاوکردنی وشە ئەرکییەکان | 70 |
| 9/3) دیاریکردنی جۆری وشەکان لە ڕووی (نێر و مێ، کۆ، ناسیاوی و نەناسیاوی) | 71 |
| **تەوەرەی دووەم: لە ڕووی سینتاکسەوە** | |

| | |
|---|---|
| 1-2/3) پەیوەندی و کاریگەری سینتاکس لە فەرهەنگ | 73 |
| 2-2/3) کەمی زانیاری سینتاکس لە فەرهەنگدا | 74 |
| 3-2/3) ئەو کەرەستە سینتاکسیانەی کە دەبێت لە فەرهەنگدا هەبێت | 74 |
| 4-2/3) ڕوونکردنەوەی وشە لە ڕستەی کوردیدا | 76 |
| 5-2/3) ڕستە و جۆرەکانی لە فەرهەنگدا | 76 |
| **بەشی چوارەم: هەڵسەنگاندن و گیروگرفتەکانی فەرهەنگنووسیی کوردی لە ڕووی سیمانتیکەوە** | |
| 1/4) هۆکارەکانی لێکدانەوەی واتا لە فەرهەنگدا | 78 |
| 2/4) پەیوەندییە واتاییەکان لە فەرهەنگی زەبیحیدا | 79 |
| 3/4) میتافۆڕ (خوازە) | 85 |
| 4/4) ئیدیۆم | 87 |
| 5/4) جیاوازی و خزمایەتی نێوان وشەکان (ئەو وشانەی لە وشەیەکەوە دادەڕێژرێن) | 88 |
| 4/ 6) ڕۆڵی دەوروبەر لە فەرهەنگسازیدا | 90 |
| 4/ 7) وەسفی بەڵگەیی | 91 |
| 8/4) واتای پراگماتیك و شێوازی لە فەرهەنگی کوردیدا | 95 |
| 9/4) زانیاری گشتگیری (الموسوعی)<br>1-9/4) أ- لە بارەی ناوەوە بۆ چوار بەش دابەش دەبێت | 99 |
| 2-9/4) ب- زانیاری مێژووی و جوگرافی و شوێنە ناسراوەکان و ناوی نەخۆشی | 103 |
| 3-9/4) ج- زانیاری لە بارەی ناو و ناونیشان هەڵبژێردراوی کارە ئەدەبی و فکرییەکان | 106 |
| 4-9/4) د- زانیاری لە بارەی داب و نەریت و باوەڕە دینی و کۆمەڵایەتییەکان | 106 |
| 5-9/4) هـ- زانیاری لە بارەی زاراوە زانستییەکانەوە | 106 |
| 10/4) هۆکارە دیاریکراوەکان | 107 |
| ئەنجام | 109 |
| سەرچاوەکان | 110 |
| ملخص الرسالە | 118 |
| Abstract | 119 |
| پاشکۆکان<br>پاشکۆی ژمارە (1) وێنەی عبدالرحمن زەبیحی و وێنەی هەردوو بەرگی فەرهەنگەکەی | 120 |
| پاشکۆی ژمارە (2) ژیاننامەی عبدالرحمن زەبیحی | 121 |
| پاشکۆی ژمارە (3) پوختەی مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردی | 122 |
| پاشکۆی ژمارە (4) ڕاناوەکانی بەرگی (٦) | 158 |
| پاشکۆی ژمارە (5) ئامرازەکانی هەر دوو بەرگەکە | 158 |

| | |
|---|---|
| پاشكۆی ژماره (6) دژوواتاكانی بەرگی (ئ) | 158 |
| پاشكۆی ژماره (7) هاوواتاكانی بەرگی (ئ) | 158 |
| پاشكۆی ژماره (8) وشەی ( كوردی – عەرەبی، كوردی– فارسی، كوردی– توركی)بەرگی (ئ) | 159 |
| پاشكۆی ژماره (9) میتافۆرەكانی بەرگی (ئ) | 163 |
| پاشكۆی ژماره (10) ئیدیۆمەكانی بەرگی (ئ) | 165 |
| پاشكۆی ژماره (11) دژوواتاكانی بەرگی (ب) | 168 |
| پاشكۆی ژماره (12) هاوواتاكانی بەرگی (ب) | 168 |
| پاشكۆی ژماره (13) وشەی (كوردی – عەرەبی، كوردی– فارسی، كوردی– توركی) بەرگی (ب) | 169 |
| پاشكۆی ژماره (14) میتافۆڕی بەرگی (ب) | 170 |
| پاشكۆی ژماره (15) ئیدیۆمی بەرگی (ب) | 173 |
| پاشكۆی ژماره (16) ناوی ئاژەڵ و زیندەوەر و پەلەوەر و باڵندە | 176 |
| پاشكۆی ژماره (17) ناوی ڕووەك و گیا و میوە | 176 |
| پاشكۆی ژماره (18) ناوی نەخۆشی مرۆڤ و درەخت و ئاژەڵ | 176 |
| پاشكۆی ژماره (19) ناوی مانگەكان لە هەردوو فەرهەنگەكەدا | 176 |

## پێشەکی

**1/.) ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە :**

ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیە (هەڵسەنگاندنێکی زمانەوانی فەرهەنگنووسیی کوردی (فەرهەنگەکەی زەبیحی بەنموونە)یە، لەبەرئەوەی (قامووسی زمانی کوردی) مامۆستا عبدالرحمن زەبیحی لەناو چین و توێژی خوێنەران زیاتر بە (فەرهەنگەکەی زەبیحی) ناسراوە، بۆیە هەر بەو ناوەش لەم کارەدا دانراوە.

بواری نامەکەش بە شێوەیەکی سەرەکی دەچێتە خانەی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی کە لە لایەنەکانی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و واتاسازی و پراگماتیک دەکۆڵێتەوە.

**2/.) هۆکاری هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە :**

بەراورد بە زمانەکانی تر، کە کاری زۆریان لە بواری فەرهەنگ و فەرهەنگنووسیی کردووە، تاوەکو ئێستا لە زمانی کوردیدا فەرهەنگێك نەکراوەتە کەرەستەی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی، هەروەها بۆیە بە پێویست زانرا، کە لێکۆڵینەوەیەکی لەم جۆرە لەسەر فەرهەنگەکەی زەبیحی بکرێت و ببێتە بنەمایەك بۆ لێکۆڵینەوەکانی پاش خۆی.

**3/.) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی لێکۆڵینەوەکە :**

بۆ نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشێوەیەکی گشتی و سەرەکی ڕێبازی وەسفی شیکاری پەیڕەوکراوە، واتە شیکردنەوەی ئەو فەرهەنگە و خستنەڕووی لایەنەکانی تری.

**5/.) ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە :**

لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکییەك و چوار بەش و چەند پاشکۆیەك پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم**: کە بە ناونیشانی (لایەنەکانی فەرهەنگ و فەرهەنگنووسیی کوردیدا)یە، سێ تەوەرە لەخۆدەگرێت:

**تەوەرەی یەکەم**: چەمك و زاراوەی فەرهەنگ، کە وشەی فەرهەنگ لە ڕووی زاراوەوە، پێناسە و دیاریکردن و پەیوەندی نێوان لیکسیکۆلۆژی و لیکسیکۆگرافی، بایەخدان بە لێکۆڵینەوەی فەرهەنگ، گیروگرفتەکانی دانانی فەرهەنگ.

**تەوەرەی دووەم**: پوختەیەك لە بارەی مێژوو و چۆنیەتی دانان و گرنگی فەرهەنگ و پۆلین و جۆرەکانی لە زمانی کوردیدا باسکراوە و پوختەیەك لە بارەی فەرهەنگەوە، جۆرەکانی فەرهەنگی کوردی، زانستی فەرهەنگ، قۆناغەکان و شێواز و چۆنیەتی ڕێکخستنی کەرەستە لە دەروازەی فەرهەنگدا، هونەر و ئامانج و سوود و دەروازەی فەرهەنگەوە دەکات.

**تـەوەرەی سـێیەم:** پوختەیـەك لـە فەرهەنگەکـەی زەبیحـی خراوەتـە ڕوو، کـە تێیـدا بـاس لـە: پێشـەکی و ئامـانجی و هێمـاو کـورتکراوە و قـەبارە و توێـژی سـوودمەند و دەروازە و جـۆری دەروازەی فەرهەنگەکـە دەکات.

**بەشـــی دووەم:** تایبەتــە بــە هەڵســەنگاندن و گیروگرفتــەکانی فەرهەنگنووســیی کــوردیی لــە ڕووی فۆنۆلۆژییـەوە، کـە تـەرخانکراوە بـۆ دیـاریکردن و زانیـاری فۆنۆلـۆژی لـە فەرهەنگەکـەدا، پێویسـتبوونی زانیاری فۆنێمی و دەنگی لـە فەرهەنگدا، بنـەماکانی بەکارهێنانی حینجـەکردنی دەنگـەکان، بڕی زانیاری دەنگەکان لە فەرهەنگدا، شێواز و هەڵبژاردنی لە فەرهەنگدا.

**بەشـــی ســـێیەم:** هەڵسـەنگاندن و گیروگرفتـەکانی فەرهەنگنووسـیی کـوردی لـە ڕووی مۆرفۆلـۆژی و سینتاکسەوە، کە لە دوو تەوەرە پێکهاتووە.

**تـەوەرەی یەکـەم:** لـە ڕووی مۆرفۆلۆژیـەوە، بـاس لـە وشـە و ڕستەسـازی و دیـاریکردنی و ڕێبـازی نـوێی بەشەکانی ئاخاوتن، پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی و بوونی وشەی بێگانە لە ناو فەرهەنگی کوردیدا بایەخدان بە پێکهاتە زمانییەکان و ڕەچاوکردنی وشە ئەرکییەکان، دیاریکردنی جۆری وشەکان باسکراوە.

**تـەوەرەی دووەم:** لـەڕووی سینتاکسـەوە بـاس لـە پەیوەنـدی و کاریگـەری سـینتاکس لـە فەرهـەنگ، ئـەو کەرەستە سینتاکسیانەی کە دەبێت لە فەرهەنگدا هەبێت، ڕوونکردنەوەی وشە لە ڕستەی کورتدا، ڕستە و جۆرەکانی کراوە.

**بەشـــی چـــوارەم:** دوا بەشـە بەشـێوەیەکی پراکتیکـی هەڵسـەنگاندن و گیروگرفتـەکانی فەرهەنگنووسـیی کوردی لە ڕووی سیمانتیکەوە باس لە هۆکارەکانی لێکدانەوەی واتا لە فەرهەنگدا، پەیوەندییە واتاییەکان و میتافۆڕ و ئیدیۆم و جیاوازی و خزمایەتی نێوان وشەکان (ئەو وشـانەی لـە وشـەیەکەوە دادەڕێـژرێن) لـە فەرهــەنگی زەبیحیــدا، دەوروبــەر و وەســفی بەڵگــەی لــەلای زەبیحیــدا، واتــای پراگماتیـك و شـێوازی لـە فەرهەنگی کوردیدا، زانیاری گشتگیری، هۆکارە دیاریکراوەکان کراوە، پاشان لیستی ئەو سەرچاوانەی کە سوودیان لێبینراوە لـە نووسـینی ئـەم لێکۆڵینەوەیـەدا کورتـەی لێکۆڵینەوەکە بە هـەردوو زمـان عـەرەبی و ئینگلیزی دیـاریکراو. هـەروەها ژمارەیـەك پاشـکۆ لـە کۆتـایی لێکۆڵینەوەکە بۆ سـودی زیـاتری خوێنـەران خراوەتەڕوو

# بەشی یەکەم

# لایەنەکانی فەرهەنگ و فەرهەنگنووسیی کوردی

## بەشی یەکەم: لایەنەکانی فەرهەنگ و فەرهەنگنووسیی کوردی:

### 1-1/1 ) تەوەرەی یەکەم: چەمك و زاراوەی فەرهەنگ:

### 1-1/1 ) وشەی فەرهەنگ لەڕووی زاراوەوە:

هەندێك وشە چەندین زاراوەی جیاوازی بۆ بەکارهێنراوە، بێگومان زاراوەی فەرهەنگیش چەندین زاراوەی تری بۆ بەکارهاتووە، لە زمانی عەرەبیدا بە فەرهەنگ دەگوترێت: (قاموس یان معجم) و لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەگوترێت (Vocablary) یان (Dictionary). (میدیا: 1998: 322). لە بنەڕەتدا قاموس وشەیەکی یۆنانی کۆنە و بۆ کۆکردنەوەی وشەکانی زمانێك، یان پتر، کە هەندێك جار لە کوردیدا، بە هەڵە پێی دەگوترێت (فەرهەنگ) و لە ئینگلیزیدا شێوەی (Dictionary) لە جیاتی ئەم نازنێوە یۆنانییە بەکاردێت، کە لە وشەی (diction )(بێژەکاری act of speakin)ی لاتینیەوە داڕێژراوە و بەئەڵمانی پێی دەگوترێت (Wornarbuch) و لە هۆڵەندی بۆتە (Woordonbook) کە بە کوردییەکەی دەبێتە وێژ–پەرتوك (Woizpartok). بە گشتی ئەم نازناوانە لە زانستی قاموسدا هەر هەمان واتا دەگەیێنن، ئەویش لە پاڵ بەراوردکردنیان و لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی واتاکانیاندا، کۆکردنەوە و ڕیزکردنەوەی وێژە و وشەکانی زمانێك و یان دوو زمان و پتر بە پێی پیتەکانی ئەلف و بێ لە پەرتووکێکدا تۆماردەکرێن. (جەمال ڕشید:2001: 151). بێگومان لە زمانی ئینگلیزیشدا دوو زاراوە بەدی دەکرێت، کە وشەنامەکە (dictionary)یە و فەرهەنگەکەش (Lixicon)، هەردووکیان بوارێکی زانستی تازەن، هەرچی وشەنامەیە، تەنها وشەکە ڕەنگە لەگەڵیان ڕەگەزی فەرهەنگی بێت، ئەگینا بەتایبەتی و بە تەنها وشەکە و واتاکەی، واتای ناوەڕۆکی لەو زیاتر نیە، بەپێی بۆچوونی چەند نووسەرێکی زانکۆی سلێمانی ناوی وشەنامەیان لێناوە، قامووس و مونجیدەکەش فەرهەنگە. (مەحەمەد مەحوی: 2001: 144).

فەرهەنگ لە عەرەبیدا پێی دەگوترێت (معجم) بە مانای نادیاری و شاراوە دێت. زەمەخشەری دەڵێت: (دەرگای پاشا موعجەمە، واتە نادیار و بەستراوە)، هەندێك جار بە پێچەوانەی ئەو مانایەی سەرەوە بە مانای ڕوون و ڕەوان دێت، (ابن جنی) لە کتێبی (الخصائص)دا لە ڕووخستنی واتای جۆراوجۆری فرمانی(عجم) شێوەیەکی بە گشتی بە واتای ئاڵۆز و نادیار دێت. (سنانی سنانی :2012: 19).

ئەم وشەیە چەند واتایەکی دوور و نزیکی هەیە، کە پەیوەندی لەگەڵ واتای کۆی فەرهەنگەکاندا هەیە. ئەمەش بە مانای نادیار دژی ڕوون و ڕەوان دێت، هەروەها کە دەڵێن (أعجمت الكتاب) لێرەدا بەمانای پەرتووکەکەم ڕوون کردەوە دێت، کە بەپێچەوانەی مانای ئاڵۆز دێ، ڕوونکردنەوە نەوەکو سەلماندنی. بەواتایەکی فراوانترە لە پەرتووك بەشێکی واتای زمانەوانی بە شێوەیەکی ڕوونکراو و بە ستراودا لەخۆدەگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا بابەتەکە بە شێوەیەکی ڕیزبەندی ڕێك و تایبەت ڕیزکراوە. (بڕوانە: أحمد بن عبدلله الباتلی:1992: 11).

زاراوەی قاموس وشەیەك نییە کە کورد بۆ یەکەمین جار بەکاریهێنابێت، بە ڵکو ڕەگ و ڕیشەی قووڵ چووە و دەمێکە لە سەردەمی گریکییەوە بەر لەزایینی بەکارهاتووە. فەرهەنگ ناوی قامووسی هەڵگرتووە، هەر وەك (قامووسی ئۆقیانووس) کە هی فیرۆزئابادییە کاتێك ئەو قامووسە چاپکرا لە کۆتایی سەدەی نۆزدە، لە نێو خەڵکیدا بڵاوبووەوە، ئاخاوتنی ئۆقیانووس بەواتای: دەریا، یان دەریای گەورە، یان ناوەڕاستی دەریا، یان زۆری، یا دوورترین شوێن و قوڵبونەوە تێیدا دێت . (سنانی سنانی:2012: 22).

زاراوەی فەرهەنگ لە نەژاددا وشەیەکی پەهلەوییە و لە (فرهنج frahang) وەرگیراوە، لە زمانی فارسیدا هەمان وشە بەکاردێت، بەڵام سەرەڕای چەند واتایەکی جیاوازی هەیە لەوانە (ئەدەب، پەروەردە، زانست، زانیاری و مەعریفە، یان کۆمەڵێك داب و نەریت، یان کۆمەڵێك زانست و زانیاری و هونەر گەلێك لەنێو هەر میللەتێکدا. یان کتێبێکە تەواوی وشەکانی زمانێك یان چەند زمانێك و ڕوونکردنەوەیان، لەخۆدەگرێت. (محمد معین :1376: 636). (قامووس) وشەیەکی گریکییە و (فەرهەنگ) وشەیەکی ئێرانیە و فارسەکان بۆ ئەکادیمیا و ڕۆشنبیری گشتی بەکاریدێنن، قامووس واتە ئەو کتێبانەی وشە بەخۆیانەوە دەگرن، لە هەر زمانێك لە زمانانی دنیا بەکاردێت. (مارف خەزنەدار :2001: 31). ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە زیاتر واتای فەرهەنگە وەك کتێب و لێرەدا هەر ئەوەیە کەرەستەی توێژینەوەمان. زۆرێك لە نوسەرانی کورد پێیان وایە کە وشەی فەرهەنگ وشەیەکی کوردییە، ((فەرهەنگ)) وشەیەکی کوردیی کۆنە و لە ((فەرهەنگ))ەوە وەرگیراوە ((فرە)) لە کوردیدا بەمانای ((زۆر و زەبەنگ)) دێ (( هەنگ)) و ((سەنگ)) بە مانای ((گرانی)) و ((نرخ)) و ((بڕ)) ((مقدار)) دێت. (سەرچاوەی پێشوو: 60). ئەم بۆچوونەی نووسەران بەرانبەر بە زاراوەی فەرهەنگ ئەوە دەردەخات، کە فەرهەنگی کوردی ئەو لێکدانەوەی تێدا بەدیدەکرێت، بەڵام زۆرێك لە زانایانی زمانی کوردی لە بەرانبەر وشەی (فەرهەنگ) وشەی (قامووس)یان بەکارهێناوە، نموونە (عبدالرحمن زەبیحی) کە وشەی قامووسی بەکارهێناوە، فەرهەنگەکەشی بە ناوی ( قامووسی زمانی کوردی)یەوە نوسیووە، بەڵام لەنێو بواری زمانەوانی کوردیدا هێشتا بەفەرمی نەچەسپاوە، یان یەکلایی نەبۆتەوە وشەی (قامووس) یان (فەرهەنگ) لە نووسین و ئاخاوتنەکانماندا بەکاربهێنین. بێگومان پێویستە خۆمان یەك لایی بکەینەوە بەرانبەر بەکارهێنانی ئەو هەموو وشە و زاراوانەی کە بەرانبەر بە وشەی (قامووس) دەکرێت، بەڵام ئێستا وشەی (فەرهەنگ) زیاتر لەلایەن نووسەران و دانەرانی فەرهەنگەوە،بەکاردێت و چەسپاوە.

## 2-1/ ) چەمك و پێناسەی فەرهەنگ:

فەرهەنگ_ ئەو کتێبەیە، کە وشەی تێدا تۆماردەکرێت. جگە لە ڕیزکردنی وشە، هەروەها لێی کۆڵراوەتەوە و مانای ڕوونکراوەتەوە و لێکدراوەتەوە و شیکراوەتەوە و زانیاری دەربارەی چۆنیەتی نووسینیان و بە دەمەوەهاتنیان و پەیدابوونیان... دراوە. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1975: 69). کەواتە فەرهەنگ ئەو سەرچاوەییە یان ئەو کتێبەیە کە زانیاری تایبەتی، لە بارەی وشەکانی زمان و واتاکانیان

تێداتۆماردەکرێت. لەگەڵ وتت قاموس، هەموو کەسێك کتێبێکی دێتەبەرچاو کە باسی هەموو شتێ دەکات و مەتەڵی کوردیی ((قسەی وا دەکات قاموس نایگرێت)) لەم باوەڕە پەیدابووە، کە دەبێت قاموس هەموو شتێکی تێدابێت، بەڵام ئەوەی کە ناوی قاموس دەیخاتە مێشکی خوێندەواران، لەگەڵ نەخوێندەواران، جیاوازە، تەنانەت نیمچە خوێندەواریش هەر دەزانێت قاموس کتێبێکە لە (وشە) دەدوێت، (وشە) بە بیر هەموو خوێندەوارێکدا دێت، ئەمما ئەوەی کە (وشە) لەچی پێکهاتووە و چۆن پێکهاتووە؟ کارێکە تەنیا ئەو کەسانەی بیری لێدەکەنەوە کە سەر و کاریان لەگەڵ زانستی زمان هەبێت و خەڵکی تر وشەیان لەلا (شت)ێکە مانایەکی هەیە و مەبەستی خۆیان پێ دەردەبڕێت. (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 56). واتا زۆربەی خەڵك ئاشنایەتی لەگەڵ قاموسدا هەیە.

فەرهەنگ بریتییە لە کتێبێك کە وشەکانی زمانێکی لەخۆگرتووە بە واتایەکی تر، کە بە ڕیزبەندییەکی (ئەلف و بێ)ی ئەو زمانە ڕیزکراون، لەگەڵ خستنەڕووی ڕوونکردنەوەیەکی بچووك لە بارەی هەر وشەیەك لەڕووی واتا و لایەنی ڕێزمانی (دیاریکردنی بەشە ئاخاوتنەکەی) و هەندێ لایەنی تری وەك سەرچاوەی وشەکە و چۆنیەتی خوێندنەوەی وشەکە بە پێی جۆری ئەو زمانەی کە فەرهەنگەکەی بۆ ئامادەکراوە، ئەگەر فەرهەنگەکە تەنها بۆ زمانێك ئامادەکرابێت، ئەوا باسکردن و واتاکەی هەر بەو زمانەیە، بەڵام ئەگەر فەرهەنگەکە بۆ دوو زمانی بێت. ئەوا واتا و باسکردن و واتاکەی بە زمانی دووەمە. (www.mufatismagdum.wordprees.com).

فەرهەنگ بریتیە لەو کتێبەی کە ژمارەیەکی زۆر لە وشەی زمانێکی دیاریکراوی تێدایە، کە بە شێوەی ئەلف بێی ئەو زمانە، وشەکان ڕیزکراون، یەك بەدوای یەك و شیکردنەوەی واتایی ئەو وشانە لە بەرانبەریدا نوسراوە. (محمد حسن عبدالعزيز: 1983: 103).

فەرهەنگ لیستی وشەکانی زمانێکە (تەکنیکانە، یەکە وشەییەکان، یا یەکەی واتاداری زمانەوانی)، بە بەتایبەتی ئەمانە لە فەرهەنگێك لیست دەکرێن وەك لیستێکی یەکە وشەییەکان، کە پێی دەوترێت (لێکسیك) وشە. لێکۆڵینەوەی فەرهەنگی زمان پێی دەگوترێت فەرهەنگدانان. تۆڕێکی یەکە وشەییەکانی پەیوەست بە واتای وەك وشەکانی پەیوەست بە ڕەنگ یان میوە، بوارێکی وشەییە (یا بواری واتایی)ە. (David Crystal, 1992. 227-228). واتە بەهۆی فەرهەنگەوە وشەکانی زمان لە ئاست و شیکردنەوەی وشەدا بوونی دەبێت.

فەرهەنگ کتێبێکە ژمارەیەکی زۆری وشەی زمانەوانی تێدایە، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی واتاکەی و ئەو وشانەی بە شێوازێکی تایبەت بە نوسەرەکە ڕێکدەخرێت. (أحمد بن عبدالله الباتلي: 1992: 76).

قاموس کتێبێکی سەرچاوەییە، کە وشەکان لیست دەکات لە زمانێك یان زیاتر، زۆربەی جار ئاساییە بە ڕیزکردنی ئەلف و بێ، بەدرێژایی لەگەڵ زانیارییەکان دەربارەی شێوازی ڕینووسەکەی، شێوازی وتن، دۆخی ڕێزمانی، واتا، مێژوو، لەگەڵ بەکارهێنان. فەرهەنگەکان زۆربەی زۆری لە قەبارە جیاوازە. ( David

Crystal:1992:22). ئەوەی زمانزانان پێکهاتوون لە سەری، کە فەرهەنگ پەرتووکێکە، یان سەرچاوەیەکە، کە وشە دەگرێتە خۆی یان کۆمەڵە وشەیەکە، کە لە زمانێکی دیاریکراودا، بەڕیزبەندێکی تایبەت ڕیزکراوە، زۆرجار بەپێی پیتی ئەلف و بێ دەبێت، لەگەڵ پێناسەکردنی هەموو وشەکان و هاوردنە بیری هەموو زانیاریەکان لە داڕشتن و دووان و وشەسازی و واتا و بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکان، لەبارەی زمانەوانی و واتاییەوە بە دواداچوون دەکات. (سنانی سنانی :2012 :21) .

کەواتە فەرهەنگ پەرتوکێکە تایبەتە بە کۆکردنەوە و پۆلێنکردنی تاکە وشەکانی زمان و بە شێوەیەکی تایبەت، کە تیایدا وشەکان ڕاڤە دەکرێت و تەمومژی وشەکان دەڕەوێندرێتەوە.

فەرهەنگ بریتییە لەو کتێبەی کە ژمارەیەکی زۆر لە وشەی زمانێکی دیاریکراوی تێدایە، کە بەشێوەی ئەلف بێی ئەو زمانە ڕیزکراون، یەك بەدوای یەك و شیکردنەوەی واتایی ئەو وشانە لە بەرانبەریاندا نووسراوە، کەواتە هەر زمانێك خاوەنی فەرهەنگێکی خۆیەتی و لە چوارچێوەی کتێبێکدا وشەکانی کۆکردۆتەوە و پۆلێنی کردووە و بەشێوەی ئەلف و بێی زمانەکە خۆی ڕێکخستۆتەوە و واتای وشەکانی لێکداوەتەوە و وشەکانی لە فەرهەنگدا پاراستوە.

فەرهەنگ بەردەوام بە گوێرەی پێویستی خەڵك پەرەدەسەنێت و گەشەدەکات و فراوان و دەوڵەمەند دەبێت و بێ وەستان وشەی نوێ دەگرێتە خۆی، جا ئەو وشانە، چ لەسەر بناغە و کەرەسەکانی ئەو زمانە خۆی بێت، چ بە ئامادەکراوەیی لە ئەنجامی تێکەڵاویی پەیداکردن، لەگەڵ زمانەکانی تری جیهاندا، بە تایبەتی لەگەڵ زمانەکانی دراوسێکاندا، خوازرابن، ئەوا دێن بەهانای پێویستی ڕۆژانەی کۆمەڵ و دەبنە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی گشتی زمان. (فاروق عمر صديق: 2015: 11). زمانی هەرنەتەوەیەك بە قامووسەکەی هەڵدەسەنگێنرێت. قامووس تۆماری وشەکانی زمانێکی لە خۆگرتووە، بەڕیزکردنی ئەلف و بێ و شیکردنەوەی وشەکان و لێکدانەوەی واتا...هتد، هەر فەرهەنگێك جۆرێك قەبارە لەخۆدەگرێت، واتە قەبارەی فەرهەنگ مەرجدار نەکراوە بۆ دانەرانی فەرهەنگ. هەروەها لەڕێگای فەرهەنگەوە ئاگاداری مێژووی وشەکان و شێوازی دەربڕینیان و بەکارهێنانیان لە چ سیاقێکدا دەبین. فەرهەنگ ناساندنێکە کە کلتور و ڕۆشنبیری و پلەی پێشکەوتوویی و شارستانیەتی و کەسایەتی ئەو میللەتەی پێ دەردەکەوێت کە بەو زمانە دەدوێن. یەك لەو کتێبانەی کە (لە فەرهەنگی زمانیدا، هەر یەکەیەك یان دانە فەرهەنگی وەکو کۆمەڵێك سیمای واتایی و سیمایی ڕێزمانی و سیمای جیاکەرەوە پیشان دەدات.) (فاطمة مدريسى: 1386: 24).

## 3-1/1 ) دیاریکردنی پەیوەندی نێوان لیکسیکۆلۆژی ( زانستی وشە ) و لیکسیکۆگرافی ( زانستی فەرهەنگنووسیی ):

وشەی لێکسیکۆلۆژی (lexicology) کە لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە، پێکهاتووە لە: (lexikos_ وشەکانی زمان، وشەی فەرهەنگی) و (logos _ زانست). بەم جۆرە وشەی لێکسیکۆلۆژی بە مانای زانستی وشە _ دێت. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1975: 1). (Lexicology) لقێکە لە لقەکانی زانستی

زمان، هەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوەی بەشەکانی زمان و زیادکردنی شیکردنەوەکان، بۆ لێکۆڵینەوەی واتا و بەڵگەی فەرهەنگی لە ڕووی تایبەتییەوە، پۆلێنکردنی ئەو وشە زمانیەی کە ئامادەکراوە بۆ کاری فەرهەنگ، کە دەبێت تێبینی بکرێت لەتێگەیشتنی (Lexicology) گەشەکردنیان لەگەڵ گەشەپێدانی بەرنامەی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی، لە پێشوتر پەیوەندیان بە زاراوەی لێکۆڵینەوەکانی مێژوویی دەکرد، زانرا زانست گرنگی بە لێکۆڵینەوەی بەشەکان لەو داڕشتن و گەشەپێدانی و بەڵگە و هاوواتا و چەندین مانا دەدات، بەڵام (Lexicography) مانای دانەری فەرهەنگەکانە، ئەم زاراوەیە بۆ یەکەم جار لە ساڵی(1680) دەرکەوت، گەشەپێدانی پێشکەوتنی و گۆڕانکاری بوو، تێڕوانینیان بۆ ئەو بوارە و دانەری فەرهەنگی دەکرد، پشتیان بە سەرەتاییەکان بەستووە، بەڵام ئێستا دەزانرێت، کە ئەو زانستە نە لەسەر ئەو هونەرە، بەڵکو پشتیان بە تێڕوانینی زمانەوانی بەستبوو لە پێناو پێشکەشکردنی باشترین فەرهەنگ، پشت بەستنی تەکنیکی لە بەرنامەی لێکۆڵینەوەی جیاواز لە کۆمەڵە بابەتی زمانی و ڕەوشی و ڕێکخستنی. (صافیە زفنکی: 2007: 37–38).

لەبەرامبەر لێکسیکۆلۆژی زاراوەی لێکسیکۆگرافی (Lexicography)مان هەیە، کە گرنگی بە دروستکردنی فەرهەنگ دەدات، لە ڕووی جۆر و پێکهاتە و ڕێگاکانی ئامادەکردنی، لێکسیکۆگرافی تایبەتە بە ئامادەکردنی فەرهەنگ، بۆیە باشتر وایە بە فەرهەنگسازی ناوی ببەین. (عەبدولواحید موشیر دزەیی: 2014 :113). لە زانستی زمانەوانی نوێدا جیاوازی لە نێوان زانستی فەرهەنگ (Lexicology) و دروستکردنی فەرهەنگ (Lexicography) هەیە. زانستی وشە و هەندێك جاریش بۆ دیوی واتای وشە، ناوی زاراوەی لێکسیکۆلۆژییە. زانایانی لێکسیکۆگرافی فەرهەنگی زمانێك دادەنێن. لەناو زمانەوانەکانی بواری زانستەکە خۆیدا گەنجینەی وشەی زمانی کۆمەڵێك یان تاکە کەسێك ناوی زاراوەی فەرهەنگی لێنراوە. لێکسیکۆلۆژی بەشێکە لە زانستی زمان و لە بارەی باری ئێستا و ڕابوردووی وشەوە دەدوێت. لێکسیکۆلۆژی زمانی کوردیی یاسای وتووێژی ئەمڕۆ و دوێنێ و شێوەی پەیدابوون و پێشکەوتن و گەشەکردنی زمانەکەمان و پەیوەندی لەگەڵ مێژووی گەلی کوردمان بۆ دەردەخات و ڕوون دەکاتەوە، بۆیە دیاریکردن و پەیوەندی نێوان زانستی وشە و زانستی فەرهەنگنووسی مرۆڤ لەو کاتەوەی خۆی بە واتای وشەوە خەریك کردووە، کە بۆ وەرگێڕان و لە یەکگەیشتنی نێوان کۆمەڵەکان دەستیان بە ئامادەکردن و نوسینەوەی وشەنامە (dictionary) کرد. نوسینی وشەنامە کاری زاراوەی لێکسیکۆگرافییە، کە وەك لقێکی زانستی زمانی جێبەجێکەرانە و تەواو وردتر وەك بۆ زاراوەی لێکسیکۆلۆژی جێبەجێکەرانە بینراوە و دانراوە. لیکسیکۆلۆژیش زاراوەی زانست وتیۆریی گشتی وشەیە. (مەحەمەد مەحوی :2009: 192_ 193). لێکسیکۆلۆژی کار و ئەرکی دەکەوێتە سەر سێ بەش: واتاناسی (علم معانی الالفاظ Semasiology)، ئیتیمۆلۆژی (الاتیمولوجیا Etymology)، فریزیۆلۆژیی (علم العبارات الاصطلاحیةPhraseology)، بەڵام کاری فەرهەنگنووسیی (Lexicography) پەیوەندی ڕاستەوخۆی

بە کێشەی وشەوە هەیە. لە کاری فەرهەنگنووسیی و مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردی و پاراستنی وشەی کوردی و لێکدانەوە و شیکردنەوەی هەندێ کێشەدا دەوریان بینیوە. (ئەورەحمانی حاجی مارف: 1975: چ). لیکسیکۆلۆژی( Lexicoiolgy) وەك زانستێکی زمان گرنگی بە وشە دەدات لە ڕووی داڕشتن و گەشە و گۆڕانی واتا و فرەواتا و هاوبێژەکانی لێکسیکۆلۆجی گرنگی دەدات بە واتای وشەکان و ئەو سەرچاوانەی وشەی لێ دروستبووە و تیشك دەخاتە سەر لێکۆڵینەوە و ئەو گەشە و گۆڕانانەی، کە بەدرێژایی مێژوو بەسەریدا هاتووە لەگەڵ جیاکردنەوەی وشەی ڕەسەن و ناڕەسەن و بەکارهێنراو و مردوو.

لێکسیك تاکە وشەیەکە واتایەکی فەرهەنگی هەیە و دانەیەکی زمانی دابڕاوە و واتایەکی فەرهەنگی هەیە (فۆرم و واتا) بەیەکەوەن، چونکە هەر گۆڕانێك لە فۆڕمدا ڕوودەدات لە واتاشدا ڕوودەدات، لێکسیکۆلۆجی بەشێکە لە زانستی زمان و لەبارەی ئێستا و ڕابردووی وشەوە دەدوێت، لە لێکسیکۆلۆجیدا کاری پێویست و گرنگ زانین و ناسینی وشە و وشەکانی زمانە، بەڵام وشە دەربڕینێکی جێگیرە و پێکهاتەی ناوەوەی ناگۆڕدرێت، کە لە شێوەی سادە و لێکدراو و داڕێژراو و ئاوێتە دەبینرێت، وشە دەتوانێت پێشگر و پاشگر وەربگرێت. وشە بە دوو شێوە دەبینرێت وشەی ناوەڕۆك و وشەی ئەرکی یان وشەی مۆرفۆلۆجی و وشەی ڕستەیی. (محمد علی الخولی:1991: 31).

لێکسیکۆلۆژی ئاماژە بە دیراسەکردنی وشەکان و واتاکانیان لەیەك زماندا یان زیاتر دەکات. زانستی فەرهەنگ، یان بڵێین لێکسیکۆلۆژی لە بنەڕەتدا بایەخ بەداڕشتنی وشەکان و ڕۆنانی و واتاکانی و دەستەواژە زاراوەییەکان و هاوواتا و هاودەنگ و فرەواتاکان دەدات، کەچی لێکسیکۆگرافی بریتییە لە پێنج هەنگاوی بنەڕەتی، کە ئەمانەن: کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگەکان، هەڵبژاردنی دەروازەکان، ڕیزکردنیان بەپێی سیستەمێکی دیاریکراو، نووسینی کەرەستەکان، بڵاوکردنەوەی بەرهەمی کۆتایی. (بڕوانە:علی القاسمی:2004: 3).

لێکسیکۆلۆژی زاراوەیەکە لە واتاسازی بۆ بیرۆکەیەکی گشتی لێکۆڵینەوەی گشت وشەکانی زمانێك (بە لەخۆگرتنی مێژووەکانی) بەکاردێت، جیادەکرێتەوە لە فەرهەنگدانان، کە هونەر و زانستی دروستکردنی فەرهەنگە و ئامادەدەکرێت لەلایەن فەرهەنگنووسانەوە. فەرهەنگدانان بەم پێیەش دەکرێت وەك لقێکی (لێکسیکۆلۆژی کردارەکی) ڕەچاوبکرێت. (David Crystal:2008: 287).

لێکسیکۆلۆژی لە زانستی زمانی نوێدا بایەخ بەلێکۆڵینەوەی زمان دەدات، لە هەموو لایەنەکانی دەنگی و ڕەوانبێژی و ڕێزمان و هەروەها فەرهەنگی هێمایی و دەروونی و کۆمەڵایەتی. لەڕووی بابەتیشەوە دابەش دەبێتە دووبەش: زانستی زمانی تیۆری، کە زیاتر بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر بوارە تیۆرییەکەی دیاردەی زمانەوانی تەرخان کراوە، لە بەشەکانی: زانستی دەنگەکان و زانستی ڕێزمانی و زانستی وشەسازی و زانستی واتاناسی. لە زانستی زمانی کردارەکییدا، کە گرنگی و بایەخ بەلایەنی

پیادەکردن و پرۆسەی زمان دەدات، لەناوەخنی خۆیدا هەڵگری زانستی وشەی فەرهەنگە، فێربوونی زمانەکان، بەرامبەرەکی زمانەوانی، وەرگێڕان، زانستی دەروونی، زانستی زمانی کۆمەڵایەتیە. (سنانی سنانی :2012 :25). لێکسیگۆگرافیا بریتییە لە هونەری زانستی و دانانی فەرهەنگ. فەرهەنگ پەرتوکێکی سەرچاوەیە کە وشەکانی زمانێك یا زیاتر لیست دەکات، کە بە گوێرەی ئەلف و بێ ڕێکخرابن، لەگەڵ زانیاری دەربارەی ڕێنووس، دەربڕین، پایە ڕێزمانییەکان، مانا، مێژوو و بەکارهێنانیان. فەرهەنگ بە گوێرەی قەبارە زۆر دەگۆڕێت، کاری کورتکردنەوەی هەزاران لاپەڕە بۆ فەرهەنگێکی گیرفانی کورت و پوختی چەند سەد لاپەڕەی. (David Crystal. 1992.227). لە زمانەوانیدا، کە باسی دیاریکردنی فەرهەنگی زمان و پێشکەوتنی لەڕووی پێکهاتەوە، هەروەها دەوڵەمەندی و کامڵبوونی دەکرێت، ڕاستە و ڕاست دەبەسرێتەوە بە پرۆسەی هەمیشەیی نەشونماکردنی لیکسیکی زمان لەسەر بناغەی دروستبوونی وشەی نوێ (ئەو وشانەی بۆ کات و سەردەمی خۆی نوێیە و پێشتر نەبووە. فەرهەنگی زمان خۆی لەخۆیدا بەگوێرەی ئەو گۆڕانانەش، پێشکەوتنی بەرهەم، کلتور، زانست...هتد دەگرێتەوە، واتە لیکسیکی زمان، هەمیشە بەدەم پێداویستیەکانی کۆمەڵەوە لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا، دێت). (ساکار عەبدوڵا حەسەن: 2014: 16). لێکسیکۆلۆژی ئەو بەرهەمە کۆ تایبەتیە فەرهەنگەکە یان قامووسەکەیە، دەکرێت بەوە پێناسە بکرێت، کە: ((کتێبێکە وشەی هەڵبژێردراوی تێدایە، بەپێی ڕیزبەندی هیجائی ڕیزکراون، لەگەڵ شیکردنەوەی واتاکانیان و زانیاری تر لە پەیوەندیدا، چ ئەو شیکردنەوەیە بە هەمان زمان بێت، یان بە زمانی تر بێت)). (C.L. Barnhart: 1966: 21). ئاشکرایە کە زمان سیستەمە، هەر گۆڕانێك بەسەر هەر ئاستێك بێت، ئاستەکانی تریش دەگرێتەوە و دەیانخاتە جموجۆڵ و کاریان تێدەکات، یەکێك لە ئاستەکان، ئاستی لێکسیکۆلۆژیە، کە بە بەردەوام لە گۆڕاندایە و هەمیشە چوست و چالاکە. هەر گۆڕانێك لەبوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ ڕوودەدات، هەر زۆر زوو خۆی لە فەرهەنگی زماندا دەبینێتەوە. (فاروق عمر صدیق: 2015: 11). هەرچەندە لە کاری فەرهەنگنووسیی کوردیدا هەندێ کێشەی ئاڵۆزی زانستی وشە (Lexicology) بەگشتی و زانستی فەرهەنگنووسیی (Lexicography) بەتایبەتی چارکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا گەلێك کێشەی تری زانستی وشە و زانستی فەرهەنگنووسی لە زمانی کوردیدا هێشتا بیر و نوکی قەڵەمیان نەگەیشتوەتێ. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1975: 101).

لێکسیکۆلۆژی گرنگی بە زمان دەدات لە ڕووی داڕشتن و گۆڕانی واتا و فرەواتا و هاوبێژ و گەشە و...هتد، بەڵام لێکسیکۆگرافی گرنگی بە کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگەکان و دروستکردنی فەرهەنگ لەڕووی جۆر و پێکهاتەشەوە دەدات. هەموو لایەنەکانی زمانی تێدا دەبینرێت و دیاریکردن و پەیوەندی زانستی وشە و زانستی لیکسیکۆگرافی بەیەکەوە گرێدەدرێت، چونکە کاتێك بایەخ بەلێکۆڵینەوەی زمان دەدەین پەنا بۆ لیکسیکۆلۆژی دەبەین، هەروەها لایەنی لێکسیکۆگرافیش لە زانستی زماندا پشتگوێ ناخرێت، چونکە هەردووکیان لە دیاریکردنی پەیوەندی نێوان ئەم دوو زانستە جیاوازە، کەواتە لە ڕێگای

وشەوە ئەو دیاریکردن و پەیوەندی نێوان زانستی وشە بە زانستی فەرهەنگنووسییەوە هەیە. پەیوەندی نێوان لێکسیکۆلۆژی و لێکسیکۆگرافی پەیوەندییەکی توند و تۆلیان هەیە، چونکە لێکسیکۆلۆژی لەبارەی ئێستا و ڕابردووی وشە دەدوێت و گرنگی بە وشە دەدات، بێگومان ئەم کارە بۆ فەرهەنگ زۆر پێویستە، هەروەها لیکسیکۆگرافیش گرنگی بە دروستکردنی فەرهەنگ دەدات، چونکە لێکسیکۆگرافی تایبەتە بە ئامادەکردنی فەرهەنگ.

## 4-1/1) بایەخدان بە لێکۆڵینەوەی پێکهاتەی فەرهەنگ:

سەرەتا هەموو نەتەوەیەك هەوڵ دەدا کە زۆرترین فەرهەنگ لە بارەی گشت لایەنەکانی ژیانەوە بنووسێت و دابنێت، نەتەوەی کوردیش گەر لە کۆندا بایەخێکی زۆری بە فەرهەنگ نەدابێت، بەڵام ئێستا بایەخێکی زۆری پێداوە و مەیدانی ڕۆشنبیریی کوردی پێویستی بە هەموو جۆرە فەرهەنگێك هەیە–پێویستە دەزگاکانی ڕوناکبیری کورد بە شێوەیەکی ئەکادیمی و بابەتیانە بیر لە دانانی فەرهەنگی زاراوەی هەموو زانستەکانی کۆمەڵایەتی و زانستی پراکتیکی بکاتەوە. (شهاب تەیب :2009: 105). بێگومان بایەخدان بە پێکهاتەی فەرهەنگ ڕۆشنبیری ئەو میللەتە و سامانی زانستی ئەو گەلە دەردەخات، چونکە لە ڕێگای بایەخدانمان بەم لایەنە گرنگە زانستی زمانمان بەرەو پێشەوە دەبات. بەهیچ کلۆجێك نابێ پەیوەندی ڕادەی ڕۆشنبیری هیچ گەلێك جیابکرێتەوە لە ڕادەی گرنگی پێدانی ئەو گەلە بە سامانی زمانەوانی، کۆکردنەوەی وشەکانی و دابەشکردنیان و بەکارهێنانیان، ئەنجا داهێنانی وشەی تازە. گومانیش لەوەدانیە پێگەیاندنی ئەم بەرە، پێویستی بە ئەدەبێکی دەوڵەمەند هەیە، بەردەوام بێ لە پەرەپێدانی شارستانیەت و بوژانەوەی بیر و بۆچوونی زیندوو لە ژیاندا. زمان لە ناوەڕۆکدا هەر بیرە. وشەکانیش کەرەستەی بیرن و ئامرازی بڵاوکردنەوە و بەم چەشنە دەست پێدەکات. لایەك لە لایەکانی هۆشمەندی کۆمەڵی گەلێ لە گەلان. دەوڵەمەندی زمانی گەلێ لە گەلان نیشانەی دەوڵەمەندی بیریەتی، پیاچوونەوە و فریاکەوتن و کۆکردنەوە و ڕزگارکردنیەتی لە لاوازی و شارستانییەت و دواکەوتن. بە پێی بۆچوونمان گەلەکەمان بەبێ فەرهەنگ گەلێکە بەر هەڕشە کەوتووە لە پاراوی و مانەوە و بوژانەوەی زمانەکەی. لە هەمان کاتدا هەڕەشەشە بۆ سەربەخۆبوونی نەتەوایەتی و خواست و ئاواتەکانی لە پێشکەوتندا. (بەدرخان سندی :2001: 124). فەرهەنگ شان بەشانی زانست بەرەوپێش دەڕوا و تۆمارکەری مێژووی هاتنەکایەوەی وشە و زاراوە نوێیەکانی زمانە و تەنانەت دەرخەری ئەو تاقیکردنەوە و تێبینیانەیە کە بەسەر ژیانی قسەکەرانی ئەو زمانەدا هاتوون. (شەوکەت مەلا اسماعیل حسن: 2007: 11).

گرنگی و بایەخدانی فەرهەنگ لەوە دەردەکەوێت کە زمان لە (شێواندن، لاوازی، پوکانەوە، داتەپین و مردن) دەپارێزێت. نەوەی نوێ، بە وشەی کوردی کۆن و نوێ پێدەگەیێنێت و زمانیان دەوڵەمەند دەکات. هەر بەهۆی فەرهەنگەوە دەتوانین، لە وشە و زاراوەی دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی، زمانەکانی بیانی و نەتەوەکانی جیهان بگەین. هەموو نەتەوەیەکی (وشیار، پێشکەوتوو، خاوەن توانا و دەسەڵات)،

هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، هەوڵێکی زۆریان داوە، تا چەندین فەرهەنگی جۆربەجۆریان نووسیوە. گومانی تێدا نییە، گەلانی جیهان، بایەخێکی یەکجار مەزنیان بەنووسینی فەرهەنگ داوە. (حوسێن محەمەد عەزیز: 2005: 487)

## 5-1/1 ) گیروگرفتەکانی دانانی فەرهەنگ:

گیروگرفتەکانی لێکۆڵینەوە لەبارەی فەرهەنگەوە لە زمانی کوردیدا بۆ فرە دیالێکتی و زۆری وشەی هاوواتا و هاودەنگ و فرەواتاییەوەیە. زمانی کوردی زاری جۆربەجۆری هەیە، ئەو زارانەش لەگەڵ یەك جیاوازیان هەیە، بەڵام وەنەبێ زمانی کوردی بەم حاڵەیەوە (هەبونی زاری جۆربەجۆر) لە زمانانی تری دنیا تاق بووبێتەوە. ئەو کەسانەی سەروکاریان لەگەڵ زمانان و زمانەوانی هەیە، زۆر چاك دەزانن کە تەنانەت پێشکەوتووترین زمانەکانی دنیاش زاریان هەیە. زار، لە زماندا بەروبوومی گەلێ هۆن کە هەندێکیان ڕەنگە بە کۆششی مرۆڤ لە ناوبچن، بەڵام هەندێکیان لە هەل و مەرجی ئێستا و دواڕۆژێکی نزیکیشا، لەوانە نین قورسایی خۆیان لەسەر زمانەکە لابدەن، لەوەش زیاتر، نەك هەر زمانی کوردی، بەڵکو پێشکەووتوترین زمانی زیندووی سەر زەوی، ئەوەی لەباردا نییە کە خۆی لە هەبوونی (زار) ڕزگار بکات. (عبدالرحمن زەبیحی :1977: 39-40). ئاشکرایە زمانی کوردی وەك هەموو زمانەکانی دیکەی نەتەوەکانی ئەم جیهانە، لە چەند دیالێکتێکی جۆربەجۆر پێکهاتووە. گیروگرفتەکانی لێکۆڵینەوە لە بارەی فەرهەنگ ئەمانەی خوارەوەن:

فرەدیالێکتی، بێگومان فرەدیالێکتی گیروگرفت دروست دەکات بۆ لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ، چونکە زمانی کوردی چەند جۆر لەهجەی هەیە بیگومان دەبێت لە ڕووی زمان و زمانەوانی شارەزایی تەواو هەبێت تاوەکو بتوانرێ فەرهەنگ دروست ببێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

هەروەها لە زمانی کوردیدا گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی بەدی دەکرێت، چونکە زۆربەی کات کێشەی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکانمان کە دەگەڕێتەوە سەر بابەتی فۆنەتیکی. گیروگرفتی نووسینی کوردی لەوەدانییە کە ئەم ئەلفوبێیەکەی ئێستامان کورتی دێنێ و بە کەڵکی ئەوە نایە پێی بنووسین، بەڵکو لەوەدایە کە بەو جۆرەی پێویستە نەمانتوانیوە ئەلفوبێیەکە لەگەڵ تایبەتیەکانی زمانەکەمان ڕێك بخەین و بەپێی ئەم تایبەتییانە سەنگ و سووکی تێدابکەین، ئەمەش بەهۆی کاریگەری (زمانی عەرەبی و زمانی فارسی و زمانی تورکی)یەوە بووە، چونکە لەڕێی چەند هۆکارێکی دینی کاریگەری لەسەر ئەو کەسانەی ئەو سەردەمە هەبووە. (هەمان سەرچاوە: 68). لەلای هەمووان زانراوە، کە کاتێك فەرهەنگ دەنووسرێت دەبێت ڕێنووسێکی یەکلاکەرەوەی زمانی ئەو میللەتە لەبەردەستابێت، تاوەکو نەبێتە گیروگرفتێك لە نووسینی ئەو فەرهەنگە. زمانی کوردی لە چەند (دیالێکت، بەش و لقە دیالێکت)ێکی جیاواز پێکهاتووە. ئەم دابەشبوونە گرفتێکی زۆری بۆ زمانەکەمان و پسپۆڕەکان دروستکرووە. لەبەرئەوە، ئەگەر فەرهەنگێك بۆ هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابنرێت، بێگومان بەکارێکی زۆر سەخت و قورس دادەنرێت.

**لەوانەیە فەرهەنگدانان بۆ یەکێك لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی کارێکی گەلێ ئاسانتربێت.** (حوسێن محەمەد عەزیز: 2005: 489). **بۆیە دەکرێت ئەوە بوترێت لەو گیروگرفتە بنەڕەتیانەی کە لە لێکۆڵینەوەی فەرهەنگە کوردییەکان تووشی دەبێت، فرەواتا و هاودەنگ و هاوواتا و دژواتایە. هەروەها هۆیەکی تریش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گیروگرفتانەی کە لە ڕێنووسدا هەیە و تا ئێستاش چارەسەری بۆ نەدۆزراوەتەوە.**

## تەوەرەی دووەم: پوختەیەك لە بارەی مێژوو و چۆنیەتی دانان و گرنگی فەرهەنگ و جۆرەکانی لە زمانی کوردیدا:

### 1-2/1 ) پوختەیەك لە بارەی فەرهەنگنووسیی کوردی:

زمانە کارا و زیندووەکانی ئەمڕۆی دونیا، هەموو خاوەنی دەیان و سەدان فەرهەنگن لە بوارە جۆربەجۆرەکانی وێژە و هونەر و زانستدا، هەر بوارێك لەمانەش دەیان لقی لێ جوێ دەبێتەوە، کە ئەوانیش وشە و زاراوەی تایبەت بە خۆیان هەیە و فەرهەنگی سەربەخۆ دەخوازن. هەرچەندە فەرهەنگنووسی، بارودۆخ و مەیدانی تایبەت دەخوازێ و ئەو بارودۆخ و مەیدانەش قەت بۆ فەرهەنگنووسانی کورد هەڵنەکەوتووە، بەڵام لەبەرئەوەی نەتەوەی ئێمە بەدرێژایی مێژووی پڕهەوراز و نشێوی، فێری خۆڕاگری و پاراستنی کەلتوور بووە، فەرهەنگنووسانی کوردیش لە نالەبارترین بارودۆخدا، بەچەشنێکی نائاسایی و سەرسووڕهێنەر توانیویانە هەوڵێکی پیرۆز بدەن و لە ماوەیەکی سێسەد و بیست ساڵەدا کۆمەڵێك فەرهەنگ بە هەژدە زمان بەدی بێنن و گەنجینەیەکی پایەدار بۆ سەردەم و دواڕۆژی زمانەکەیان پێکەوەبنێن .(سەید عەبدوڵڵا سەمەدی : 2002: 15).

دەمێکە دەست بە کاری تۆمارکردنی وشەی کوردی کراوە و، ماوەیەکە کاری فەرهەنگنووسیی کوردی خەریکە جێگەی شایانی خۆی لە ژیانی ڕۆشنبیری و زانستی گەلی کورددا دەگرێت و هەندێك مامۆستای دڵسۆز لەم مەیدانە پیرۆزەدا هەنگاوی گەورەیان ناوە. ئەو مامۆستایانە لە دەرگایەکی فراوانەوە چوونەتە ناو مێژووی ڕۆشنبیری کوردەوە، بەوەی هەر یەکەیان لە سنووری توانستی خۆیدا ئەوەی لە باریدا بووە بۆ پاراستنی زمانی نەتەوەکەی، دڵسۆزانە جێبەجێی کردووە. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف :1987: 149).

وەك ئاشکرایە، کاری فەرهەنگنووسیی بە دووڕێچکەدا تێ دەپەڕێت: یەك_ تیۆریی، دوو_ پراکتیك. یەکەمیان ڕێڕەوێکی تیۆریی لەسەر شێواز و لێکۆڵینەوەی زانستی دەهێنیتە بەرهەم، دووەمیش ئەو ڕێڕەوە تیۆرییە لە دانانی فەرهەنگدا پراکتیزە دەکات. لە نێوان ئەم دوو ڕێچکەیەدا پەیوەندی بەهێز هەیە توند پێکەوە بەستراون و هەنگاو و بەهەنگاو لەتەك یەك دەڕۆن. فەرهەنگنووسێك تەنها بە پراکتیکی و زانینی خۆی لە دانانی فەرهەنگدا سەرناکەوێت. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ئاوڕ لە ڕێڕەوی تیۆری بداتەوە. تیۆری ڕوونیش _ واتە بێ سوود وەرگرتن لە پراکتیك ئەنجامی بە کەڵکی نابێت. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1975: 101). لە فەرهەنگنووسیی کوردیدا هەر دوو ڕێچکەکە پێویستە هەبێت، چونکە هەر دوو ڕێچکەکە تەواوکەری یەکترین و بەبێ یەکتری نابێت لە فەرهەنگنووسیدا.

## 2-2/2 ) کورتە مێژوویێکی سەرهەڵدانی فەرهەنگنووسیی کوردی:

هەر نەتەوەیەك خاوەن زمانێکی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەم زمانەش لە ژمارەیەك هێمای زمانی پێکهاتووە کە گوزارشت لە کەلتوور و مێژووی نەتەوەکە دەکات، هەر بۆیە فەرهەنگنووسیی وەك هەر زانستێك لە زانستەکانی تر بۆتە جێگای بایەخی میللەتان تاوەکو لەم ڕێگەیەوە بتوانن واتای یەکەکانی زمانەکەیان بگەن و قۆناغی بەکارهێنانی ئەم یەکە زمانیانە بناسنەوە.

هەر بابەتێك لە هەر بوارێکدا بێت سەرەتایەکی هەیە بە تێپەڕبوونی ئەو سەرەتایە دەبێت بە مێژوو بۆ سەرەتاییەکی تر، بێگومان فەرهەنگنووسیی بابەتێکە لە بابەتەکانی زمانەوانی و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بواری زمان و مێژووی وشەوە هەیە، ئێمەش وەکو کورد خاوەن چەند فەرهەنگێکین، کە لە ڕابردووی دوور و نزیکدا نووسراون و بابەتی گرنگیان لە بوارە جیاجیاکاندا تێدا نووسراوە و پارێزراون سەرجەم ئەو بابەت و وشانەی کە لەم فەرهەنگانەدا نووسراون جگە لەوەی کە فەرهەنگەکە بۆ خۆی دەبێتە مێژوو، بۆیە دەکرێت بەپێی مێژوو ئاماژە بۆ چەند فەرهەنگێك لە زمانی کوردیدا بکەین.

هەموو نەتەوەیەکی ((وشیار، پێشکەوتوو، خاوەن توانا و دەسەلآت))، هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، هەوڵێکی زۆریان داوە، تا چەندین فەرهەنگی جۆربەجۆریان نووسیوە. گومانی تێدا نییە، گەلانی جیهان، بایەخێکی یەکجار مەزنیان، بە نووسینی فەرهەنگ داوە. بۆیە (زمانە زیندووەکان، ژمارەی فەرهەنگەکانیان گەیشتۆتە (1500) فەرهەنگ و زیاتریش. (حوسێن محەمەد عەزیز: 2005: 487).

یەکەم فەرهەنگی زمانی کوردی تا ئێستا زۆر جار چاپ کراوەتەوە بریتییە لە فەرهەنگەکەی ئەحمەدی خانی ساڵی ( 1683/1682) ئەحمەدی خانی فەرنگۆکێکی بە شیعر بۆ یارمەتی دانی منالآنی کورد، کە کورد فێری عەرەبی بن، نووسیووە و ناوی ناوە (نەوبەهار)، یەکەم فەرهەنگ بۆ زمانی کوردی کە لەلایەن ئەوروپاییێکانەوە نووسرابێت، بریتییە لە فەرهەنگی (ڕێزمان و وشەی زمانی کوردی بەشێوازی ئامێدی) بە (ئیتاڵیایی-کوردی)، ساڵی (1787) لە ڕۆما لەلایەن (قەشە گازۆنی)یەوە دانراوە، ئەم فەرهەنگە، دەوروبەری (5) پێنج هەزار وشەی ئیتاڵیایی تێدایە و ماناکانیان بە شێوەی کوردی ئامێدی لێکدراونەتەوە . (فاروق عومەر سدیق :2004: 31). لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و بە تایبەتی لە سەدەی بیستەمدا کورد خۆیان هەوڵی نووسینی فەرهەنگیاندا، بەڵام تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم ئەم هەوڵانە سستیان پێوەدیارە و کاروباری فەرهەنگنووسین بە باشی نەڕۆیشتوون بەڕێوە تا ئەوکاتەی فەرهەنگی (ئەحمەدی) شێخ مارفی نۆدێی (1795) و (الهدية الحميدية فی اللغة الکردية)ی زیادئەدین پاشا (1893-1794)ی زاینی. مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردیی قۆناغ بە قۆناغ گەشەی کردووە و ساڵەکانی (1991) کە بە قۆناغی ئاڵتونی ناودەبرێت لە مێژووی فەرهەنگنووسیدا، هەروەها بە درێژایی مێژووی

فەرهەنگنووسیی کوردی کۆمەڵێ فەرهەنگ و فەرهەنگۆك لەلایەن فەرهەنگنووسانی کورد و بیانییەوە لە کوردستان یان لە دەرەوە نووسراون و بڵاوکراونەتەوە. مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردی بە دوور و درێژی لە پاشکۆدا خراوەتە ڕوو[1]. کە لە پاشکۆی ژمارە (3)دا نووسراوە.

### 3-2/1 ) پۆلێن و جۆرەکانی فەرهەنگ لە زمانی کوردیدا :

هەرچەندە فەرهەنگ جۆری زۆرە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت دوو جۆری سەرەکی جیابکرێتەوە: یەك- فەرهەنگی ئینسکلۆپیدی، دوو- فەرهەنگی فیلۆلۆژیی. فەرهەنگی ئیسکلۆپیدیی لە ڕووداو و دیاردە و خەڵك... هتد، دەدوێت. هەرچی فەرهەنگی فیلۆلۆژییە لە وشە دەکۆڵێتەوە، واتە وشەکە دانەی زمانە، کەرەستەی سەرەکیی فەرهەنگی فیلۆلۆژییە. لە فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیدا خاسیەتی ڕێزمانی و وشە و نیشاندانی چۆنیەتی بەکارهێنانی و پەیدابوونی و دروستبوونی و چۆنێتیی دەوری لە ڕستەدا... بەرچاو ناکەوێ، بەڵکو کاری سەرەکیی لە لێکدانەوەی وشەدا، ڕوونکردنەوەی ئەو دیاردەیەیە کە وشەکەی لێوە هاتوە، بەڵام لە فەرهەنگی فیلۆلۆژیدا بە شێوەیەکی سەرەکیی، فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیی جۆر جۆرە، وەك ئینسکلۆپیدی گەورە، ئینسکلۆپیدی بچووك، ئینسکلۆپیدیی پزیشکیی، ئینسکلۆپیدی تەکنیکیی...هتد. فەرهەنگی فیلۆلۆژیی بە گوێرەی مەبەست و شێوەی لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی کەرەستەی زمان، دەتوانرێ بەسەر چەند جۆرێکدا دابەش بکرێ. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف : 1975: 69-70).

فەرهەنگ گەلێك جۆری هەیە، بەگشتی چوار جۆری لێ دەستنیشان دەکرێت، لە بنەمای ناوەڕۆك ئەمانەن:

### 1- فەرهەنگی فیلۆلۆژی:

ئەم جۆرەیان لە وشە دەکۆڵێتەوە، بە واتای ئەوەی بە شێوەیەکی سەرەکی، گرنگی بە جۆری وشە دەدرێت و مانای لێك دەدرێتەوە و حاڵەتی ڕێزمانی دەنووسرێت و سەرچاوەی پەیدابوونی نیشان دەدرێت و چۆنیەتی بەکارهێنان و دەوری لە ڕستەدا بەیان دەکرێت، ئەمەش چەند جۆرێکی هەیە. ئەو فەرهەنگانەی بە کەرەستەی زمانی زگماك، مانای وشەی زمانێکی بێگانە لێك دەدەنەوە، یان بە پێچەوانەوە- واتە بە کەرەستەی زمانێکی بێگانە مانای زمانی زگماك لێك دەدەنەوە. ئەم جۆرە فەرهەنگانە چۆن دەتوانن لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بن- واتە دوو زمان بن، هەروەها دەتوانن لە زمانێکی دیکە بن- واتە فرەزمان بن. سەرەڕای ئەمە دەکرێت لە دوو زمان بەشداری لە لێکدانەوەی واتاکانیان بکەن، لەگەڵ ئەم جۆرە فەرهەنگانەدا، هەندێ فەرهەنگی دیکەش هەن کە وشەکانی زمانێك بە

---

1- بۆ ئەوەی بارستای نامەکە زۆر قورس نەبێت و جێگای زۆر نەگرێت، لەبارەی پوختەی مێژووی فەرهەنگی کوردی: بڕوانە پاشکۆی ژمارە (3).

کەرەستەی خودی زمانەکە لێك دەداتەوە نموونەشمان زۆرە، یەکێك لەوانە فەرهەنگی عبدالرحمن زەبیحییە کە قاموسەکەی بەوشێوەیە داڕشتووە، چ وشەکان یان ڕستەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك شیکردۆتەوە. هەروەها فەرهەنگەکەی مامۆستا (تۆفیق وەهبی)[2]ش. بەناوی ( A kurdish- English dictionary). بەر هەمان حاڵەت دەکەوێت. دەچێتە خانەی هەمان جۆری فەرهەنگەوە.

## 2- فەرهەنگی ئینسکلۆپیدی:

ئەو سەرچاوەیەیە کە زانیاری لە بارەی زانست و ڕووداو و دیاردە و خەڵك و هونەر و ئەدەب و فەلسەفە و شوێن و...هتد، تێدا تۆماردەکرێت و بە پەیڕەوی و هونەرێکی تایبەتی ڕیزدەکرێن و پێشکەش دەکرێن. لە فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیاییدا خاسیەتی ڕێزمانی وشە و نیشاندانی چۆنیەتی بەکارهێنانی و پەیدابوونی و دروست بوونی و چۆنیەتی دەوری لە ڕستەدا... بەرچاو ناکەوێت، بەڵکو کاری سەرەکی لە لێکدانەوەی وشەدا، ڕوونکردنەوەی ئەو دیاردەیەیە کە وشەکەی لێوەهاتووە.

ئینسکلۆپیدیای جیهانی دەشێت باسی هەموو شتێکی ئەم سروشتە بکات، هی گشتی وشەکانی بەسەر بوارێك دابەش دەکرێن، وەك (زانست)، (ئۆقیانووس و دەریاکان)، (فڕۆکە)...هتد. هەرچی تایبەتییەکەیە تەرخان کراوە بۆ لقێکی بوارێك، یان کەرستەی زانستێکی تایبەتی... وەك (فیزیا) و (تەکنیکی) و (جەنگی دووەمی جیهانی) و (پزیشکی)... هتد. ئینسکلۆپیدیا چەند گشتی بێت، بابەتەکانی کورتتر و چڕتر دەبن و چەند تایبەتی بێت فراوانتر دەبن. نموونە: فەرهەنگی ئینسکلۆپیدی ئابووری (عەرەبی– ئینگلیزی– کوردی) فەیسەڵ دەباغ، ساڵی (2001)، لە هەولێر.

## 3- فەرهەنگی ئیتیمۆلۆژی:

لەم جۆرە فەرهەنگەدا سەرچاوەی پەیدابوون و وەرگرتنی وشەکانی زمان نیشاندەدرێن و ڕەسەنیان ڕادەگەیەنرێت، وەك ئەوەی (کوردی، یان عەرەبی، یان فارسی بن...)، هەروەها گرنگیش بە ڕوونکردنەوەی بنج و بنەوان و شێوەی بنەڕەتی وشەکان دەدرێت، لە ڕوانگەی دایکرۆنییەوە (مێژووی)ییەوە مێژووی پەرەسەندنی واتاکانیان و چۆنیەتی پەیدابوونیان لە زمانیکدا دەخرێنەڕوو، لەم بارەدا فەرهەنگنووسیی پێویستی بە شارەزایی تەواوی ئیتیمۆلۆژی وشەکان دەبێت، چونکە بەشێکی وشەکان لە زۆربەی ئەو زمانانەی کە سەر بەیەك خانەوادەن هاوبەشن و لەیەکتری دەچن، یان لە ئەنجامی پەڕینەوەیان بۆ ناو زمانێکی تر نەژادی خۆیان لە دەست دەدەن و مۆرکی ناوچەیی ئەو زمانە وەردەگرن. نموونە: فەرهەنگەکانی (عبدالرحمن زەبیحی و مامۆستا تۆفیق وەهبی)یە.

---

2– فەرهەنگەکانیان ئەمانەی خوارەوەیە:

1– تۆفیق وەهبی بەگ و سی. جەی. ئەدمۆندز: A Kurdish – English Dictionary, London, 1966

2– عبدالرحمن زەبیحی: (1977) بەرگی (ء) و (1979) بەرگی (ب) بەناوی (قاموسی زمانی کوردی)یە.

## 4- فەرهەنگی وێنەیی:

لەم جۆرە فەرهەنگدا ئەو وشە بەرجەستانەی کە پابەندی بابەتێکی دیاری کراون، لە ڕێگەی کۆمەڵە وێنەیەکەوە ڕوون دەکرێنەوە، دواتر ژمارە دەدرێتە هەر بەشێکی وردی وێنەکە، وشەی گونجاویش لە بەرامبەر ژمارەی هەر بەشێکی وێنەکان دادەنرێت. بیرۆکەی ئەم کارە بۆ زمانناسی ئەڵمانی (دودن) دەگەڕێتەوە، دوای ئەوەی تێبینی کرد زۆربەی وشە نامۆکان بەرجەستەن نەك واتایی، بۆ ئەم مەبەستەش فەرهەنگێکی وێنەیی دانا، ئەم هەنگاوە بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین فەرهەنگی تری لەم شێوەیە بەتایبەتی لە ئەڵمانیا و وڵاتانی ئەوروپا، لە وڵاتانی بێگانە ئەم جۆرە فەرهەنگە بەدی دەکرێت، بەڵام لەلای میللەتی کورد بەداخەوە تا ئێستا لەم جۆرە فەرهەنگە زۆر کەمی هەیە.وەك: (فەرهەنگی وێنەداری) کمال جلال غەریب.

بە شێوەیەکی گشتی، لەسەر بنەمای زمان فەرهەنگ چەند جۆرێکی هەیە، کە ئەمانەن :

### 1–فەرهەنگی زمانی نەتەوەیی:

مەبەست لەم جۆرە فەرهەنگە، کە تایبەتە بە دیالێکتەکانی زمانێکی دیاریکراو، واتە فەرهەنگەکە بەیەك زمان دەنووسرێت، لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی وشەکان لەنێو دیالێکتەکاندا لێکدەدرێنەوە، ئەم جۆرە فەرهەنگە، بەزمانی نەتەوەی ناودەبرێت. وەك: فەرهەنگی کوردیی_کوردیی، بەهەر دوو بەشە دیالێکتی کرمانجیی خواروو و هەورامانیی.. واتە فەرهەنگی نەتەوەیی ئەوەیە کە بە زمانی کوردی نووسرابێت. واتە (کوردی _کوردی) بێت، کە لەنێوان هەر دیالێکتێك و شێوەزاری کوردی بێت، وەکو: (فەرهەنگی خاڵ) کوردی_کوردی، کە لە لایەن (شێخ محەمەد خاڵ)ەوە، ساڵی (1960– 1964) دانراوە و سێ بەشە، فەرهەنگی شوان لەلایەن (شەوکەت مەلا اسماعیل)ەوە ساڵی (2007) دانراوە.

### 2– فەرهەنگی زمانی نەتەوەیی _ بیانی:

ئەم شێوە فەرهەنگە، بە زمانی نەتەوەیی دەسپێدەکات. بەرانبەرەکەشی، بە یەکێ لە زمانی نەتەوەکانی جیهان دەبێ. وەکو، فەرهەنگی ( کوردی_ڕووسی).نموونە: فەرهەنگی ( A kurdish-English Dictionary)، کە تۆفیق وەهبی لەگەڵ س.ج. ئەدمۆندز دایاننـاوە. لێرەدا هاوزمانانی نەتەوەیی هاندەدرێن، کە لە ڕێگەی ئەم شێوە فەرهەنگەدا شارەزایی لە زمانی بیانی پەیدابکەن، بۆ نموونە: فەرهەنگی ئەستێرە گەشە کە فەرهەنگێکی (کوردی– عەرەبی)یە لە ساڵی (1985) لەلایەن (فاضل نظام الدین)ەوە دانراوە، فەرهەنگی شارەزور (کوردی– ئینگلیزی)یە.

### 3– فەرهەنگی بیانیی _نەتەوەیی:

ئەم جۆرەشیان، بە پێچەوانەی هەر دوو جۆرەکەی پێشوو، بە یەکێ لە زمانە بیانییەکان دەنووسرێ. بەرانبەریشی، واتاکانی بە زمانی نەتەوەیی تۆمار دەکرێ[3]، وەك: فەرهەنگی (ئینگلیزی_کوردی). بۆ نموونە: خەبەرنامە ئەرمەنی_کوردی، کە لە لایەن سەمەندی سابەند ئارامێ چاپان نووسراوە. کورد لە هەرسێ جۆرە فەرهەنگەکە، ژمارەیەکی زۆر کەمی هەیە، بەڵام ئەو فەرهەنگانەی هەشن، زۆربەیان لەو فەرهەنگانەن، کە لە زمانێکی بیانییەوە بۆ کوردیی نووسراون, زۆربەی هەرە زۆریشیان، (ڕۆژهەڵاتناس، گەڕۆك و شارەزا) بیانییەکان، بۆیان نووسیوین. ئەگینا لەو سەردەمانەدا، ئەگەر ئەوان نەبوونایە، کورد نەك هەر نەیزانیوە، فەرهەنگ بنووسێ، بەڵکو هەر بیریشی لێ نەکردۆتەوە. (شهاب تەیب، 2009: 106-107). بۆ نموونە: فەرهەنگی دەریا، (عەرەبی- کوردی)یە کە لەلایەن (ڕزگار کریم)ەوە ساڵی (2006) دانراوە، فەرهەنگی خەبەرنامە (ئەرمەنی- کوردی)یە لەلایەن (سەمەندێ سابەند ئارامێ چاپان) لە یەریڤان لە ساڵی (1957) بڵاوکراوەتەوە.

## 4-2/1) زانستی فەرهەنگ:

زانستی فەرهەنگ لێکۆڵینەوە لەسەر گەلێك وشە دەکات وەك یەکەی فەرهەنگی، کە قەوارەی ئاڵۆزی دابڕاوی هەیە، چونکە هەر یەکێ لەم یەکانە ڕوویەکی واتایی هەیە، کە پێکهاتە دەنگیەکانی و بنەمای وشەسازی پێکدەهێنن و پێکهاتەیەکی واتایی کە نیشانەی فەرهەنگی یان چەمکایەتی پێکدەهێنێت. بەم شێوەیە زانستی فەرهەنگ سەربەخۆ دەمێنێت، هەر چەندە پێشتر وەکو پاشکۆی ڕێزمان سەیر دەکرا. بە تایبەت دوای دەرکەوتنی کێڵگە واتاییەکان کە کاری فەرهەنگی گەڕاندەوە بۆ خانەی زمان، یان بەهای گرنگی بە وشەکانی زماندا کە پشت بە ناوەندەکەی لە ناوسیستەمی گشتی دەبەستێت. (سنانی سنانی: 2012: 26). ئەو زانستەیە کە خوێندنەوەی وشەکان و واتاکانی لە زمانێکدا یاخود لە چەند زمانێکدا لەگەڵ شیکردنەوەی دەربڕینەکان و بناغەی و هاوبەشی و بەڵگەی واتایی و شیکاری دەربڕینەکان و ڕوونکردنەوەیان، هاوواتاکانیان لەگەڵ زمانی بنەڕەتی کە واتای یەکێك لە بەشە تایبەتیەکانی یەکەکانی وشەکان. زانستی فەرهەنگ پشت بەستووە بە لێکۆڵینەوەی هەموو ئەو بەندانە و ئەو یەکانەی کە لە ناوەخنی فەرهەنگە، هەروەها بەندەکان دابەش دەبنە دوو بەش، بەشی یەکەم: پەیوەستە بە وشە و مانا گشتیەکەی، بەشی دووەم: پەیوەستە بە زاراوە کە پەیوەستە بە زاراوە لە میانەی مانا تایبەتیەکەی. هەروەها سەبارەت بە فەرهەنگەکان، بەشێکیان وشە گشتیەکان دەگرێتەوە و بەشەکەی تر زاراوە

3- بۆ جۆر و دابەشکردنی فەرهەنگەکانی زمانی کوردی سوود لەم سەرچاوانەی خوارەوە بینراوە:
- بەناز ڕفیق تۆفیق: 2008: 20-21.
- شهاب شێخ طیب: 2014: 191.
- حوسێن محەمەد عەزیز:2005: 487.

تایبەتیەکان دەگرێتەوە بە وشێوەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە دەبێت جیاوازی لە نێوان ئەوەی کار لەسەر فەرهەنگی ئاخاوتن (Lexicography) یان فەرهەنگی گشتی کە تەوەرەکەی وشەیە بکەین، یان کاری فەرهەنگی زاراوەیی یا بەوە دەناسرێت بە نووسینی زاراوەیی (Terminography) یان فەرهەنگی تایبەت کە تەوەرەکەی زاراوەیە. ئەمەش بەو واتایە دێت، کە زانستی فەرهەنگی لە دوو بناغە پێکدەهێنرێت، کە ئەویش فەرهەنگی گشتییە لەگەڵ فەرهەنگی تایبەت. هەر دوو بناغە لە دوو بابەت پێکدەهێنرێت.

بابەتی تیۆری و بابەتی پراکتکییە. کەواتە ئەم هێلکارییە دروست دەبێت:

زانستی زمان ــــــــــــ زانستی فەرهەنگ ــــــــــــ فەرهەنگی گشتی و فەرهەنگی بنەڕەتی.

(سەرچاوەی پێشوو: 29– 30). لەڕووی چالاکی بەکارهێنانی وشەکانەوە بە پێی پلەی چەسپاوی و نەچەسپاوییان، فەرهەنگی زمان پێکدێت، لە فەرهەنگی گشتی (Vocabulary) کە سەرجەمی ئەو وشانە دەگرێتەوە کە لە زمانێکدا بەکاردێت، لەگەڵ بنەڕەتی (Basic word stock) بەشێکە لە گشتییەکە. (ساکار عەبدولاحەسەن :2014: 11).

## 5-2/1 ) پۆلێنکردنی فەرهەنگ بە پێی وشەکانی زمان:

### 1- فەرهەنگی گشتی:

بریتییە لە کۆی وشەی زمانێك، کە ژمارەیەکی بێ سنور لە وشەیە، سەرجەمی وشەکانی زمانێك لەخۆدەگرێت، کە لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی ئەو زمانەدا بوونی هەبووە، جگە لە فەرهەنگی بنەڕەتی، کە بە کاکڵ و مەغزای زمان دادەنرێت. فەرهەنگی گشتی واتە تێکڕای وشەکانی زمان لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا، کە لە ئەنجامی پێویستی ژیان و خەڵك هاتونەتەکایەوە، هەروەها ئەو وشانەش دەگرێتەوە کە لە ئەنجامی تێکەڵی و کاریگەری لەگەڵ زمانەکانی تردا بەهۆی پێویستی ڕۆژانەوە هاتونەتە ناو زمانەکەوە، مەرج نییە تەنیا لە زمانی دراوسێ و خزمەکانەوە بێت، بەڵکو لە زمانە دورەکانیشەوە بەهۆی (ئابوری، زانستی، بازرگانی، تەکنۆلۆجیا، ئاین ...هتد) هاتونەتە ناو زمانەوە، بۆ نموونە هەندێك لەو وشە عەرەبییانەی ناون بۆ شتێك یان دیاردەیەك، کە لە زمانی کوردیدا نەبوون، وەك (زەکات، شێخ، زیکر، کەریم، حەج ..هتد) فەرهەنگی گشتی لە ڕووی ژمارەوە بێ سنور وشە لەخۆدەگرێت، هۆیەکانی دەوڵەمەندبوونیشی بەستراوە بە گەشەسەندنی مرۆڤەوە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. ئەم گەشەسەندنەش وا دەکات بەردەوام پرۆسەی گۆڕانکاری لە وشەکانی فەرهەنگی گشتیدا بە شێوەیەکی بەرچاوتر دەربکەوێت لە چاو فەرهەنگی بنەڕەتی زماندا، کە بەردەوام بەهۆی پێویستییەوە وشەی نوێ، جێ بە وشەی کۆن لەق بکات و جێگەی بگرێتەوە، هەروەها وشەی نوێ، (فۆرم و واتا)ی نوێ دروست ببێت و

بێتە ناوفەرهەنگەوە، ئەمە وادەکات وشەکانی فەرهەنگی گشتی لەچاو وشەکانی فەرهەنگی بنەڕەتیدا، کەمتر چەسپاوبن و تەمەنیشیان کورتربێت. (ساکار عەبدوڵا حەسەن :2014: 51).

هەروەها ئەم جۆرە فەرهەنگە بە فەرهەنگی زمانەوانی و فەرهەنگی شیکراو دادەنرێت. بابەتی بنەڕەتیان (وشە)یە بە مانا زمانەوانییە گشتیەکەی. بریتیە لە پەرتووک یان سەرچاوەیەك کە وشە، یان کۆمەڵە وشەی زمان، یان یەکەیەکی زمان هەموو، یان زۆربەی وشەکان ڕیزبەندی کراون بە پێی ئەلف و بێی پیتەکان. هەڵدەستێ بە باسی مانای زمانەوانی بە گشتی. ناگاتە ئاستی نیشانەی ناوەندی بۆ وشە، یان سنوری هاوبەشی مەبەستی دەربڕین. دەکرێت ئەو نیشانە و هێما ناوەندییە لە هۆشی مرۆڤەکان بە گشتی ڕوون و ڕەوان بێت، یان دەشێت نامۆ و نادیار بێت لە لای بەشێکی تری مرۆڤەکان، بەڵام ئەو نیشانە و هێما گشتیە ناچێتە شێوازی نیشانەی هێمای تایبەت کە لە دەربڕیندا لە کاتی بەکارهێنان لە بواری پسپۆڕی و تایبەتیدا. فەرهەنگی گشتی هەموو وشەکانی زمان لە خۆدەگرێت لەگەڵ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی ماناکانی و وشەسازی تێدا، شێوازی ئاخاوتن و ئاماژەی ڕوونکردنەوە بۆ شوێنەکانی بەکارهاتن. (سنانی سنانی :2012: 23).

## 2- فەرهەنگی بنەڕەتی:

فەرهەنگی بنەڕەتی زمان، ئەو وشانەی زمان دەگرێتەوە، کە لە بەکارهێناندا زۆر چالاکن و کۆمەڵ لە سەری ڕێکەوتوون و پێویستی ڕۆژانەی خەڵك پڕ دەکەنەوە، هەرچەندە لە ڕووی ژمارەوە فەرهەنگی بنەڕەتی وشەکانی لەچاو فەرهەنگی گشتیدا کەمترە، بەڵام ئەمان بەوە جیادەکرێنەوە کە لەپاڵ بەکارهێنانە چالاکەکەیاندا، تەمەنیان درێژ ترە و ماوەی مانەوەیان زیاترە و چەسپاوترن. فەرهەنگی بنەڕەتی لە چاو گشتیدا، کەمتر فراوانە، بەڵام جیاوازی لەگەڵ ئەودا لە وەدایە، کە ئەم زۆرتر دەژی و بەتەمەنترە و سەدەها ساڵە بە بەردەوامی ماوەتەوە و بناغەیە بۆ سازکردنی وشەی نوێ. (ساکار عەبدوڵا حەسەن :2014: 11)، هەروەها فەرهەنگی تایبەتی پێ دەڵێن و فەرهەنگی زاراوەکانیشی پێ دەڵێن، یان فەرهەنگی برگەیشی پێ دەڵێن، یان فەرهەنگی لێزان یان فەرهەنگی هونەری، بەنموونە (زاراوە)یی مادەکان، یان یەکەی بنەڕەتی پێکدەهێنرێت. هەوڵ دەدات ئاماری دەستەی چاکسازی کە هەر زانستێ لە زانستەکان پێی هەڵدەستێت، لە ڕێگای ڕێکخستنی بەشداریکردنی پەیوەست لە هەر لقێ لە لقەکانی زانست لەگەڵ بایەخدان بە لایەنی دەنگ و ڕیزمان و ڕەوانبێژی. هەروەها باسکردنی مانا و بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکانی بە پێی بەکارهینانی شارەزایانی بواری زانستی و پسپۆڕانی. زۆر گرنگە ئاماژە بە پەیوەست بوون بە چەمکی زاراوە و هێما نیشانەکانی زمانەوانی بنێین، دانپیانانی ئەوەی کە زۆر جار فەرهەنگی تایبەت ڕیز دەبێت بەپێی ئەلف و بێ. (سنانی سنانی :2012: 23).

مەبەست لە فەرهەنگی بنەڕەتی کۆی ئەو وشانەیە کە لە زماندا هەن و کۆمەڵ بە گشتی لە سەری ڕێککەوتوون. فەرهەنگی بنەڕەتی ئەو وشانە دەگرێتەوە کە بە خۆماڵی دادەنرێت. بریتییە لە فەرهەنگی وشەکانی زمان، ئەو وشانەی کە مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە ئاشنایان بووە و هەست و خرۆشیان پێیان جوڵاوە. فەرهەنگی بنەڕەتی پەیوەندی بە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ و زانستە جۆراوجۆرەکانی دیکەش جگە لە زانستی زمانەوە هەیە. (ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا :2013 : 11).

بەم پێیە بێت فەرهەنگی بنەڕەتی زمان وشەباو و دیار و دەرکەوتووەکانی زمان دەگرێتەوە، کە لە بەکارهێناندا چالاکن و مرۆڤ ناتوانێت بە ئاسانی دەستبەرداریان ببێت، بەردەوام لەسەر زمانن و لە پرۆسەی قسەکردندا دوبارە و چەندبارە دەبنەوە، ناولێنەری پێویستی ڕۆژانەی قسەکەری زمانەکەن، منداڵیش لە سەرەتای فێربوونی قسەکردندا، هەر لەم وشانەوە دەست پێدەکات، چونکە زیاتر بەر گوێی دەکەون و گوزارشت لەو شتانە دەکەن، کە ڕۆژانە پێویستی پێیان دەبێت. فەرهەنگی بنەڕەتی ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە بۆ ئێستای زمانەکە پێویستن و ناتوانین دەستیان لێهەڵگرین، بەڵام ئەمەش مانای وانییە، کە تەنیا ئەو وشانە لە فەرهەنگی بنەڕەتیدا بمێننەوە کە زۆر پێویستن، بەڵکو دەشێت بە پێی ڕۆژگار ئەو پەرژینەی بە دەوری وشەکانی فەرهەنگی بنەڕتیدا کێشراوە، بترازێت و وشەی تێبڕژێت و وشەی لێدەربچێت. (ساکار عەبدوڵا حەسەن :2014 : 11– 12).

کەواتە فەرهەنگی بنەڕەتی ئەو وشانە دەگرێتەوە کە بە درێژایی چەند سەدەیەك و بەبێ گۆڕان دەمێننەوە، بێگومان وشەی لێ دەردەچێت و وشەی نوێشی تێدەڕژێت. بەهیچ شێوەیەك ناتوانین دەست لەو وشانەی فەرهەنگی بنەڕەتی هەڵبگرین، چونکە زۆر پێویستن بۆ زمان.

## 6-2/1 ) قۆناغ و هەوڵەکانی دانانی فەرهەنگی کوردی:

یەکێك لەو کارە سەرەتایانەی کە مرۆڤ ملی وەبەر ناوە و خۆی پێوە سەرقاڵ کردووە کاری فەرهەنگنووسییە، وەك ئەوەی کە دەزانین (کاری فەرهەنگدانان لە سەردەمی سۆمەریەکاندا هەبووە، کە چەند وشەیەکیان لەسەر پارچە قوڕ{سواڵەت} بەزمانی سۆمەری نوسراونەتەوە، واتاکانیشیان بەرامبەر زمانی ئەکەدی نوسراونەتەوە) کەواتە ئەوەی ئاشکرایە کۆنترین هەوڵی مرۆڤ لە بواری فەرهەنگدانانندا بۆ سەردەمی سۆمەریەکان دەگەڕێتەوە، چونکە میللەتی کورد هەر سەرەتای فێربوونی خوێندەواریان لە ژووری مزگەوت بووە، بۆیە هەوڵێکی زۆریانداوە بۆ دانانی فەرهەنگی کوردی، بۆیە فەرهەنگی کوردیش هەر لەلایەن بنکەیەکی ئاینییەوە سەری هەڵداوە، کە دانەرانی دەرچووانی مزگەوت و پیاوانی ئاینداربوون و دواتر کڵێسەش بەشداری دانانی فەرهەنگی کوردی و زمانێکی دی بیانی کردووە. (کوردستان موکریانی: 2001: 140). دروستکردنی فەرهەنگ کارێکی ئاسان نییە و بە هەمووکەسێك ناکرێت و بە ئارەزووی خۆی

ئەنجامی بدات، بەڵكو بە قورسترین بوارەكانی زمانەوانی دادەنرێت، لەبەر ئەوەی خاوەنەكەی پێویستی بە كەرەسەیەكی زۆر بواری زمان و ئەدەب و مێژوو و لایەنەكانی تر دەبێت. (ابراهیم السامرائی: 1997: 6). هەموو نەتەوەیەك هەوڵدەدات كە زۆرترین فەرهەنگ لە بارەی گشت لایەنەكانی ژیانەوە بنووسێت و دابنێت، نەتەوەی كوردیش گەر لە كۆندا بایەخێكی زۆری بە فەرهەنگ نەدابێت، بەڵام ئێستا بایەخێكی زۆری پێداوە و مەیدانی ڕۆشنبیری كورد پێویستی بە هەموو جۆرە فەرهەنگێك هەیە– پێویستە دەزگاكانی ڕووناكبیری كورد بە شێوەیەكی ئەكادیمی و بابەتیانە بیر لە دانانی فەرهەنگی زاراوەی هەموو زانستیەكانی كۆمەڵایەتی و زانستی پراكتیكی بكاتەوە. (لێژنەی ئەدەب: 2006: 3).

هەروەها ئاشكرایە، كە سەرمایەی زمان خەرمانی وتەیە و گەنجینەكەشی فەرهەنگی وشەیە، هەر بەهۆی فەرهەنگەوەیە كە مەبەست لە وتە دەردەكەوێت و هەموو وتارێكمان نمایان ئەبێت، كەوابوو نووسینی فەرهەنگ بۆ باسی زمان و فەرهەنگی نەبێت، لەگەڵ گەلانا ناژمێررێ و ناناسرێ، بەڵكو ئەكرێت بە بەردەباز و پێ شێل لە ژێر پێی ئەو گەلانەی كە بۆ كوێستانی ژیان ئەچن. تا لە ڕێ پێڵگەدا پان و پلیش ئەكرێنەوە، و لەگەڵ خاكا یەكسان ئەكرێن. بەڵام كە زمان و فەرهەنگی بوو، بادیلیش بێت، هەر گەلە، و بەگەل دەناسرێت و ڕۆژێك ئەبێت كە لەگەڵ گەلانی خوا پێداوا ڕووە و كوێستانی ژیان بڕوا و سەركەوێت، لە پێش كەوتن و بەرزبوونەوەدابێت– تا ئەگاتە لوتكەی هەرە بەرزی ژیان...هتد. (فاروق عمر سدیق: 2004: 32). مێژووی فەرهەنگنووسین لە ڕۆژهەڵاتدا مێژوویەكی هاوچەرخە، بۆ سەد ساڵی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، ئەمڕۆ لە وڵاتە ڕۆژهەڵاتیەكانیش بایەخێكی بەرچاو دەدرێت بە دانانی فەرهەنگی جیاجیا لە سەرجەم ئاست و تەكنۆلۆجیا بۆ خوێنەرە جۆربەجۆرەكان. (ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا: 2013: 294).

قۆناغەكانی فەرهەنگ لەگەل بوونی سەرەتای ژیانی مرۆڤەوە سەریهەڵداوە، چونكە مرۆڤ لە سەرەتای ژیانی بە وشەوە بەستراوە، فەرهەنگیش كتێبێكە وشەی تێدا تۆماركراوە، بێگومان هەموو گەلێك بەهۆی فەرهەنگەوە وشەكانی لە فەوتان و لە ناوچوون دەپارێزێت. پاش شەڕی یەكەمی جیهانی لە ساڵانی (30)سیدا، دەور و قۆناغێكی نوێ لە مێژووی نووسینی فەرهەنگی كوردیدا، دەست پێدەكات. بڵاوبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی و تەوژمی هەوڵ و تێكۆشان و خەباتی بێ وچانی میللەتی كورد، بوون بەهۆی سەرهەڵدان و بەرپابوونی جووڵانەوەی ئەدەبی و زمانەوانیش. (سەرچاوەی پێشوو: 31)

یەكێ لەكارە گرنگەكانی، هەموو نەتەوەیەكی زیندوو، بەدانانی فەرهەنگی زمان دەستپێدەكات. هەر نەتەوەیەك، چەند فەرهەنگی هەبێت هێندەش زمانەكەی دەوڵەمەندتر دەبێت، چونكە فەرهەنگ بەیەكێ لە دینگە سەرەكییەكانی زمان و نەتەوەكە دادەنرێت. هەر بەهۆی فەرهەنگەوە دەتوانرێت، هەموو دیالێكت، بەش و لقە دیالێكتەكانی زمان كۆكرێتەوە. (حوسێن محەمەد عەزیز: 2005: 487). هەر بەهۆی فەرهەنگەوە خەرمانی وشەی كوردی گرد دەكرێتەوە، وشە و زاراوەی میللی لەنێوچوون دەپارێزرێت، هەروەها لەم

ڕووەوە فەرهەنگ ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دەستنیشانکردنی واتاکان و ئاڕاستەکردنی خوێنەر بەرەو واتای نوێ و بڵاوکردنەوەی وشەی نوێباو. (محمەد وەسمان: 2004: 9). فەرهەنگسازی کارکردنە لە بواری دانانی فەرهەنگدا، بە هەموو جۆر و بابەتیەوە، فەرهەنگی گەورەی هەموو وشەکانی زمانەکە، فەرهەنگ لە بواری زانست و کشتوکاڵ و کیمیا و فیزیا و ئابووری و ..هتد. دانانی فەرهەنگ کارێکی گران و گرنگە، بە تایبەتی بۆ ئێمە کە نەتەوەیەکی بێ قەوارە و دەستبەسەر و بەشکراو و فرەشێوەی زمان و بێ دەستگایەکی خۆیین، ئەنجامی ئەو دابەش کردنەش ئەوەی بە ئێمە کراوە بە کەس نەکراوە، ڕۆڵە وشیار و ڕۆشنبیرەکانیشی زمانەکەیان گرتۆتە باوەش بە چاونیگایان داوە، چونکە زانیویانە، زمان واتا نەتەوە. نەتەوەی بێ زمان نییە، بەڵێ فەرهەنگیان بۆ داناوە، وشەکانییان کۆ کردۆتەوە و خزمەتی پێیان نووسیووە .(جەلال مەحموود عەلی :2001: 62). دانانی فەرهەنگیی زانستی یەکگرتوو و فراوان، یان تایبەتمەندی ڕێکوپێك، شان بەشانی گەشە و پێشکەوتنی زانست و تەکنۆسازی بڕوات، پێویست بە دەزگا و دامەزراوی تایبەتمەند و خۆتەرخان کرد و بەدەسەڵات هەیە و هەموو هەوڵێکی تاکە کەسی و تایبەتی لەو بوارەدا هەرچەندێك ورد و دڵسۆزانە بێت و خاوەنەکەی زانا و زمانزان و بە سەلیقە و هوشیار بێت و ئەزموونی دوور و درێژی هەبێت، هێشتا بەرهەمەکەی هەر ناتەواو دەبێت و ناتوانێت زانستە زاراوەی ورد و دروست و بۆ بڵاوبوونەوە و چەسپینی شیاو لە هەموو بوارێکدا ئامادەبکات. (جەمال عەبدول: 1998: A). بێگومان ئەو فەرهەنگانەی کە دانراون لەلایەن کەسە زمانزانەکانی کوردی تێکۆشانێکی نەبڕاوەیە بۆ میللەتی کورد.

## 7-2/1 ) دەروازەی فەرهەنگی:

داهێنانی هەر فەرهەنگێکی زمانەوانی—هەر چەندە قەبارە و جەماوەری زۆر بێت—بە لاواز و کەم دەزانرێت ئەگەر بێت و بنەما فەرهەنگییە بنەڕەتییەکانی تێدا نەبێت، وەك دژواتا و هاودەنگ و هاوواتایی و فرەواتایی و خوازراو و ڕاستەقینە، پەرەسەندنی زمان و باری زمان نووسین و بەش و وشە وەرگێراوەکان. (سنگر علی مامە :2013: 4). شتێکی ئاشکراو بەڵگە نەویستە کە زۆربەی فەرهەنگەکان لە ئاستی ئەو ئەرکەدا نین، کە دەیانەوێ ئەنجامی بدەن، چونکە شانکیی فەرهەنگسازەکان لە وەدایە کە گەورەترین ژمارە وشە و کەرەستەی زمانی تۆمار بکەن، واتا گرنگی دەدەن بە قەبارە نەك بە جۆر، ئەم تێڕوانینە هەڵەیە لەبێ هێزی و هەژاری دەروازە فەرهەنگییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.

### کێشەی دەروازە فەرهەنگییەکان:

ئەوەی تێبینی دەکرێ لە دەروازە فەرهەنگییە فەرهەنگە تاکە زمانیەکەدا ئەوەیە، ئەو زانیارییەی کە دەیدەن زۆر کەمە و لەو ئاستەدا نییە، کە کەڵك بە فێرخوازی زمان بگەیەنێ، ئەم خەوشەی دەروازەکان لە

لایەکەوە کۆنە و بەشێکە لە کەلەپووری فەرهەنگساز، کە باوەڕی وایە وشە و واتا لە هەموو پێکهاتەکانی زمان گرنگترن و بەبێ ئەمانە زمان بوونی نییە و ئەرکی فەرهەنگ تۆمارکردنی وشەیە و دانانی واتاکانێتی. فەرهەنگنووس ڕەنگە هەموو کاتێ ئەوەی لەیاد نەبێ کە ڕۆنانی زمان لە وشەکانی کەمتر نین، چونکە ئەگەر هەموو وشەکانی زمانت لەبەربێت، هێشتا ئەگەری ئەوە هەیە کە لە سادەترین ڕستە نەگەیت. زانینی واتای هەموو وشەکانی کوردی یارمەتیمان نادات بۆ شیکردنەوەی گوتنێکی سادەی وەك (بەداخەوە مرد)، یان (پێم داگرت)، یان (بەرمان کەوت)، یان (پایزە برا)...هتد، لە لایەکی ترەوە کێشەکە لە ئەستۆی فەرهەنگساز دایە، چونکە دروستی کردووە بەوەی سنوورێکی تەسك بۆ کارەکەی دادەنێ و نایەوێ لێی دەرچێت، ئەمەش بەوەدا دەردەکەوێ کە هەندێ فەرهەنگساز زیاتر لە هەموویان ئەم سنوورە دەبەزێنن و کارەکەیان فراوانتر دەکەن. بۆ نموونە هەندێ فەرهەنگنووسی کورد و بێگانە لە سنووری وشە و واتادا ناوەستن، بەڵکو دەچنە ناو پەیوەندییە واتاییەکانی وشە، وەك: هاوواتایی و فرەواتایی و دژواتایی و هاوبێژی...هتد. هەندێکی تر بەمەشەوە ناوەستن، بەڵکو هەندێ زانیاری سەرەتایی لەبارەی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی وشەکان والادەکەنەوە، بەڵام هێشتا کارەکانیان لە ئاستی پێویستی نییە. بە کورتی ئەوەی بەسەردا چوونەوەیەکی خێرای فەرهەنگە یەك زمانییە کوردییەکان پیشانی دەدات ئەوەیە دەروازەکانیان زۆر تەسکە. واتە ئەوەندەی زانیاری نادەن کەڵك بە فێرخوازی زمان بگەیەنێ ئەمەش بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە:

1- فەرهەنگنووس کەڵك بە فێرخوازانی زمان بە ئەرکی سەر شانی خۆیان نازانن.

2- فەرهەنگنووسەکان زۆربەی شارەزا و پسپۆڕی بەسەلیقەن، بەڵام ئاگاداری زمانەوانی نین و کەم و زۆر کەڵکیان لەو شۆڕش و گۆڕانە گەورەیە وەرنەگرتووە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەوە تا ئەمڕۆ بەردەوام بەرپایە.

**کێشەکان:**

1- خەوشی دەروازەکان لەلایەکەوە کۆنە و بەشێکە لە کەلەپووری فەرهەنگساز.

2- هاوواتای وشەکان کە زۆربەی وشەکان گەلێك هاوواتایان هەیە، بەڵام هەمووی نانووسرێت.

3- لایەنی زمانەوانی نابێت کەم و کورتی لەو بارەیەوە هەبێت.

## ڕێگە چارەی کێشەی دەروازە فەرهەنگییەکان

چارەسەرکردنی ئەم بارەی ئێستەی فەرهەنگسازییەوە دەکرێ کە دەروازەکانی فەرهەنگ فراوان بکرێ بە جۆرێك کە بۆ هەموو وشەیەك زانیاری فۆنۆلۆژی و سینتاکسی و سیمانتیکی... هتد. زیاد بکرێ. (محەمەد مەعروف فەتاح :2001: 169-170). زەبیحی زۆر بە زانستیانە لە کاری فەرهەنگ و لایەنە جیاواز و

زمانییەکان گەیشتووە، لەبەرئەوەی نەک تەنها بۆ وشە سەربەخۆ و سادەکان، بەڵکو بۆ پاشگر و پێشگرەکانیش دەروازەی کردۆتەوە. کە سروشتی کارەکە وا دەخوازێت کە کەڵکی ئەو زانیارییانە و پێویستی بەکارهێنان و چۆنیەتی بەکارهێنانیان بەشێوەیەکی زانستی ڕوونبکەینەوە، ئەوەش دەبێت بیانخەینە ناو چوارچێوەی مەیدانی(پراکتیك)یەوە.

8-2/1 ) **شێواز و چۆنیەتی ڕێکخستنی کەرەستە لە دەروازەی فەرهەنگدا :**

ڕێکخستنی دەروازەکان لە فەرهەنگدا ڕۆڵێکی گرینگی هەیە و سوودی لێ دەبینرێت. پێشکەشکردنی فەرهەنگ لە ڕێکخستنی سووك و گونجا و بنەما و ڕێزمانی زمان تێکنادات، بەڵکو لایەنێکی گرنگە لە دروستکردنی فەرهەنگ. (عمرو مدكور:2008: 213). فەرهەنگی زمان لە ڕووی ڕیزکردنی کەرەستەکان و ڕێگەکانی ڕێکخستنی بەشەکانی، شێوازی جۆراوجۆریان تێدا بەکارهاتووە، ئەمانەی خوارەوە چەند جۆرێکیانن.

1- ڕیزکردنی ئەلف و بێیی:

بەپێی ئەم پێڕەوە بابەتەکان بەپێی زنجیرەی ئەلف و بێیی ڕیز دەکرێن، بە مەبەستی ئاسانکاری دۆزینەوەی هەر بابەتێ، لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە سێ جۆر پۆلێنکردنی جیاوازی ئەم ڕیزکردنە بکرێت:

أ- ڕیزکردنی سەرەتایی:

بەپیتی یەکەمی وشەکە دەست پێ دەکات، دواتر پیتی دووەم، ئینجا سێیەم...هتد، ئەمەش لە زۆربەی فەرهەنگەکان پەیڕەو دەکرێت. وەك: فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینەی)ی هەژار موکریانی.

ب-ڕیزکردنی کۆتایی:

بەپێی ئەم ڕیزکردنە وشەکان دابەش دەکرێن بەسەر چەند دەروازەیەك بە گوێرەی پیتی کۆتایی، دواتر پیتی یەکەم، ئینجا پیتی سێیەم ئەگەر هەبێت. وەك فەرهەنگی (لسان العرب)ی (ئیبن منظور).

ج- ڕیزکردنی سەرەتا و کۆتایی:

دەتوانرێ هەر دوو ڕیزکردنەکەی پێشوو (ڕیزکردنی سەرەتا و ڕیزکردنی کۆتایی) بە یەکەوە ڕەچاو بکرێت لە فەرهەنگدا، واتە دەروازەی فەرهەنگی لەسەر بنەمای پشت بەستن بەپیتی یەکەم و دواپیتی وشەکان پێکەوە ڕیز بکرێت، هەرچی ئەو پیتانەی کە دێتە نێوانیانەوە پشت گوێ بخرێن. بۆ نموونە فەرهەنگی (تحفة الاريب، بما فى القران من الغريب)ی (ئەبی حەییانی نەحوی).

2- ڕیزکردنی بابەتی:

بۆ ئەم جۆرە ڕیزکردنە کەرەستە کۆکراوەکان بەپێی بابەتێکی دیاریکراو لە فەرهەنگێك، یان لە بەشێکی فەرهەنگ دادەنرێن. وەك: فەرهەنگی (کشت و کاڵ)ی مەعرووف قەرەداغی.

3- ڕیزکردنی واتایی:

مەبەست لەم ڕیزکردنە دابەشکردنی یەکە فەرهەنگییەکانە بەپێی کێڵگە واتاییەکان، هەریەکە لەم کێڵگانەش لە کۆی ئەو وشانە پێکدێن کە پابەندن بە پەیوەندی واتایی و بەپێی نزیکییان لە واتای وشەکانی دەروازەکە و دوورییان ڕێکدەخرێن. وەك: فەرهەنگی ( الالفاظ الكتابية)ی (عبدلڕەحمان بن عیسای هەمەدانی). فەرهەنگی دوو ڕشتەی (مەلا عەبدالکریمی مدریس).

4- ڕیزکردنی ڕێزمانی:

بۆ ئەم ڕیزکردنە فەرهەنگنووس پرۆگرامی ڕێکخستنی کەرەستەکانی ڕێزمان دادەنێت، دەروازەی فەرهەنگ لە ڕوانگەی پابەندبوونی کەرەستەکان بە مۆرفۆلۆجی و سینتاکس لە یەکتری جیا دەکاتەوە، وەك ئەوەی ئایا سەر بە پۆلی ناون، یان ئاوەڵناو...هتد، دواتر بەپێی ڕێزمانێکی دیاریکراو بەسەر دەروازەکان دابەشیان دەکات، لەم بارەدا بەکارهێنەری فەرهەنگ لە کاتی گەڕان بە دوای وشەیەکدا پێویستی بە زانینی ناسنامەی وشەکە دەبێت، لە ڕووی پابەندبوونی بە پۆل و ڕەگەز و جۆری ڕێزمانی...هتد. وەك: فەرهەنگی ( ديوان الادب فی لغة العرب )ی (ئیسحاق بن ئیبراهیمی فارابی) .

5- ڕیزکردنی بناغەیی:

لەم جۆرە ڕیزکردنەدا فەرهەنگنووس بۆ ڕێکخستنی کەرەستە زمانییە کۆکراوەکان، بناغەی وشەکان لە بەرچاو دەگرێ، هەموو ئەو وشە داڕێژراوانەی کە یەك بناغەیان هەیە دوابەدوای یەکتری دایان دەنێت، دەروازەی سەرەکی فەرهەنگ لە چینی ئەو بناغانە پێکدەهێنێ، هەرچی وشە داڕێژراوەکانە لە شێوەی دەروازەی لاوەکی بەپێی نزیکی و دوورییان لە ژێر ئەو بناغانەی کە پابەندیانن ڕیزدەکرێن. وەك: فەرهەنگی ( الوسيط )ی فیروزئاباد. (بەناز ڕەفیق تۆفیق: 2008: 23-24).

پێویستە بابەتی ڕێکخستنی قاموسێك زانیاریەکانی دی بە خۆی بگرێتەوە وەك ڕێکخستن و سیستەمی کار و جۆری دەربڕینی وشەکان( pronunciation )، ڕێزمان و ئەرکەکانی ڕێزمان لە داڕشتنی وشەدا و ڕوونکردنەوەی شێوە بنەڕەتیەکانی وشە و جۆری پەیدابوونیان لە زمانێکدا، کە تەنیا زانستی ئیتیمۆلۆژی (etmology) دەتوانێت ئەم کارە بەئەنجام بێنێت و هەروا دەبێت تایبەتێتی سینتاکسی وشەکان و ڕیزکردنی پیتەکان و کورتکردنەوەیان و دۆزینەوەی هەمان واتاکانیان (مرادف)ەکانیان و پێچەوانەی ئەم واتایانە لە قاموسدا ڕوون بکرێتەوە.(جەمال ڕەشید :2001: 151-152).

ئایا لە مێژووی لێکۆڵینەوەی زمانەوانێکانی جیهاندا، ئەم هونەر و داهێنانە گرنگ و بە نرخە؟ لە کوێ و لە لایەن کێ و لەکەیەوە بۆ یەکەم جار بیری لێکرایەوە و پاشتر هێنرایە دی؟ لە دیراساتی زمانەوانیدا، سەلمێنراوە کە لە هندستانی کۆن، هندێکیان بۆ یەکەم جار، چەند سەدەیەك پێش زایین، لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوە زمانەوانییانەی کە دەربارەی ئاستە جیاوازەکان بەتایبەتی ئاستی فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی و

لێکسیکۆلۆژی و کەمێکیش ئاستی سینتاکسیی زمانی سانسکریتیدا کردیان، دیارە ئەم کارانەش بەهۆی ئەوەوە بوو کە لەو سەردەمەدا، خەڵکی ئیتر تێنەگەن لە سرووده ئاینێکانی (ڕیکویدا)، کە دین و بیر و باوەڕی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ئەوکاتە بوو. (فاروق عومەر صدیق :2004: 30).

ئەم ڕیزکردنانەی کە لەسەرەوەدا باسکراون هەندێکیان لەگەڵ زمانی کوردیدا دەگونجێت و هەندێکی تریان زیاتر لەگەڵ زمانی عەرەبیدا دەگونجێت,

## 9-2/1 ) هونەری ڕێکخستنی فەرهەنگی کوردی:

هونەری ڕێکخستنی فەرهەنگ بە چەند شێوازێکی جیاواز ڕێکخراوە:

### أ- ڕیزکردنی وشە کوردییەکان:

بۆ ئەم جۆرە فەرهەنگانە تاکە ڕێگای ڕیزکردنی وشە ئەوەیە، کە بە گوێرەی ئەو زنجیرە ئەلف و بێیە بێت، کە لە نووسینی کوردیدا هەن. بێگومان بەمە خوێنەر لە دۆزینەوەی وشەدا هیچ گیروگرفتێك نایەتە ڕێگای و بە ئاسانی ئەو وشەیەی پێویستی بێ دەیدۆزێتەوە.

### ب– وشەی هاوبێژ Homonym:

ئاشکرایە لە گشت زمانێکدا توانای دەربڕینی هەر وشەیەك بە چەند واتایەك تایبەتییەکە لە تایبەتییەکانی زمانی مرۆڤ و دەتوانرێت واتای ئەم وشانە لە ڕێگەی فەرهەنگەوە بدۆزرێتەوە، لە گشت زمانێکدا وشە هەن کە بە خوێندنەوە و نووسین وەك یەکن، بەڵام مانایان جیاوازە. هەروەها وشەی هاوبێژ لە زمانی ئینگلیزیشدا هەر بەهەمان شێوەی زمانی کوردییە، هاوبێژ دوو وشە هەمان شێوازی خوێندنەوەیان هەیە، بەڵام واتاکانیان جیاوازە. (Victoria Fromkin.2003.219).

نموونە: لە وشەی (بار) دەردەکەوێت، کە ئەم وشەیە بە سێ واتایی جیاواز بەکاردێت و لە نووسینیشدا یەکن.

(بار) کاڵا و کەل و پەل.

(بار) چلۆنایەتی و شێوەی هەڵکوتنی شتێکی ماددی.

(بار) توێژێکی سپی زەردباوە، لە ئەنجامی نەخۆشی دروست دەبێت لەسەر لێو. (عبدالرحمن زەبیحی: 1979: 18).

(ئازار) ئێشی ئەندام. مانگی مارت. (هەمان سەرچاوە:1977: 22).

(باو) دەستور: فیسارشت بووە بەباو. وەك زیادەی شتێك بەسەر شتێکی تردا.

ئەو وشانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا لەو وشانە نین، کە مانایان زۆرە، بەڵکو ئەو وشانەن کە تەنها لە خوێندنەوە و نووسیندا وەك یەکن، ئەگینا لە واتا پەیدابوونیاندا جیاوازن، وەك: (ئازار. ئێشی ئەندام)

**كە وشەیەكی كوردییە زۆر دوورە لە (ئازار–مانگی مارت) كە وشەیەكی كوردی نییە و لە پەیدابوون و دروستبووندا سەرچاوەیەكی تری هەیە. یاخود (باو) دەبینین سێ وشەن كە مانایان جیاوازە و لەیەك دوورن. هەرچەندە هەرسێكیان لە نەژاددا كوردین، بەڵام پەیدابوون ودروستبوونیان لە ڕێگای جیاوازەوە هاتووە. ئەمە تایبەتمەندی وشەكان نییە، بەڵكو لە ئەنجامی بارودۆخێكدا دێن كە لەسەر بنەمای پێكەوەهاتن و لێكدانی وشەكانی زمان لە سیستەمی وشەكاندا پێك دێن.** (كورش صفوی: 1380: 259).

**جا ئەم جۆرە وشانە كە لە لێكسیكۆلۆژیدا وشەی هاوبێژ (homonym )یان پێ دەڵێن، پێویستە لەگەڵ وشەی فرەواتا لەیەك جیابكرێتەوە و تێكەڵ نەكرێن و لە فەرهەنگیشدا وەك ئەو شێوەیەی لەسەرەوە نووسراون– واتە بە یەك وشە دانەنراون– تۆماربكرێت، بەڵكو باشترە دانەرانی ئەم فەرهەنگە لەسەر ئەو ڕێگایە بڕۆن، كە گشت فەرهەنگنووسانی وڵاتە پێشكەتووەكان لەسەری ڕۆیشتوون. ئەو ڕێگایەش ئەوەیە كە ئەو وشانەی ناومان بردن و بەیەك وشە دانراون و خراونەتە ڕیزی ئەو وشانەی كە مانایان زۆرە، جیا بكرێنەوە و بە وشەی جیاواز و سەربەخۆی هاوبێژ (homonym) دابنرێن و سەر لەنوێ لەسەری دێڕ وەك وشەیەكی تایبەتی بنووسرێن و ژمارەیان بۆدابنرێت. بۆ نموونە:**

(ئازار)1 **ئێشی ئەندام.**

(ئازار)2 **مانگی مارت.**

(باو)1 **دەستور:فیسارشت بووە بەباو.**

(باو)2 **زیادەی شتێك بەسەر شتێكی تردا. ئەم جۆرە وشانە (homonym) لە زانستی وشەدا بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە و لە كاری فەرهەنگنووسیشدا سەرنجی زانایانی ڕاكێشاوە، بێگومان مامۆستا عبدالرحمن زەبیحی بەو شێوەیەی كردووە، كە ژمارەی (1، 2، 3) بۆ وشەی (بار) و وشەكانی تر زۆر بەجوانی داناوە.**

## ج- وشەی فرەواتا (P0lysemantic):

**فرەواتایی یەكێكە لەو بابەتانەی كە لەسەر بنەمای لێكۆڵینەوە كلاسیكەكانی زمانەوانی، لەبەشی واتایی و ڕێزمانی هەژماردەكرێت، لە بارودۆخێكدا لە یەك دانەی زمانی چەند واتایەك پەیدا دەكات.** (كورش صفوی: 1381: 50).

**ئەو وشەیەیە كە واتای جیاوازی هەیە، لە ڕووی مانا و مێژووەوە پەیوەندیان هەیە، بەشێوەیەكی گشتی دەروازەی فەرهەنگی جیاوازیان هەیە و زۆرجار دیاری دەكرێت.** (Victoria Fromkin.2003.219).

**چۆن لە هەموو زمانێكدا هاوواتا هەیە، لە زمانی كوردیشدا وشە هەن كە تەنها یەك مانایان هەیە و وشەش هەن، كە مانایان زۆرە. بۆ نموونە دەبینین كە هەندێ وشە، وەك: (شەو، ئاشەوان، دراوسێ، ئەژنۆ...هتد) لە یەك مانا زیاتریان نییە، بەڵام وشەش هەن مانایان زۆرە، ئەو مانایانەش لەیەك نێزیكن،**

وەك: (بەردانەوە، با، بازاڕی، بانگ...هتد). بۆ ئاسانکردنی بەکارهێنانی و کێشانی سنوور لە نێوان ماناکانی یەك وشەدا باشتر وایە ماناکان بە ژمارە جیابکرێنەوە. ئەوانەی فەرهەنگ بەکاردەهێنن لەم ڕێگەوە لە تێگەیشتنی مانای وشەدا تووشی هەڵە و زەحمەت نابن و ئەو زاتانەش کە فەرهەنگەکە دادەنێن. جگە لە وەی بەم کارە شێوازێکی زانستی بە فەرهەنگەکە دەدەن، هەروەها هەندێ کێشەی زانستی وشەش خاو دەکەنەوە.

## د- وشەی هاوواتا ( Synonym ):

دوو وشە یان زیاتر کە هەمان واتایان هەیە یان واتاکانیان نزیکە لەیەکەوە، بەلاّم شێوازی خوێندنەوەیان جیاوازە. فەرهەنگەکان دەروازەی جیاوازی لەخۆگرتووە. (هەمان سەرچاوە: 2003.8.). هاوواتا زۆربەی کات دوو وشەیە هەندێك کاتیش زیاتر، کەواتە هاوواتا لە دوو وشە یان زیاترە، لە هەمان زماندا، کە هەمان مانایان هەبێت، یان نزیك بن لە مانادا، بەلاّم لە خوێندنەوە و نووسیندا جیاوازن. (Dictionary webster: 1973: 1174).

لێکدانەوەی واتای فەرهەنگ بەتایبەتی فەرهەنگی یەك زمانیی لە ڕێگەی هاوواتاوە دەبێت ئەمە بۆ مێشکی قسەکەریش ڕاستە بوترێت (ئەگەر لە مێشکی قسەکەردا هاوواتا نەبێت، ئەوا زمان ناتوانێت کرداری پەیوەندی کردنی خۆی ئەنجام بدات). (أبو الحسن نجفی: 1378: 44).

نموونە: ئاوکێش هاوواتاکەی ئاوخواز. (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 89). باپیر هاوواتای بابا یان بابە گەورە. (هەمان سەرچاوە: 1979: 12). بەو وشانە دەڵێن کە یەك مانا دەبەخشن یاخود مانایان لێك نزیکە، بەلاّم لە خوێندنەوە و نووسینیاندا جیاوازن، وەك: (لێڕ–دارستان–جەنگەڵ، پەڕیوە–ئاوارە–دەربەدەر، جەندەك–کەلاك–تەرم–کەلەش، ئەوین–ئەڤین–عەشق –دڵداری، تووش–دژوار–سەخت–ناخۆش، کەسەر–خەم–خەفەت، خاپوور–وێران...هتد). بۆ فەرهەنگی ناوبراو پێویست بە وەرگێڕان و لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی هەموو ئەو وشانە ناکات، بەڵکو باشترە مانای وشەی یەکەمیان (یاخود هەرە ناسراویان) بدرێت و لە بەردەم ئەوانی تردا بنوسرێت: بڕوانە فلاّن وشە و، ئەگەر جیاوازییەکیش لە نێوان واتایاندا هەبێت بنووسرێت. ئەم شێوەیە نەك هەر ڕێگا کورت دەکاتەوە، بەڵکو نیشانی خوێنەریشی دەدات کە (وەتەن) و (نیشتمان)، (ئەوین) و (ئەڤین) و (عیشق) و (دڵداری)، (خاپوور) و (وێران)...هتد، خاوەنی یەك مانان. هەروەها بەمەش یەکێك لەکێشەکانی زانستی وشە خاوکراوەتەوە .

## هـ_ هەندێ نیشانە بۆ ئاسانکردنی کاری چاپ و سووککردنی باری فەرهەنگ:

بۆ ئاسانکردنی کاری چاپ و سووککردنی باری فەرهەنگ و خوێنەران چەند نیشانەیەك بەکاردەهێنرێت. یەکێك لەو نیشانانە ئەوەیە کە لە کاتی خستنە ڕستەی وشەیەکدا بۆ دووپات کردنەوەی وشەکە هێڵێك بەم جۆرە (–) دەکێشن، وەك:

(دڵ) لە– دەرچوون.

(کار)– لە– ترازان.

بێگومان ئەم شێوازە ڕێگە کورت دەکاتەوە و باری چاپەمەنی ئاسان دەکات و هەر لەبەر ئەوەشە کە لە تێکڕایی فەرهەنگی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا پەیڕەوی دەکرێت، بەڵام بەداخەوە زەبیحی ئەو نیشانەی بەکارنەهێناوە لە فەرهەنگەکەیدا. هەروەها زۆر جار بۆ ڕوونکردنەوەی وشەیەك لە نێوان دوو کەوانەدا دەنووسن کە ئەو وشەیە سەر بەچی پۆلە وشەیەکە وەك (نبات ......وشەی فلاْن شێوە .....) . بۆ ئەم مەبەستە باشترە پیتێك بکرێت بە نیشان و لە پێشەکی فەرهەنگەکەدا باس بکرێت. (ئەورەحمانی حاجی مارف: 1987: 165–169).

### 10-2/1 ) ئامانج و سودی فەرهەنگ:

بۆ ناساندنی نەتەوە باس لە زمان بکرێت ئەوا بۆ ناساندنی زمانیش دەبێت باس لە فەرهەنگی وشەکانی بکرێت. ئامانج و سودی دانانی فەرهەنگ لەوەدایە کە وشەکانی ئەو فەرهەنگە بەو شێوەیە بنووسرێت، کە لە ڕووی ڕیزکردنی وشە کوردییەکان و هاوواتا و وشەی فرەواتا و وشەی دژواتا و هەندێ نیشانە بۆ ئاسانکردنی چاپ. ئەو ڕێکخستنانە وا لەخوێنەر دەکات بە باشی لە فەرهەنگە بگەن و سودی لێ وەرگرن.

لەڕیزکردنی وشە کوردییەکاندا، بێگومان خوێنەر لە دۆزینەوەی وشەدا هیچ گیروگرفتێك نایەتە ڕێگای و بە ئاسانی ئەو وشەیەی پێویستی بێ دەیدۆزێتەوە. لە ڕووی وشەی هاوبێژیشەوە کە ئەو وشانەی مانایان زۆرە کە کاتێك دەنووسرێن ژمارەیان بۆ دادەنرێت بەمەش واتاکانیان جیادەکرێتەوە. هەروەها وشەی فرەواتامان هەیە لە ڕێکخستنی فەرهەنگدا ، کە ئەوانەی فەرهەنگ بەکاردەهێنن بە هۆی ئەم ڕێگەیەوە لە تێگەیشتنی مانای وشەدا تووشی هەڵە و زەحمەتی نابن. سودی ڕێکخستنەکە ئەوە نیشاندەدات، کە جیاوازی لە نێوان ئەو جۆرە وشانەی هاوبێژ و فرەواتا نیشاندەدا و لە بەکارهێنانی فەرهەنگەکەشدا کاری خوێنەر ئاسان دەکات. لە ڕێکخستنی وشەی هاوواتا ئەو وشانەی یەك مانا دەبەخشن یان مانایان لێك نزیکە و لەخوێندنەوە جیاوازن، کە دەنووسرێت بڕوانە فلاْن وشە ئەم شێوەیە نەك هەر ڕێگا کورت دەکاتەوە بەڵکو نیشانی خوێنەریشی دەدات کە ئەو وشانە خاوەنی یەك مانان.

ئامانج و سودی ئەم ڕێکخستنەی هەندێ نیشانە بۆ ئاسانکردنی کاری چاپ و سووککردنی باری فەرهەنگ و خوێنەران چەند نیشانەیەك بەکاردەهێنرێ بێگومان ئەم شێوازە ڕێگە کورت دەکاتەوە و باری چاپەمەنی ئاسان دەکات هەر لەبەر ئەمەشە کە لە تێکڕایی فەرهەنگی ولاتە پێشکەوتووەکاندا پەیڕەو دەکرێت. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف :1987: 165– 169). فەرهەنگی زمان سودێکی زۆری لێوەردەگیرێت، ئەگەر بێت و لەسەر بنەمایەکی زانستی بونیاد نرابێت، سوودەکانی و گرنگی فەرهەنگ[4]. لەم چەند خاڵە کوورت دەکرێتەوە:

1–پارێزگاریکردن لە مانەوەی وشەکانی زمان.

2–توانا بەزمان دەبەخشێت، تاوەکو لەگەڵ ڕەوڕەوەی زانست و هونەر بەرەوپێش بچێت.

3–ئاشکراکردنی واتای وشە نادیار و لێڵەکان.

4–زانینی نەژاد و داڕشتنی وشەکان.

5–زانینی مێژووی وشەکان و گەشەسەندنیان، جیاوازی لەبەکارهێنانیان.

6–هەڵوەستەکردن لەسەر ئەو وشانەی لە بەکارهێنان کەوتوون.

7–ناسینی خاوەن وتەی بەڵگەیەك لە بەڵگەکان.

8–ناسینی پێکهاتەی وشە ئاخاوتن– نووسین.

9–ڕێکخستنی ڕاست و دروستی وشە بەپێی ئەسڵ و گەردانکردن.

10– فەرهەنگ زمان لە شێواندن، لاوازی، پووکانەوە، داتەپین و مردن، دەپارێزێت.

11– نەوەی نوێ، بە وشەی کوردیی کۆن و نوێ پێدەگەیەنێت و زمانیان دەوڵەمەند دەکات.

12– بەهۆی فەرهەنگەوە دەتوانرێت هەموو دیالێکت و بەش و شێوەزارەکانی زمانی کوردی کۆبکرێتەوە
.

13– بۆ پاراستنی زمانەکە بەکاردێت، هەروەها ئەو فەرهەنگانەی وشەکانی زیاتر لە زمانێکیان لەخۆ گرتووە ئەرکێکی گەورەیان هەیە بۆ فێربوون و ئاشنابوونی واتای وشەکان بە زمانێکی جیاواز، واتە ئەرکی دۆزینەوەی واتای وشەکان بە زمانێکی تر.

---

4– بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی سوودەکانی فەرهەنگ بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:
- شهاب شێخ طیب: 2014: 202.
- بەناز ڕەفیق توفیق: 2008: 18.
- حوسێن محەمەد عەزیز: 2005: 487.
- سلمی برکات: 2005: 74.
- mufatis magdum.word press.com.

14_ لە هەندێ فەرهەنگدا شێوازی گۆکردنیان تێدا هەیە بۆ هەندێ زمانی وەکو عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی...هتد، کە بۆ ئەو کەسانەی گرنگن بیانەوێت فێری ئەوە بن و چۆن وشەکانیان گۆ بکەن (بخوێنەوە).

15- بە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێت بۆ گۆکردنی ڕاستەقینەی وشەکان، کە کەمتر یاسا و ڕێسای ڕێکوپێکی هەیە..

## تەوەرەی سێیەم: پوختەیەك لە بارەی فەرهەنگەکەی ( زەبیحی )یەوە:

### 1-3/1 ) پێشەکی فەرهەنگەکە:

(قامووسی زمانی کوردی)ی زەبیحی کە زیاتر بە فەرهەنگەکەی زەبیحی ناسراوە، یەکێکە لەو فەرهەنگانەی کە بە شێوەیەکی زانستی نووسراوە و زۆربەی ئەو مەرجانەی کە دەبێت لە نووسینی فەرهەنگدا هەبێت تێدایە. زەبیحی دەیویست شۆڕشێکی گەورە لە فەرهەنگ و فەرهەنگناسی کوردیدا بەرپا بکات، بەڵام کورتی تەمەنی (یان مردنی) ڕێی ئەوەی پێنەدا، ئەوەبوو توانی کە دوو بەرگ تەواو بکات لە کاروانی فەرهەنگەکەی، کە بەتەما بوو تا دوا پیتی تەواو بکات. لە بەرگی یەکەمدا دابەش دەبێتە دوو بەش کە بەشێکیان (110) لاپەڕەیە و ئەو بەشەی تریان کە قامووسەکەیە (246) لاپەڕەیە. زەبیحی لە پێشەکیەکەیدا ئەمانەی خستۆتە ڕوو: زەبیحی ( 18) لاپەڕەیەکی تەرخان کردووە بۆ (سەرەتایەکی مێژووی زمانی کوردی) و (10) لاپەڕەشی تەرخان کردووە بۆ ئەو سەرچاوانەی کە لەم فەرهەنگە سوودی لێ بینیوە و هەروەها (لەبارەی هێما و نیشانەکانی ڕێزمانی) و (کورتە نیشانەکانی ناوی سەرچاوە و دانەر و بڵاوکراوە) تەرخانکردووە. لەو (18) لاپەڕەیەی کە تەرخانی کردووە بۆ باسکردنی سەرەتایەکی مێژووی زمانی کوردی بە کورتی باسی لەم خاڵە گرنگانە دەکات:

- زمانی کوردی لە قۆناغی ئێستایدا لاپەڕە (7– 10)ە.
- زمانی هیند و ئەورووپایی بنەمای گەورەی زمان لاپەڕە (11 –12)ە.
- زمانی مادەکان چ بوە؟ لاپەڕە (13– 16)ە.
- زمانی ئاوێستایی لاپەڕە (17– 21)ە.
- زمانی پارسی کۆن لاپەڕە (22– 23)ە.
- دەوری ناوەڕاستی خێزانە زمانی ئێرانی لاپەڕە (24)ە.
- زمانی پارتی ((پەهلەوی)) لاپەڕە (25– 28)ە.
- بەسەرهاتی زمانی پەهلەوی ئەشکانی. لاپەڕە (28– 31)ە.

بەرگی دووەمی پیتی (ب)ی (قامووسی زمانی کوردی)ی زەبیحی (230) لاپەڕەی تەرخان کردووە، کەواتە کۆی گشتی ژمارەی لاپەڕەکانی فەرهەنگی (قامووسی زمانی کوردی)ی زەبیحی نزیکەی (476) لاپەڕەیە.

### 2-3/1) ئامانجەکانی پێشەکی فەرهەنگەکە:

زەبیحی لە پێشەکی فەرهەنگەکەیدا ئامانجی خزمەتکردنی زمانی کوردی و زارەکانی زمانی کوردی و مێژووی فەرهەنگنووسی بووە. لە پێشەکی فەرهەنگەکەیەوە مێژووی زمانی کوردی خستۆتە ڕوو.

## 3-3/1 ) هێما و كورتكراوە بەكارهاتووەكانی فەرهەنگەكە :

### 1- هێماكان:

زەبیحی لە (قاموسی زمانی كوردی)دا كۆمەڵێك هێمای بەكارهێناوە و نووسیویەتی. هێماكان تەنها لایەنی ڕێزمانی ناگرنەوە، بەڵكو لایەنی ئەدەبیش دەگرێتەوە و تەنانەت هێمای بۆ سەرچاوەكانیش داناوە، بەڵام زەبیحی هێما بۆ هەندێ لایەنی وەك: (بڕگە، فرێز، ناوی بەرجەستە و واتای) دانەناوە. لە لاپەڕە (95 تا 100) ئەو هێمایانەی كەنووسیویەتی شیكردۆتەوە. لاپەڕەی (107 تا 109) هێماكان لەخۆدەگرێت.

### 2- كورتكراوەكان:

لە هەر دوو بەرگی فەرهەنگەكەیدا زەبیحی كورتكراوەكانی نووسیوە. تەنانەت كورتكراوەی بۆ سەرچاوەكانیش داناوە. هەندێك لە كورتكراوەكان بەزمانی عەرەبیش ئاماژەی پێكردووە.

**كورتە نیشانەكانی ڕێزمان كە لەم قاموسەدا بەكارهاتوون :**

| نیشانە | لەباتی | نیشانە | لەباتی |
|---|---|---|---|
| ئم . | ئامراز (أداة) | عا . | عەرەبی (زمان) |
| ئمت . | ئامرازی تێكەڵاو (أداة المركب) | فا . | فاعیل (اسم الفاعل) |
| ئیز . | ئیزافە | فر . | فارسی (زمان) |
| با . | بادینانی (بن لەهجە) | فع . | فیعل |
| بك . | باكووری (لەهجە) | فج . | فیعلی مەجهول |
| بگ . | بانگكردن (النداء) | فی . | فەیلی (بن لەهجە) |
| بن . | بەند (القید) | كئێر . | كوردستانی ئێران (زمانی) |
| بنت . | بەندی تێكەڵاو (قید المركب) | كتو . | كوردستانی توركیا (زمانی) |
| پب . | پاشبەند | كعر . | كوردستانی عێراق (زمانی) |
| پبت . | پاشبەندی تێكەڵاو | كك . | كەركوكی (بن لەهجە) |
| په . | پەهلەوی (زمان) | كن . | كینایە |
| پێب . | پێشبەند | كو . | كوردی (زمان) |
| پێبف . | پێشبەند فیعل | كی . | كۆیی (بن لەهجە) |
| تب . | پیتی تێك بەستن (حرف الربط) | لا . | لازم (مەصدەر) |
| تت . | تازە داتاشراو (وشە) | مت . | متعدی (مەصدەر) |
| تم : | تەماشاكە | مج . | مەجاز |
| تو: | تركی (زمان) | محر . | تەحریف كراو (المحرف) |
| تێب . | تێبینی | مصت . | مەصدەری تێكەڵاو (المصدر المركب) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| جف . | جافی (بن لەهجە) | مصشـ . | مەصدەری داتاشراو |
| جمـ . | جەمع | مف . | مەفعول (اسم المفعول) |
| جمی | جەمعی | مک . | موکریانی (بن لەهجە) |
| جذ . | جنوبی (لەهجە) | نا . | ناو (اسم) |
| حمصـ . | حاصل مەصدەر | نتـ . | ناوی تێکەڵاو (اسم المرکب) |
| ریـ . | ڕیشە | ند . | دەنگە ناو (اسم الصوت) |
| ز . | زەمیر | نسـ . | نیسبەت، نیسبی |
| زا . | زازایی (بن لەهجە) | نمصـ . | ناوی مەصدەر (اسم المصدر) |
| ستـ . | ئاوێستایی (زمان) | هس . | هەڵی سەنگێنە (قارن) |
| سنـ . | سنەیی (بن لەهجە) | هلـ . | هەولێری (بن لەهجە) |
| سیمـ . | سلەیمانی (بن لەهجە) | هو . | هەورامی (بن لەهجە) |
| شر . | شێوەڕستە | ★ | هاوتا (المرادف) |
| شنـ . | شنۆیی (بن لەهجە) | : : | نموونە (مثال) |
| صـ . | صفەت | □ | شایەد |
| صتـ . | صفەتی تێکەڵاو (الصفه المرکبه) | // | دژ (الکلمه المضاد) |
| صفا . | صفەتی فاعیلی | ● | ڕستەی ساز و ئامادە لە زماندا. |

زەبیحی زۆربەی ئەم هێمایانەی کە لەناو فەرهەنگەکە نووسیویەتی لە ڕووی زانستییەوە تەواون، چونکە لە زۆربەی فەرهەنگەکاندا هەر بەهەمان شێوە نووسراوە. هەرچەندە کەموکورتی لە هێماکاندا هەیە، لەبەرئەوەی هەندێ هێمای نە نووسیوە.

### 4-3/1 ) قەبارەی فەرهەنگەکە :

فەرهەنگەکەی زەبیحی لە دوو کتێب لە بەرگی (ٴ – ب)دا پێکهاتووە و بەرگی (ٴ)کەی (446) لاپەڕەیە و بەرگی (ب)کەی (230) لاپەڕەیە. کۆی لاپەڕەی هەردوو بەرگەکە (676) لاپەڕەیە.

### 5-3/1 ) توێژی سودمەند لە فەرهەنگەکە :

زەبیحی لە پێشەکی فەرهەنگەکەیدا ئاماژەی بۆ هیچ چین و توێژێك نەکردووە، کە ئەم فەرهەنگەی تەرخان کردبێ بۆی، بەڵکو دەکرێت بە شێوەیەکی گشتی هەموو کەسێك سوودی لێ ببینێت.

### 6-3/1 ) ناوەڕۆکی پێشەکی فەرهەنگەکە :

#### 1- پێناسە و ڕوونکردنەوە لە بارەی زمانی کوردییەوە :

زەبیحی لە بەرگی (ٴ)دا زۆر بە لێهاتووانەوە باسی زمانی کوردی کردووە و لەبارەی زمانی کوردییەوە دواوە و باسی زمانی کوردی پاش ئیسلام و لەهجەکانی زمانی کوردی کردووە. (کە دەڵێن زمانی کوردی،

مەبەست ئەو زمانەیە کە ئێستا کورد قسەی پێدەکەن. گەلێ زمانەوان و ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنگی لەگەڵ زمانی کوردی خەریك بوون، زۆربەی ئەو زانایانەی کە بە شێوەیەکی گشتی یا تایبەتی لە زمانی کوردی دواون ...هتد). (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 32- 54).

## 2- زانیاری ( فۆنەتیکی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی و سیمانتیکی ):

لە پێشەکی فەرهەنگی (قاموسی زمانی کوردی)دا، زانیاری وردی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی و سیمانتیکی نەنووسیوە، بەڵام زەبیحی زانیاری فۆنەتیکی خستۆتە ڕوو دەربارەی (دەنگ)ی کوردی و ژمارەی دەنگەکانی کوردی و چۆنیەتی گۆکردنیان لە لاپەڕە (56 تا 66) باسی دەکات.

## 3- فەرهەنگنووسی و مێژووی فەرهەنگنووسی:

زەبیحی لە ناوەڕۆکی پێشەکی فەرهەنگەکەیدا ئاماژەی بە پێناسەی فەرهەنگ و جۆرەکانی فەرهەنگی کردووە، هەروەها مێژووی فەرهەنگنووسی و دابەشبوونی بەپێی شوێن و ڕووداوەکانیشی نووسیووە. کە ئەو نووسراوە هی زەبیحی نییە، بەڵکو ئاماژەی بە کتێبێکی (دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف) کردووە بۆ نووسینی کاری فەرهەنگنووسیی خستۆتە ڕوو، دواتر پاش شەڕی یەکەمی جیهان لە کوردستان و لە یەکێتی سۆڤیەت و لە ئەوروپا و لە لاپەڕە (72 – 92)، بێگومان ئەمەش سوودێکی باش بە خوێنەر دەگەیەنێت.

## 7-3/1 ) ڕیزکردن و ڕێکخستنی دەروازەکان:

## دەروازەی فەرهەنگی و جۆرەکانی لە فەرهەنگەکەدا:

وشەکان بە خەتێکی ڕەشی تۆخ و دیار نووسراوە، شیکردنەوە و باسکردنی وشەکەی بە خەتی کاڵ ڕوونکردۆتەوە. هەروەها لە سەرەوەی هەر لاپەڕەیەکدا وشەی ئەو لاپەڕەیەی نووسیوە.

### 1- ژمارەی دەروازەکان:

ژمارەیەکی زۆر وشە لەخۆدەگرێت لە بەرگی یەکەم کە (ء)، لە لاپەڕە (1 – 246)ە و ژمارەی وشەکانی (1975 – 1990) وشە لەخۆدەگرێت، لە بەرگی دووەم کە تەرخانکراوە بۆ پیتی (ب) لە لاپەڕە (1 – 230)ە و ژمارەی وشەکانی (1985 – 1995) وشە لەخۆدەگرێت، (بەڵام ئەو وشانەی تێدا نییە، کە بە {ب+ (ی، ێ، یی) دەست پێدەکەن). (ئەوڕحمانی حاجی مارف: 1985: 304). لە ژماردنی فەرهەنگەکەدا بۆمان دەرکەوت کە ژمارەی ئەو وشانەی بە (ب) دەست پێدەکات زیاترە لەو وشانەی کە بە پیتی (ء) دەست پێدەکات، ئەگەر سەیری فەرهەنگی شوان و کوردستان بکەین پیتی (ئـ) فەرهەنگی کوردستان (46) لاپەڕەیە و پیتی (ب)ەکەی (89) لاپەڕەیە. (گیوی موکریانی: 1999: 1- 47، 47- 136)، بەڵام فەرهەنگی شوان پیتی (ئـ)ەکەی (106) لاپەڕەیە و پتی (ب)ەکە (110) لاپەڕەیە. (شەوکەت مەلا اسماعیل

حسن: 2007: 23- 29، 130- 240)، کەواتە زەبیحی لە ڕووی ژمارەی لاپەڕەی پیتەکانیەوە ڕێژەکەی زۆرترە.

## 2- هەڵبژاردنی دەروازەکان:

دەروازەکان لەو وشانە هەڵبژاردووە کە لە زمانی کوردیدا و لەهەمان کاتیشدا هەیە. هەروەها زاراوەی پزیشك و فەلەك و گەردوون و مۆسیقا و زیندەوەر و سەرباز ...هتد تێدایە. وشەی نوێ و کۆنی تێدایە، بەڵام نووسەر لەیەکیانی جیانەکردۆتەوە.

## 8-3/1 ) دەروازەی فەرهەنگی و جۆرەکانی لە فەرهەنگەکەدا:

### أ- وشەکان:

زەبیحی لە هەر دوو بەرگەکەیدا وشەکانی لە ڕووی ناو (ناوی تێکەڵاو) و کاری (تێپەڕ و تێنەپەڕ) ئاوەڵناوەوە نووسیوە.

### ب- یەکە مۆرفۆلۆجییەکان:

لە هەر دوو بەرگی (ء- ب)دا یەکە مۆرفۆلۆجییەکان لە ڕووی پێشگر و ناوبەند و پاشگرەوە نووسراوە، بەڵام ئاماژەی بە کاری (ڕابردوو، ڕانەبردوو، داخوازی)ی نەکردووە.

### ج- دەستەواژە زاراوەییەکان:

### لێکدراو:

لە هەر دوو بەرگی فەرهەنگی (قاموسی زمانی کوردی)دا، دەستەواژەی لێکدراو بوونی هەیە و هێمای (نتـ.)ی بۆ داناوە. بۆ نموونە وەك:

ئاتەشخانە: ئاتەشگەدە.

ئاگری قودرەت: قەزاو قەدەر، بەڵای لابەلا.

ئاسەوار: نیشانەیەکی ماددی کە لە کەسێ، خێزانێ، عەشیرەتێ یا نەتەوەیێك و گیاندارانی تر دەمێنێتەوە و بەڵگەی بوونیانە.

ئێگرەم بێژرەم: سەنگێکە بۆ کێشانی شت، بەشێکە لە شازدە بەشی حۆقەیەك، بەحۆقەی سلەیمانی دەکاتە 220 گرام.

باب و باپیر: چەند پشتی مرۆڤێك.

بەرتێلانە: دیاری و کەلوپەلێکی لە ماڵی زاواوە بۆ ماڵی بوکێی ڕەوانە دەکەن.

بومەلەرزە: هەژان و لەرینەوەی توند و تیژ یا سووکی هێندێ شوێنی (گۆ)ی زەوییە.

بەفرمالْ: شتێکە وەکو بێلْ (پانتر و گەورەتر) لە چەند پارچە تەختە دروست دەکرێ، بەفری سەربان و حەوشە و ...ی پێ دەماڵنەوە.

بەنساموٚرتە: پەتێکی باریکە بە دانستە دەهۆندرێتەوە، خورجین، هەگبە و ...پێ لە پاش تەرکی زین دادەبەستن ...چەندین نموونەی تریش.

### دەستەواژە (فرێز):

زەبیحی هێمای بۆ (فرێز) نەنووسیوە، وەك: ئاوی بابەقەتار: ئاوی کانییەکە لە موکریان، خەڵك لایان وایە خواردنەوەی کۆخە و کۆخەڕەشە چاك دەکاتەوە و لە هەموو لایێکەوە بۆی دەچن و دەیهێنن. (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 74).

بەرخی نێر: پیاو بۆ ئەوەیە پێناو شتێکا خۆی بەخت دەکات. (هەمان سەرچاوە: 1979: 160).

بەشی خودا: هەرچی لەلایەن خواوە بە ئادەمیزاد بگا، وەکو ڕزق و ڕۆزی ... (هەمان سەرچاوە: 197).

### ڕســــــتە:

لە فەرهەنگەکەی زەبیحیدا، ڕستە جیانەکراوەتەوە، بەڵکو لە وشەی ناو فەرهەنگەکەدا ڕستەی هێناوەتەوە بەنموونە، بەڵام زەبیحی ئاماژەی بە ڕستەی ساز و ئامادە لە زماندا کردووە و هێماشی بۆ داناوە. وەك:

((تەبەکی پڕ ئاشتی ماڵییە)): تێری و تەسەلی بەری شەڕ و شۆڕ دەگرێ. (هەمان سەرچاوە: 35).

((لە هەموو دێزەیەکا ئەسکوێیە)): خۆی لە هەموو ئیشێك هەڵدەقورتێنێ.

زۆربێ و بۆربێ: چەندێتی مەبەستی چۆنێتی هەرچی بێ هەر باشە.

بەرماڵی لەسەر ئاو دەگەڕێ: پیاوی چاك و موسڵمانە، دەست و دڵی پاکە

### 3- ڕیزکردنی دەروازەی فەرهەنگی زەبیحی:

### 1- ڕیزکردنی دەرەکی:

دەروازەی ڕیزکردنی دەرەکی فەرهەنگەکە بەپێی ڕیزکردنی گۆکردنی وشەکان ڕیزکراوە کە ڕەچاوی ڕیزبەندی (ئەلف وبێ)ی فەرهەنگەکەی کردووە.

### 2- ڕیزکردنی ناوەکی:

ڕیزکردنی ناوەکی بەپێی (ئەلف و بێ)ی زمانی ڕیزکراوە کە بەو شێوەی خوارەوە نووسراوە:

ء [أ] ب پ ت ج

چ ح خ د ر ڕ ز.... هتد.

**دکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف بەم شێوەی خوارەوە پیتەکانی ناو قامووسەکەی ڕیزکردووە**

**ئ**

**ا ە**

**ب پ ت**

**ج چ ح خ**

**د ر ڕ ز ژ... هتد.** (ئاوڕەحمانی حاجی مارف: 2011: 57)، **کەواتە جیاوازی هەیە لە شێوەی ڕیزکردنەکەیان.**

## بەشی دووەم

## هەڵسەنگاندن و گیروگرفتەکانی فەرهەنگنووسیی کوردیی لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە.

## بەشی دووەم: هەڵسەنگاندن و گیروگرفتەکانی فەرهەنگنووسیی کوردیی لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە:

### 1-2/2 ) دیاریکردنی زانیاری فۆنۆلۆژی لە فەرهەنگی کوردیدا:

زانیاری سەرەکی لەبارەی فەرهەنگەوە، لە ڕووی تێگەیشتنی زمان و وەرگرتن و دەربڕین سوودێکی زۆر بە خوێنەر دەگەیێنێت. لەو زانیارییە سەرەکییانەش، زانیاری فۆنەتیك و فۆنۆلۆژییە، ئەرکی زانیارییە دەنگسازییەکان (فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی) یان سیستەمی نووسینی دەنگەکان (فۆنێم) و دابەشکردنی و هێز و ئاوازی (ئەلەفۆنەکان) و دەرخستی چۆنێتی گۆکردنی دەروازەکان و ڕوونکردنەوەی جیاوازی نێوان وشە و نووسین، لە فەرهەنگە نوێییەکاندا بارێکی گرنگە و زۆر پێویستە. (سنگر علی مامە: 2013: 102). سەرەتا دەتوانرێ ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە زانیاری فۆنۆلۆژی لە زۆربەی فەرهەنگە کوردییەکاندا لە ڕووی فۆنۆلۆژیەوە پشتگوێ خراون، لە فەرهەنگەکەی زەبیحیش بەهەردوو بەرگی (أ – ب)یەوە زۆر باسی فۆنۆلۆژی نەکردووە، بەڵام مامۆستا زەبیحی تەنها دوو دەنگی (ا – ب)ی نووسیوە، بۆیە دەگونجێت ئەوە هۆکارێك بێت بۆ باسنەکردنی زانیاری لەبارەی فۆنۆلۆژیەوە. فۆنۆلۆژی[5] ئەو لێکۆڵینەوەی دەنگییە لە سیستەمی زمان، لەگەڵ ئەو گشتییەی یان تایبەتمەندی خاوەن جیهانی پیشان دەدات لە لایەن ئەو سیستەمەوە. لە ناو زمانەوانی یان تیۆری ئەوە بینراوە کە یەکێك لەو دووانە وەکو ئاستی زمانەوانی ڕێکخراو جیاوازی لەگەڵ زانستی دەنگ و ڕێزمان هەیە. (David crystal: 1992: 300).

فۆنۆلۆژی: زانستێکە دەربارەی پێکهاتنی دەنگی زمان و لە دروستبوون و ئەرکی بچووکترین دانەی بێ واتای زمان (فۆنێم ، بڕگە) دەکۆڵێتەوە. (شهاب شێخ طیب: 2014: 56)، بێگومان فۆنۆلۆژی ئەو بەشەی زانستی زمانە کە لەو یاسایانە دەکۆڵێتەوە کە بەهۆیانەوە دەنگەکانی زمانێکی تایبەتی لەیەك دەدرێن بۆ دروستکردنی بڕگە. یەك نرخ دەدات بە کۆمەڵە دەنگێکی جیاواز، کە هەمان کۆمەڵە دەنگ لەوانەیە لە زمانێکی تردا دەرکەون و تیایدا کۆمەڵە نرخێك پیشان بدەن. واتا فۆنەتیك شتێکی گشتییە و فۆنۆلۆژی تایبەتییە. (وریا عومەر ئەمین: 1982: 441). فۆنۆلۆژی ئەو یاسایانەی تایبەتە بەدەنگەکانی زمانێکی دیاریکراو، لەبەرئەوەی فۆنۆلۆژی تایبەتییە و فۆنەتیك لایەنێکی گشتییە. کەواتە فۆنۆلۆژی زانستێکە دەربارەی پێکهاتنی دەنگی زمان و لە دروستبوون و ئەرکی بچووکترین دانەی بێ واتای زمان (فۆنێم، بڕگە) دەکۆڵێتەوە. هەروەها بەو وشەیەی زانستی زمان دەگوترێت، کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی دەنگەکانی زمانێکی دیاری کراو دەدات، بە مەبەستی خستنەڕووی ئەرکی ئەو دەنگانە لەناو سیستەمی

---

5- (فۆنۆلۆژی) لەزمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە و لە (phone_ دەنگ) و (Log_ زانست) پێکهاتووە و بەشێکە لە زمانناسی. (بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 2014: 222).

پەیوەندیکردندا، واتە فۆنۆلۆژی ئەرکی ئەو دەنگە زمانیانە دەخاتەڕوو، کە ڕۆڵیان لە جیاکردنەوەی وشەیەك لە وشەکانی تر هەیە. گرنگترین ئەو بابەتانەی کە فۆنۆلۆژی گرنگیان پێدەدات، بریتین لە :

1- دەستنیشانکردنی فۆنێمەکانی زمانێکی دیاریکراو .

2- دەستنیشانکردن و خستنەڕووی ئەو شێوە و قالبە بڕگەییانەی کە لەئەنجامی چوونەپاڵ یەکتری فۆنێمەکانی ئەو زمانە بەرچاودەکەون (دروست دەبن).

3- خستنە ڕووی شوێن و شێوەی هێز و ئاوازە لە ناو بڕگە و وشە و ڕستەکانی ئەو زمانەدا. بێگومان ئەو بابەتانە لە فەرهەنگدا ڕەنگی داوەتەوە. (عبدالواحید موشیر دزەیی: 2013: 113).

فۆنۆلۆژی هەر زمانێك دەستەیەك یاسای تایبەتی بەخۆیەوە هەیە، فۆنیمەکانی [لە دەنگەکانییەوە] دەستنیشان دەکات و لە ناو قالبی بڕگەی فۆنەتیکیدا ئەم فۆنێمانە لێکدەدات و بڕگەی فۆنۆلۆژی پێکدەهێنێت، لە ئەنجامی لێکدانی فۆنێمەکان. دەنگ هەیە دەگۆڕێت. هەیە دەتوێتەوە. هی تازە پەیدا دەبێت...هتد. (وریا عومەر ئەمین: 2004: 53). بۆ نموونە: (بارە) لە بنەڕەتدا (بوارە) بێت و دەنگی (و) کەوتبێ. (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 81). هەروەها لە وشەی (بۆراو) بەلای زەبیحیەوە (بۆدراو) بووبێت و دەنگی (د)ەکەی لە شێوەزاری سلێمانییدا دەبینرێت، کلۆر بووبێت بە جارێك فڕێ دراوە، بێگومان نموونەی تریش هەیە. وشەی بەرامبەر کە دەنگی (ن) لە پاشگری (ئان)دا بەجیرانەتی دەنگی (ب) لە وشەی (بەر)دا دەگۆڕێت و دەبێتە (م) بەرانبەر_ بەرامبەر. (هەمان سەرچاوە: 1979: 151- 152). کەواتە فۆنۆلۆژی گرنگی بەو ڕێگایانە دەدات کە بەهۆیانەوە دەنگەکان لە زماندا بەکاردەهێنرێت. (کامیل محەمەد قەرەداخی: 2007: 11).

## 2-2/2 ) پەرەسەندنی زانیاری دەنگسازی لە فەرهەنگدا :

زۆربەی کات ئەو زانیارییە فۆنۆلۆژیانەی (یان دەنگسازی) کە فەرهەنگەکان پێشکەشیان دەکەن. بریتییە لە دیاریکردنی ڕێگەی گۆکردنی دەروازەکان. لە سەرەتادا گۆکردن یەکێك نەبووە لە ئەرکەکانی فەرهەنگی ئینگلیزی. یەکەم کەس کە ئاگاداری ئەو لایەنە بوو فەرهەنگسازی ئینگلیزی (بەیلی Bailey_) بوو، کە شوێنی ئاوازی یان هێزی لە فەرهەنگەکەیدا بەکارهێنا لەو فەرهەنگەی کە بە ناوی ( Dictionarium Britannicum ) سەر وشەی دەروازەکە، فەرهەنگسازی ئینگلیزی بە ناوبانگ (سامۆیل جۆنسۆن) ئەو شێوازەی وەرگرت و خستیە ناو فەرهەنگەکەی بەناوی ( Dictionary of the English Language) کە لە ساڵی (1755ز) دەرچووە. تاکە کلیلی دەنگ لەم فەرهەنگەدا، ئەو ئاوازە یان هێزە سەرەکیەیە کە تۆمارکرا بە ((دانانی هێمایەکی گۆکردن لەسەر بڕگەی مەبەست)). لە ساڵی (1773ز) (کنرك _Kenrick) لە فەرهەنگەکەیدا بە ناونیشانی (فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی نوێ ). کە دەستی کرد بە دانانی هێمای تایبەت و ژمارە، ئاماژە بەو وشانە دەکات کە لە کلیلی گۆکردندا ناوی

هـاتووه و دەنگـە نەرمـەکان لـەخۆدەگرێت. (بڕوانـە: علـی القـاسمی :2004: 56_57). داڕشـتن و نواندنـە فۆنێمەکانی (phonemic representation) مۆرفێمەکان لە فەرهـەنگی ڕێزمانـدا هـەن و لەبەردەسـتدان. پاش جێبەجێبوونی یاساکانی دروستەی وەچە پێکهاتـە (constituent strucure rules) تۆمارکردنی فەرهـەنگیی وشـە دەروازەی زانیـاری (Iexicai entries) دەهێنرێنـە نـاو دروسـتەی ڕسـتەکەوە. دوای ئـــەوەی گشـــت ڕێکخســـتن و یەکگرتنـــەکان تـــەواوبوون، دروســـتەی ڕووکـــەش surfacestrcture بەرهەمدەهێنرێت، بەڵام درووستەی ڕووکەشی ڕستەیەك گشت زانیارییە پێویستەکانی بۆ پەسـەندکردنی فۆڕمی فۆنـەتیکیی ڕاست و دروستی ڕستەکەی تێدانییـە. ئەگـەر یاسا کـەم _ بەهاکان ( redundance rules)، وەك گوترا، لـە فەرهەنگدا جێبـەجێبوون، ئـەوا یاسا فۆنۆلۆژییـەکان هێشتا هـەر دەتـوانن بەسـەر دروســتەی ڕووکەشـدا جێبـەجێبن، بـۆ ئـەوەی فـۆڕمی فۆنـەتیکیی ڕاسـت و دروسـتی وشـەکان بەرهـەم بهێنرێن، چونکە هەندێك مۆرفێم بە چەند جۆرێك دەردەبڕێن و دێنە گۆکردن، ئەم چەند جۆرانـەی دەربـڕین و هاتنە گۆکردنەکانی ئەو فۆنێمانـە وابەسـتەی ئـەو کەرەسـتە پێکهێنەرانـەن، کە لەگەڵیانـدا دەخرێنـە تـەك یەك. (محەمەدی مەحویی: 2009: 14). بـەو شێوەیە فەرهەنگسـازەکان هێمـای تایبـەتیان دادەنـا، وەك خـاڵ و کەوانە و ژمارە کە لەسەر پیتی وشەی دەروازەکە و ژێری دایان دەنـا، بـۆ ئـەوەی دەری بخـەن کە کـام پیـت بزوێنەو کام پیت نەبزوێنە، یان کام پیت بزوێن درێـژە یـان کورتـە بـەو شێوەیە، بـەڵام ئـەو ڕێگـەیـە ئـەوەی سەلماند، کە بەس نـەبوو لـە فەرهـەنگ بـەهۆی زۆریتـی ژمـارەی هێمـا تایبەتیـە بەکارهاتووەکان و لەهـەمان کاتیشدا ئـەو هێمایانـە بووە بـارێکی قـورس بـۆ نووسـەر و پیت هەڵەچن و خوێنـەر و چاپکەر. ( : P.xii: 1963:Funkand Wagnalls). زەبیحی کـە هـەموو دەنگـەکانی زمـانی کـوردی تـەواو نـەکردووە، لەبەرئـەوەی جیاکردنـەوەی دەنگـە بزوێنـەکان و نەبزوێنـەکان مامۆسـتا تـەنها دەنگـە بزوێنـی (ە) و (ب) دەسـت نیشـان کردووە و هێمای تایبەتی بۆ دەنگە بزوێنەکان بەکارهێناوە. هێمای بۆ هـەموو بەشـەکانی لایـەنی ڕێزمـانی داناوە. ئاوازە بریتییـە لـە بەرزکردنـەوە و نزمکردنـەوەی پلـەی دەنـگ لـە سـەرەتا یـان پـێش کۆتـایی یـان کۆتایی، بێگومان ئاوازە دوو جۆری هەیە ئاوازەی وشە و ئاوازەی ڕستە بۆ نموونە:

**گۆکردن:** زەبیحی لە بارەی گۆکردنی (بەشکە، بەشکم، بەشکوو) لێکدانەوەی ئـەوەی هەیـە کـە ئـەم وشـانە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە ڕابردوودا (بە، شکم= بەشکی مـن) گـوتراوە و لـە قورسـایی گـۆکردن خراوەتـە سەردەنگی (ش)، بەڵام ئێستا ئەم قورساییە هاتۆتە سەرکەرتی دوایی وشـەکە. (عبدالرحمن زەبیحی: 1979: 199). لە وشەی (ئاڕاییش)دا لە دوای (ش)ەکەیەوە (ت)یەك هەیە، بەڵام لەبەر قورسی یان فڕێ دەدرێ یان بە حاڵ دەردەکـەوێت. (هـەمان سەرچاوە: 1977: 20). لـە نـاوی دەنگـی (ئـای)دا (ئا)یەکـە درێـژ دەکرێتـەوە و پاش (ی)کەش نیمچە دەنگێکی (شھ) بەر گوێ دەکەوێ. بۆ نموونە: ئای! بابەڕۆ لەو کۆستە گرانە.

(بلأمك) له نێوان دەنگی (م) و(ك)دا بزوێنی کوردی هەیە و دەبێ (بلأم،ك) گۆ بكرێت. هەڵی سەنگێنین دەمامك. (هەمان سەرچاوە: 96).

(بنك) لەنێوان (ن) و (ك)دا بزوێنی کوردی هەیە. (هەمان سەرچاوە: 104).

لە وشەی (بەدمەست)دا دەنگی (س) لەم وشەیەدا تۆزێ تیژە و لە (ص)ی عەرەبی نزیك دەبێتەوە. (هەمان سەرچاوە: 147).

لە لایەنەکانی گۆکردن کە دەکرێت ڕوون بکرێتەوە، کاتی حنجەکردنی وشەکەیە. لەو فەرهەنگەی (ویبستەر)، ناوبڕێکی بەرزی وەك (،) بەکاردێت، پێش ئەو بڕگەیەی کە هێزە قورسەکەی لەسەرە، ناوبڕێکی نزمی وەك ( , ) بەکاردێت، پێش ئەو بڕگەیەی کە هێزە سووکەکەی دەکەوێتە سەر، بۆ نموونە:

import / import/ (v.) -1

import / im,port/ (n.) -2

لە ئامرازی (ئەدی)دا ئەگەر دەنگی (د)ە کە بگیرێت (تەشدیدبکرێ) و دەنگی (ی)ش تۆزێ زیاد لە پێویست درێژبکرێتەوە، مانای ئامرازەکە دەگۆڕێت و دەبێتە نیشانەی گاڵتە پێکردن. (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 128). دەربارەی گۆکردنی وشەکان و نووسینیان لە زمانی کوردیدا زۆر کێشەی نییە، لەبەرئەوەی ئەم زانیارییە لە فەرهەنگە کوردییەکاندا شێوەی نووسین و گۆکردن لەیەکتری بە تەواوی نەترازاون. (محەمەد معروف فتاح: 2001: 1970). هەرچەندە لە هەندێ وشەدا هەست بەو جیاوازییە دەکرێت کەوا دەردەکەوێت دوو گۆکردن هەبێت وەك وشەی (دەست) کە هەندێ جار بە (دەست) و هەندێ جاری تر بە (دەس) یان (دەز) گۆ دەکرێت...هتد.

**هێز:** هێزیش ئەو تەوژمە زیادەییە دەکەوێتە سەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی وشە. هێز بەشێکە لە پێناسەی بڕگە و لە کاتی گۆکردندا بڕگە پێویستی بە هێزێکی زیاترە و کاتێك دەچێتە سەر هەر ڤاوڵێك و گۆڕانکاری بەسەر دەنگەکەدا دێنێت و دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا. سێ پلەی هێزمان هەیە هێزی توند و ناوەند و لاواز.

زەبیحی لە بارەی گۆکردنی (بەشکە، بەشکم، بەشکوو) لێکدانەوەی ئەوەی هەیە کە ئەم وشانە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە ڕابردوودا (بە، شکم= بەشکی من) گوتراوە و لە قورسایی گۆکردن خراوەتە سەردەنگی (ش)، بەڵام ئێستا ئەم قورساییە هاتۆتە سەرکەرتی دوایی وشەکە. (عبدالرحمن زەبیحی: 1979: 199).

لە وشەی (بەڵام) زەبیحی ئەرکەکانی بۆ شەش حاڵەتی جیاواز خستۆتە ڕوو. (هەمان سەرچاوە: 212)، بەڵام باسی هێزی نەکردووە، چونکە (هێز) بکرێتە سەر بڕگەکانی ئەم وشەیە واتاکانی دەگۆڕێت. هێز لەسەر

(بە) بێت وشەی بەلاّمێکی سادە دەگەیەنێت، ئەگەر هێز لەسەر دوا بڕگە بێت ئەوا بەمانای ئەوە دێت من بەلاّم. نموونە:

من بەلاّم لەم ژیانە دروست بوومە. هەروەها وشەی (برایەتی)یش بەهەمان شێوە هێز واتاکەی دەگۆڕێت، بەلاّم زەبیحی ئاماژەی پێنەکردووە.

هێز لە زمانی کوردیدا هەروەکو چۆن فۆنێمێك دەگۆڕێت بۆ یەکێکی تر، هەروەها ماناکەشی دەگۆڕێت. هێز تەنها لە زمانی کوردیدا کاریگەر نییە، بەڵکو لە زمانی هیندو– ئەورپیەکانیشدا کاریگەری هەیە. هێز نە دەنگ ون دەکات وە نە دەیقرتێنێت، بەڵکو دەنگی فۆنێمی دەگۆڕێت بۆ دەنگێکی تری ئەو فۆنێمە، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕینی مانای ئەو وشەیە یان ئەو فرێزییە. (محمد أمین هەورامی: 1974: 47). کەچی زەبیحی هێزی بۆ وشەکان دیاری نەکردووە.

**بڕگە:** ئەو هەوایەی لەکاتی ئاخاوتندا لە بۆشایی دەمەوە دێتەدەرێ، بەیەك جارێ دەرناچێ، بەڵکو بە چەند تەکانێك دەرباز دەبێت. هەوای تەلەفوزکردنی هەر وشەیێك بە چەند تەکان لە دەمەوە دێتەدەرێ، ئەوە ئەو وشەیە بەسەر ئەوەندە بەش، یاخود بڕگەدا دابەش دەبێ. بڕگە بریتییە لە بچووکترین دانەی سروشتی تەلەفوزکراوی دەنگەکانی ئاخاوتن. ئاخێوەر کە وشەیێك تەلەفوز دەکا بەسەر تاکەکەی دەنگەکانی ئاخاوتندا دەبەشی ناکات، بەڵکو بەسەر بڕگەدا دابەشی دەکات. بڕگە یەکێتی وتن و بیستن دەگرێتەخۆ. (ئەورەحمانی حاجی مارف: 2014: 57). زەبیحی لە هەردوو بەرگەکەیدا باسی بڕگەی نەکردووە، واتە هیچ وشەیەکی ناو فەرهەنگەکەی بڕگەبڕگە نەکردووە و هێماشی بۆ دانەناوە. ئەمەش کەلێنێکی زۆری بۆ زانیاری لەسەر وشە و بڕگەکردن داناوە.

**یاسا دەنگییەکان:** لە ئاوەڵناوی (بەدفەڕ)دا دەنگی (د) لەم وشەیەدا بە دراوسێی دەنگی (ف) دەگۆڕێت و بەتەواوی وەکو دەنگی (ت) لە دەم دەردەچێت، لەوشەی (بەدفەڕی و بەدفەساڵ)یشدا هەروایە. (عبدالرحمن زەبیحی: 1979: 145). لە وشەی (بورجوازی) ئەم وشەیە لە زمانی ئینگلیزیدا و بە ڕێگای زمانی عەرەبیدا هاتۆتە ناو زمانی کوردی، لە زمانی کوردستانی عێراق و لەگەڵ بۆرژوا و بورژوازی یەکن و جیاوازیان لە دەنگی (ژ ــ ج) دایە کە بەرانبەرەکەیان بەخەتی لاتینی (G)یە و فەرەنسی بە (ڗ) و ئینگلیزی بە (ج)ی دەخوێننەوە. (هەمان سەرچاوە: 115).

هەروەها گۆڕانی پیتێك لە چەند وشەیەکدا کە لە زمانی کوردی بوونی هەیە و هەمان مانایان دەبێت کە زۆربەیان هاوواتان وەك: ئەسپەناخ ـــ ئەسپەناغ. ل 140.

باخەوان ـــ باغەوان. ل15.

ئاسمان ـــ عاسمان. ل 29.

### 3-2/2) پێویستبوونی زانیاری فۆنێمی و دەنگی لە فەرهەنگدا:

زۆری گرنگیی زمانی گۆکراو وای کرد، کە زانیاری فۆنۆلۆژی زۆر پێویست بێت لە فەرهەنگدا، بە تایبەتی ئەوەی تایبەتە بە ڕێگاکانی گۆکردن لە فەرهەنگەکاندا. لەبەرئەوەی گۆکردن لە ڕووی گرنگی و بایەخەوە پاش واتا و حینجەکردن[6] (تهجئە) دێت، بۆیە ئەگەر بێت و گۆکردن بەو پلەیە بێت بۆ خاوەن زمانەکە، گومانی تێدانییە بایەخێکی گەلێ زۆرتری هەیە بۆ کەسێکی بێگانە، کە بیەوێت زمانەکە فێربێت. چونکە کاتێك فەرهەنگ دەبینێت (فەرهەنگی دووزمانی بەتایبەت) پێویستی بە ناسینی وشەی گونجاو دەبێت و هەروەها چۆنیەتی گۆکردن، چونکە دەیەوێت واتای ئەو وشەیە بزانێت و چۆن گۆ دەکرێت. (بڕوانە: علی القاسمی:2004: 58). ئەمەش خۆی لەخۆیدا زۆر گرنگە، چونکە گۆکردنی وشەکان و ناسینەوەی زۆر گرنگن، لەوەشەوە مامۆستا(هێل) لە وتارێکیدا بەناونیشانی (پۆلێنکردنی سیستەمی نووسین) دوو ڕاستی زۆر گرنگی ڕوون کردەوە:

1- زۆربەی سیستەمە نووسراوەکانی جیهان بە پێی بنەمای فۆنێمە کەرتییەکان (واتە دەنگە وەستاو و نەرمەکان) تۆمارکراوە. کەچی فۆنێمە ناکەرتیەکان فەرامۆش دەکەن، وەك (هێز، پلەی ئاوان) دابڕین. لەئەنجامی ئەوە ئەو سیستەمە نووسراوەییە کەلێنی تێکەوتووە، لەبەرئەوەی زۆربەی فەرهەنگە کوردییەکان بایەخێکی زۆریان بەو لایەنە نەداوە، کەچی لە فەرهەنگەکەی زەبیحی کراوە.

2- سیستەمی نووسین وای لێهاتووە بەرامبەریکردنی فۆنێمی[7] بە ڕێگایەکی دەستووری لە زماندا تۆماربکرێت. سەرەڕای ئەوەی سیستەمی نووسینی بەکارهاتوو لە ئێستادا دەنگییە (واتا ئەوەی هەر پیتێك گوزارشت لە دەنگێك دەکات) کە ئەمەش بۆ زمانی کوردی زۆر لە بارترە وەك لە زمانی ئینگلیزی، چونکە هاوتا و گونجاوی تەواو لە نێوان دەنگەکان و وێنەکانیان نییە، بۆ نموونە دەنگی |sh| لە زمانی ئینگلیزیدا (14) وێنەی لە نموونەی جیاوازدا هەیە[8]، ئەمەش هۆیەکە ئەو بەو زمانە مێژوویەکی درێژی هەیە لە نووسیندا. لەبەر ئەوە دەبینین کە زمانی کوردی چەند دەنگ یان فۆنێمی هەبێت تا ڕادەیەك ئەوەندە وێنەی گۆکراوی دەبێت. (هەمان سەرچاوە: 59)

---

6- بێجگە لەو سێ زانیاریانە، پێویستە فەرهەنگ زانیاری لە بارەی (هاوواتا و تێبینی لە بارەی بەکارهێنان و زانیاری مێژووی داڕێژراوی (ئیتیمۆلۆژی) بدات.

7- بەرامبەری فۆنێمی، ئەو دەنگانەن کە دەبنە هۆی جیاوازی لە واتای وشە لەیەکچووەکاندا وەك: جووتۆکەی (د و م) لە هەر دوو وشەی (دار) و (مار).

8- بۆ ئەو چواردە وێنە جیاوازەی فۆنێمی |sh|. (بڕوانە: علی القاسمی: 2004: 59).

**لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە زمانەوانی (بەتایبەتی فۆنیمستەکان) هەنگاوێکی گرنگیان نا بۆ پتەوکردن و دیاریکردنی جۆری پێوەندی نێوان زمان و ڕێنووس بەوەی هەوڵی دانانی ڕێنووسێکی ئاسان و ڕەوانیاندا، بۆ ئەو زمانانەی بەرەو نەمان دەچوون. هەرچەندە فۆنیمستەکان دەورێکی بچووکیان بە نووسین دا، بەم هەنگاوەیان خزمەتێکی گەورەی ڕێنووسیان کرد و بنەما و تایبەتیەکانی نووسینی فۆنێمیان تەواو چەسپاند. بە دوای ئەم هەنگاوەدا هەندێك لە میللەتانی تریش کە تا ئەوکاتە گیروگرفتی ڕێنووسیان زۆر بوو، بە ڕێنووسەکەیاندا چوونەوە و خستیانە سەر ڕێبازی فۆنێمی.** (محمد معروف فتاح: 1982: 229-230). **جگە لە گۆکردن، فەرهەنگ دەبێ هیچ نەبێ شوێنی هێزی سەرەکی وشەکان بدات، ئەگەر شوێنی هێزی ناسەرەکی و بڕگەی بێ هێزیش پشت گوێ بخا، چونکە هێز کارێکی تەواو دەکاتە سەر خوێندنەوە و گۆکردنی وشە. بۆ نموونە دەبێت خوێندەوار یان فێرخواز ئەو زانیاریانەی هەبێت کە**

**أ_ چوارتا1= چواربار**

**ب_ چوارتا1= ناوی شوێنە**

**دەبێ بزانین کە ئەمانە نموونەی تاك و تەرانین لە زمانەکەدا، گرنگی هێز لە زمانێکی وەك کوردیدا جێگەی گومان نییە وەك چەندین لێکۆڵینەوە دەریدەخات، بەڵام پشتگوێخستنی لە فەرهەنگی کوردیدا جێگەی ڕامان و سەرنجە.** (محەمەد مەعروف فەتاح:2001: 170-171).

**دەنگەکانی زمان کە لە سنوری فۆنۆلۆجیدا بە فۆنێم ناو دەبرێت، پێویستە لەسەر بنەمای گۆڕینی واتای وشەکان جیابکرێنەوە، هەروەها باشترین پەیڕەو بۆ دەستنیشانکردنی فۆنێمەکانی هەر زمانێك ئەوەیە کە فۆنێم بە نیشانەیەکی جیاکەرەوە دادەنێت لە سنوری زمانێکی دیاریکراودا. زانینی دەنگەکانی زمان و لەیەکدانیان بۆ دروستکردنی بڕگە بەشێکی زانیاریی قسەکەرە دەربارەی زمانی خۆی . گرنگترین لایەن لە زانینی زمانێك زانینی ئەو سیستەمە تایبەتییە کە دەنگ و مانا لەیەك ئەبەستێت. ئەگەر زمانێکی بێگانە ببیستی هیچی لێ تێ ناگەیت و نازانیت وشەکانی لە کوێوە دەست پێ دەکەن و لە کوێ تەواو دەبن، چونکە ئەو سیستەمە تایبەتییە نازانیت کە دەنگەکانی ئەم زمانە لە ماناکانییەوە دەبەستێت. واتە لە هەر زمانێکدا ڕیزە دەنگێکی تایبەتی مانایەکی تایبەتی دەبەخشێت، واتە بۆ سەلماندنی فۆنێمەکانی زمانی کوردی پێویستە لە فەرهەنگی وشەکانی زمانەکەدا تاقیبکرێنەوە، بەتایبەتی ئەو وشانەی کە هەموو دەنگەکانیان وەك یەکن تەنیا لە تاکە دەنگێکدا نەبێت جیاوازن. ئەم جیاوازیەش لەم تاکە دەنگەدا مانای جیا بە وشەکان بەخشی- جوتۆکە-ن** (minimal pairs) **بە بەراوردکردنی ئەم جوتۆکانە فۆنێمەکانی زمان دەستنشان دەکرێن.** (وریا عومەر ئەمین: 1982: 435، تالیب حوسێن عەلی: 2015: 78).

**ئاشکرایە کە نووسینی ئەمڕۆمان یەکسەر بەم جۆرە دەستی پێ نەکردووە، بەڵکو لە سەرەتای دەستکردن بە نووسین بە (ئەلف و بێ)ی عەرەبی تا ئەمڕۆ لەسەر دەستی شارەزایان و دڵسۆزان قۆناغێکی**

باشی بڕیوە، تا لە شێوەی ئەمڕۆیدا چەسپی، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لەسەر عەرزێکی لەرزۆك دەخولێتەوە و جیاوازی و گومان و هەڵە هەر جێی خۆی خۆش کردووە لە نووسینماندا، سەرەڕای نووسینی هەمەچەشنە، بەبێ هیچ هۆیەك تەنیا ڕاهاتن نەبێت لەسەر هەڵە و بڕوانەکردن بە زانست و ڕێزمان. (نسرین فەخری: 1982: 421).

بێگومان دەیان و سەدان، وشەی وەها لە کوردیدا هەن، کە گۆڕانی دەنگی بەسەریاندا دێت و شێوەی نووسین وخوێندنەوەیان جیا دەبێتەوە .فەرهەنگی کوردی بە پیشاندانی شێوەکانی گۆکردن نەك هەر خزمەتی نەوەکانی ئەمڕۆدەکات، بەڵکو دەبێتە بەڵگەی گرنگ بۆ دواڕۆژ، چونکە دەتوانێ گۆڕانەکانی دواتر تۆماربکات. هەندێك کەس وای بۆ دەچن کە ئەم جۆرە گۆڕانانە کاری زمانەوانییە و خوێنەر دەتوانێت لە کتێبێکی فۆنۆلۆجیدا بیدۆزێتەوە، بەڵام دەبێت بزانین کە کاری فۆنۆلۆجی ورد لە تێگەیشتنی کەسێکی ئاسایی بێ زانیاری پێشتردا نییە، بەڵام هەر کەسێك بەدوای ئەم لایەنە زمانیانەدا بگەڕێ یەکەم جار فەرهەنگی دێتە بەرچاو. (محەمەد مەعرووف فەتاح: 2001: 171). واتە لە فۆنەتیکدا چۆنیەتی دروستبوون و جیاوازی دەنگەکانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە لە هەموو زمانێکدا هەیە، بەڵام فۆنۆلۆجی تایبەتە بەو زمانە، چونکە هەر زمانە و یاسای تایبەت بە خۆی هەیە لە زمانی کوردییدا هەر پیتێك نرخی خۆی هەیە، بەڵام لە زۆربەی زمانانی تردا دەشێت بەو شێوەیە نەبێت. بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا نرخی پیتی (ش) هەر (ش) نییە، لەبەر ئەوەی لەو زمانەدا بەچەند شێوەیەکی جیاواز دەردەکەوێت، بەڵام لە زمانی کوردییدا هەربە (ش) دەخوێندرێتەوە چ لە سەرەتاوە بێت یاخود لەکۆتاییدا بێت.

## 4-2/2 ) بنەماکانی بەکارهێنانی جینجەکردنی دەنگەکان:

بێگومان لە زمانی کوردیدا گیروگرفتی نووسینی دەنگەکانمان هەیە، گیروگرفتی نووسینی دەنگەکان دابەشکراوەتە چوار بەش :

1- ئەوانەی نیشانەدارن (بزوێن و نەبزوێن).

2- ئەوانەی پیتیان بۆ دانەندراوە.

3- پلەی دەنگە بزوێنەکان.

4- دیفتۆنگەکان (وێ ، نگ). لێرەدا تەواو نەبووە، چونکە پێویستە هەر چوار خاڵەکە لە سەر دوو بەرگەکەی زەبیحی ڕوون بکەینەوە هەر چوار خاڵەکەش پراکتیك نابێت، لەبەرئەوەی فەرهەنگەکەی زەبیحی (أ – ب) پیتەکانی تری تەواو نەبووە .(مەسعود محەمەد:1982: 270). زمانەوانان لەسەر دوو بنەما ڕێککەوتوون، کە دەبێت لە وتنی دەنگەکاندا جیبەجێبکرێت، کە بۆ دیاریکردنی ڕێگەی گۆکردنی بەکاردێت، ئەویش ئەمەیە:

1- دەبێت هەر دەنگێكی تایبەت بەهێمایەكی تایبەتی (یان پیت یان وێنە) بنوێنرێت.

2- نابێت هیچ دەنگێكی بە زیاتر لەڕێگایەك بنوێنرێت. بە دەستەواژەیەكی تر، دەبێت لە وتنی دەنگی ڕەمزی سادەیی و وردێتی هەبێت، هەروەها ڕەگەزی كاملبوون (تەواوكاری) كە دەبێت لە هەر سیستەمێكدا هەبێت. (علی القاسمی: 2004: 60). ئەلف و بێی هەر زمانێك بریتیە لەچەند وێنەیەكی دیاریكراوی تایبەتی و هەر یەكێك لەم وێنانە پێی دەوترێت (پیت) (حرف) (letter). ئەمە بەهیچ شێوەیەك نواندنی دەنگ ناكەن، بەڵكو تەنیا بۆ كاری نووسینەوە و حینجەكردنی نووسینەوە و فێركردنی نووسینەوە بەكاردەهێنرێت (spelling)، چونكە لە ڕێنووسدا هەر پیتێك لەم پیتانە بەشێوەیەكی جیاواز ناودەبرێت، بۆنموونە ئەلف=أ و (تێ) ناوی پیتی (ت) و حێ ناوی (ح)یە. بەم جۆرە لە ڕێنووسدا پیتەكان بەم شێوەی خوارەوە ناو دەبرێت:

| پیت | ناوی دەنگی |
|---|---|
| أ | ئەلف |
| ت | تێ |
| ح | حێ...هتد. (غازی فاتح ویس: 1984: 39). |

شیكردنەوەی دەنگەكانی زمان بەمەبەستی جیاكردنەوەیان لەسەر ئاستی جۆری (چۆنیەتی) دركاندنیان دەكرێن بە دوو بەشی سەرەكییەوە: (دەنگە بزوێن و دەنگە نەبزوێنەكان). سەبارەت بە ژمارەی فۆنێمەكانی زمانی كوردی ڕێككەوتنێكی ئەوتۆ نییە لە نێوان زمانەوانەكان، بۆ نموونە: هەیانە ژمارەی فۆنێمەكانی زمانی كوردی بە(36) فۆنێم دادەنێت هەشیانە ژمارەی فۆنێمەكانی زمانی كوردی بە (37) فۆنیم دادەنێت. هەندێك تر ژمارەی فۆنێمەكانی زمانی كوردی دەگەیەنێتە (40) فۆنێم هەر ئەمەش وایكردووە كەبڵێین زمانەوانەكانی كوردی لەسەر دیاریكردنی ژمارەی فۆنێمەكانی زمانی كوردی ڕێككەوتوو نین. فۆنێمەكانی زمانی كوردی بریتی دەبێت لە:

أ- نەبزوێن: (ب-پ-ت-د-ك-گ-ج-چ-ق-ڤ-س-ز-ش-ژ-ح-خ-ھ-م-ن-ل-ڵ-ر-ڕ-و-ی)

ب- بزوێن: (ا-ە-و-وو-ۆ-ی-ێ-i). واتە ژمارەی فۆنێمەكانی زمانی كوردی (34) فۆنێمە. (عەبدوالواحیدموشیر دزەیی: 2013: 117-118)، بێگومان هەموو دەنگێك خانەیێكی هەیە كە گۆكردنی دەستەبەر دەكا و لە دەنگەكانی دیكە هەڵی داوێرێ و دەنگە بزوێنەكان بێ ئەوەی دەنگێكیان لە پێشەوە بێ گۆ ناكرێن و زانایانی زمانیش سوورن لەسەر ئەوەی كە دەنگە بزوێنەكان خۆشیان هەر (دەنگ)ن، دەبێت (خان)یان هەبێت، بەلاّم ئەم (خان)انە لە دەروونی دەزگای دەنگسازیدا (ئەوك_ دوایی دوولێو) نین و دەكەونە دەرەوەی ئەم دەزگایە، بۆیە دەڵێین خانی دەنگی دەنگە بزوێنەكان _خان)ێكی (سەلبی)یە لە حاڵێكدا كە دەنگەكانی هەموو زمانەكان (خان)ی (موجیب)یان هەیە كە دەكەوێتە دەروونی دەزگای

**دەنگسازیی.** (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 65). **لە زمانی کوردیدا هەشت دەنگی بزوێن (ا ، ە ، ێ ، ی ، ۆ ، وو ، و) (a , e , e , I , i , o , u , u) هەیە. بزوێن بەو دەنگانە دەوترێت، کە لە دەربڕینیاندا هەوا بێ تەگەرە و بە ڕەوانیی بە بۆشاییی دەمدا تێدەپەڕێت.** (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1976: 25). **مامۆستا زەبیحی بەم شێوەیەی خوارەوە دەنگەکانی نووسیوە:(ء، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ڕ، ر، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ك، گ، ل، ڵ، م، ن، و، ه، ی). لەبەرخاتری شێوەزاری هەرە گەورەی زمانی کوردی (لەهجەی باکوری) دەبێت دوو دەنگی (ط) و (ظ)ش بێنینە ناو حیسابەکەمانەوە، وەکو دەزانین زۆرێك لە وشەی لەهجەی ناوەندییدا بە(ڤ) دەست پێدەکرێن. بۆیە دەبێت ئەو دوو دەنگە قبووڵ بکەین، چونکە هیچی لە دەنگی (ڤ) کەمتر نیە ئەگەر زیاتر نەبێت. هەروەها دەنگی (ص) لە شێوەزاری باکوریدا زۆرە و لە شێوەزاری ناوەندیشدا هەیە، کە ئەو دەنگانەش هاتە ناو زمانی کوردی بێگومان ژمارەیان دەبێتە (32) دەنگ.** (هەمان سەرچاوە: 63). **ڕێکخستنی دەنگەکانی زمانی کوردی لە قامووسەکەیدا بەم شێوەی خوارەوە داڕشتووە:**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ء | [أ] | ب | پ | ت | ج |
| چ | ح | خ | د | ر | ڕ ز |
| ژ | س | ش | (ص) | ع | غ |
| ف | ڤ | ق | ك | گ | ل |
| ڵ | م | ن | و | [و= بۆر ] | [ۆ] |
| [وو] | ه | | [ە ، ـە= سەر] | | ی |
| [ی = ژێر] | | [ێ] | | [یی]. | |

**(دەنگ) بەردی بناغەی هەموو زمانێکە و ئەو دەنگانەی ئیمڕۆ لە زمانی کوردیدا هەن (ڕەسەن و ناڕەسەن) بەروبووی گەشەی سەدان ساڵە کە پێداویستیی زمانەکەمان سەپاندوویەتی و لە قاندنی بەردی بناغەی دیوار یا خانوو باش نییە.** (هەمان سەرچاوە: 60). **(ء) دەنگێکە لە دەنگەکانی زمانی کوردی لە گەرودا دێتەدەر و لە ئەلفوبێیەکەی ئیسلامدا، کە ئێستا زمانی کوردی پێ دەنووسرێت، ناوی (هەمزە) یە. زۆر**

کەس ئەم دەنگە هەر بە (ئەلف) دەزانن لە حاڵێکا کە (ئەلف) بە بزوێن حیسابە و بە تەنیایی گۆ ناکرێت. سەبارەت بەدەنگی (ب) مامۆستا ڕوونی کردۆتەوە (ب) یەکێکە لە دەنگەکانی زمانی کوردی، لەو ئەلفەبێیەدا کە ئێستا کوردی پێدەنووسرێت بە چوار شێوە خۆی دەنوێنێت: 1- لە سەرەتای وشەدا (بـ)، 2- لە ناوەڕاستدا (ب)، 3- لە دوایی وشەدا (ب)، 4- بە سەربەخۆیی (ب)، ناوی پیتی نیشانەی ئەم دەنگە (بێ)یە. زەبیحی زۆر بە کارامەیی دەنگەکانی شیکردۆتەوە و نیشانەی بۆ داناون، بەڵام بەداخەوە هەر توانیویەتی ئەم دوو پیتە بخاتەڕوو. (هەمان سەرچاوە: 1347: 200- 1- 247).

## 5-2/2 ) بڕی زانیاری دەنگەکان لە فەرهەنگدا:

ئەو زانیاریە دەنگیەیە، ئەمەش لە چوارچێوەی ڕێکخستنی بەشێوەیەکی تەواو، یان دانانی شێوازی وشەسازی لە هاوشانیدا، وەکو ئەوەی لەخۆیگرتووە، پێدانی نموونە لەسەری لە هەندێ فەرهەنگدا ئەوەئەوەیە. ڕوونکردنەوەی ئەو بۆچوونە وتەیە و یارمەتی بەکارهێنانی فەرهەنگ لەسەر وتنی بەشێوەیەکی دروست. ڕەنگە ئەو وتنە بخوێندرێتەوە بەشێوەیەکی تر. (سلیمه هاله: 2013: 127).

ئەو ئاڕاستەیەی کە بایەخ بە بڕی زانیاری فۆنۆلۆجی دەدەن. جەخت لە دووبارە وتنەوەی وشەی دەروازەکە و نموونە ڕوونکراوەییەکە دەکات. لە ڕێی گرتنە بەری ئەم شێوازە فەرهەنگساز دەتوانێت گۆکردنی وشەکانی دەروازەکە دەربخات، نەك هەر لە جیاکردنەوەیان، بەڵکو وەك گۆکردنی لە وشەی زیندووی نێردراویشدا، دەکرێت نموونە ڕوونکەرەوەییەکان بە ڕێگەیەك هەڵببژێرێت، هێز و پلەیەکی جۆربەجۆری ئاواز و لەو بارە زۆرانەی کە ڕستە وەریدەگرێت، لە ئەنجامی بە یەکگەیاندنی بە وشەکانی دەور و بەرییەوە. ئەم ڕێگەیە ڕوونکردنەوەی هەموو فۆنێمە کەرتی و ناکەرتییەکانمان لە فەرهەنگدا لە خۆدەگرێت. (علی القاسمی: 2004: 67). فۆنێمە ناکەرتییەکان بریتین لە ئاوازە و هێز و وەستان کە ڕۆڵی گرنگیان لە واتا گۆڕین هەیە. لە فەرهەنگی (ویبستەر)ی نێودەوڵەتی سێیەم بۆ نموونە بڕگەکانی وشەکە بە بەکارهێنانی دانانی خاڵێك ( . ) یان زیاتر لە حینجە دەنگییەکاندا دادەنێت. زۆر پێویستە نییە دابەشکردنی بڕگەکانی هاوتابێت لەگەڵ بڕگەکردنی وشەکەدا لە پێناو چاپکردن یان نووسین، کە ئەو فەرهەنگە ناونراوەی سەرەوە دیاریکردووە بە بەکارهێنانی خاڵێك ( . ) لە وشەی دەروازەکە، بۆ نموونە: Met.ric / me. Trik/ وشەکەی لای چەپەوە دەروازەکەیە، پاش پیتی (t) خاڵێك دانراوە، ئەو جێیەمان پێشان دەدا کە دەکرێت وشەکەی تێدا بڕگە بکرێت لە کۆتایی ڕیزە نووسراوەکە یان چاپکراوەکە، ئەمەش لە ئینگلیزیدا و زۆربەی زمانەکانی جیهان سروشتییە. (علی القاسمی: 2004: 66)، بەڵام لە زمانی کوردیدا بەو شێوەیە نییە لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە، لەبەرئەوەی لە زمانی کوردیدا وشەکە چۆن بنووسرێت بەو شێوەیە گۆدەکرێت.

### 6-2/2 ) شێوەزار و بەکارهێنانی لە فەرهەنگدا:

زاراوەی دیالێکت (Dialect) لە بنەڕەتدا لاتینییە و دەگەڕێتەوە بۆ گریکەکان، بۆ یەکەمجار یۆنانییەکان بەشێوەی (Dialektos) بەکارهێناوە، یۆنانییەکان ئەو زاراوەیان بۆ جیاکردنەوەی زمانی نووسین لە زمانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ بەکارهێناوە. (ڕۆستەم محەمەد ئەحمەد: 2016: 3). وەك زۆربەی زمانانی جیهان، لە زمانی کوردیدا، زاراوەی دیالێکت (Dialect) بەکاردەهێنرێت، هەرچەندە کۆمەلێك زاراوەی تریش هەیە، وەك: ( زار، زاراو، زاراوا، زاراوە، شێوە، بەش، بن، خوار، نیمچە، بێچوو، لەهجە، دیالێکت. (حوسێن محەمەد عەزیز: 2005: 329– 330). بەپێی لێکۆڵینەوە و ئەو بنەما و یاسایانەی لە چوارچێوەی کۆزمانەوانیدا داڕێژراون، ئەوە ئاشکرایە کە لە چوارچێوەی زمانێکدا یان نەتەوەیەکدا جیاوازی قسەکردن دەکەوێتە نێوان قسەپێکەرانی زار و شێوەزارە ناوچەییەکان. شێوەزار لە شێوەزمانێك بوو بەکاردەهێنێت ئاماژە بۆ ڕوونکردنەوە لە زمان و لەبەکارهێنانی بۆ هەندێك قسەکەری دیاریکراو یان بۆ کۆمەڵگە ئاسان دەبێت دابەشکردنی زمان بۆ ژمارەیەك شێوەزار. (Anne E. Baker: 2012: 364).

شێوەزار بە تەنها لە لای میللەتی کورد بەدی ناکرێت، چونکە هەبوونی لەهجە، ئەگەر لە زمانانی تردا دیاردەیەکی ئاسایی بێت، لە زمانی کوردیدا ئەم ئاسایی بوونە دەگاتە لوتکەی هەرەبەرز، چونکە گەلێ زمانی وا هەن بەڕاست وچەپدا خۆمانە و بێگانە خزمەتیان کردووە و دەیکەن و هێشتاش فەرقی شێوەزاریان لێ نەبڕاوە، شێوەزار لە زمانانذا بەروبوومی گەلێ هۆیە کە هەندێکیان ڕەنگە بە کۆششی مرۆڤ لەناوبچن، بەڵام هەندێکیان لە هەل و مەرجی ئێستا و دواڕۆژێکی نزیکیش، لەوانە نین قورسایی خۆیان لەسەر زمانەکەمان لابدەن، نەك هەر لە زمانی کوردی بەڵکو پێشکەوتووترین زمانی زیندووی سەر زەوی، ئەوەی لەباردا نییە کەخۆی لە هەبوونی (لەهجە) ڕزگاربکات. لەهجەکانی زمانی کوردی دەکرێتە سێ بەش، کە لە هەربەشەیاندا شێوەزارێکی سەرەکی زمانی کوردی زاڵە:

1– شێوەزاری باکووری 2– شێوەزاری ناوەندیی 3– شێوەزاری جنوبیی). (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 39–40). بێگومان شێوەزار لەزۆربەی زمانانی دونیادا بەدی دەکرێت. ئەوەنەبێت تەنها لە زمانی کوردیدا شێوەزاری جۆراوجۆر هەبێت؛ بەڵکو لە زۆربەی زۆری زمانەکانی گەلانی جیهاندا شێوەزاری جۆربەجۆر هەیە. لە ڕووی زاراوەشەوە زاراوەی دیالێکتیش بریتیە لەهەمە جۆری ئاخاوتن لە زمانێکدا کە لە ئاکامی هەمە جۆری ناوچەی جوگرافی و باری کۆمەڵایەتی پەیدا دەبێت، بەواتایەکی تر بریتییە لە کۆمەڵە سیمایەکی زمانی کە ژینگەیەکی تایبەتی بۆ دەگەڕێتەوە و هەرتاکێکی ئەو ژینگەیەش دەبێتە بەشێك لەو ژینگەیە و بەشداری لەو کۆمەڵە سیمایە دەکات. بێگومان هەر زمانێك لە کۆمەڵێ دیالێکتی جیاواز

پێکدێت، هەر دیالێکتێکیش لەو دیالێکتانە سیما و خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، کە جیاوازە لە دیالێکتەکانی تری زمانەکە. ئەم جیاوازیانەش هەموو ئاستەکانی– ڕێزمانی و فەرهەنگی و واتایی– زمان دەگرێتەوە. (تالیب حوسێن عەلی: 2014: 297). لە ڕوانگەی زمانەوانی نوێدا شێوەزارێك (لەهجە) نییە لە شێوەزارێکی تر باشتر بێت، تەنها بڕی ئەو بە یەکگەیاندن و تێگەیشتنە نەبێت، کە لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا دەیگەیەنێت. جیاوازە زمانییەکان تەنها تایبەت نییە لەسەر شێوەزاری جوگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، بەڵکو جیاوازی لەسەر ئاستی ئەو شێوازە هەیە کە هەر شێوەزارێك هەیەتی. هەر مرۆڤێك دەتوانێت دوو شێواز لە شێوەزارەکانی ئاخاوتن بەکاربێنێت: فەرمی و گشتی. سروشتییە کە تێکچڕژاوێك لە نێوان ئەو دوو شێوەزارەدا هەبێت. ئەو گیروگرفتەی کە تووشی فەرهەنگساز دەبێت، ئەوەیە: کام شێواز پێویستە لە فەرهەنگەکەیدا تۆماری بکات؟ (بڕوانە: علی القاسمی: 2004: 72). مامۆستا زەبیحی زمانی کوردی بەسەر چەند شێوەزارێکدا دەبەش کردووە. شێوەزاری باکووری، شێوەزاری ناوەڕاست، شێوەزاری خواروو، بەڵام لە فەرهەنگەکەیدا زیاتر دیالێکتی ناوەڕاستی تێدا بەکارهێناوە، هەندێ جاریش بە ناچاری شێوەزاری موکریانی لە فەرهەنگەکەیدا ڕەنگیداوەتەوە و وشە و دەستەواژەی ئەو شێوەزارەی بەکارهێناوە. بوونی دیالێکت و شێوەزاری جیاواز لەناو هەر زمانێکدا، ڕێگەیەکە بۆ پەیدابوون و گەشەکردنی وشەی هاوواتا، بە تایبەتی لەڕووی وشەوە بەشێوەیەك کە دەگونجێت وشە هاوواتاکان هەریەکەیان بە شێوە جیاوازەکانی زمانەوە پەیوەست بن. فرە دیالێکتی کاتێك کاریگەری دەبێت، کەیەکە واتاییەکان لەناو دوو دیالێکتدا تێکەڵ بن و بەکاربهێنرێن، ئەمەش مەرج نیە لەهەموو ناوچە قسەپێکردنی دیالێکتەکەدا ببینرێت، لەوانەیە لەتەنها ناوچەیەکدا ئەم تێکەڵبوونە ڕووبدات. بەتایبەتی ئەو ناوچانەی بەریەککەوتنیان زیاترە. ئەم گۆڕان و کارتێکردنەش سەرەتا لە ئاستی دەنگەوە دەست پێ دەکات و فۆڕمی جیاواز بۆ هەمان واتاو مەبەست دروست دەکات. (شێروان حوسێن خۆشناو: 2011: 48– 49). ئەوەمان بۆ ڕوون و ڕاستکرایەوە کە شێوەزاری جیاواز لەناو یەك فەرهەنگدا لەوانەیە ئەستەم بێت، چونکە دیاریکردن و ڕێکخستنی شێوەزارەکان قورس بێت بۆ دانەری فەرهەنگەکە و خوێنەریش، لەبەر ئەوەی خوێنەر شێوەزارێك بێت کە پێویست نەکات ئەو هەموو شێوەزارانەی تر بخوێنێت یاخود لەبەری بکات، چونکە بۆ هەردوو لا کارێکی قورس دەبێت.

هەندێکیشان ئەو وشە هاوواتایانەن کە لە خوێندنەوە و نووسیندا تاڕادەیەك لەیەك دەچن، بەڵام لە شێوەی فۆنەتیکدا کەمێك جیاوازی هەیە. ئەم جۆرە وشانەش لەئەنجامی لێك نزیك بوونەوەی هەندێك دەنگ، یاخود لە ئەنجامی خاسیەتی تایبەتی بەشە دیالێکتەکان و دیالێکتەکانی کوردیدا پەیدابوون. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1975: 21)، کەواتە ئەستەمە هەبوونی شێوەزاری جیاواز لە ناو یەك فەهەنگدا هەبێت، چونکە بۆ خوێنەر و بۆ دانەری فەرهەنگیش ماندووبوون و هیلاکی خوێندنەوەی پێوەدیاردەبێت.

پێویستە ئەو ڕاستیە بخەینە بەرچاو کە زمانی کوردی لە چەندین دیالێکتی لە زۆرشتدا وەك یەك و لە زۆرشتیشدا لەیەك جیاوازن، هەر دیالێکتیش لە چەندین و وردە دیالێکتی گەورە و بچووك پێکهاتووە کە سەرمایەی دەوڵەمەندی زمانی کوردی لە کۆکردنەوەی وشەکانی گشت ئەم دیالێکت و وردە دیالێکتانە پێکدێ. مایەی داخە ئەم دیالێکتانە، تا ئێستا، قامووسی نەك هەموو وشەکان گرەوە، بەڵکو نیوە و ناتەواویش، بۆ هەموویان ڕێك نەخراوە. حاڵی وردە دیالێکتەکانیش لە حاڵی دیالێکتە سەرەکیەکان گەلێ خراپترە. ئەم دیالێکت و وردە دیالێکتانە، بەپێی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسیی سەدە ڕابووردووەکانی میللەتی کورد، هەر یەکی هەزاران وشەیان گرتووەتەوە خۆ کە گەلێکیان لە هەموو دیالێکت و وردە دیالێکتەکاندا یەك واتا و هەندێکیشیان هەریەکە و لە دیالێکت یا وردە دیالێکتێدا واتایەکی سەربەخۆ ئەگەیەنن. (محەمەدی مەلا کەریم: 2001: 204-205). دروستبونی شێوەزار زۆر هۆکاری هەیە، هۆکاری (جوگرافی و سیاسی داگیرکردن و دابەشکردنی خاکی کوردستان و لایەنی کۆمەڵەیەتی و...هتد)، بێگومان ئەو هەموو هۆکارانە بەیەك دوو ڕۆژ دروست نەبووە. بەرهەمی چەند ساڵەی زمانی کوردیە. دەبێت شێوەزارێك هەڵببژێرین، چونکە ناکرێت چەند شێوەزارێك لەیەك فەرهەنگدا بنووسین بۆ فەرهەنگی کوردی ئەمەش دەبێت لایەنی حکومەت ڕەچاوی ئەوە بکات کە دەبێت شێوەزارێك تۆماربکەین بۆ فەرهەنگی کوردی و زمانی کوردی. یەکێك لە هۆکارە سەرەکی و بنچینەییەکانی سەرهەڵدان و دروستبوونی شێوەی ئاخاوتنی جوداجودا و دواتر سەرهەڵدانی دیالێکت و نیمچە دیالێکت لە نێو زماندا، بە توندی و ڕاستەوخۆ پەیوەست و گرێدراوە بە هۆکاری ئابوورییەوە، دەکرێت سەرچاوەی هەموو هۆکارەکانی تری وەك (سیاسی، کۆمەلایەتی، تاکەکەسی، جوگرافی...هتد)، لە پەیدابوونی دیالێکت و نیمچە دیالێکتەکاندا، لە بنج و بناغەدا لە ژێر کاریگەری و ڕەنگدانەوەی ئەم هۆکارە سەرهەڵبدەن. (ڕۆستەم محەمەد ئەحمەد: 2016: 5). لەم فەرهەنگەدا چەند شێوەزارێکی دەستنیشان کردووە لە وشەکاندا بۆ نموونە لە شێوەزاری باکوردا وەك: ئاوریشم – هەڤرمش. ل 86، ئەڕە – بڕەك. 132، ئەسرین– ڕوندك. 151، ل 151، باغ– باغ. ل 41، بست– بهۆست بە شێوەزاری جنوبیی بگس. ل 92، بەهێ – بێهە . 225. ...هتد.

# بەشی سێیەم

# هەڵسەنگاندن و گیروگرفتەکانی فەرهەنگنووسیی کوردی لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە و سینتاکسەوە

## بەشی سێیەم: هەڵسەنگاندن و گیروگرفتەکانی فەرهەنگنووسیی کوردیی لە ڕووی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسەوە:

### تەوەرەی یەکەم: لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە:

### 1-1/3 ) وشە و ڕستەسازی لە فەرهەنگنووسیی کوردیدا:

وشە ڕۆڵێکی گرنگ لە دانانی فەرهەنگ و فەرهەنگسازیدا دەبینێت، هەر بۆیە وشەکانی زمانێك، دواجار لە ناو فەرهەنگ تۆمار دەکرێن و دەپارێزرێن، بێگومان ڕستەش گرنگی خۆی هەیە لە فەرهەنگدا. وشە بۆیە دەشێت لە ڕوانگەی جیاوازەوە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت، لەوانە لەڕووی فەرهەنگی، یان واتایی، یان ڕێزمانی یان بەکارهێنان. (ویدا شقاقی: 1387: 18).

زمان کە هۆیەکی دەربڕینە لای ئادەمیزاد وشەی فەرهەنگی و ڕێزمانی دەگرێتەوە. وشە بە مادەیەکی زمانەوانی زمان دەژمێردرێت و لەبەر ڕۆشنایی دەستوری ڕێزمانی ـ مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی بەکاردێت. (کوردستان موکریانی: 1986: 5). کەواتە ئەم دوو ئاستە (وشە و ڕستەسازی) پێکەوە کاردەکەن و دەردەکەون و ڕۆڵیان لەناو فەرهەنگدا هەیە، چونکە مۆرفۆلۆژی لە داڕشتن و گۆڕانی وشە دەکۆڵێتەوە، بەڵام سینتاکس (علم النحو syntax)، کە لە وشەی (syntaxis)ی یۆنانیەوە هاتووە و واتای ڕێککەتن و ڕێکخستن و دانان دەبەخشێت، لە جۆری ڕێککەوتن و یەکگرتنی وشەی لەنێو ڕستەدا دەکۆڵێتەوە. ئەگەر مۆرفۆلۆژی بە شێوەیەکی گشتی لەهەموو لایەنێکی شێوەکانی وشە بکۆڵێتەوە، ئەوە سینتاکس پیشە و ئەرکی ئەو وشانە لەنێو ڕستەدا ڕوون دەکاتەوە، وشە بە بچووکترین دانەی سینتاکسی دەژمێردرێت. (هەمان سەرچاوە: 5). وشە لە هەردوو ئاستی وشەسازی لە پێکهاتنی وشەی نوێ بەشداری دەکات و لە ئاستی ڕستەسازیدا گرێ و ڕستە پێکدەهێنێت. وشە و ڕستەسازی لە فەرهەنگدا گرنگی و بایەخی هەیە، چونکە پێویستە لە ناو فەرهەنگدا چ وشە چ ڕستەسازی بوونی هەبێت.

سینتاکس/ ئەو زانستەیە، کە لە ڕستە و چۆنیەتی دروستکردنی قەوارە و ڕێکوپێکی ڕستە دەکۆڵێتەوە و پێی دەوترێ (ڕستەسازی). (محمد أمین هەورامی: 1974: 10). لە سەرەتای نووسینی هەموو فەرهەنگێکدا کێشەی هەڵبژاردنی وشە دێتە پێشەوە. بنچینەی هەڵبژاردنی وشە پەیوەندی بە جۆر و بابەت و مەبەستی فەرهەنگەوە هەیە. تاوەکو ئێستا کێشەی هەڵبژاردنی وشە بۆ فەرهەنگ لە هیچ وڵاتێکی جیهاندا شێوازێکی زانستی تەواوی وەرنەگرتووە و هەندێ ڕووی ئەم مەسەلەیە هەر بە ئاڵۆزی ماوەتەوە و هەر وەك زانای گەورە و فەرهەنگنووسی ناسراو و بەناوبانگی ڕووس ئەکادیمی ل . ڤ . شێربا دەڵێت: (کێشەی هەڵبژاردنی وشە بۆ فەرهەنگ یەکێکە لە کێشە هەرە زەحمەتەکانی فەرهەنگنووسین. (ئەورەحمانی حاجی مارف: 1987: 105-106). وشە جگە لە تایبەتمەندی پێکهاتەیی، تایبەتمەندی دەنگی و ڕێزمانی و

شێوازی و هونەری و گەیاندنیشی هەیە، وشە لای وەسفییەکان بە مۆرفیم بەستراوەتەوە، پێی وایە مۆرفیمێکە یان زیاتر، لای ڕۆنانکارەکان بریتییە لە یەکەیەکی ڕستەسازی و هەردوو لاکەی وشە بە وەستان گیراوە، جگە لەمانەی زمانەوانەکان پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ وشە کردووە.

بلومفێلد پێی وایە فۆنیم بچووکترین پێکهاتەی واتادارە.

ستیڤن ئۆلمان: وشە بچووکترین دانەی سەربەخۆی واتادارە.

وشە یەکەیەکی بچووکی ڕێزمانە.

وشە دانەیەکی فەرهەنگی وایە کە لە هەموو دانەیەکی تر گرنگتر و چەسپاوتر و بلاوترە، لە مۆرفیمیش سەربەخۆترە. لەڕووی پێکهاتن، وشە لە ڕستە پتەوترە، چونکە پێکهێنەرەکانی ( پارچەکانی- کەرتەکانی) وشە توندتر لێك گیرن، کەچی کەرەستەکانی ڕستە زۆرجار گۆڕین و پاش و پێش کردنیان ئاساییە و نابێتە هۆی تێکدانی ڕستە. سینتاکس پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە واتای وشە و فەرهەنگەوە هەیە، هەربۆیە دەوترێت (بەشێك لە ڕێزمان کە ڕۆنانی فریز و ڕستە، لە زماندا هەڵدەستێت، ناونراوە سینتاکس، لە بەرانبەرەکەیدا سینتاکس لە چۆنیەتی پەیوەندی نێوان وشەکان و دروستکردنی پێکهاتەی گەورەتر لە وشە، واتە فریز و ڕستە دەکۆڵێتەوە. (أز يتا أفراشى: 1388: 106). بەشێك لەو دانە فەرهەنگیانەش بە ڕۆنانی سینتاکسی پێکهاتوون بۆیە ئاماژەدان بەم دیاردەیە گرنگە. کە ڕۆڵی تەوەرەی وشەی زمان بەبەکارهێنان دەبێت لە چوارچێوەی خۆی، واتە لە بارو بواری گونجاو. بۆیە وشەی ناو فەرهەنگەکان هەرچەندە زۆربن، هەر بەکارهێنان بە زیندوویی دەیانهێڵێتەوە. (کەمال محەمەد ئۆمەر: 2003: 6). وشەکانی هەر زمانێك بەپێی ئەو کارانەی لە تەواوکردنی قسەدا ئەنجامی دەدەن، بەش بەش کراون و هەر بەشەی ناوێکی لێ نراوە، کە ناو و ئاوەڵناو جێناو دەگرێتەوە. (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 97).

## 2-1/3 ) بە لێکسیکبوون و پێکهاتەی فەرهەنگی( فریزی چەسپاو ):

مرۆڤ لە هەموو کات و زەمانێکدا، زمان وەك گەورەترین و کاریگەرترین چەك بۆ جێکردنەوەی خۆی لە کۆمەڵدا و کارکردن وەك ئەندامێکی کارا و بەرهەمهێنەر بەکاردەهێنێت. ژیان هەمیشە لە گۆڕاندایە، ئەرکی زمان و گرنگیی لەوەدایە کە لە گشت سەردەمێکدا، شان بەشانی تێکڕای ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییانە دەڕوات و بلاوبوونەوە و چەسپاندنیانی کەوتۆتە ئەستۆ. زمانیش بۆ بەجێهێنانی ئەرکی جێگیرکردن و پاراستن و دەربڕینی ئەو بیرانەی کە بەری چەندەها ساڵی هەمەجۆرن و پەیتا پەیتا لە عەقڵ و هۆشی قسەکەرانیدا، سەرهەڵدەدەن، نەوەستاوە، بەڵکو بە چەندین ڕێگا و وەسیلە هەوڵ دەدات دەریان ببڕێت. یەکێك لەو ئاستانەی زمان کە هەمیشە لە شڵەقاندن و گۆڕاندایە، لێکسیکۆلۆژییە. (فاروق عمر سدیق: 2013: 118). ڕێگایەك لەو ڕێگایانەی کە فەرهەنگی زمان لەناوناندا، دەیگرێتەبەر،

بەرهەمهێنانـەوەی سـەرلەنوێی پێکهاتـەی سینتاکسـی و وشـە و ئـەو پێکهاتـە و زمانیانـەی تـرە کـە بـە پرۆسـەی بەلیکسـیبوون (lexicalization) یەکسـان دەبـن بـە وشـە. (هـەمان سەرچاوە: 118). فریـز وەك دانەیـەکی زمـانیی، دەکەوێتـە نێـوان وشـە و ڕسـتەوە، لـە دیارخـەرێك یـان زیـاتر پێکـدێت. هەریـەك لـە دیارخراو و دیارخەریش پیکەوە یەکەیەکی ڕێزمانی تاك دروست دەکەن. (شیروان حوسێن خۆشناو: 2011: 187). هەر بیرێك یا شتومەکێکی تازە کە دێتە ئاراوە، وا پێویست دەکات کە ناویان لێ بنرێت، زمانیش بەتەنیا و بەو گەنجینە وشەیەی کە هەیەتی لە توانایدا نییە و فریای ئەوە ناکەوێت کە بەو کەرەستە سنووردارەی لەباریدایە، ناو لە گشتیان بنێت و هەر بەشیشیان ناکات، بۆیە بە پرۆسەی نیۆلۆگیزم[9] بە پێکهاتـە زمانییـە واتـادارە پێشـتر سـازبووەکانی خۆیـدا، دەچێتەوە و بـەرەو بەلیکسـیکبوون ئاڕاسـتەیان دەکـات. (ستیپانۆڤ) بەرامبـەر بـە پـۆلێنکردنی فرێـزە ڕووسـیەکان کـە لەلایـەن (ڤینۆگرادۆڤ)ەوە کـراوە، نووسـیوێتی: پـۆلێنکردنی دانـە فرێزەکـانی ڕووسـی بەچـاوو بەقەسـدی بەسـتنەوەیان بەسـەرجەمی لێکسیکەکانەوە دەکرا، ناونرایە (بەرەوبەلێکسیك چوون) یا لێکسیکیی. (فاروق عمر سدیق: 2013: 119).

(وشەسازی بە ڕێگای سینتاکسیی) یەکێکە لەو ڕێگا ئەکتیڤ و چالاك و بە پێز و بەرهەمانەی کە لە گەشەکردنی و پەرەسـەندنی فەرهـەنگی کوردیـدا، شـوێن پەنجـەی بە ڕوون و ئاشکرا، دیارە. بـەم ڕێگایـە، چـەندین پێکهاتـەی سینتاکسـیی سـازێنراوی پێشـوو بەرهەمهێنراونەتـەوە لـە زمـانی کوردیـدا، چ لـە کوردستان و چ لە دەرەوە، ئەو فرێزانە بەگشتی لە چوارچێوەی سینتاکسدا، ناویان هێنراوە، هەر بەچاوی کەرەسەی ئەمڕۆش، دوور لە مێژوو، سەیریان کراوە دەستیان بۆ براوە. (هەمان سەرچاوە: 121).

عبـدالرحمن زەبیحـی لـە هـەر دوو بـەرگی فەرهەنگەکەیـدا لـە باسـی نـاوی لێکـدراودا، ئاماژەی بۆ چـەند ناوێکی لێکدراو کردووە، چەند نموونە وەك: (ئاوی بابەقەتار، ئاشی مەکینە، ئەستێرەی بەیان، ئـاوری بـن کـا، ئیشـکە سـەرما، ...هتـد. (عبـدالرحمن زەبیحـی: 1977: 8- 34- 74- 147- 214). بانبارگـە، بەرهـەتاو، بەشـی خـوا، بـەرگی سـەفەر، بەفرەچـاڵ (چاڵەبەفر)، بـەرخی نێـر (بەرخـەنێر)... هتـد. (عبـدالرحمن زەبیحـی: 1979: 29- 31- 53- 172- 178- 197- 222). پێویستە فرێزی چەسپاو لە فەرهەنگدا هـەبێت، چونکە لـە فەرهەنگدا دەبێت وەك وشە ئەژماربکرێت و ئاماژەیان پێ بکرێت، وەك، (پیازی تەڕ، کانی ماران.. هتد، کە ئاماژە بۆ ناون دەکەن، بێگومان زەبیحیش وەك لەو نموونانەدا زۆر بە کارامەیی جێپەنجەی دیاربووە.

## 3-1/3 ) دیاریکردنی بەشەکانی ئاخاوتن:

مۆرفۆلۆژی بریتییە لە لێکۆڵینەوەی بەشەکانی ئاخاوتن و پێکهاتن و جۆر و گۆڕانیـان. بۆیـە پێویسـتە ئاوڕێـك لـە بەشـەکانی ئاخـاوتن بـدەین. مۆرفۆلـۆژی لـەو دەسـتوورانەی تایبـەتن بـە داڕشـتنی وشـەکان و

---

9- (نیۆلۆگیزم) بریتییە لە وشە، یا پێکهاتەی زمانیی تر کە بۆ ناونانی شتێك کە پێشتر نەبوو بێت، یا دەربڕینی چەمکێکی نوێ، هاتوونەتە ئاراوە. (بڕوانە: فاروق عمر سدیق: 2013: 119).

گەردانکردنیان و گۆڕینی بنیاتی بە گۆڕانی واتا و ئەوانەی پەیوەندییان پێوە هەیە، بەشەکانی ئاخاوتنیش باسی هەرە سەرەکی وشەسازین. لە لێکدانەوەی کێشەی بەشەکانی ئاخاوتنەوە باسی ڕێزمانی هەموو زمانێك دەست پێ دەکات. کەواتە بەهەردوو وشەسازی و ڕستەسازییەوە ڕێزمان پێکدێت. (شهاب شێخ طیب: 2014: 59). بێگومان هەر لە زمانی کوردیدا بەشەکانی ئاخاوتن بەدی ناکرێت، بەڵکو بەشەکانی ئاخاوتن لە هەموو زمانێکی زیندووی سەر گۆی زەویدا هەیە، ئەم بەشانەش کەرەسەی هەرە گرنگی زانستی (وشەسازی)ن. بۆیە هەندێك لە زانایانی زمانەوانی ڕایان وایە، کە بەشەکانی ئاخاوتن بەپێی (ئەو واتایەی کە هەیەتی، گۆڕانی کەرەستەکە، چۆنیەتی بەکارهێنانی لە بواری (ڕستەسازی)دا دروست دەبن. (عەبدولواحید موشیر دزەیی: 2013: 65). ئەوەی لەناو زماناندا هاوبەش بێت مەسەلەی بەشەکانی ئاخاوتنە. لە لێکدانەوەی کێشەی بەشەکانی ئاخاوتنەوە باسی ڕێزمانی هەموو زمانێك دەست پێ دەکات. بۆ یەکەم جار نەخشەیەکی لە بارەی بەشەکانی ئاخاوتن لەلایەن زانا یۆنانیەکانی ئەسکەندەرییەوە (سەدەی دووەمی پێش زایین لەشاری ئەسکەندەرییە) کە بۆ زمانی خۆیان سازکردبوو هاتە ناوانەوە. لەو نەخشە یۆنانی- لاتینییەدا، هەشت بەشی ئاخاوتن- کە ئەو کاتە پێیان دەگووتن (بەشەکانی وشە)- دیاری کرابوون...لە زۆر زماندا تا ماوەیەکی درێژ هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهێنرا، بەڵام دواتر گەشەی پێدرا. ئەو نووسەرانەی لەبەر ڕووناکی ڕێزمانی ئینگلیزیدا باسی ڕێزمانی کوردییان کردووە، لە هەشت بەشە ئاخاوتن: (ناو، ئاوەڵناو، جێناو، کردار، ئاوەڵکردار، پریپۆزیشن، ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی سەرسوڕمان و بانگهێشتن دواون). (ئەورەحمانی حاجی مارف:2014: 9-10).

بەشەکانی ئاخاوتن لە ناو هەموو زمانانی جیهاندا هاوبەشە، بۆیە تاڕادەیەك لەنێوانیاندا لێکچوون هەیە، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا (8) بەشە ئاخاوتن دیاری کراوە، بەڵام لە زمانی ڕوسیدا (10) بەشە ئاخاوتن دیاری کراوە، سەبارەت بە زمانی کوردی، ئەو نووسەرانەی لەبەر ڕووناکی ڕێزمانی ئینگلیزیدا باسی ڕێزمانی کوردییان کردووە (8)بەشیان دیاری کردووە، بەم جۆرە (ناو، ئاوەڵناو، جێناو، کردار(چاوگ)، ئاوەڵکردار، پێشبەند(پریپۆزشن)، ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی سەرسوڕمان و بانگهێشتن.

بەشەکانی ئاخاوتن، کە باسی هەرە سەرەکی مۆرفۆلۆژین، لە زمانانی جیاوازدا، جیاوازی لە ژمارەیاندا هەیە و خاوەنی تایبەتێتی سەربەخۆن. دەتوانرێت بەشەکانی ئاخاوتن، کە لە هەموو زمانێکدا پەیدا دەبن، لە ڕێگەی سێ تایبەتییەوە لە یەك جیابکرێنەوە و دیاریبکرێن:

1- مانای ڕێزمانی.

2- گۆڕان

3- بەکارهێنانی سینتاکسی. بەو شێوەیە لە هەڵکەوتەی زمانی کوردیدا، دەتوانرێت دە بەشە ئاخاوتن دیاری بکرێت:

| | | |
|---|---|---|
| 1- ناو | الاسم | Noun, substantive |
| 2- ئاوەڵناو | الصفه | Adjective |
| 3- جێناو | الضمير | pronon |
| 4- ژمارە | العدد | Numeral |
| 5- کردار(چاوگ) | الفعل | Verb |
| 6- ئاوەڵکردار | الظرف | Adverb |
| 7- پێشبەند | حروف الجر | preposition |
| 8- ئامرازی پەیوەندی | حرف العطف | Conjunction |
| 9- ئامرازی سەرسوڕمان وبانگهێشتن | أداة التعجب والنداء | Interjection |
| 10- پارتیکل | | particles |

دەتوانرێت ئەو دە بەشە ئاخاوتنەی لە سروشتی زمانی کوردیدا دەبینرێت، بەسەر دوو جۆردا دابەش بکرێت: (أ- وشەی تەواو- Autosemantic Word، ب- وشەی ناتەواو- Syntactic). (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 2014: 9- 10). لە زۆربەی فەرهەنگەکانی کوردیدا، دەکرێت کار لەسەر دیاریکردنی بەشەکانی ئاخاوتن بکرێت، بەتایبەتی لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە، بۆیە لەم کارەدا دەشێت لە ڕێی فەرهەنگەکەی (زەبیحی)یەوە، لێکۆڵینەوە لە بەشەکانی ئاخاوتن بکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

زانیاری لەسەر بەشەکانی ئاخاوتن لەفەرهەنگەکەی عبدالرحمن زەبیحی دەخەیینە ڕوو:

**ناو**: بەشێکی ئاخاوتنە بۆ ناسین و ناونان و دیاریکردن بەکاردێت، وەك (کەس، شت، شوێن و و زیندەوەر). ناو دانەیەکی گرنگە لە باسی مۆرفۆلۆژی.

ناوەڕۆك و کاکڵی بنەڕەتی مۆرفۆلۆژیش بریتییە لە لێکۆڵینەوەی بەشەکانی ئاخاوتن و پێکهاتنیان جۆرەکانیان و گۆڕانیان. (هەمان سەرچاوە: 8). ناو لە ڕووی هەبوونەوە دابەش دەبێتە سەر: ناوی تایبەتی و ناوی گشتی و ناوی کۆمەڵ. بۆنموونە:

ناوی تایبەتی (ئارام، ئەفتاو...هتد.

ناوی گشتی (دایك، کچ، باوك، کوڕ، بەرد، ئەسپ، بەرخ ...هتد)

ناوی کۆمەڵ (گەل، چین...هتد)

ناو لە ڕووی هەبوونەوە دووجۆرە: ناوی مادی، ناوی مەعنەوی.

ناوی مادی وەك: (ئاسمان، با، دار، گوڵ...هتد.

ناوی مەعنەوی وەك (بڕوا، جوانی، پیاوەتی ...هتد.

ناو لە ڕووی ڕۆنانەوە لە زمانی کوردیدا دەبێتە دوو بەش:

1- ئەو ناوانەی بەسەر مۆرفێمدا دابەش دەبن. وەك: بەردەنوێژ، ئاڵەکۆك...هتد.

2- ئەو ناوانەی بەسەر مۆرفێمدا دابەش نابن. وەك بەرد، کچ، کوڕ...هتد.

لە زمانی کوردیدا ناو چەند ڕێگایەکی هەیە : (ناوی داڕێژراو و ناوی لێکدراو)وە.

ناوی داڕێژراو: بەهۆی وشەیەکی سادە و زیادەیەك پێکدێت، ئەوزیادەیە چ پێشگر یان پاشگر یان هەردووکیان پێکەوە بێت. ئەو نموونانەی خوارەوە نموونەی فەرهەنگەکەی زەبیحین

أ- ئەو پاشگرانەی دەچنە سەر ناوی سادە و دەیانکەنە ناوی داڕێژراو. بۆ نموونە:

(گەر- ئاسنگەر)، (وان- باخەوان)، (باز- سەرباز)، (ی- منداڵی)، (ەتی- برایەتی)، (ستان- کوردستان)، (خانە- بارخانە)، (دان- ئاگردان)، (ەڵان- بەردەڵان)، (ۆڵە- بەرخۆڵە)، (ۆڵە- بابۆڵە)، (یلە- ئەنگوستیلە)، (ێنە- نسکێنە)، (ە- ئاگرە)، (ندە- باڵندە) ...هتد. ئەوانە ئەو نموونانەن کە لەبەرگی (أ - ب) هەبوو.

ب- ئەوپاشگرانەی دەچنە سەر ئاوەڵناوی سادە و دەیکەنەناوی داڕێژراو. بۆ نموونە: (ی- جوانی...

ج- ئەو پاشگرانەی دەچنە سەر کرداری و دەیکەنە ناوی داڕێژراو. بۆ نموونە:

(ەر- نووسەر)، (ە- بارە)، (گە- بڕگە)، (ان- باران)...هتد.

د- ئەو پاشگرانەی دەچنە سەر ئاوەڵکرداری سادە و دەیانکەنە ناوی داڕێژراو. بۆ نموونە:

(ار- بنار)، (ۆك- بەرۆك).

ناوی لێکدراو: ئەو وشە ناسادەییە، کە لە دوو مۆرفێمی سادەی واتادار یان پتر پێك دێت و واتایەکی نوێ دەگەیەنێت، وەك: ئالەکۆك، ئاخر زەمان، بەردەشۆر ...هتد.

ناو لە ڕووی( نێر و مێ)ییەوە دیاری نەکردنی لە فەرهەنگی (قامووسی زمانی کوردی) لە دەروازەی فەرهەنگی ناو کە تەنها ئاماژەی بە ناوی زانستی بە بەکارهێنانی نێر و مێ کردووە. بۆ نموونە: ((ئەفتاو) ناوی ئافرەتانە) (ئەمیر) ناوی نێرینەیە. بۆ نموونە: وشەی (باوەژن) دەکاتە ژنی دووەمی هەر پیاوێك لەلای منداڵەکانی لە ژنەکانی دیکەی کە هاوواتایە زڕدایکە. وشەی (بۆرەپیاو) کەتایبەتە بە پیاوان کە ئەو کەسەی لە بنەماڵەی ئاغا و خان و بەگ نەبێت. کەسێکی ئاسایی. یان بۆرەزەلام. چەندین وشەی تر هەن کە مامۆستا ئاماژەی پێکردووە. زەبیحی ناوی تێکەڵاوی بۆ ناوی لێکدراو و داڕێژراوی داناوە و جیای نەکردۆتەوە کە ئەم ناوە داڕێژراوە یان لێکدراوە تەنها نووسیویەتی ناوێکی تێکەڵاوە. وەك:

ئاردەتوو: ناوی تێکەڵاو.

ئاوی عەینەمەل: ناوی تێکەڵاو.

بیقوباق: ناوی تێکەڵاو.

بریقە: ناوی تێکەڵاو.

بەستۆڕە: ناوی تێکەڵاو....هتد.

2- **ئاوەڵناو:** ئاوەڵناو وەك بەشە ئاخاوتنێك، واتای چۆنیەتی و خاسیەت و نیشانە ڕادەگەیەنێت. لە ئاوەڵناودا ئەم ڕاگەیاندنە چ لە بەکارهێنانی ڕستەسازیدا و چ لە تایبەتێتی وشەسازیدا ڕوون و ئاشکرا بەدیار دەکەوێت. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 2014: 109).

زەبیحی زۆر بە جوانی ئاوەڵناوەکانی دیاری کردووە و جۆری ئاوەڵناوەکانیشی داڕشتووە. ئاوەڵناوەکان دەبێتە چەند بەشێکەوە وەك ئاوەڵناوە لێکدراو و داڕێژراو و ئاوەڵناوی بکەری و ئاوەڵناوی بەرکاری. بۆ نموونە:

ئازا: بەجەرگ و نەترس دێت

بازاڕی: کاڵای خراپ.

ئالۆز: حاڵەتی تێکهاڵاوی یان بزۆك.

بەرچاوتەنگ: مرۆڤێکی توند دەست بەماڵی خۆیەوە دەگرێت و بەخشندەیی لەسەر ناکات.

ئاسودە: حەساوە، بێ خەم و خەفەت.

بەدڕەنگ: حاڵی هەر شتێکی ڕەنگ ناشیرن و تەڵخ بێت.

باڵشکاو: پەلەوەرێکی باڵی شکا بێت.

بەهۆی پاشگری (تر و ترین)ەوە دەتوانین پلەکانی ئاوەڵناو بەراوردوو باڵا دیاری بکرێت بۆ نموونە:

باش ــ باشتر ــ باشترین...هتد. (عبدالرحمن زەبیحی: 1979: 40).

3- **جێناو:** وەکو بەشێکی سەربەخۆ بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن. جۆرەکانی جێناو[10] وەك:

1- جێناوی کەسی سەربەخۆ: پێکهاتوون لە: (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان)

2- جێناوی خۆیی: لە: (خۆ، خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان).

3- جێناوی ئاماژەکردن: پێکهاتوون لە: (ئەم، ئەمە، ئەوە، ئەمان، ئەمانە، ئەوانە، ئەوان).

4- جێناوی دیار: پێکهاتوون لە: (هەر، هەرکەس، هەرشت، گشت، هەرکەسێك ... وەها، ئەوتۆ،فلأنە).

5- جێناوی نادیار: پێکهاتوون لە: (کەس، هیتر، هین، کابرا، فلأن، هەموو...، هینەکە، کابراکە، فلأن شت، هەرشتێك، هەنێ، بڕێك...).

---

10- بۆ جۆرەکانی جێناو زیاتر سوود لەم سەرچاوانەی خوارەوە بینراوە:

- ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1987: 232- 246.
- نەسرین فەخری و کوردستان موکریانی: 1982: 59.

لە هەردوو بەرگی فەرهەنگەکەدا جێناوەکانی دیاری کردووە. وەك:

(ئو) جێناوی نەپچڕاوی (مڵکی)یە، بۆ دووەم کەسی کۆ بەکاردێت. نموونە: ماڵو و خرا نەبێ. چۆنوو توانی هەڵیگرن. هەروەها جێناوی نەپچڕاوەی کەسی دووەم کەسی کۆیە لە کاتی ڕابردوودا بۆ نموونە: خواردوو!؟ بۆ چی سووتاندوو؟ ئەم جێناوە هاوواتایە لەگەڵ (تان). جێناوەکانی ناو فەرهەنگەکە لە پاشکۆی ژمارە (4)یە.

4- **ژمـــارە:** وەك بەشە ئاخاوتنێك خاوەنی خاسیەتی واتای ژمارەیە بەگشتی، کە وەك دیاردەییێکی تایبەتی – واتە وەك ژمارە بەتەنیا یان ژمارەی شتێك . واتای گشتی ئەم بەشە ئاخاوتنە لە خاسیەتی ڕێزمانیدا ڕەنگ دەداتەوە. وێڕای ئەوەی ژمارە لە ڕووی پێکهاتنەوە خاوەنی تایبەتییێکی دیاری کراوی وەهایە، کە لە بەشە ئاخاوتنەکانی دی جیادەکاتەوە. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 2014: 51). ژمارە بابەتێکە بۆ دیاریکردنی ناو یان ڕاناو لە ڕووی چەندێتی ژمارەییەوە، واتە دەبێتە تەواوکەری ناو و ڕاناو بۆ دەرخستنی ڕادەکەیان. جۆرەکانی ژمارە لە زمانی کوردیدا سێ جۆرن:

أ- ژمارەی بنجی، ب- ژمارەی لێکدراو، ج- ژمارەی سەرەگری. (ڕەفیق شوانی: 2001: 59).

بەشێوەیەکی سەربەخۆ و دیار ئاماژەی بە ژمارە نەکردووە و ڕوونکردنەوەی لەسەر ژمارە نەداوە. تەنها بە نموونە لە چەند ڕستەیەکدا نووسیویەتی. وەك: لە پاشگری (ەکی)دا کە بە ناوی لێکدراوەوە دەلکێت. نموونە دوو پشتەکی، سێ جرتەکی، چوار مەردەکی، پێنج خشتەکی. (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 164). بەنموونە لە وشەی (ئەنقەست)دا ژمارە هاتووە. وەك: دوو سەعاتە لەوێ چەقیوە بەئەنقەست نارِوا. (هەمان سەرچاوە:181). لە ئاوەڵناوی (بزر) زەبیحی نموونەی هێناوەتەوە بە ژمارە. <u>دوو</u> <u>سێ</u> ڕۆژێکە جوامێر بزرە. (هەمان سەرچاوە: 1979: 85). ئیمڕۆ بایی <u>نیوو</u> دینار هەر ماستیان کڕیوە. (هەمان سەرچاوە: 9). ڕەزی مەلا قادری سیتەك <u>هەزار</u> بنەمێو دەبوو. (هەمان سەرچاوە: 106).

5- **چـــاوگ:** کردار وەك ناو و ئاوەڵناوە لە ڕووی ڕۆنانەوە دابەش دەبێت بەسەر (سادە و ناسادە)دا، (ناسادە)ش بەسەر (داڕێژراو و لێکدراو)دا.

1- کرداری سادە: وەك: بوون، دان، بردن ...هتد.

2- کرداری داڕێژراو: لە زمانی کوردیدا بە یارمەتی (پێشگر و پاشگر) پێکدێت. بۆ دروستبوونی کرداری داڕێژراو هەندێ (پێشگر و پاشگر) هەن، دەچنە سەر کرداری سادە و دەیکەنە کرداری داڕێژراو.

أ- پێشگر: ئەم پێشگرانە (ڕا، هەڵ، دا، ڕۆ، وەر، ڕێ، پێ، تێ، لێ، ژێ) دەچێتە پێش کردارە سادەکە و کرداری داڕێژراومان بۆ دروست دەبێت، بەڵام زەبیحی لەبەرئەوەی دوو بەرگی (ئ) و (ب) لە فەرهەنگەکە

تەواو كردووە. لەبەرئەوە هەموو پێشگرەكان نموونەیان نییە. تەنها ئەوەی بەردەستە لەم دوو بەرگەدا. بۆ نموونە: هەڵبژاردن، هەڵبڕین، هەڵبەزین، تێبڕین، دابڕین، پێبڕان، لێ بەستن ....هتد.

ب- پاشگر: كرداری داڕێژراو دروست دەبێت بەهۆی ئەم پاشگری (ەوە، اندن)ەوە. وەك: بردنەوە، بڕینەوە، بزوتنەوە، بوونەوە، برژاندن، بزركاندن، بەزاندن...هتد.

3- كرداری لێكدراو: كرداری لێكدراو بە یاریدەی ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵكردار و ژمارە و ئامراز ...پێكدێت. (ئەورەحمانی حاجی مارف: 2014: 93). كرداری (بوون و كردن) بۆ پێكهێنانی كرداری لێكدراو لە هەموویان زیاتر بەكاردەهێنرێن. وەك: بزربوون، بەیادكردن، بەیانكردن، بڵاوكردن، بانگكردن، بەرزكردن ...هەرچی كرداری (دان، بردن، گرتن، هێشتن، هێنان ...هتد)یشە بە پێی توانای خۆیان لە دروستكردنی كرداری لێكدراودا بەشداردەبن. وەك: بەجێهێشتن، بەجێهێنان، بەجێهاتن ...هتد.

6- **ئاوەڵكردار:** ئاوەڵكردار وەك بەشێكی سەربەخۆی ئاخاوتن لە سەر بناغەی خاسیەتی وشەسازی و ئەركی ڕستەسازی و واتا ناسییەوە جیادەكرێتەوە. ئاوەڵكردار خاسیەتی ڕودان كە كردار دەری دەبڕێت. ئاوەڵكرداری چۆنێتی، یان ڕادەی ڕوودان یان ڕادەی چۆنیەتی شتێك یان بارودۆخی جیاوازی ڕوودانی كارێك: شوێن، كات، هۆ، مەبەست ...ڕادەگەیەنێ. ئاوەڵكردار ئەو بەشە ئاخاوتنەیە كە بارودۆخ و شێوەی ڕوودان و جۆری چۆنێتی نیشان دەدات ... ئاوەڵكردار لە ڕووی ڕستەسازییەوە خاوەنی ئەو تایبەتێتییەیە كە لە ڕستەدا بەكردارەوە یان ئاوەڵناوەوە یان ئاوەڵكردارێكی ترەوە بەندە. (ئەورەحمانی حاجی مارف: 2014: 119). زەبیحی ئاوەڵكردارەكانی دیاری نەكردووە یان ڕەمزێكی بۆ دانەناوە كەجیاییبكاتەوە، بەڵام بەهۆی وشەكانەوە كاتێك خراوەتە ناو ڕستەوە دیارە بۆ نموونە: بۆ بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵكردار بە زۆری دوو دەستە وشە بەدی دەكەین. دەستەی یەكەم وشەی وەك: (ئێستا، ئەمڕۆ، دوێنێ، سبەینێ، پار، ئێرە، لەوێ، لەژێر، لەسەر ...). دەستەی دووەم وەك: (خێرا، هێدی، باش، خراپ، زۆر، فرە ...). (سەرچاوەی پێشو: 121). زەبیحی زۆربەی ئەو دوو دەستەیەی خستۆتە ناو ڕستەوە. بۆ نموونە: نەخۆشەكەتان <u>ئیمڕۆ</u> چۆنە؟ (عبدالرحمن زەبیحی: 1979: 41).

7- **پێشبەند:** پێشبەند لەلای زەبیحی نیشانەی (پێب) بۆ داناوە. پێشبەند ئەو مۆرفێمە ڕێزمانییە ناسەربەخۆیانەن كە ڕۆڵی گرینگ لە بەستنەوەی بەشەكانی ڕستە دەبینن و پێوەندی ناوەكی دروست دەكەن. پێشبەندەكان لە ڕووی ڕواڵەتەوە سەربەخۆن و بەتەنیا واتا نابەخشن، بەڵكو لە پاڵ وشەی تردا واتایان بەدەردەكەوێت. (ئەورەحمانی حاجی مارف: 2014: 81). هەندێك جار بە پرییۆزشن دەوترێت پێشناو، پێشناو ئەو بەشە ئاخاوتنەیە، كە بوونی سەربەخۆی هەیە و واتاكەی لە پاڵ وشەی تردا

دەردەکەوێت و پەیوەندی نێوان ناو و ئاوەڵەکانی لەگەڵ بەشەکانی تری ئاخاوتندا پێکدێنێت لە دارشتنی رستەدا. (صادق بهاءالدين: 1987: 423). ئەو مۆرفێمە رێزمانییە ناسەربەخۆیانەن، کە رۆڵی گرنگ دەبینن لە بەستنەوەی بەشەکانی رستەو پەیوەندی ناوەکی دروست دەکەن. (ئازاد ئەمین فەرەج: 2003: 80). پرییۆزشن لە زمانی کوردیدا بریتین لە (بۆ، لە، تا، ە، وەك، بێ،بە). پێشبەندەکان دەکەونە پێش ناو، یان جێناو یان ئاوەڵناوەوە بۆ نیشاندانی پەیوەندی نێوان ئەو وشانە لەگەڵ وشەکانی دیکەی هەمان رستەدا. پێشبەندەکان لە هەر دوو ئاستی زمانی (مۆرفۆلۆژی وسینتاکس)دا دەوری گرنگ لە پێکەوە گرێدانی بەشەکانی رستەدا دەبینن. بۆ نموونە:

(بۆ) وەك: ئەم قامووسەم بۆ کوردان نووسیوە.

(تا) وەك: تا رۆژ سۆبەمان داگیرساند گەرممان نەدەهاتەوە.

(لە) وەك: چاوی پڕبوو لە ئاو.

(تا) وەك: تا بنەبانی ئەشکەوتەکە چووین.

(بێ) وەك: بێ قەزابی ئێجگار واش نا.

(بە) وەك: بە ئومێدی تۆ خودایە.

ئەو نموونانەی سەرەوە نموونەی ناو فەرهەنگی (قامووسی زمانی کوردی) زەبیحییە.

8- **ئامرازی پەیوەندی:** ئامرازی پەیوەندی ئەو جۆرە ئامرازانەن، کە دوو رستەی سادە بەیەکەوە دەبەستنەوە و بە زۆری یاریدەی رۆنانی رستەی لێکدراو دەدەن، یان لە رستەی ئاوێتەدا رستەی شوێنکەوتوو دەگەیننە رستەی سەرەکی. ئەم ئامرازانە لە زمانی کوردیدا ژمارەیان زۆرە: (و، ش/یش، هەم، بەڵام، بەڵان، یا/یان، یاخود... نەك/نەوەك، چونکە، ئەگەر، دەنا، ئەنجا، بەڵکو، کەچی...و هتد.) ئەرکی جۆراوجۆر دەبینن. (ئەورەحمانی حاجی مارف: 2014: 12). چەند نموونەیەك:

میرزا<u>ش</u> قسەی کرد.

ئێوە برۆن من<u>یش</u> دێم. ل 242.

منداڵینە بچن بۆ خۆتان یاری بکەن <u>بەڵام</u> جلەکانتان پیس نەکەن. ل 212.

تۆ ئێستا بچۆ <u>بەڵکو</u> لەوێ بێ. ل 213.

9- **ئامرازی سەرسوڕمان و بانگهێشتن:** ئامرازی بانگهێشتن بۆ ڕوونکردنە هەموو جۆرە بانگکراوێك ، چ ئادەمیزاد، چ غەیری ئادەمیزاد، چ ناوە مەعنەوی ...بێت، بەکاردەبرێت وەك (ئەی، هۆ، هی، یا ...) (ئەورەحمانی حاجی مارف: 2014: 11).

(ئە)ی ئامرازی بانکردنە و لە دوای ناو دێت و لەگەڵ دوایەمین پیتی تێکدەکرێتەوە. بۆ نموونە: دا وەرە کوڕە!. هۆ مامەکە بەجێم مەیەڵە.

دیاریکردنی ئامرازی (بەهبەه) سەرسوڕمان و ناڕەزایەتی و ناخۆشی بەکاردێت. نموونە: بەهبەه! وەڵڵا بابە تەواومان کرد. (هەمان سەرچاوە: 1979: 223).

ناوی دەنگی (ئای)یش بۆ سەرسوڕمانێکی زۆر بەکاردێت. نموونە: ئای ئای!! خۆڵێشم مۆر دەبێتەوە.

ئامرازی بانگهێشتن بۆ ڕوونکردنە هەموو جۆرە بانگکراوێك، چ ئادەمیزاد، چ غەیری ئادەمیزاد، چ ناوی مەعنەوی... بێت، بەکاردەبرێت وەك: (ئەی، هۆ، هی، یا...). (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 2014: 11). (ئەی) ئامرازی بانگهێشتنە. بۆ نموونە: ((ئەی بلبولی بێدانە من و تۆ...)). (عبدالرحمن زەبیحی:1977: 195).

10- **پارتیکڵ:** (جا، ئەمجا، سا، ...هتد). دەگرێتەوە. بە تەنها هیچ مانایەك نادەن بەدەستەوە، بەڵکو لە ڕستەدا بوونیان دیاریدەکرێت. بۆ نموونە (ئەمجا) لە هۆنراوەیەکی پیرەمێرد بۆمان ڕوون دەکاتەوە بۆ نموونە: ((ئەمجا دەچوویتە شارەوە ناو ماڵی عاسیمە))

((بێت و بنووسرێت نابێتە خۆیی چێشت ئەمە کەمە)). (پیرەمێرد-251). (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 170).

لە وشەی (ئەگەرێکو) هاوواتای ئەگەرکو لە ڕستەکەدا جا باشە ئەگەرێکو لەوێ نەبوو چیبکەین.

(**با**) وەك: با ئەو بچۆڵەیە بەردەستی چێشتکەرەکە بێ.

(**جا**) وەك: جا ئەوە چیە؟ هەر ئاو خواردنەوەیە.

## 4-1/3) ڕێبازی نوێی بەشەکانی ئاخاوتن لە فەرهەنگدا:

زانستی زمانی نوێ دەتوانێت بەشدارییەکی بەرهەمهێنەر لە بواری سینتاکس لە فەرهەنگدا بکات، ئەویش بە پەرەسەندنی شێوازی بەکارهێنانی ڕەمزی تایبەت بە بەشەکانی ئاخاوتن و دابەشکردنی بە سەر دەروازەکاندا. (علی القاسمی: 2004: 82). کاتێك لە فەرهەنگەکاندا دەنووسرێت ئەو وشەیە ناوە، بەڵام نانووسرێت کە ئەو ناوە بەرجەستە یان نابەرجەستە یان ژمێردراوە...هتد. تەنها ڕەمزی (نا)ی بۆ وشەکە دەنووسرێت، بێگومان ئەمە زانیارییەکی کەمە بۆ کەسێك کە بیەوێت سوود لەو فەرهەنگە ببینێت. هەروەها بەشەکانی تریش بەهەمان شێوەیە. زەبیحیش بەهەمان شێوە ئاماژەی پێکردووە و نووسیویەتی، واتە زانیاری ئەوەی نەنووسیوە کە ئەم ناوە بەرجەستە یان واتاییە...هتد. پێویستە ئەو زانیارییانە هەبوایە لە ناو فەرهەنگەکەیدا. هەروەها فەرهەنگەکان ئاماژە بە بەشەکانی ئاخاوتن دەکەن، کە دەڵێن وشەکان ناون یان فرمان یان پیتە، بەڵام زانیاری لەم بارەیەوە زۆر کەمە و زۆر جار پێویستی بە وردبینی و وردێتی هەیە. لەناو فەرهەنگدا پیتن دەنوسرێت (ناو) بۆ وشەکە، بەڵام ئاماژە بە جۆری ئەو

(ناو)ە ناکات کە لەژێر ئەو پۆلێنەدایە، وەك ئایە ناوەکە کۆیە، ناوی ڕەگەزەکەیەتی، واتاییە، بەرجەستەییە...هتد. (هەمان سەرچاوە: 75).

## 5-1/3 ) کەمی زانیاری مۆرفۆلۆژی لە فەرهەنگدا:

چەندین پێناسەی جۆراوجۆر بۆ مۆرفۆلۆژی کراوە ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکە:

مۆرفۆلۆژی[11] بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە بارەی وشەوە لەڕووی پێهاتن و گۆڕانەوە. (ئەورەحمانی حاجی مارف: 1979: 4). مۆرفۆلۆژی: ئەو زانستە یە کە لە مۆرفێم (morpheme)ی وشەی زمان دەکۆڵێتەوە لەڕووی قەوارە (form)و جۆر و ماناوە، هەروەها مۆرفۆلۆژی زانستی بنکەی وشەکانە و زانستێکە لە پێکهاتن و شێوەی گۆڕانی وشەی زمان دەکۆڵێتەوە و کەرەستەی لکۆڵینەوەی ئەم ئاستە واتە (مۆرفۆلۆژی) مۆڕفێمە. مۆرفۆلۆژی دیراسەی ڕۆنانی وشەیە. (بڕوانە: شهاب شێخ طیب: 2014: 58).

ئەوەندەی باسکراوە فەرهەنگەکەی مامۆستا زەبیحی بەهەردوو بەرگەکەیەوە یەکێکە لەو فەرهەنگی کوردییانەی کە هەوڵی دابێت لە دەروازەی وشەکانیدا جێی بۆ زانیاری مۆرفۆلۆژی کردبێتەوە، بەمەش لەم ڕووەوە بۆتە پێشەنگی فەرهەنگی کوردی. هەروەها ئاماژەی بە ژمارەی مۆرفێمی وشە ناسادەکان کردووە، واتە ئەوەی دیاریکردووە کە ئەو وشەیە لە چەند مۆرفێم پێکدێت. بۆ نموونە لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە بەم شێوەی خوارەوە:

(**ئاردەشان**) ــ [ئارد+ ە ــ ئە/1 + شان (وەشاندن)]. (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 14).

(**ئەیەڕۆ**) ـ [1– ئەی/2+ 3– ئە/2+ ڕۆ]. (هەمان سەرچاوە: 196).

(**بازەبەران**) ـ [2– باز+ 3– ئە/2+ بەر (بردن)+ 2– ئان/1]. (هەمان سەرچاوە: 1979: 35).

(**بلاوەپێ کردن**) ـ [بلاوە + پێ (بە+ ی) + کردن). (هەمان سەرچاوە: 97).

فەرهەنگنووسان پێویستە لە زانیاری مۆرفۆلۆژی ڕەچاوی ئەمانەی خوارەوە بکەن:

أ– بایەخدان بە پێکهاتە زمانییەکان، هەروەها ڕەچاوکردنی وشە ئەرکییەکان، وەك: پێشبەند و پاشبەند و ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی بەستن...هتد.

ب– بەیانی جۆری وشە لە جیاکردنەوەی تاك یان کۆ بێت لە ناسراو و نەناسراودا. (سنگەر علی مامە: 2013: 102)، چونکە زۆر گرنگە جۆری وشەکان لە ناو فەرهەنگدا هەبێت. بێگومان زانستی مۆرفۆلۆژی لێرەدا

---

11– مۆرفۆلۆژی (علم الصرف Morphology). زاراوەی مۆرفۆلۆژی کە لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە، لە: (morph_ شێوە، فۆرم) و (logos_ زانست، لێکۆڵینەوە) پێکهاتووە. (بڕوانە: ئەورەحمانی حاجی مارف: 2014: 6).

دوایی نایەت، چەندین ڕاستی مۆرفۆلۆژی تر هەن کە دەبێت فەرهەنگ بەسەرچاوەوە بیان گرێت. گەورەترین گۆڕان لەم ڕووەوە ئەوەیە کە گیرەکەکان وەك وشە ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێت، وەك وشە دەروازەیان بۆ دابنرێت. (محەمەد مەعرووف فەتاح: 2001: 171). بۆ نموونە پێشگرەکان و پاشگرەکان وەك چۆن بۆ وشەکان دەروازە دادەنرێت. هەروەها دەبێت بۆ گیرەکەکانیش دەروازە دابنرێت. وەك: (– ستان، ەکە، ئێ ...هتد). (–ئستان) وەك پاشگرێك ئەم ڕۆڵانە دەبینێت:

1– دەچێتە سەر ناو وەك پاشگر بەناوی نەتەوە و عەشیرەتەوە و شتەوە دەلکێت. بۆ نموونە: کوردستان، عەجەمستان، لوڕستان، مێروستان.

2– بە دوای هەندێ (ناوی کات)یشەوە دەبینرێت. بۆ نموونە: زستان. (عەبدالرحمن زەبیحی: 1977: 108).

### 6-1/3 ) پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی فەرهەنگ:

پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکان بەزۆرترین پێکهاتە زمانییەکان دادەنرێت لە فەرهەنگە کوردییەکاندا، کە هەندێ لە فەرهەنگە کوردییەکان بایەخی زۆریان پێداوە. هۆی کەم بایەخ پێدانەی فەرهەنگسازەکان بە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی بۆ سروشتی زانستی مۆرفۆلۆجی دەگەڕێتەوە، مۆرفۆلۆژیش گۆڕانکارییە لە بنیاتی وشەدا. کەواتە زانستێکە بایەخ بە لێکۆڵینەوەی پێکهاتەی وشە دەدا. (محمد خميس القطيطي: 2013: 115).

کوردی وەك زمانە لکاوەکان، لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیدا، بەشێکی کەمی وشەکانی سادەن (یەك مۆرفێم) و زۆرینەی وشەکانی بە ڕێگەی لێکدان (لێکدانی دوو مۆرفێم)، یان داڕشتن (ئاوێتەکردنی مۆرفیمێك، یان زیاتر لەگەڵ لاگرەکاندا) پێکدێنێت. (شیلان عومەر حسەین:2007: 103). لەبەرئەوە دەبینین کە دۆزی مۆرفۆلۆژی جێگەیەکی گەورەی لە فەرهەنگدا وەرگرتووە، باڕستەی ئەو زانیارییە مۆرفۆلۆژیانەی کە لە فەرهەنگدا دەبێت هەبێت. لە سەر دوو بنەما بنیات دەنرێت:

یەکەم: باڕستی فەرهەنگ.

دووەم: ئەو توێژەی کە بۆی دانراوە.

ئەگەر بێت و فەرهەنگ بۆ قسەپێکەرانی فەرهەنگەکە بێت، هەندێ هێمای خێرا بەسە بۆ گۆڕانکارییە مۆرفۆلۆژییەکان کە دەلکێت بە وشەکەوە، دیاریکردن و ڕوونکردنەوە، هەندێ داڕشتەی ناوێزە، بۆیە دەبێت فەرهەنگ هەموو زانیارییەکی مۆرفۆلۆژی بۆ دەستەبەر بکات، بۆ ئەوەی لە هەموو دەروازەکان بگات و بەکاریبێنێت. (سەرچاوەی پێشوو: 116).

لە ڕووی پێکهاتنەوە دابەش دەبێتە سەر ئەم بەشانە:

1- **وشەی سادە:** بەو وشانە دەوترێن، کە لە تاکە مۆرفێمێکی ڕیشەیی پێکهاتبن. وەك:

ئاسن، بەرد، من، تۆ، .....هتد.

2- **وشەی داڕێژراو:** وشەی ناسادەیە، کە لە مۆرفێمێکی ڕیشەیی و مۆرفێمێکی وشەداڕێژ پێکهاتبێت، وشە داڕێژەکە پێشگر یان پاشگر، یان هەردوو (پێشگر و پاشگر) پێکەوە بن. هەموو ئەو نموونانەی خوارەوە لە قامووسەکەی زەبیحی وەرگیراوە وەك:

أ- پێشگر + مۆرفێمێکی ڕیشەیی

دا + بڕین = دابڕین. ل 84

هەڵ + بەزین = هەڵبەزین. ل 188

بەر + گرتن = بەرگرتن. ل173

پێ + بەستن = پێبەستن. ل 190

بە + هێز = بەهێز. ل 225

ب- مۆرفێمێکی ڕیشەیی + پاشگر

ئاسن + گەر = ئاسنگەر.ل 30

ئەسپا + ییی = ئەسپاییی. ل 28

نیسك + ێنە = نیسکێنە. ل 82

ج- پێشگر + مۆرفێمێکی ڕیشەیی + پاشگر

بە + جەرگ + ی = بەجەرگی.

بە + دەست + ەوە = بەدەستەوە. (عبدالرحمن زەبیحی: 1979: 137- 148).

3- **وشەی لێکدراو:**

وشە لێکدراو، ئەو وشە ناسادەیەیە، کەوا بەلای کەمەوە دوو مۆرفێمی ڕیشەیی تێدابێت. وشەی لێکدراو دەتوانرێت بە گوێرەی بەشەکانی ئاخاوتن دابەش بکرێت بەسەر ئەم جۆرانەدا:

1- ناوی لێکدراو: ئاردکێش، ئاردەنۆك، ئالەکۆك، بەردەنوێژ.

2- ئاوەڵناوی لێکدراو: ئاخرخێر، ئازیەت بار، بەخت ڕەش.

3- کرداری لێکدراو: ئەستووربوون، بەیادکردن.

4- ئاوەڵکاری لێکدراو: پۆل پۆل، شاخ و شاخ.

هەروەها دابەشبوونێکی تری وشە لە ڕووی پێکهاتنەوە کە بریتییە لە:

1- وشەی سادە: ئەو وشەیەیە، کە لە مۆرفێمێکی سەربەخۆ پێکهاتبێ. دەنگەکانی (فۆنێمەکان)ی دەبنە بناغەی دامەزرێنەری وشەکە بێ زیاد و کەم. لادانی هەر فۆنێمێکیان دەبێتە هۆی تێکدانی واتاکەی یان دەبێتە وشەیەکی تر، وەك: (ئاسن، بەرد...هتد).

1- **وشەی ناسادە:** ئەو وشەیەیە، کە بەسەر مۆرفێمدا دابەش دەبێت، بریتییە لە دوو جۆر:

أ- وشەی ئاڵۆز.

ب- وشەی لێکدراو.

**أ- وشەی ئاڵۆز:** ئەو جۆرە وشانەن، کە لە دوو مۆرفێم یان زیاتر پێك دێت. ئەو مۆرفێمانەش دەشێت مۆرفێمی داڕشتن یان مۆرفێمی ڕێزمانی بن، واتا (گەردانکراو). کە وشەی ئاڵۆزیش دوو جۆرە:

1- **وشەی داڕێژراو:** ئەو جۆرە وشانەن، کە لە مۆرفێمێکی سەربەخۆ و مۆرفێمێکی داڕشتن پێکدێت. واتا مۆرفێمێك و زیادییەك. دەشێت ئەو مۆرفێمە بەندە (پێشگر) یان (پاشگر) یان (پێشگر و پاشگر) پێکەوە وشەیەکی داڕێژراو پێکبهێنن، وەك:

پێشگر: بەهێز، بەجەرگ،...هتد.

پاشگر: بسکە، بابۆڵە...هتد.

پێشگر و پاشگر: بەجەرگی...هتد.

2- **وشەی گەردانکراو:** ئەو وشانەن، کە لە مۆرفێمێکی سەربەخۆ و مۆرفێمێکی ڕێزمانی پێکدێت، مۆرفێمە ڕێزمانییەکان، وەك: (دە، ەکە، ێك،...هتد). بۆ نموونە:

دە + چ + م = دەچم.

منداڵ + ەکە = منداڵەکە.

پیاو + ێك = پیاوێك ...هتد.

**ب- وشەی لێکدراو:** ئەو وشانەن، کە بەلای کەمەوە لە دوو مۆرفێمی سەربەخۆ و مۆرفێمێکی (بەند) پێکدێت، هەروەها بێ مۆرفێمی (بەند)یش پێکدێت، وەك: بەبێ مۆرفێمی بەند، بەهۆی مۆرفێمی بەندەوە[12].

## 7-1/3) بوونی وشەی بێگانە لە ناو فەرهەنگی کوردیدا:

لەناو هەموو زمانێکدا بوونی وشەی بێگانە کارێکی سروشتییە، ئەویش بەهۆی هۆکاری زۆرەوە دەبێتە پەڕینەوەی وشە لە زەمانێکەوە بۆ زەمانێکی تر، لەوانە هۆکاری ( سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئاینی، زانستی ...هتد. هەروەها لە زۆربەی زمانەکانەوە وشە هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە.

---

12- لەم بارەیەوە بڕوانە:

- ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 2014: 64- 115.

- شهاب شێخ طیب: 2014: 75- 79.

له زمانه تورك و مەغۆڵەكانیش وشە هاتۆتە ناو فەرهەنگی زمانەكەمانەوە، بە تایبەتی لە سەردەمی حوكمڕانی عوسمانیدا، پرۆسەی فراوانبوونی فەرهەنگەكەمان بە وشەی توركی گردبۆتەوە، ئەو وشە خاسیەتی كۆمەڵایەتی وتووێژی مرۆڤ و ڕووداوی مێژووی، كە پێشكەوتنی كۆمەڵ دیاری دەكەن، دەبنە هۆی ئەوەی كاری زمانێك بەسەر زمانێكی دیكەوە ببێت و زمانێك لە زمانێكی كەوە شت وەربگرێت. ئەم دیاردەیەش پتر لە موفرەداتی زماندا دەردەكەوێت. لە ئەنجامی پەیوەندی دووررودرێژی ئابووری و سیاسی و جەنگیی و كولتوری میللەتی كورد لەگەڵ میللەتانی تردا، گەلێك ڕەگ (عنصر)ی وشە هاتونەتە زمانی كوردییەوە و لە دەستوریدا بنجی خۆیان پتەو كردوە. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1975: 40).

هەرچەندە لە زمانی كوردیدا وشەی بێگانە زۆرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەیەكی كەمی تێكڕای موفرەداتی زمانەكەیە. بەشێك لەو وشە بێگانانە ناوی ئەو شت و دیاردەیەن كە لای كورد نەبوون و لەگەڵ هاتنیان، ناوەكانیان لەگەڵ خۆیان هێناوە، وەك (حەج، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، عەبا...هتد). بەشێكی دیكەیان ئەو وشە بێگانانەن كە بۆ هەمان مانا بەرامبەریان وشەی كوردی ڕەسەن هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر هاتوونەتە زمانی كوردییەوە، وەك (فەقیر، ئەرز، فكر، عیلاج...هتد). (هەمان سەرچاوە: 45-46).

هەندێ وشە كە لە زمانی بێگانەوە كەوتوونەتە ناو زمانی كوردییەوە، وا ڕێككەوتووە لەگەڵ وشیەكی كوردی ڕەسەندا لە نووسین و خوێندنەوەدا وەك یەك بن و لە هەمان كاتیشدا هەر یەكە مانای تایبەتی و جیاوازی خۆی هەبێت، وەك: بیر ——— بیر و هۆش

بیر ——— (بئر – عەرەبی). (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1975: 19).

عبدالرحمن زەبیحی لە هەردوو بەرگەكەیدا وشەی بێگانەی تێدا بەكارهێناوە و بە كارامەییەوە وشەكانی دیاری كردوە كە سەر بە چ زمانێكی بێگانەیە. كاریگەری و هەڵسوكەوت لەگەڵ زمانی قورئانی پیرۆزدا، واتە عەرەبی، دەیان وشە و زاراوەی تری (جگە لە ناوی تایبەتی مرۆڤ) كە لە بواری ئاین و بوارەكانی تری ژیاندا، تووشیان بە تووشیانەوە بووە، جێگای خۆیان لە فەرهەنگی زمانی كوردیدا، كردۆتەوە و بوون بە گەنجینە و سەرچاوەیەكی گرنگ بۆ سازكردنی وشەی نوێ لە زمانەكەماندا، كە بەمەش دیسان فەرهەنگی زمانەكەمان، نەش و نمای كردووە و گەشەی سەندووە، ئەمانە چەند نموونەیەكن، لەو وشە كوردیانەی كە بەشێك لێیان بە ئەسڵ عەرەبیین. (فاروق عمر سدیق: 2011: 56).

نموونە: ئاخر، ئەدەب، ئەسەف، ئایەت، ئیمان، بابەت، باقی، بەیت،...هتد. بێگومان لە زمانی فارسیدا چەند وشەیەك و ناوێك هاتوونەتە ناو زمانەكەوە. بۆنموونە: ئەختەر، ئاڵودە، ئەشك، بازرگان، بەرباد،...هتد. كوردییە بە ئەسڵ توركی و مەغۆلیانە لە بواری جیاوازی ژیاندا، بەكارهێنراون و ئێستاش لە كارادان.(هەمان سەرچاوە: 57). ئەمانە نموونەیەكن (ئاڵتوون، باجی، ئۆغر، ئۆین، بۆیاغچی، بەڵا،...هتد. لە زمانە ئەوروپاییەكانیشەوە، بەتایبەتی لە دوای جەنگی جیهانی یەكەمەوە، یان لەگەڵ

شتومەکەکانیاندا، یان لە ڕێگای بیر و چەمکەکانیانەوە وشەکانیان جێی خۆیان لە زمانەکەماندا کردۆتەوە و بەردەوامیش، لە شوێن گرتندا. چەند نموونەیەك لە فەرهەنگەکەی زەبیحی وەك: (ئەلەکترۆن، ئۆکسجین، یۆرانیۆم، ئابوونە، ئاڵکول، بۆمبا ...هتد)، بێگومان ناتوانیین دەستبەرداری هەندێك وشەی بێگانە ببین لە ناو زمانەکەماندا، چونکە هەندێك وشە وەك: (شاعیر، عیشق، شایەت ...هتد). بە پێی مێژوو بۆتە موڵکی زمانەکەمان و دەستبەرداربوونی ئەستەمە. وشەی بێگانەکانی ناو فەرهەنگەکەی زەبیحی لە بەرگی (٤)دا لە پاشکۆی ژمارە (6) دانراوە و بەرگی (ب)دا لە پاشکۆی ژمارە (11)دا دانراوە.

## 8-1/3) بایەخدان بە پێکهاتە زمانییەکان و ڕەچاوکردنی وشە ئەرکییەکان:

لە هەر زمانێکدا وشە لە دوو جۆر پێکدێت، ئەوانیش وشەی فەرهەنگی و وشەی ئەرکین، وشەی ئەرکی وشەیەکە واتای فەر هەنگی نییە. وشەی ئەرکی بەرامبەر بە (Function word)ی زمانی ئینگلیزی و (الكلمة الوظيفية)ی زمانی عەرەبی دەوەستێت، وشەی فەرهەنگی ئەو وشانەن کە مانایان هەیە و خاوەنی واتان و واتای ڕستەش هەڵدەگرن. (أمير محمد أمين: 2014: 4– 5). وشە ئەرکیەکان وەکو کەرەستەیەکی زمان بەشداری لە دروستکردنی وشەی نوێدا دەکەن. بەشێك لە وشەکانی زمان، لە جۆری وشەی ئەرکی دایە، ئەم وشە ئەرکیانەش بە شێوەی وشەی سەربەخۆ خۆیان دەنوێنن و لە کۆمەڵێك وشە پێکدێن. کۆمەڵی وشە گروپێکە لە وشە، کە سیما و تایبەتێتی سینتاکسی و مۆرفۆلۆژیان تێدایە، بە شێوەیەکی ئاسایی بە بەشێك لە بەشەکانی ئاخاوتن دادەنرێت. (David Crystal. 1992. 420). وشەی ئەرکی، ئەو وشانەن کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە دیاردەی واقعییەوە نییە و سەربەخۆ ناتوانن وەك ئەندامێکی ڕستە خۆیان بنوێن، بەڵکو دەوریان یارمەتیدانی وشە تەواوەکانی بەشەکانی ئاخاوتنە لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیاندا بەتایبەتی بۆ دەربڕینی واتایان و پێکەوەبەستنیان لە ڕستەدا. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1979: 10). واتە واتایەکی ڕوون و ئاشکرا بە تەنیا نادەن بەدەستەوە. وشەی ئەرکی ئەو جۆرە وشانە دەگرێتەوە کە لە فەرهەنگدا شێوە و واتای سەربەخۆیان نییە، بەڵکو واتایان لە ڕووی ئەرکەوە دەردەکەوێت، وەك: (بەلام، بەڵکو، بریا، بۆ،...هتد. (ئەگینا) وشەیەکە دوو ڕستە پێکەوە دەبەستێتەوە نموونە: لام وایە هەر بۆ تۆقاندن و ئازاردانی خەڵك دایاننا وە، ئەگینا دەستە و دیاردەیەکی باشیان لە سەر دائەنا. وشەی (بەڵکو) بە واتای ڕەنگە، لەوانەیە، ڕێی تێدەچێ، بۆ نموونە: تۆ ئێستا بچۆ بەڵکو لەوێ بێ. ئەم وشەیە هاوواتای زۆرە وەك: بەڵك، بەڵکم، بەڵکە، بەڵکی...هتد. (ئەدی) ئامرازە بۆ چەند مەبەستێك، لە وەڵامی پرسیارێکدا بە ڕاست زانینی قسەیی پرسیارکەرەکە دەگەیەنێت. نموونە: (باش خەوتن؟) هەروەها ڕستەی پرسیاری تێکەڵ بە سەرسوڕمانی دەست پێدەکا و ئەم مەبەستانە دەگەیێنێ:

کەوایە، کەوابوو، نموونە: ئەدیی ئەوە بۆ کوێ دەچن. گرنگی (قامووسی زمانی کوردی) لە پێکهاتەی زمانەوانی، بۆ نموونە: ئازار، ئاوارە، ئەیەڕۆ، ئێش...هتد.

ئەی هۆ: ئامرازە بۆ دووپاتکردنەوەی بێزاری زۆرتر پیشان دەدا، ئەی هۆ چی بەسەر چێوەیە.

وشەی ئەرکی وەکو وشەیەکی سەربەخۆ دەتوانن، بىن بە بەشێك لە پێکهێنانی وشەی لێکدراو و مۆڕفێمێکی نوێ و واتایەکی نوێ دروست بکەن. بۆ نموونە: وشەی ئەرکی (ئاخ) ئاخ و داخ ئاخ هەڵکێشان وەك: ئاخ لە دەست مناڵی ئەم زەمانە. (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 9– 10). وشە ئەرکیەکان سەڕەڕای ئەرکیان لە ڕستەدا، ڕۆڵێکی گرنگیش لە ڕۆنانی وشەی داڕێژراودا دەبینن. وەك: بەجەرگ، بەهێز ...هتد.

### 9-1/3 ) دیاریکردنی جۆری وشەکان لە ڕووی:

#### 1- ڕەگەز ( نێر و مێ ):

لەنێو دیالێکتە ناسراوەکانی زمانی کوردیدا سێ دیالێکتی کوردی ژوور و هەورامی و زازایی بە شێوەیەکی ئاشکرا و لە ژێر باسی ڕێزمانیدا، نێر و مێ بەکاردێنن. (سید جلال الدین نظـامی: 1388: 103). لە هەر دوو بەرگی فەرهەنگەکەدا مامۆستا ئاماژەی بە (نێر و مێ)ی نەکردووە کە وشەیەك تایبەت بێت بەنێر و مێ، تەنیا لە دەستەواژەی (بابانت خراپ بێ) نزایە و (بابانت شێوێ) تەنیا لە ناو ژناندا باوە. (عبدالرحمن زەبیحی: 1979: 10)

#### 2- ژمارە ( تاك و کۆ ):

زەبیحی لە فەرهەنگەکەیدا ئاماژەی بە ناوی کۆ و تاك نەکردووە، بەڵام ئاماژەی بەو ئامرازانە کردووە کە بۆ کۆ بەکاردێن. بۆ نموونە وەك:

ئامرازێکی تریش کە دەبێتە پاشگر، ئەویش ئامرازی (ئان)ە کە پاشگری کۆیە بۆ ناوان. بۆ نموونە: (کوردان، عەجەمان، چاوانی دەردێنم). هەروەها وشەیەك پاشگری (ەکە)ی هەبێت، کاتێك پاشگری (ەکە) لابەین و پاشگری (ان)ی کۆمان خستەسەری دەبێتە وشەیەکی کۆ، بۆ نموونە: چرا_ چراکە_ چراکان. منداڵە زیرەکەکان. (هەمان سەرچاوە: 163).

ڕاناوی کۆ (ئەمان)مان هەیە کە تەنیا بۆ مرۆڤ بەکاردێت. بۆ نموونە: نەخێر ئوتۆمۆبیل وەستاو لە دەرگای ئەمانیشیاندا...، ئامرازی (ئات)ەوە کە ئامرازێکی کۆیە و بە دوای ناوەوە دەلکێت، وەك: ترشیات، دێهات، شامات، شیرینیات، عێلات، کێوات، ماڵات، میوەجات. (هەمان سەرچاوە: 4).

**ناوی (ئافات)یش له زمانی عەرەبیدا کۆیه** (أفت)ه **ئەم وشەیه به شێوەی کۆ هاتۆته ناو زمانی کوردی، بەڵام زیاتر وەك (تاك) بەکاردێت. وشەیەکی تر (ئافاق) له زمانی عەرەبیدا کۆی** (أفق)ه. (هەمان سەرچاوە: 42).

**ئامرازی** (ئینه) **بۆ بانگکردن و ڕۆژی قسه تێکردنه** (خطاء و نداء) **بۆ کۆ، که به دوای ناوەوه و ئاوەڵناو دەنووسێت، بۆ نموونه: (ئەی کوردینه. هۆ خەڵکینه. هەی جوامێرینه). ئەم وشه کۆیانه زۆر جار ئامرازی (ئەی، هۆ، هەی) که دەخرێته پێش وشەکه ئەم ئامرازانه دروست دەبێت. که وشەی (کوردینه، خەڵکینه، جوامێرینه) کۆن.** (هەمان سەرچاوە: 244).

## 3- ناساندن ( ناسراو و نەناسراو ):

**زەبیحی له فەرهەنگەکەیدا هیچ هێمایەکی بۆ ناوی ناسیاوی و نەناسیاوی دانەناوه و له ناو وشەکاندا ئاماژەی بۆ نەکردووه، بەڵام لەناو نموونەکاندا نووسیویەتی بۆ نموونه وەك:**

**(ئەکه) پاشگری ناوی نەناسراو (نکره)وه دەنووسێ و دەیکا به ناسراو (معرفه).**

**بۆ نموونه: (کوڕەکه، منداڵەکه، پیاوەکه، تەشوێیەکه، پیاوه ئازایەکه).** (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 163).

**(ئێ) پاشگری نەناسیاوییه ئەو شتەیه. وەك: ئەسپێ (یەك ئەسپ)، کوڕێ (یەك کوڕ).** (هەمان سەرچاوە: 1977: 229).

## تەوەرەی دووەم: لە ڕووی سینتاکسەوە:

### 1-2/3 ) پەیوەندی و کاریگەری سینتاکس و فەرهەنگ:

لە تێڕامانە باوەکانی زانستی زماندا، ئەو تێڕامانەیە دەڵێ: سینتاکس و فەرهەنگ دوو بەشی گرنگی بنیاتی زمانن، پەیوەندی فەرهەنگیش بە سینتاکسەوە لە تیۆرێکی زمانەوە بۆ تیۆرێکی تر بە شێوەیەکی گەورە دەگۆڕدرێت. بۆ نموونە سینتاکسی چۆمسکی(Chomsky) بریتییە لە فەرهەنگ. لەم بارەیەوە چۆمسکی دەڵێت: ((سینتاکس لە بنەڕەتدا لە ڕەگەزێکی ڕەها و فەرهەنگ پێکدێت)). (علی القاسمی: 2004: 53)، چونکە لە فەرهەنگدا ئەو وشانەی کە دەنووسرێن، بێجگە لە زانیاری وشەکە کە دەدرێت زانیاری سینتاکسی بۆ زیاد دەکرێت، لەبەر ئەوەی ڕوون کردنەوەکان چ بخرێتە ناو ڕستەوە یان ئەرکەکان دیاریبکات هەر بەهۆی سینتاکسەوە دەبێت.

گومانی تێدا نییە، کە پەیوەندی نێوان سینتاکس و فەرهەنگ پەیوەندییەکی توندە، سینتاکس بایەخ بە واتا دەدات، بەڵکو ئەو واتایەی کە ڕستە و پێکهاتەکان دەیدەن، ئەوەیە کە جێ و ئەرکی کەرستە زمانییەکان لە ڕستەدا ئاسان دەکات. چەند جارێك زانای زمانەوانی (سۆسێر) ئاگاداری کردوینەتەوە کە ڕەوا و مەعقول نییە فەرهەنگ و سینتاکس لەیەك جیابکەینەوە. (محمد احمد ابوالفرج: 1966: 13).

سینتاکس بایەخێکی گەورەی لە زماندا هەیە و جێگایەکی هەرە گرنگی گرتووە، بە جۆرێك کە بیروڕای زانایەکی وەك چۆمسکی: ((دڵ، جێگایەکی گرتووە لە لەشی مرۆڤدا، سینتاکسیش هەمان شوێنی لە زماندا هەیە. (بکر عومەر علی: 2014: 121). ڕێزمان بڕیاری جۆر و پۆلێنەکان دەدا و بایەخ بە پەیوەندی نێوانیان دەدا، کەچی فەرهەنگ بەرپرسە لەو بارودۆخانەی کە پەیوەستە بە ئەندامەکانەوە کە سەر بەو جۆرانەن. نموونەی ئەوەش دابەشبوونی ئاخاوتنە بۆ جۆری وەك ناو و فرمان و پیت کە ڕێزمان دابەشی کردووە، پاشان دابەشبوونی هەر جۆرێك لەوانە بۆ پۆلێنی وردتر، وەك دابەشبوونی فرمان بۆ تێپەڕ و تێنەپەڕ. (علی القاسمی: 2004: 54).

دەکرێت زانیارییە سینتاکسییەکان لەسەر دەستبەکاربوون لە پۆلێنکردنی فەرهەنگدا باس بکرێت، مەبەستمان لەمە بابەتی هەڵبـژاردنی دەروازەکانە. کە دەروازە سەرەکییەکانی فەرهەنگ پێویستە بۆ مۆرفێمەکان یان مۆرفێمە لێکدراوەکان دیاریبکرێت. وەك:

1- مۆرفێمە لکاوەکان (بەند- Bound morfhemes) وەك: (- ان) و (- ەکە) و (- ێك)ە. (علی القاسمی: 2004: 79). ئەو مۆرفێمانەن کە پابەندی مۆرفێمێکی ترن. بەهیچ شێوەیەك واتای سەربەخۆیان نییە، واتە بە تەنیا دەرناکەون و واتای تەواو نابەخشن.

2- مۆرفێمــە ســەربەخۆکان (Free morphemes) و وشــەکان، وەك: (ئــافرەت، بــەرد...)، ئــەو مۆرفێمانەن کە لە ڕووی فۆڕم و واتاوە دەتوانن سەربەخۆ ڕەفتار بکەن و لە ناو ڕستەدا ئەرك و ڕۆڵــی خۆیــان ببیــنن، وەك (زیــرەك، دار، پــیر، ...هتــد).) وشــە لێکــدراوەکان و دەســتەواژە زاراوەییەکان، وەك (تۆمارکری وێنەیی) و (ئارەزوودەکات). (علی القاسمی: 2004: 79).

## 2-2/3 ) کەمی زانیاری سینتاکس لە فەرهەنگدا :

پێویستە سینتاکس لە پێشەکی فەرهەنگەکەدا بایەخ بە هەموو پەیوەندییەکانی نێوان جۆرەکانی وشەکان بدات و ئەرکی دیاریکردنی لق و هەموو بەشەکانی لەخۆبگرێت. پێویستە زانیارییە سینتاکسییەکان بەشێوەیەکی گونجاو و ڕێکوپێك ڕێکبخرێت: ((بە مەرجێ بەکارهێنانی فەرهەنگ ئاسان بکات و پێشەکی فەرهەنگەکە پێناسەیەکی پوختی ئەو ڕەمز و هێمایانەی تێیدایە تێدابێت)). (علی القاسمی: 2004: 78). زەبیحی لە لاپەڕەی (95 تا 99) وەك پێناسەیەك باسی کردووە و لە (107)دا هێماکانی نووسیوە. ئەوەی ئێستا لە هەندێ فەرهەنگدا لە ڕووی سینتاکسەوە پەیڕەو دەکرێت دوو شتە:

1- دیاری کردنی بەشی ئاخاوتنی کەرەستەی فەرهەنگی کە وەك: ناو، ئاوەڵناو، کار.

2- لەگەڵ کارەکاندا هەندێ جار تێپەڕی یان تێنەپەڕی کارەکە نیشان دەدرێت. ئەو دووخاڵە پێویست و پەسەندن، بەڵام بەتەنیا کەڵکیان کەمە و دەبێت زۆر زانیاری سینتاکسی تر بخرێتە پاڵیان. (محەمەد مەعرووف فەتاح: 2001: 127). لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا زانیاری وشەسازی و زانیاری سینتاکس بەیەکەوە باسدەکرێن و لەسەری دەدوێن، بەڵام لەم نامەیەدا ئەو زانیاریانە جیادەکەینەوە. زانیاری سینتاکسی پێویستە فەرهەنگ گرنگی بە دیاریکردنی جۆری کارەکە بدات لە ڕێگای تێپەڕ و تێنەپەڕەکەی کە بە کارەکە و جۆری کارەکەوە دەبەسترێتەوە. (أحمد مختار عمر: 1998: 154).

دیاریکردنی دەروازەی ناو یان کار یان ئاوەڵناو. ئاماژە بۆ جۆری و پۆلێنکردنی کارە کە تێپەڕ بێت یان تێنەپەڕ بێت لەگەڵ کاتی کارەکە. (سنگر علی مامە: 2013: 102).

## 3-2/3 ) ئەو کەرەستە سینتاکسیانەی کە دەبێت لە فەرهەنگدا هەبێت:

### أ- دیاریکردنی کردارەکان:

زەبیحی لە هەر دوو بەرگی فەرهەنگەکەیدا کردارەکانی بە شێوەی ڕاستەوخۆ کردارەکانی دیاری نەکردووە.، تەنانەت هێماشی بۆ دانەناوە، بەڵکو لەگەڵ نموونەکانیدا باسی کردوون. تەنها کرداری (ئەژی) نووسیوە و نەرێشی کردووە (ناژێ). (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 136). چەند نموونەیەك وەك:

ئەو هەموەم بۆ نانوسرێتەوە . بۆم ناشۆرێ . لەو دوو ڕستەیەدا کردارەکان (ڕانەبردووی نەرێ)یە.

لە پێشگری (ئە) کاردا کە ئامرازی کاتی (حاڵ) و (ڕانەبردوو)ە بۆ کارکردنی کار بۆ نموونە: ئەچم، ئەخۆم، ئەنووسم. هاوواتای (دە)یە دەچم، دەخۆم، دەنووسم. هەروەها ئامرازی کاتی ڕابردووی ناتەواوە. وەك: ئەچووین، ئەمان نووسی، ئەیان کوشتیین. (هەمان سەرچاوە: 119).

## ب- دیاریکردنی کردارە تێپەڕ و تێنە پەڕەکان:

زەبیحی لە هەردوو بەرگەکەی (أ – ب)دا ئاماژەی بە کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ کردووە، بەڵام لەگەڵ چاوگ تێکەڵی کردووە واتە بە تەنها ئاماژەی بۆ نەکردووە. زەبیحی هێمای بۆ (تێپەڕ– مت) و (تێنەپەڕ– لا)ی داناوە، بەڵام لە ناو فەرهەنگەکەدا بۆ کارەکان بەم شێوەیە هێمای بۆ داناوە. (صت . مت) و (صت . لا).

نموونە بۆ کرداری تێپەڕ لە هەردوو بەرگەکەدا وەك:

ئابڕووبردن، ئارام لێ بڕین، بڕشت لێدان، بوژانەوە، بەکرێگرتن، بەندکردن، بەشودان، لێ بەندبوون، لێك بەستن، بەسەرکردنەوە، بەهانەپێگرتن، بەیدەست کردن،ئابڕوبردن، ئیزافەکردن، ئیلهام وەرگرتن، ئیهمال کردن، ئیجاب کردن، ئیش پێداکردن، ئیشك کردن، ئیرادەلێگرتن...هتد.

نموونە بۆ کرداری تێنەپەڕ وەك:

خۆبادان، ئارام بوون، بڕان، ئارەق کردنەوە، بۆچوون، بوژانەوە، بوون، بەرخستن، بەقین داچوون، بەکەڵك هاتن، بەیادکردن، بەکەڵك بوون، بەیعەت پێکردن، ئارام بوون، ئاڵوبۆڵ بوون، ئاویشتن، ئیکمال بوون، ئیمان هێنان، ئیشك بوونەوە، ئیش کردن...هتد.

## ج- ناوی بکەر:

زەبیحی ئاماژەی بەناوی بکەر کردووە لە وشەکاندا و هێمای (صفا)ی بۆ داناوە بۆ نموونە وەك:

ئەجزاچی_ {ئەجزا+ چی}، ناوە بکەرە ئەو کەسەی پیشەی دەرمان فرۆشتن بێ. هاوواتاکەی دەوا فرۆشە. (هەمان سەرچاوە: 1977: 123).

ئەفسونباز_ {ئەفسون+ باز (رید . فع)}، ناوی بکەرە کەسێکی کاری ئەفسون کردن بێ. خەڵك خەڵەتێن. (هەمان سەرچاوە: 160).

بخواز _ {2– ب/2 + خواز (خواستن)}، ناوی بکەرە حاڵی کەسێکی زۆر داوای شت لە خەڵکی بکات. (هەمان سەرچاوە: 1979: 67).

بخۆر _ {2– ب/2 + خۆر (خواردن)}، ناوی بکەرە حاڵی کەسێکی زۆر بخوا یان کەسێك زۆر حەزی بەخواردن بکا. (هەمان سەرچاوە: 67).

بکوژ_ {2–ب/2 + کوژ (کوشتن)}، کەسێکی خەڵك بکوژێ. ناوە بکەرییە، لەبەر ئەوەی کارێك، کردەوەیەك دراوەتە پاڵ یەکێك. (هەمان سەرچاوە: 93).

## د- نیهاد و گوزاره:

نیهاد وشەیەکە یان کۆمەڵە وشەیەکە کە گوزارە لە بارەیەوە خەبەرێك دەدات و گوزارە بەشێکە لە ڕستە کە قسەکەر تێیدا هەواڵێك لەبارەی نیهادەوە دەدات. (علامرضا ارژنگ: 1387: 48).

زەبیحی (نیهاد و گوزارە)ی لە فەر هەنگەکەیدا باس نەکردووە و هیچ هێمایەکی بۆ دانەناوە، بەڵام (ئە)ی پاشماوەی کارێکە، کە بە سێیەمی تاکە کەسی نادیار و مانای (هەیە) دەدا. بۆ نموونە:

ڕۆژ ڕووناکە.

زۆراب کوڕێکی ئازایە.

ئاسنگەرێکی باش بوو.

## 4-2/3 ) ڕوونکردنەوەی وشە لە ڕستەی کورتدا:

هەر چەندە وشە دانەیەکی زمانی یەکجار دێرین و بڵاو و ئاشنایە. زەبیحی بایەخی بە وشە داوە و شیکردنەوەی گشتی بۆ وشەکان کردووە، هەروەها زۆربەی زۆری ئەو وشانەی لە فەرهەنگەکەدا بەکاریهێناوە لە ڕستەدا نووسیویەتی بۆ نموونە:

وشەی (ئاسەوار) لە ڕستەدا نووسیووەتی: هەیهوو! چەند لە مێژە مردوە هەر ئاسەواریشی نەماوە.

(ئاووهەوا) ئاووهەوای عەرەبستان گەرمە.

(ئیش) ئەم کابرایە لەوەتی هەیە ئیشی دارتاشیە. بە واتای کۆششی مرۆڤ بۆ وەدەست هێنانی بژێوی خێزانی خۆی دەیکا. هەر بابەتێکی جێبەجێکردنی پێوەبێ.

کاوە بە ئیشێك چوە دەری ژوورەکە. کردەوە.

بە قوربانی ئیشی خوابم کەسیی تێناگا.

لە بەرگی (أ – ب)ەکەشدا شێوەڕستەی نووسیوە هێمای (شر) بۆ داناوە. شێوە ڕستە: وشەیەکە مانای ڕستەیێکی تەواو دەدا بەلای منەوە ئەوەش تێپەڕبوونی ڕۆژگار قاڵی کردوە و بەچەشنی وشەیێك بەجێی هێشتوە ئەگینا لە وشەیێك زیاترە و ڕەنگە هەندێکیان هەر ڕستەی تەواویش بووبن. بۆ نموونە:

(بگرە) شێوە ڕستەیە ، وای دابنێ، وا بزانە، فەڕزکە. (عبدالرحمن زەبیحی: 1979: 93).

## 5-2/3 ) ڕستە و جۆرەکانی لە فەرهەنگدا:

لەڕووی فەرهەنگییەوە دەتوانین بڵێین (ڕستە یەکەیەکی دەنگیی لێکدراوە، کە لە وشەیەك یان زیاتر پێکهاتووە و لەگەڵ هێز و ئاوازە تایبەت دەدرێت.) (علی محمد حق شناس: 1388: 142).

کاتێك مرۆڤ دەدوێت، یان دەنوسێت کۆمەڵێك دەستەواژە دەخاتە پاڵ یەکتری، بە جۆرێك کە گوزارشت لەو بیرۆکەیە بکات، کە مرۆڤەکە مەبەستێتی بیگەیەنێت. واتە ئەم دەستەواژانە بە جۆرێك ڕێکدەخرێن، کە

واتایەکی تەواو ببەخشێت بە وەرگر، (ڕستە)ش دەچێتە ناخی ئەم کردەوەیە، مرۆڤ هەوڵدەدات ڕستەکان بەجوانترین شێواز دەربڕێت بە جۆرێك کە هیچ کەم و کورتییەکی نەبێت. (عبدالواحد موشیر دزەیی: 2014: 163). ڕستە لە ڕووی پەیوەندی واتاییەوە بۆ هەبوونی ڕاستی، ڕوودان و ڕوونەدانی مەبەست دەبێتە دوو بەش:

ڕستەی ئەریێ: وەك: شاربازێڕ وڵاتێکی ئاودارە.

ڕستەی نەریێ: بۆم ناشۆریێ.

هەروەها ڕستە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دابەش دەبێتە سەر چوار بەش: زەبیحی جۆری ڕستەکانی دیاری نەکردووە تەنها لە ڕستەکاندا جۆری ڕستەکان دەخەینە ڕوو:

1- ڕستەی ڕاگەیاندن (هەواڵدان): شێرکۆ بڕیاری داوە جگەرە نەکێشێ.

بوختانی پێکرد گوتی هەزار تمەنم قەرزارە.

2- ڕستەی پرسیار: ئامرازی (ئەدی) لە ڕستەی پرسیاری تێکەڵ بە سەرسوڕمانی دەست پێدەکات و ئەم مەبەستانە دەگەیەنێت: کەوایە، کەوابوو، ئەگەر بەم جۆرەبێ، مەگەر. بۆ نموونە: ئەدی ئەوە بۆ کویێ دەچن. (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 128). ئامرازی پەیوەندی (3- بۆ) ئامرازی پرسیارکردنە لە سەرەتای ڕستەی پرسیارەوە دێت و مانای (لەبەر چی؟) دەدات. نموونە: بۆ وات کرد؟

3- ڕستەی داخوازی: لە ڕستەی داخوازی بەهۆی کاری داخوازییەوەدەبێت.

خێرا بارەکان لەو لۆرییە داگرن.

4- ڕستەی سەرسەڕمان: بە هۆی ئامرازی (ئای)یەوە. نموونە: ئای دنیا سەیرە ها! (عبدالرحمن زەبیحی:1977: 105).

زەبیحی لە فەرهەنگەکەیدا ئاماژەی بەهیچ جۆرێکی ڕستەی سەربەخۆ نەکردووە، کە ڕستەی لێکدراو، ڕستەی مەرجی، ڕستەی ئاڵۆز، ڕستەی پرسیار ...هتد. تێدابێت، بێگومان ئەمەش لەڕووی ڕستەسازییەوە بەکەموکورتی هەژماردەکرێت.

# بەشی چوارەم

# هەڵسـەنگاندن و گیروگرفتـەکانی فەرهەنگنووسـیی کـوردی لـە ڕووی سیمانتیکەوە

## بەشی چوارەم: هەڵسەنگاندن و گیروگرفتەکانی فەرهەنگنووسیی کوردیی لە ڕووی سیمانتیکەوە:

### 1/4 ) هۆکارەکانی لێکدانەوەی واتا لە فەرهەنگدا:

ئامانجی سەرەکی فەرهەنگی زمان دەرخستن و لێکدانەوەی واتای وشەکانی زمانە، هەرچەندە وشەکانی زمان لە توانایاندا هەیە لە بڕی یەکتربەکاربهێنرێن و پەیوەندی ئاڵوگۆڕی و لە جیاتی دانان لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام لێکۆڵینەوەی تازە لەم بارەیەوە دەریخستووە ئەوەیە، کە فەرهەنگەکان لەو ئاستەدا نین کە بتوانین لە ڕێگەیانەوە بەتەواوی پەی بە چۆنیەتی بەکارهێنانی وشە و زاراوەکان ببرێت، لە بارودۆخی قسەکەر و گوێگر و ئە پەیوەندییانەی لە نێوانیاندا هەیە، ئەوانەش لە ئاخاوتن دەرکیان پێ دەکرێت لە تێکچڕژان و زەمینەی پەیوەست، وەك: ژینگە و بارودۆخی ئاخاوتن بەپێی تەمەن و ڕەگەز و باری سیاسی و ئاین و...هتد. (بەناز ڕەفیق توفیق: 2008: 25).

دیارە کە بابەتی فەرهەنگ پەیوەندی بە واتای وشەوە هەیە، واتاش لە زماندا بە کێشەیەکی سەرەکی دادەنرێت، چونکە زۆر جار ئاراستەکردنی واتای وشە، یان دەستنیشانکردنی واتاکەی بە وردی بۆ ئەو شتەی کە هێمای بۆ دەکات کارێکی ئاسان نییە، لەبەرئەوەی واتا پەیوەندی بە باری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و دەروونییەوە هەیە، کە لەگەڵ جیاوازی سەردەم و شوێندا دەگۆڕێت. وشەکانی زمانیش وەك دانەیەکی واتادار کۆمەڵێ پەیوەندی جۆراوجۆر بە خۆیانەوە دەگرن، وەك: هاوواتا و هاودەنگ و فرەواتا ...هتد. (تالب حوسێن عەلی: 2001: 183). واتا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە وشەدا کە ئەو وشانەی لە ناو فەرهەنگدا دەنووسرێت.

(نیدا) دەڵێت: لایەنێك لە زانستی واتاسازی دەچێتە سەر فەرهەنگسازی ئەویش کارێکی زۆر پسپۆڕی تایبەتییە، هەندێ جار ئەم زانستە بە پێچەوانەوە بە کەمی لێی دەڕوانین، بۆ هەندێ پێداویستی بنەڕەتی پەیوەستە بە شیکردنەوەی واتاوە. (علی القاسمی: 2004: 91).

پۆلێنکردنێکی بەسوود وشەکانی زمان بەپێی بۆنە و ناوچە و جۆری بەکارهێنان کە دەکرێت فەرهەنگناسی کورد کەڵکی لێ وەرگرێ، ئەم دابەشکردنەی خوارەوەیە کە شێواز بەسەر سێ ڕەهەند یان تەوەردا دابەش دەکات:

سیما هەمیشەییەکان (نەگۆڕەکان): زاری ناوچەیی / ستاندارد، زمانی یەکێك لە سەدەکان.

سیماکانی گوتن: زمانی گوتن و زمانی نووسین، مۆنۆلۆگ و دایەلۆگ.

سیما کاتییەکان:

أ- بوار: زمانی یاسا، زانست...هتد.

ب- پلە و پایە (بەرز، نزم (بازاڕی)، ئاسایی) بۆنەی ڕەسمی / ناڕەسمی.

ج- تاکێتی (زمانی نووسەرێك).

د- مۆدالیێتی (زمانی واتە، گاڵتە جاری، زمانی یاداشت). (محەمەد مەعروف فەتاح: 2001: 178).

زەبیحی باسی هاوواتای کردوە بە شێوەیەکی گشتی، بەڵام لێکدانەوەی بۆ ئەو پێنج هۆکارە نەنووسیوە، پێویست بوو لە ناو فەرهەنگەکەدا زانیاری لەسەر ئەو پێنج لێکدانەوەیە بنووسرێت.

## 2/4 ) پەیوەندییە واتاییەکان لە فەرهەنگی زەبیحیدا:

### 1- فرەواتایی:

دیاردەیەکی زمانە، لە زۆربەی زمانەکاندا بەدیدەکرێت، بەڵام ڕادە و چەندێتی بڵاویان لە زمانەکە بەندە بە جۆری زمانەکە، لە ڕووی چەندێتی پەنابردنە بەر پێشگر و پاشگر و ڕادەی بوونی وشەی یەك برگەیی یان مۆرفێمی لە زمانەکەدا. بوونی فرەواتایی لە زماندا گرینگە، چونکە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی زمان و کەمکردنەوەی وشە و زمانەکە لە ئاڵۆزی دوور دەخاتەوە، ئەرکی دانانی فەرهەنگ و کاری فەرهەنگنووسی و فێربوونی ئەو زمانەش ئاسان دەکات. (ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا: 2013: 193).

فرەواتای (ئازادکردن):

1- بەرەڵاکردنی یەکێك لە بەندیخانە و دیلی و ئێخسیری.

2- پساندنی پەیوەندی بەندەیی و غوڵامێتی لە ئەستۆی کەسێ، دەرهێنانی تۆقی عەبدایەتی ملی ئەو کەسانەی (عەبد)ن.

3- ڕزگارکردنی وڵاتێ لە دەست بێگانە.

4- داماڵیینی بەندوداوی ماددی و مەعنەوی لە کەسێك یان شتێك. بۆ نموونە: ئازاد! (وەڵامی سڵاوی عەسکەرییە لە سوپای ئێران و کەوتۆتە ناو زمانی کوردییەوە...بەسترابێتەوە)،

5- بە واتای خوازە تەڵاقدان و بەرەڵاکردنی ژن. (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 21).

فرەواتای (ئاسوودە):

1- حەساوەوە.

2- بێ خەم و خەفەت.

3- بێ قرە و برە، بێ جموجۆڵ، ئارام و بێدەنگ.

4- بێ گیروگرفت، دوور لە ناڕەحەتی. بۆ نموونە: (چایەکی خواردەوە و جگەرەیێکی کێشا ئاسوودە بوو، تا چاوی پێ نەکەوت دڵی ئاسوودە نەبوو، خۆزگەم بەخۆی کە منداڵی نییە چا نییە ئاسوودەیە، مناڵینە ئاسوودە دانیشن، چابوو مرد بۆ خۆی ئاسوودە بوو) (هەمان سەرچاوە: 31).

(بن): ئەم (ناو)ە هەشت فرەواتا لەخۆ دەگرێت.

1- لای خوارەوەی ئەو شتانەی کەم یا زۆر قوڵن. بۆ نموونە: بنی هەمبانەکەی هێنایە دەرەوە (دەستی لە هەمانەکە ڕۆکرد هیچی تێدا نەبوو، بۆ ئەوەی نیشانی بدا لە دیوی ...

2- لای خوارەوەی هەندێ شت (لە دیوە دەرەوەڕا) کە دەکەوێتە سەر زەوی. بۆ نموونە: بنی کەوش.

3- مەودای نێوان زەوی و هەر شتێکی تری وەکو میچی خانوو. بۆ نموونە: خۆمان هاویشتە بن پردەکە تا فڕۆکەکە ڕەت بوون. با لە بن ئەم ساباتە دانیشین تۆزێ ماندوومان بحەسێتەوە.

4- دوایی هەر شتێکی بەپێوە، لەسەر زەوی وەستا بێت. بۆ نموونە: بن دیوار، لە بن ئەو دارە دانیشتین تا شێرکۆش دەمان گاتێ.

5- پەردەیەکی تەنکە لە ناوە شەرمی کچاندا.

6- ئاخری هەندێ شت. نموونە: بچێتە بنی دنیاش دەستم هەردەیگاتێ. بۆ نموونە: بچێتە بنی دنیاش دەستم هەر دەیگاتێ.

7- ڕەگی هەندێ گیا و سەوزە کە زۆر یا کەم گەورە دەبێت وەکو: (تور، گێزەر، شێلم و...) کە بەکەڵکی خواردن دێن.

8- ژێر. بۆ نموونە: لە بن لێفەکەوە چاوە زیت دەچووە. (عبدالرحمن زەبیحی: 1979: 100).

(بە): وەکو ئامرازێك چەندین فرەواتایی هەیە ئەمانەی خوارەوەیە:

1- بۆ پیشاندانی شوێنێ کە پێییدا دەرباز دەبن. بۆ نموونە: بە بن دیوارەکەدا بڕۆ.

2- لەگەڵ (ناو) تێکەڵ دەبێ و دەیکاتە بەند. بۆ نموونە: بە ئەسپایی، بەخێرای، بە چاوی سووك، بەگورجی ((ئەوەی بە بێوەژنی دەیکەی بە کچێنی کردبات.))

3- بۆ دیاریکردن و نیشاندانی ڕێگا و ئامرازێ کە ئیشێکی پێ پێکدێت. بۆ نموونە: خەڵك ئێستا بە فڕۆکە و ترومبیل دەچنە سەفەران. جاران بە گوێدرێژ و ...

4- بۆ سوێند خواردن. بۆ نموونە: بەسەری کاکم . بەگۆڕی شەهیدان ...

5- دەکەوێتە نێوان دوو ناوی وەکو یەکەوە و شێوەی بڕانەوە و جێبەجێ بوونی کارێ پیشان دەدا. بۆ نموونە: نامەکەیان دەست بە دەست برد تا گەیشتە خاوەنی شارەکەیان ماڵ بە ماڵ پشکنی ...

6- بۆ دیاریکردنی ئەندازە و نرخی شتێ و پرسیار لەو ئەندازە و نرخە، بەکاردێت. بۆ نموونە: ئەم کتێبەت بە چەند کڕیوە؟ ئەمەچەندی بەچەند.

7- بۆ تێك هەڵەنگوتن و لێك نزیك بوونەوە. ((کێو بە کێو ناگا، ئادەمی بەئادەمی دەگا.))، ((چاوبەچاو دەکەوێتەوە)).

8- له پێش ناوێكەوە دێت و دەیكات بە ئاوەڵناو. بۆ نموونە: بەجەرگ، بەهۆش، بەكار، بەتام، بەپێز.

9- (نیهاد) و (خەبەر) لێك دەكاتەوە و نیشان دەدا ئەو (نا)ەی (لە (مبتدا)كەدا هاتووە خاوەنی ئەو شتەیە كە لە (خەبەر)ەكەدا باسكراوە. بۆ نموونە: مریشكەكە هەر گارەگاریێتی بە هێلكەیە. ئاردەكە بە پێزە.

10- بۆ گۆڕانی شتێك لە حاڵێكەوە بۆ حاڵێك. بۆ نموونە: بوو بە تنۆكی ئاو، لە ئەژنۆ بەرەژێری بوو بە بەرد، ((لە پڕێ نابێ بە كوڕێ)).

11- بۆ پیشاندانی كات و جێگا. بۆ نموونە: بەو قرچەقرچی نیوەڕۆیە لە كۆڵان دەسوڕایەوە.

12- دەستا و دەست كردنی شتێك نیشان دەدات. بۆ نموونە: كتێبەكەی دا بە نەریمان، ترومبیلەكەی بە خدر فرۆشتوە.

13- پەیوەندی (ناو) یا (كار)ێك لەگەڵ (ڕاناو) یان (ناو)ە پیشان دەدا كە لە دوایەوە دێت. بۆ نموونە: ((كە من نەخلی مرادم بێ سەمەر بێ + بەمن چی باغی عالەم جوملە بەر بێ)). (هەمان سەرچاوە: 132-133).

## 2-هاوبێژ:

لە هاوبێژ یان هاودەنگیدا فەرهەنگساز ڕەفتار لەگەڵ دوو وشە یان زیاتر دەكات كە بە ڕێكەوت لە نووسین یان گۆكردن یان هەردووكیاندا كتومت وەك یەكن، بەڵام واتاكانیان جیاوازن و لەیەك سەرچاوە هەڵنەقوڵاون. (محەمەد مەعروف فتاح: 2001: 175). زەبیحی ئاماژەی بە هاودەنگ (هاوبێژ) كردووە. هەروەها لە ڕوونكردنەوەی وشەدا نووسیویەتی (وشە هاوشكلەكان Homonyme بە ژمارە 1، 2و... كە لە پێشیانەوە دانراوە لێك هەڵاوێر دراون). (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 95). بەم جۆرە ئەو ژمارانە كاری دەستنیشانكردنی هاودەنگمان بۆ ئاسان دەكات. بەم پێیە لە هەر فەرهەنگێك ئەم جۆرە وشانەمان بە ژمارەوە بەرچاوكەوت ئەمە نیشانەی ئەوەیە كە ئەم وشانە هاودەنگن و هەریەكەیان وشەی جیاوازن، كە لە داڕشتندا یەكن. وەك:

**هاوبێژەكانی (بۆ):**

1- بۆ: گازێكە لە هەندێ شتان هەڵدەستێ، بۆن.

2- بۆ: دێراوی هەندێ شیناوەرد وەكو تەماتە و تووتن و خەیار.

3- بۆ: ئامرازی پرسیاركردنە لە سەرەتای ڕستەی پرسیارەوە دێت. بۆ نموونە: بۆ وات كرد؟ (هەمان سەرچاوە: 1979: 112).

**هاوبێژەكانی (بەر):**

1- بەر: لاوتەنیشتی هەر شتێك. بۆ نموونە: ئەم بەرەوبەری چۆمەكە هەمووی بۆتە خانوو.

2- بەر: پانای شتی چندراو بە دەست یان بە مەکینە. بۆ نموونە: ئەم قوماشە دووبەرە، هەریری بەرپان.

3- بەر: دیوی ناوەوەی ئەو شتانەی دوو ڕوو یان دوو لایان هەیە و بە چاو فەرقیان دەکرێت. بۆ نموونە: بەری دەست، بەری پێ، ئەم قوماشە بەر و پشتی لێکناکرێتەوە.

4- بەر: میوەی درەخت و گیاو گوڵ و مناڵی ساوا ... بۆ نموونە: داری بەری (داری میوە)، ڕەزەکەمان ئەمساڵ بەری نەگرتوە.

5- بەر: توکێك کە لە خوار مسوڵدانی ئادەمیزاد دێت.

6- بەر: لەشی ئادەمیزاد. بۆ نموونە: کراسەکە بە بەری ناکا.

7- بەر: هێزێکە، کە پاش خوێندنەوەی شتێك ( شیعر، وتار، کتێب ...) لە قوژبنێکی مێشکی مرۆڤ ڕاگیریان دەکات و لە کاتی پێویست بێ ئەوەی تەماشای کتێب ... بکا دەیانڵێتەوە.

8- بەر: ئازاد. ئەم وشەیە بەمانای هەمیشە لەگەڵ کاری (بوون، دان) دێت. بەربوون، بەردان.

9- بەر: بەرگە.

10- بەر: وەبەرخستن.

11- بەر: پاشبەندێکە بە دوای ناوەوە دەلکێت و دەیانکاتە (صفەتی فاعیلی) و بە مانای (بردن) لە ناوەکە زیاد دەکات. بۆ نموونە: پێغەمبەر، فەرمانبەر، دڵبەر.

12- بەر: 2- بۆر. (هەمان سەرچاوە: 149- 150).

**هاوبێژەکانی (ئاش):**

1- ئاش: دەزگایەکە، گەنم، جۆ و دانەوێڵەی تری پێدەهاڕن و دەیکەن بە ئارد، یان بۆ مەبەستێکی تر وردیدەکەن. ...

2- ئاش: چێشتێکی شلە، لە گۆشت و سەوزەیەك وەکو: بامێ، باینجان، کولەکە و..) دروست دەکرێت و لەگەڵ قبووڵی و پلاو دەخورێت... (هەمان سەرچاوە: 1977: 32- 33).

**(ئێ)هاوبێژەکانی:**

1- ئێ: بەڵێ، ئا. نموونە: ئێ، گوێم لێتە دەقسە بکە دەی. بۆ نموونە: ئێ، گوێم لێتە دە قسە بکە دەی.

2- ئێ: ئامرازی بانگکردنە بۆ مێینە و دەخرێتە دوای ناوەوە. بۆ نموونە: هۆ کچێ تا ئێرە وەرە.

3- - ئێ: وەك پاشگر بە کۆتای ناوانەوە دەلکێ و نیشان دەدات کە مەبەست یەك دانە و لە هەمان کاتدا نەناسراوی ئەو شتەیە. بۆ نموونە: ئەسپێ (یەك ئەسپ).

4- - ئێ: وەك پاشگر بە دوای هەندێ لە ناوانەوە دەنووسێت کە جێگا و کات پیشان دەدات. بۆ نموونە: ئێوارێ، بەهارێ، خوارێ، دوێنێ...

5- ئێ: دەبێتە ڕاناوی کەسی سێیەمی تاك. بۆ نموونە: دەکوژێ، دەخەوێ، دەزانێ، نازانێ... (هەمان سەرچاوە: 228- 229).

## 3- دژواتا:

زۆربەی فەرهەنگە کوردییەکان گرنگییەکی زۆریان بە دژواتا داوە، هەروەها عبدالرحمن زەبیحی ئاماژەی بە دژواتا کردووە و هێمای (//) بۆ داناوە. زۆربەی وشەکانی دژواتای ناو فەرهەنگی (قامووسی زمانی کوردی) نووسیوە. بۆ نموونە:

**ئاچغ** // **ڕەنگی تاریك، تۆخ، توند.** (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 7).

**ئاخر** // **هاوەڵ، یەکەم.** (هەمان سەرچاوە: 8).

**ئازا** // **پووت، پووچ، پووچەڵ، نەخۆش.** (هەمان سەرچاوە: 20).

**ئاسان** // **دژوار.** (هەمان سەرچاوە: 27).

**باوك برا** // **دایك برا.**

**برسی** // **تێر.**

**برەو** // **کەساد.**

**ئاوا** // **وێران.** (هەمان سەرچاوە: 76).

**بزۆك** // **نەزۆك.**

**بەرەوژێر** // **بەرەوژوور.** (هەمان سەرچاوە: 181).

**بەستە** // **مەقام.**

**ئە** // **ئیی.** (هەمان سەرچاوە: 118).

**ئەداکردن** // **قەزا.**

**ئەوێ** // **ئەمێ.** (هەمان سەرچاوە: 192).

**بنبار** // **سەربار.** (هەمان سەرچاوە: 1979: 102)

**بەرەوژێر** // **بەرەوژوور.** (هەمان سەرچاوە: 181). **دژواتاکانی بەرگی (٤) پاشکۆی ژمارە (6)دا و بەرگی (ب) ژمارە (11)دا دانراوە.**

## 4- هاوواتا:

هاوواتایی بریتییە لەو وشانەی کە لە واتادا یەکن و دەتوانن لە شوێنی یەکتری بێن و لە هەر سیاقێکدا بێت، ئاڵوگۆڕبکرێت. هاوواتایی لە زماندا تەنیا ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لە ڕووی واتای هۆشەکی و ویژدانییەوە وەکو یەکن و قسەپێکەرانی زمانەکەش هەست بە جیاوازی نێوانیان ناکەن، بە

**سەربەستیش دەتوانن لە هەموو سیاقێکدا ئاڵوگۆڕیان پێ بکەن، ئەم جۆرەش بە هاوواتای تەواو ناودەبرێت.**

**عبدالرحمن زەبیحی لە هەردوو بەرگی (٤- ب)کەیدا هاوواتای وشەکانی نووسیوە، هەندێ(★)وشە یەك هاوواتای هەیە، بەڵام هەندێکی تریان دوو هاوواتا یان زیاتری هەیە. زەبیحی ئەم هێمایەی داناو بۆی. بۆ نموونە:**

**ئاب [سوریانی، عیبری]، ناوە هاوواتاکەی ئاغۆستۆس، ئۆت.** (عبدالرحمن زەبیحی:1977: 2).

**ئابڕووبردن وەکو کارێك هاوواتاکەی بێ شەرەف، ڕیسواکردن، سەرشۆڕکردن، شەرەف شکاندن.** (هەمان سەرچاوە: 3).

**ئازییز هاوواتاکەی ئەزیز، عازییز، عەزییز.** (هەمان سەرچاوە: 24).

**ئەفسونباز هاوواتاکەی جادوباز، سیحرباز، فێڵباز، ئەفسونگەر، ئەفسونساز.** (هەمان سەرچاوە: 160)

**باڵیۆز هاوواتاکەی ئێلچی، باڵوێز، سەفیر، قاسید.** (هەمان سەرچاوە: 1979: 52).

**بەگیان کەوتن هاوواتاکەی بەدڵەوەنووسان.** (هەمان سەرچاوە: 207).

## جۆرەکانی هاوواتا:

**هاوواتایی وەك دیاردەیەك لە زماندا بارێکی چەسپاو نییە، بەڵکو بابەتێکی ڕێژەییەو بە پێی کات و شوێن گۆڕانی بەسەردا دێت. لەبەرئەوەی دەکرێت پلەی جیاوازی بۆ دابنرێت. واتە هەر کۆمەڵێك لە وشەکانی زمان، کە لە فەرهەنگدا بە هاوواتا دادەنرێت، دەکرێت چەند جۆرێك لە هاوواتا دیاری بکرێت.** (تاڵیب حوسێن عەلی: 2014: 51).

1- **هاوواتای تەواو: ئەم جۆرە کاتێ ڕوودەدات کە (دوو وشە یان زیاتر بە تەواوی هاوتابن لەگەڵ یەکتر دا، هەروەها قسە پێکەرانی زمانەکەش بە هیچ جۆرێك هەست بە جیاوازی نێوانیان نەکەن و بە سەربەستیش بتوانن لە هەموو دەوروبەرێکدا ئاڵوگۆڕیان پێ بکەن. واتە لە ڕووی دابەشبوون و واتای هۆشەکی و ویژدانیدا وەکو یەك بن. بوونی ئەم جۆرە لە زماندا زۆرکەمە، ئەگەر هەشبێت بۆ ماوەیەکی کەم بەردەوام دەبێت.**

2- **هاوواتای ناتەواو: زۆرجار دوو وشە یان زیاتر لە ڕووی واتاوە بە جۆرێك لەیەك نزیك دەبنەوە، کە نەتوانین بە ئاسانی جیاوازی نێوانیان دیاری بکەین، لەبەر ئەوە وەکو هاوواتا تەماشا دەکرێن و بەکاردەهێنرێن بێ ئەوەی ئاگاداری ئەو جیاوازییە وردانە بن، کە لە نێوانیاندا هەیە.**

**ئێش # ئازار**

**ئاینده # داهاتوو**

**باش # چاك.** (عبدالرحمن زەبیحی: 1979: 39).

بەڵێن # پەیمان

3- نیمچە هاوواتا: ئەم جۆرە لەو وشانەدا بەدی دەکرێت کە واتاکانیان لە یەکەوە نزیکە، بەڵام هەر وشەیەك بەلای کەمەوە لە سیمایەکی گرنگدا جیاوازی لەگەڵ ئەوی تریاندا هەیە. بۆ نموونە:

ئاهەنگ / شایی

ئامادەبوون / هاتن

بەتاڵ / پوچ. یەکێك لە سیما دیارەکانی پەیوەندی نێوان واتاکانی – نموونەکانی – جۆری دووەم و سێیەم لەوەدا دەردەکەوێت، کە ئارەزووی چوونە ناو یەکیان تێدایە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر هاوتا نین. بۆیە دەبینین لە چەند دەوروبەرێکی تایبەتدا نەبێت ناتوانن لە شوێنی یەکتر بەکاربێن. (تالیب حوسێن عەلی: 2014: 51- 53). هاوواتاکانی بەرگی (ء) لە پاشکۆی ژمارە (7)دا و بەرگی (ب) لە پاشکۆی ژمارە (12)دا خراوەتە ڕوو.

## 3/4) میتافۆر (خوازە):

یەکێك لە غەریزەکانی مرۆڤ لە ژیاندا، بریتییە لە داهێنان و نوێگەری و هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون لە ڕۆتین، بە جۆرێك بەردەوام بە شوێن نوێبونەوە و گۆڕاندا دەگەڕێت، بێگومان زمانیش دەربڕی هەست و نەستی مرۆڤە، مرۆڤیش ئەم تازەگەری و نوێبونەوەیەی ژیانی لە ڕێگەی میتافۆڕەوە بەرجەستە دەکات، داهێنانی دەربڕینێ، واتە داهێنانی شێوازێکی نوێ لە ژیان.

خوازە زاراوەیەکی زمانی و ڕەوانبێژییە، چەمکەکەی بەوە دەستنیشان دەکرێت، کە گواستنەوەی وشەیەکە بۆ مانایەکی دی، بە مەرجێك لە نێوانی هەر دوو ماناکەدا چەشنە پەیوەندییەك هەبێت. ڕێگای خوازە بە ڕێگای گواستنەوەی واتای وشە بۆ واتایەکی تر دادەنرێت، بەمشێوەیە لە زمانێکی دیاریکراودا وشە گۆڕان بەسەر واتاکەی دێت و وتایەکی تر بەکاردێت، ڕێگای خوازە لە زمانی کوردی و عەرەبیدا بە دەیان بەڵگەی فەرهەنگی و ڕەوانبێژی لە مێژەوە هەستی پێکراوە و زمانەوانەکان بەهۆیەوە لە هۆیەکانی پەرەسەندن و زیادبوونی واتا کوردی بێگانەکانیان تەماشا کردووە. (کامیل حەسەن بەسیر: 2013: 23). هەندێ کەس وای بۆ دەچن کە میتافۆر تەنها لە شعردا بوونی هەیە، بەڵام میتافۆڕ تەنها ناوەندی شیعر نییە، بەڵکو لە ڕاستیدا بەشێکی گەورەی بەکارهێنانی زمانە. (تریفە عومەر ئەحمەد: 2008: 81). میتافۆڕ تایبەتییەکی زمانە و یاریکردنە بە سیما واتاییەکان، سڕینەوەی هەندێك و بەر ڕۆشنایی دانی هەندێکی تر پەیوەندی بە وشەوە هەیە و بە دیاردەیەکی بەربڵاوی ناو زمان دادەنرێت، یەکێك لە ڕگەزەکانیشی ڕامان و نامۆیی لەخۆ دەگرێت کە ناکرێت پێوانە بکرێت، بۆ ناسینەوەی میتافۆڕیش پێویستە دەوروبەرەکەی بخرێتە ڕوو، ئەگینا بەبێ بوونی دەوروبەر دەستنیشانکردنی خوازەکە ئاسان نابێت،

**میتافۆڕیش دەکرێت لە ڕستەی هەواڵگەیاندن و ڕستەی پرس و ڕستەی فرمان و سەرسوڕمانیشدا دەرکەوێت، لە دەرکەوتنیشدا واتا سەرەکیەکەن ناسرێتەوە، بەڵکو زۆرجار دەبێتە هۆی زیادکردنی واتای فەرهەنگیش.** (سازان رضا معین: 2005: 48).

**عبدالرحمن زەبیحی لە بەرانبەر زاراوەی میتافۆڕ زاراوەی (خوازە) بەکارهێناوە. (میتافۆڕ کە بە کوردی زاراوەی (خواستن، ئاوەڵواتا، خوازە)ی بۆ دانراوە بریتییە لە ((بەکارهێنانی وشەیێك بۆ گەیاندنی واتایەك جگە لە واتا بنەڕەتییەکەی)).** (ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا: 2013: 177).

**لە فەرهەنگەکەی زەبیحی بۆ وشەی (ئاسۆ) لە ڕووی میتافۆڕوە بەم شێوەیە لێکدراوەتەوە:**

1- **مەیدان و بەرینایی کار و چالاکی، لە هەموو بابەتێك.**

2- **سنوری دوو چلۆنایەتی کۆمەڵایەتی.** (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 31).

**ئاڵۆشاویی: حاڵی ئەوانەی خۆیان بە خۆ هەڵکڕاندنەوە گرتووە.** (هەمان سەرچاوە: 61).

**ئاھ: ماوە و مەودایەکی زۆر کەم. نموونە: هەر ئاهێکی مابوو بخنکێ.** (هەمان سەرچاوە: 103).

**ئەفسانە: قسەی ناڕاست، قسەیەك بە مەبەستی خەڵەتاندن بکرێ.** (هەمان سارچاوە: 159).

**ئیسلام: موسوڵمان.** (هەمان سەرچاوە: 209).

**(ئیشك) سێ میتافۆڕی هەیە:**

**ئیشك:** 1- **مرۆڤی لاسار و دوور لە گفتووگۆ (مجامەلە).**

2- **دانیشتنی دۆست و برادەر بە بێ خواردنەوە.**

3- **بێ پێخۆر. وەك: سێ نانی ئیشکی خوارد و چواریش بەدۆوە.** (هەمان سەرچاوە: 211).

**بارهەڵگرتن: توانابوونی کەسێك بۆ جێبەجێکردن و ڕاپەڕاندنی فەرمانێك و کارێك.** (هەمان سەرچاوە: 1979: 25).

**باوکەڕۆ: لە دەربڕینی خەم و خەفەتدا بەکاردێت.** (هەمان سەرچاوە: 61).

**بڕشت: لێهاتوویی و لێوەشاوەیی و توانایی بۆ ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی کاران.** (هەمان سەرچاوە: 81).

**بەرێچوون: ژیان.** (هەمان سەرچاوە: 185).

**بەگزادە: خاوەن بنەماڵە و نیشان، نەجیب ڕەسەن.** (هەمان سەرچاوە: 206). **پاشکۆی ژمارە (9)ی بەرگی (٤) و پاشکۆی ژمارە (14)ی هەموو میتافۆڕەکانی لە خۆگرتوە.**

4/4) **ئیدیۆم:**

**ئیدیۆم لە دوو وشە وەك یەك، یا جیاواز، یا لە کۆمەڵێ وشەی پێکەوە گونجاو، یان ڕستەیەك یان پتر پێکدێ کە بەسەر یەکەوە واتایەکی نوێ دەبەخشن، کە جیاوازە لە واتای هەریەکە لەو وشانە بە جیا، کە ئیدیۆمەکە پێکدەهێنن. پێناسەکانی ئیدیۆم لە پێشوودا وا پێناسە دەکرا کە ئیدیۆم یەك وشە زیاتر بێت، بەڵام دەکرێت لەیەك وشەش پێکبێت. زۆربەی ئیدیۆمەکان مانایان باش لێك نەدراوەتەوە بێگومان هۆی کەم و کورت و ئاڵۆزی ئیدیۆم نەبوون یا کەمی لێکۆڵینەوەی تیۆری ئیدیۆمە، لێکۆڵینەوەی قوڵ و تەواو لە ئیدیۆمی زمانی کوردی مەودای ساغ کردنەوەی گەلێك کێشەی گرنگ و ئاڵۆزی وشە و دەستەواژە و ڕستە ئاسان دەکا و زەمینەی ڕێکخستنی فەرهەنگ تەخت دەکا، لە زمانی کوردیدا – وەك هەر زمانێکی دیکەی سەر ئەم زەمینە جگە لە وشەی جیاجیا، کە دانەی زمانن، هەروەها پێکهاتنی ئاڵۆزیش هەیە کە پێی دەوترێ ئیدیۆم.** (عەبدولوەهاب کانبی شەریف: 2005: 5). **زەبیحی ئیدیۆمی یەك وشەش وەك (بەیت، بەراز ...هتد) و فرێز و تەنانەت ڕستەشی نووسیوە. بۆ وشەکان ناتوانرێت بە زاراوەیەکی سادە دەربڕێت، بۆیە پەنای بردۆتە بەر ئیدیۆم زەبیحی زۆربەی ئیدیۆمەکانی دەستنیشانکردووە و هێمای (کن) بۆ داناوە. ئەو دوو ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی ئیدیۆم، وەك دیاردەیەکی دیاریکراوی زمان شتێکی زۆر پێویست و گرنگە، ئەویش لەبەر دوو هۆ:**

**ئیدیۆم لە زماندا ئەرکی خۆی لە ڕێگای وشەی جیاجیاوە دەبینێت.**

**ئیدیۆم لە پێکهاتنیدا لێکدراوە و پارچەکانی وشەی سەربەخۆن.**

**لێکۆڵینەوە لە کێشەی ئیدیۆمی زمانی کوردی، نەك تەنها کەڵك و سوودی بۆ دامەزراندی تیۆری ئیدیۆمی زمانی کوردی هەیە بە تایبەتی، بەڵکو بۆ کاری فەرهەنگنووسیی و لێکسیکۆلۆژیش بە گشتی گەلێك پێویست و بە کەڵکە.** (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1987: 141- 142).

**زەبیحی لە هەردوو بەرگی فەرهەنگەکەیدا چەندین ئیدیۆمی بۆ وشەکان بەکارهێناوە، لەوانە:**

**لە کاری (تێ ئاخنین) لەم ڕستەیە (دەڵێی عیسا گرتوویە و مووسا تێی ئاخنیوە). ئیدیۆمە بە مانای بۆ پیاوی زۆر قەڵەو.** (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 9).

**ئارەقی ڕەش و شین دەردان. ئیدیۆمە واتا زۆر ماندوو بوون، زۆر خۆماندووکردن بە ئیش یان کاری فیکرییەوە.**

**ئاسنگەری: تەقەتەقی زۆر. بۆ نموونە: منداڵینە ئەوە چیە ئەڵێی ئاسنگەری دەکەن.**

**ئەڵقە لە گوێ: بەندە، غولام، عەبد.**

**ئاوەسو: مرۆڤی بێ شەرم.**

**ئێرەوئەویٚ: جێگا و شوێنی نامەعلوم. بەس ئێرە و ئەویٚ بکە.**

**نەبای دیوە و نەباران: وەك هیچی لیٚ ڕوونەدابیٚ و هیچی بەسەر نەهاتبیٚ تەمبیٚ گرتوو نەبوە.**

**باڵ بەسەرکێشان: بڵاوبوونەوەی شتێك بەسەر شوێنیدا. تاریکایی باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشاوە.**

**بەراز: ئادەمیزادی ڕق ئەستوور کە هەر پیش بخواتەوە.**

**بەرخی نێر: منداڵی نێرینە.**

**بەنی تۆ بە من با نادریٚ: لە فڕو فێڵ و کاروباری تۆ ناگەم. دەرەقەتت نایەم.**

**بەیت: قسەی دوورودرێژی بیٚ بەڵگە و بناغە. ئەوە چیە دەڵێی بەیتمان بۆ دەکەی (قسەکانت هەر قسەن).**

**لەش بەباربیٚ: دوعایەکی ژنانەیە مانای نەخۆش بکەوێت.**

**بانگی محمەدی بە ئاشکرا خۆشە: کاری چاك پێویست بە شاردنەوە ناکا.**

**بەنڕم ددانە: بیٚ چەك و سیلاحم، هیچم پیٚ ناکریٚ.** (هەمان سەرچاوە: 1979: 216).

**بەندەباس هەر خودایە: هیچ کەس بەو جۆرەی پێویستە هەموو شتێکی کەسێکی تر نازانیٚ.** (هەمان سەرچاوە: 219).

**(بەندەی بیٚ عەیب نابیٚ) واتا مرۆڤی کامڵ دەست ناکەوێت و بیٚ عەیب بێتە بەر چاوان هێشتا عەیبی وای هەیە و لە وەختێکا لێی دەربکەوێت.** (هەمان سەرچاوە: 219). **ئیدیۆمەکانی بەرگی (ع) لە پاشکۆی ژمارە(10)دا و بەرگی (ب) لە پاشکۆی ژمارە (15)دا خراوەتە ڕوو.**

## 5/4 ) جیاوازی و خزمایەتی نێوان وشەکان ( ئەو وشانەی لە وشەیەکەوە دادەڕێژرێن ) :

**هەوڵبدرێت لە فەرهەنگدا چ فەرهەنگێك بۆ یەك زمان یان زیاتر بێت پەیوەندی و خزمایەتی نێوان وشەکانی تێداکرابێت. دیاریکردنی ئەم پەیوەندی خزمایەتی نێوان وشەکان زۆربەی فەرهەنگسازەکان ئەم کارەیان لە فەرهەنگەکانی خۆیاندا نەکردووە، بەڵام یەکێك لەو فەرهەنگسازانەی ئینگلیز بە ناوی دکتۆر جونسن (Johnson)، لەم بیرۆکەیە گەیشتوە و دەڵێت (کاتێك بنیادی زمانێکی گشتی لە زمانەکان دەپشکنین گرنگی لەوە دەبێت کە ڕەچاوی پێکهێنانی وشەکان لەگەڵ یەکتردا بکەین، ئەویش بە تێبینی کردن یان سەرنجدانی ڕێگاکانی داڕشتن و گەردان کردنی ڕەچاوکراو.** (بڕوانە: علی القاسمی: 2004: 116).

**توێژەرانی زمانەوانی دەروونی ئەوەیان ڕوونکردۆتەوە کە سەرنجدانی پەیوەندیەکانی نێوان ئەو کەرەستانەی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت دەبێتە هۆی ئاسانکردنی فێربوون و توانستی خوێندکار لەسەر دیاریکردنی زانیاری و لەبەرکردنی زیاد دەکات.** (علی القاسمی: 2004: 117).

**زەبیحی لە فەرهەنگەکەیدا خزمایەتی وشەکانی نووسیوە. بۆ نموونە وەك:**

(ئـارد) چـەندین وشـەی لـێ داڕێـژراوە. وەك: (ئـارداوی، ئارداوبێـژ، ئـاردكێش، ئاردملّـك، ئـاردوڕۆن، ئاردەبارە، ئاردەبرنج، ئاردەبێژ، ئاردەتو، ئاردەجۆ، ئاردەشـان، ئـاردەڵ، ئـاردەڵان، ئـاردەلّوك، ئاردەمشـار، ئاردەنۆك، ئاردەوا، ئاردەوارە). (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 13- 14- 15).

(ئەستێرە) ئەم وشانە داڕێژراوە وەك: (ئەستێرەی بەخت، ئەستێرەی بەیان، ئەستێرەی تالع، ئەستێرەی ڕۆژ، ئەستێرەی سەرشان، ئەستێرەی سیوەیل، ئەستێرەی كلكدار، ئەستێرەی گەڕۆك، ئەستێرەی مانگ، ئەستێرەی نەگەر، ئەستێرەی ڕاكشان، ئەستێرەناس، ئەستێرەناسی). (هەمان سەرچاوە: 147- 148- 149).

لـە نـاو ئامرازەكانیشـدا جیـاوازی و خزمایـەتی وشـەكان دروسـت دەبێـت ، وەك لـە ئـامراز (ئـەوە)دا چـەند شێوە ڕستەیەكی جیاوازی خراوەتـە ڕوو وەك: (ئـەوەتا، ئـەوەتانێ، ئەوەتـەی، ئـەوەتی). (هـەمان سـەرچاوە: 190). وەكو ئاوەڵناویش زەبیحی نموونەی هێناوەتەوە. بۆ نموونە:

(ئیشـك) كـە ئـەم وشـانەی لـێ دادەڕێـژرێت: (ئیشـكارۆ، ئیشـكانی، ئیشـكاو، ئیشـكاووز، ئیشـكاوهاتن، ئیشكایی، ئیشـكبوون، ئیشـكبوونەوە، ئیشـككردن، ئیشـككردنەوە، ئیشـك و برینگ، ئیشـكە، ئیشـكەدۆ، ئیشكەڕن، 1- ئیشكەڕۆ، 2- ئیشكەڕۆ، ئیشكەسۆفی، ئیشكەسەرما، ئیشكەكەڵەك، ئیشـكەڵ، ئیشـكەڵوا، ئیشكەمس، ئیشك هەڵاتن، ئیشك هەڵهێنان). (هەمان سەرچاوە: 211- 214).

(باك) ئەم وشانەی لێداڕێژراوە، بۆ نموونـە: (باكردن، باكور، باكوری، باكێش). (هـەمان سـەرچاوە: 1979: 44).

(بڕین) چەندین وشەی لێ دادەڕێـژێت، بێگومـان جیـاوازی مانایـان هەیـە. بـۆ نموونـە: (دابـڕین، هـەڵبڕین، بڕینەوە) دروست بووە. (هەمان سەرچاوە: 83- 84).

(بۆ) چەندین وشە وەك: (بۆئەژماردن، بۆبا، بۆبژاركردن، بۆبەرامـە (بـۆن و بەرامـە)، بـۆپرووز (بـۆن كـڕوز)، بۆتە، بۆتەگە، بۆچاڵ، بۆچرووك، بۆچوون، بۆچەك، بۆخـاو، بـۆدان، بـۆدراو، بـۆدڕن، بۆدووكـەڵ). (هـەمان سەرچاوە: 113- 114).

(بـەها)ش بەهـەمان شـێوە چـەندین وشـەی لـێ داڕێـژراوە. وەك: (بـەهار، بـەهارات، بـەهاران، بەهاربەنـد، بەهارسـتان، بـەهاروو، بـەهارەكانی، بـەهارەكێڵ، بـەهارەوار، بـەهاری، بەهانـە، بەهانـە پێگـرتن، بەهانەهێنانەوە). (هەمان سەرچاوە: 221- 222- 223). چەندین وشەی تریشی هەیە كە زەبیحی ئاماژەی پێ كردووە.

## 6/4) ڕۆڵی دەوروبەر لە فەرهەنگسازیدا:

### أ- دەوروبەری زمانی:

مەبەست لە دەوروبەر ئەوەیە لە گەڵ وتندا کە یارمەتی لە ڕوونکردنەوەی واتا دەدەن، ئەو ڕوونکردنەوەیە کە وەڵامی وتنی دەوروبەرە لە بە کارهێنان. (محمد أحمد أبو الفرج: 2009: 116). دەوروبەر لەگەڵ وتندا بە ڕوونی مەبەستی قسەکەر شی دەبێتەوە. ئەم سیاقە بەرهەمی بەکارهێنانی وشەیەکە لەناو سیستەمی ڕستەکەدا، لەگەڵ کۆمەڵە وشەیەکی دی دراوسێ بێت، کە مانایەکی تایبەت و دەستنیشانکراوی پێدەبەخشێت.

بۆ یارمەتی کردن هەندێك فەرهەنگنووسی کورد بۆ شیکردنەوەی دەروازەی فەرهەنگ بە دەوروبەری زمانەوانی. ڕوونکردنی وشە و ڕوونکردنەوە بۆ خوێنەر. ڕوونکردنەوەی هەندێك یەکە بەم جۆرە کە دابەشکراوە. بۆ نموونە: (ئازار: 1- ئێش، ژان. 2- نەخۆشی گیانداران جگە لە مرۆڤ. 3- ئەزیەت، جەزرەبە، عەزاب، ئێش و ژانێکی لە پاش ماندووبوون، لێدان و کارکردن هەستی پێدەکا. (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 22). هەروەها وشەی (ئامان) 1- بۆ داوانەکردنی کارێك دەخرێتە سەرەتای ڕستەوە. 2- بۆ دەربڕینی بێزاری لە کارێ یان شتێ. 3- بێزاری لە کەسێك. 4- بۆ پەنابردنە بەر کەسێ و داوای یارمەتی لێکردنی. 5- بۆ پاڕانەوە ... 6- (مەنگوڕایەتی) ناوە بۆ ئافرەت، وەك نیشانەی بێزاری لە مناڵی زۆر یاکچی زۆر. (هەمان سەرچاوە: 65- 66).

### ب- دەوروبەری کۆمەڵایەتی:

دەبێتە دووبەشەوە: یەکەمیان ئەو ووتراوانە دەگرێتەوە کە لە چوارچێوەی فۆلکلۆری کۆندا وتراوە. بۆ نموونە: (بابانت خراپ بێ) نووك و نزایە و تەنیا لە ناو ژناندا باوە، گەلێ جار هەر وەکو قسەیەکی ئاسایی دەگوترێ و لە دڵان گران نایە، بەڵام لە کاتی دەمەقاڵێ و شەڕە دندووکێدا بە (جنێو) حیساب دەکرێ و شەڕەکە بەتینتر دەکات. (عبدالرحمن زەبیحی: 1979: 10). هەروەها (بابان وێران)یش بەهەمان شێوە کە بۆ کەسێکیماڵە بابی وێران بووبێ. ئەم وشەیە لە ناو ئافرەتاندا لە بەکاردەهێنرێت مەرجیش نییە کە ئەو ژنەی بەم شێوەیە ڕووی قسەی تێدەکرێ بە ڕاستی تووشی بەڵایەکی وا بووبێ. (هەمان سەرچاوە: 10).

(بوخچەبگەردانی) یارییەکی کوردەوارییە، گەورە و بچووك دەیکەن، کۆمەڵێك دەروانەوەر دادەنیشن و (پرێسکە)یێك بۆ یەکتر هەڵدەدەن و یەکێکیش کە (تێکەوتوە) لە دەرەوەی کۆڕەکە بە دەوریاندا دەسوڕێتەوە و هەوڵدەدا پرێسکەکە بگرێتەوە و لە دەستی هەر کەسی قۆستەوە، ئەو کەسە تێدەکەوێ و

جێگەیان دەگۆڕنەوە. (هەمان سەرچاوە: 110). یارییەکی کوردەواری (بوك بووکێن) یارییێکی کوردەوارییە، کچۆڵە دەیکەن یەکێکیان دەبێتە بوك و یەکێکیش زاوا و لاسای گەوران دەکەنەوە. (هەمان سەرچاوە: 129).

## ج- دەوروبەری هۆیی:

دەوروبەری هۆیی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسی نەکردووە، بەڵام لە ئامرازی (بۆ) کە بۆ هۆیی بەکاردێت. هەروەها لە ناوی (ئارەق) کە خواردنەویەکی ئالکۆلدارە ... وشەی ئارەق بەتەنیایی ئارەقی ترێ، کشمیش و خورما دەگەیەنێ بۆ ئارەقی میوەی تر دەبێت ناوی میوەکە لەگەڵی بگوترێ وەك: ئارەقی ئاڵوباڵو... مەبەستی گرتنی ئارەقی گژوگیا، لە کوردستان بۆ داودەرمانە. (ئارەقی جاترە) کە گیایەکی بۆنخۆشی کوێستانە دەگیرێ و بۆ زگ ئێشەی جۆربەجۆر دەخورێتەوە. (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 16).

(باخچە) پارچە ئەرزێکە لە ناو حەوشەی ماڵ، بۆ چاندنی گوڵ و شیناوەرد تەرخان دەکرێت. (هەمان سەرچاوە: 1979: 15).

(1- بنۆك) تیسکی کورتی خورییە کە پاش بە شانەکردنی خوری بە بنی (شانە)وە دەمێنێ و بۆ گوریس و گۆرەوی خراپ و ...بەکاردێنن. (هەمان سەرچاوە: 105).

(بەڵێن) گفت و پەیمان و دەستەبەری بۆ جێبەجێکردنی فرمانێك. بۆنموونە: بەڵێن بێ تا هەم نایدوێنم. (هەمان سەرچاوە: 214- 215).

## 7/4 ) وەسفی بەڵگەیی:

بریتییە لە شعری شاعیران و وتە دروستکراوەکان و کەلەپووری کەلتووری کوردی و پەند و کلتووری لە فۆلکلۆر و زۆربەی فەرهەنگسازەکان وەسفی گۆرانی و چیرۆك و کتێبی دینی. زەبیحی دەستێکی باڵای هەبووە لە وەسفی بەڵگەیی. ئەمانەی خوارەوە وەسفی بەڵگەین:

### 1- شعر:

زەبیحی لە (قامووسی زمانی کوردی)دا چەندین نموونەی بە شیعری شاعیران هێناوەتەوە و زۆربەی شعری شاعیرانی نووسیوە. گرنگی شعر لەلای فەرهەنگنووسانی کورد بوونی هەبووە، چونکە چەندین نوسەر لە بواری فەرهەنگدا بە شعر وشەکانیان گەیاندۆتە خەڵك بۆ نموونە:

(مەلا عبدالکریمی مدرس) و (ئەحمەدی خانی)[13]. چەند نموونەیەك لە فەرهەنگەکەی زەبیحی وەك:

(ئاخدار) ئاخهەڵکێش، کەسێکی ئاخ هەڵبکێشێ، کەسێ خەم و خەفەتی هەبێ، دڵبریندار.

ئاخ، چراخ! چ ئاخ؟ ئاخ بەی ئاخدارێ

چوون من خاترخار، خەمبار، داخدارێ (مەولەوی: مکب_ 55). (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 7).

---

13- فەرهەنگی شعر لەلایەن: - مەلا عبدالکریمی مدرس: دووڕشتە، (1982).
- ئەحمەدی خانی، نوبهارا سەیدایێ مەزن، (1979).

(ئیحیاکردنەوە) زیندووکردنەوەی مەعنەوی. ((مەلا سەعیدە وا سەلا ئەکا))

((ڕوحی (بلال)مان بۆ ئیحیا ئەکا)). (پیرەمێرد_ 266). (هەمان سەرچاوە: 200).

(هەڵاییساندن) داگیرساندنی ئاگر، چرا. ((دەڵێن فەرموویە یار، بێتە مەتاڵای خەتتی ڕێحانی))

((بڵێن با شەمعی ڕوخساری هەڵایسێنێ! ئەوا هاتم)) (حەریق). (هەمان سەرچاوە: 108).

(ئەندازە) حەجم یامقداری هەرشتێك بە كێشانە یان پێوانە...((قەت بەیەك ناگەن لەیەك جا ئەم خەزان و ئەو بەهار)) ((ڕاستی شمشاد و قەددی تۆ بە ئەندازەی یەكن)). (سالم: گم– 60). (هەمان سەرچاوە: 179).

(ئیسكارپین) جۆرە كەوشێكی ژنانەیە ... ((باڵابەرز و پچكۆڵە پێ و ئیسكارپین))

((گۆرەوی و پوز سفت و سپی و ئاوریشمین)) (گۆران). (هەمان سەرچاوە: 208).

(باجگر) ئەو كەسەی بە فەرمانی دەوڵەت دەسەڵاتی وەرگرتنی باجی هەبێ. ((ڕێی نەوتەكە ڕۆژ باجگری گەر زۆرە دەفەرموی+ ڕێی خاسە بە شەو خالییە بابێ بە بلاّغا)) (ڕەزا_ 3). (هەمان سەرچاوە: 1979: 14).

(بادە) شەراب. ((بە جامێ بادە تێر نابم ئەگەر مەیلت هەیە ساقی+ گلێنەی خۆم دەنێرمە خزمەتت بۆ تێكە تا بیبا)) (هێمن، تاریك و ڕوون، ل_ 139).

(بایەقوش) كوندەبەبو. ((بایەقوش بەرشی جە شین و زاریش))

((بڵبڵ بێزار بی جە بێ قەراریش)). (خانا_ 668) (هەمان سەرچاوە: 65).

(بەسەرچوون) تێپەڕین و ڕابردنی وەخت، دەم وەعدە و كات. ((وەڕاق ڕێزان خەزان كەوتە ڕەزان، وەضعی چەمەن گۆڕا)) ((بەسەرچوو فەصڵی گۆڵگەشت و تەماشای بغ و صەحرام كەم)) (كوڕ: وەفایی_ 73). (هەمان سەرچاوە: 195).

## 2- پەندی پێشینان:

پەندی پێشینان ڕۆڵێكی گرنگ لە دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمان دەبینێت. پەند ڕستەیەكی كورت، یا نیمچە درێژ و پڕ مانا و مەبەستە، سادە و ڕەوان و خۆماڵییە، شێوە و وێنەی ئاساییان گرتۆتە خۆیان، بەڵام لە بەرگ و كاڵایەكی بەرز و جوان پڕ بە پێستی بابەتەكە هەموو لایەنەكانی كۆمەڵایەتی و زانیاری و ئەدەبیان بەدی دەكرێت. پەندی پێشینانی هەر گەلێك بەسەرهات و بۆنە و چیرۆك و سەرگوزشتەیەكی تایبەتی هەیە. (شێخ محەمەدی خاڵ: 2000: 10).

زەبیحی لە فەرهەنگەكەیدا بەهۆی هەندێ وشەوە ئاماژەی بە پەند كردووە بۆ نموونە وەك:

(بەرەو) پاش شیكردنەوەی زەبیحی ئەم پەندەی نووسیوە، ((بەرت بابێ و پشتت كەندەڵان)) (خا، پەند، ل_ 109). (عبدالرحمن زەبیحی: 1979: 149).

(بەری بابەردە) نموونەی پەندی هێناوەتەوە، ((بەر لە مەلا ئەچێتە مزگەوت))، ((بەر لە وەستا دوكان گەرم ئەكا))، ((بەر لەوەی بگاتە بوار دەرپێ دائەكەنێ)) (خا، پەند، ل_ 112). (هەمان سەرچاوە:149).

## 3- پەندی دروستکراو:

لە هەر دوو بەرگی (ء – ب)دا، زەبیحی پەندی دروستکراوی نووسیوە وەك:

(ئاشنایەتی: 1- پەیوەندی ئاسیاوی نێوان دوو یا چەند کەسێ. 2- ئیشتییالێ بوون، دڵتێکچوون_ (بۆ خواردن)، عەلاقە، پەیوەندی (لەگەڵ شتێ) بۆ نموونە: پیرۆت ئاشنایەتی لەگەڵ دۆڵمە خۆشە. (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 38).

## 4- پشت بەستن بە کەلتووری کەلەپووری کوردی:

زەبیحی وشەی بۆ پشتبەستن بە کەلتووری و کەلەپووری کوردی لە فۆلکلۆردا هێناوەتەوە بۆ نموونە: وشەی (ئاوێنەی باڵابەژن) پارچە ئاوێنەیەکی گەورە و چوارگۆشەی درێژە کە لە چوارچێوە گیرابێ ... جاران لە کوردستان، کە بوکیان بە سواری ئەسپ، یا بە پێیان دەگوێزێتەوە، ئاوێنەیەکی ئاوایان ڕووبەڕوی ڕادەگرت تا دەیان گەیاندە ماڵی زاوا.

(ئاوێنەی باڵانوان: ((وەی وەی چەند جوانە، ئاوێنەی باڵانوانە)) (فۆلکلۆر). (عبدالرحمن زەبیحی:1977: 101).

(بەر) ئەم ناوە لاوتەنیشتی هەرشتێك. ((ئەم بەرە و وبەرە، ناسکە دولبەرە، لەسەر ماچێکی شەڕە خەنجەرە)). (فۆلکلۆر). (هەمان سەرچاوە: 149).

(بەرامبەر) حاڵی دوو کەس یان دوو کۆمەڵە خەڵك ...((بەرامبەرم دامەنیشە، جەرگت دەرهێنام لە ڕیشە)) (فۆلکلۆر). (هەمان سەرچاوە: 1979: 152).

(بەو) شێوازی ئەمرە ... ((بەو بەو بەو خانم خاساکەم، پا بنێ وەبان دیدە ڕاستەکەم)) (فۆلکلۆر). (هەمان سەرچاوە: 220). (مەتەڵ) لایەنێکی ترە لە کەلەپووری کوردیە زەبیحی لە فەرهەنگەکەیدا نموونەی هێناوەتەوە. وەك ((وەکو نیسك وایە بەر و پشتی بۆ نیە)) (مەتەڵی کوردی). (هەمان سەرچاوە: 150).

## 5- پشت بەستن بە کتێبی ئاینی:

زەبیحی پشتی بەستووە بە کتێبی ئاینی وەکو (کتێبی ئینجیل) لە وشەی (ئەوێستا) لە باسکردنی (ئەوێستا) ((ئەو وەختێ هاتە شاگردان و بەوانی گوت: ئەوێستا بنوون و بحەسێنەوە ...)) (ئینجیل: مەتێ_ 79). (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 192).

هەروەها ئینجیلا لۆقا (لەهجەی کرمانجی)، (جڤاتا کتێبا مقەدەس یێ یەکبوویی)، بیروت، 1953. (هەمان سەرچاوە: 101). هەروەها زەبیحی ناوی (ئینجیل)ی یۆنانی شی کردۆتەوە: کتێبی ئاسمانی عیسا پێغەمبەرە و چواربەشە: ئینجیلی لۆقا، ئینجیلی مەتی، ئینجیلی مەرقۆس، ئینجیلی یوحەننا و زانایانی

دینی ئیسلام باسی یەکێکی تریش دەکەن کە ئینجیلی (بەرنابا)یە. ئەم وشەیە لە (ئێڤانگێلیۆن)ی یۆنانیە بە واتای (مزگێنی، خەبەری خۆش) کراوە بە عەرەبی. (هەمان سەرچاوە: 226).

## 6- پشت بەستن بە کتێبی نووسەرانی تر:

لە (قامووسی زمانی کوردی)دا زەبیحی لەو فەرهەنگەیدا پشتی بە چەندین کتێبی نووسەرانی تر بەستووە، کتێبی نووسەرانی زمانی (کوردی، عەرەبی، فارسی، ڕووسی) بەکارهێناوە، ناوی سەرچاوەکانی لە لاپەڕە (101- 106)دا نووسیوە و پاشان هێمای بۆ سەرچاوەکان بە کارهێناوە لە نموونەکاندا. بۆ نموونە وەك: وشەی (ئافتا)، (ئافتا: هاوتا، هاوچەشن، وێنە، شایەد ((ئەگەر چاوی خۆم بە یایەزینێ هەڵدێنایە ئەو خاتوونەم دی و ئافتای کاکەمەمی جوانە.)) (تحفە: جـ 1_ 226). (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 42). لە ئامرازەکان یان ڕاناوەکانیش بەهەمان شێوە. بۆ نموونە:

(ئەوەتەی: شێوە ڕستەیە لەو کاتەوە کە ...(ڕستەی دوایی کاتەکەی دیاری دەکات)، گەلێك جاران لە پێشەوە دێت، لە زمانی ئاوێستاییدا (ئەڤەتە، ئەڤەتهە) بە مانای (ئەوەندە، هێندەزۆر و ئاوا، ئەوجۆرە، بەوچەشنەی) هاتووە. تەماشای (ئەوڕەنگ: بەهرام_ 187).

هەروەها (یەوەت) مانای (تاوەختێکی، هەرچەند) دەدا. تەماشای: (پد: یگد، جـ 2_217). زەبیحی هەر لەو نموونەیەدا پەندیشی هێناوەتەوە بەنموونە. (هەمان سەرچاوە: 190).

(ئەوەندە) ((... دەسا من ئەوەندە لە واقیع بێزارم وەختە سوێم بێتەوە بۆ خەوێکی خۆش ...)) (بلە: ژان_ 97). (هەمان سەرچاوە: 190).

لە وشەی (بانگەشە)دا سەرچاوەی (مەهاباد، ل _ 61 و 62)ی بەکارهێناوە. (هەمان سەرچاوە: 57).

(برش) شیکردنەوەی ئەم وشەیە لە سەرچاوەی (لاڕوس _ 680)دا نووسیوە. (هەمان سەرچاوە: 72).

(بەختە) لە سەرچاوەی (جێد، ل _ 14)ی نووسیوە. (هەمان سەرچاوە: 140).

(بەستە) بۆ شیکردنەوەی سەرچاوەی (فەرهەنگ، جـ1، ل_ 532)ی بەکارهێناوە. (هەمان سەرچاوە: 193).

## 8/4 ) واتای پراگماتیکی و شێوازی لە فەرهەنگی کوردیدا:

پراگماتیك بریتییە لە لێکۆڵینەوەی زمان لە بەکارهێناندا، واتە مەبەستی قسەکەر لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا. (Yule: 2000: 4)، کەواتە پراگماتیك بە زانستی دەوروبەر ناسراوە، وەك مەودایەکی نوێ لە لایەکەوە پەیوەندی بە واتا و لێکدانەوەوە هەیە و لە لایەکی تریشەوە بە جیهانی دەرەوەی زمانەوە دەبەستن.

## أ- کۆنی و نوێیی وشەکان:

(ئاسن) مەعدەنێکی کەوەڕەنگە لە زۆر پیشەسازیەکانی ئەم زەمانەدا لەکار دەکرێ، مرۆڤ لە زۆر کۆنەوە (3000 ساڵ پێش عیسا، لە ئوور جنوبی عێراق) ئاسنی ناسیوە و دۆزینەوەی کاری گەورەی کردۆتە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی و شارستانێتی و بەرەو پێشی بردوە. (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 30).

(ئاوونگ) لە قامووسەکانی کوردیدا تەنیا مەردۆخ نوسیویەتی (جـ1 – 33). (هەمان سەرچاوە: 1977: 94).

## ب- دەگمەنی و بڵاوی وشەکان:

دەربارەی دەگمەنی و بڵاوی وشەکان لە فەرهەنگەکەی زەبیحیدا هیچ هێمایەکی بۆ دانەنراوە. تەنها ئاماژەی بۆ هەندێ وشە کردووە، بۆ نموونە وەك:

(ئاوونگ) لە قامووسەکانی کوردیدا تەنیا مردوخ نوسیویەتی (جـ1 – 33). (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 94).

(1- برنجۆك) کوانێکی سەخت و بە ئێشە لە جێگای زۆر ناڕەحەت (بەتایبەتی لە پەنجە) دێت. تەنیا مامۆستا تۆفیق وەهبی ئەم وشەیەی نووسیوە. (هەمان سەرچاوە: 1979: 74).

## پ- ڕێژەی بەکارهێنانی:

لە فەرهەنگەکەی ئەو وشانەی دیاریکردووە کە بۆ توێژی جیا بەکاردێت. وەك:

(بڤە) وشەیەکە منداڵی ساوای زمان پشکوتوو دەیڵێ و گەورەی پێ لە ژان و ئێشی جێگایەکی لەشی ئاگادار دەکا، گەورە بە منداڵی دەڵێن بۆ مەنع کردنی لە کارێك. (عبدالرحمن زەبیحی: 1979: 93).

(بەبە) منداڵی ساوا ...ئەم وشەیە لە زمانی منداڵەوە هاتوە کە بە هاوچەشنێکی خۆی دەڵی و گەورەش وەری گرتوە و بە منداڵی دەڵێتەوە و بۆ لاواندنەوە و ژێرکردنیش بەکاری دێنێ. (هەمان سەرچاوە: 135).

هەروەها یاری منداڵان وەك: (بازڵێن) یاریەکی منداڵانەیە لە کوردەواریدا زیاتر کچۆڵە دەیکەن. ئەم یارییە بەچەند کەسانێك دەکرێ، هەر یەکەیان سێ یا پێنچ پارچە زیخی پان دێنێ و پاش ئەوەی بە (لێکداهێنان) یا (تەڕویشککردن) دیاری دەکەن کێ لە پێش هەمووان‌دا یاری دەکات... (هەمان سەرچاوە: 36).

## ت- تابۆکان:

زاراوەی (تابۆ Taboo) بەم فۆڕمەی کە ئێستا لە زمانی ئینگلیزیدا بەکاردێت و بەرانبەرەکەی لە زمانی کوردیدا دەتوانرێت بە زاراوەی (نەشیاو/ قەدەغەکراو) ناوزەدبکرێت. (شاخەوان جەلال فەرەج: 2013: 124). زەبیحی لە ناو فەرهەنگەکەیدا هێمای بۆ وشەی تابۆ دانەناوە، هەروەها ڕێژەیەکی ئەوتۆشی لە ناو قامووسەکەدا بەکارنەهێناوە لە چەند وشەیەك زیاتر نەبێ. هۆکاری بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی وشە

تابۆییەکان لە زماندا پشت بەو مەبەستە دەبەستێت، کە ئاخاوتنەکە هەیەتی، چونکە بەکارهێنانی جۆرەکانی وشە هەست دەربڕە زبرە فەرهەنگی و نافەرهەنگی زمانەکانی بەردەوام بەکاردەهێنرێت بۆ دەربڕین و خستنە ڕووی هەست و نەستە جیاوازەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگاکەیدا. (هەمان سەرچاوە: 143).

(بای باڵدان) 3- گاز (غان)ێکی لە زگی ئادەمیزاد و هەندێ ... ئەوا بەڕێگای خوارەوەدا (تڕ، تس) دەردەچن. (عبدالرحمن زەبیحی: 1979: 8).

(باتو) گونی ئادەمیزاد. بۆ نموونە: ئەو منداڵە باتوی ئاوساوە. (هەمان سەرچاوە: 14).

(بان) لەم وشەیە ڕستەی سازکراوی هێناوەتەوە. بەسەر دەبانێ، بە قوون نابانێ. (هەمان سەرچاوە: 53).

(باکردن) ئەم کارە ئاوسانی زگی ئادەمیزاد لە ئەنجامی خواردنی هەندێ خواردنی هەندێ خواردەمەنی کە زگ دەئاوسێنن وەکو بامێ و پیواز و ...یا هەر لەبەر زۆر خواردن و خواردنەوە. (هەمان سەرچاوە: 44).

لە کاری (بەردان) فرەواتای 3- تڕکەندن هاتووە. بۆ نموونە: هەر منداڵەکە کە یەکێکی بەردەدا و دایکی چەپۆکێکی پێدادەدا. (هەمان سەرچاوە: 161).

(بڕ) وەکو ناو ئەنجامی بزپێوەکردن. (هەمان سەرچاوە: 85).

(بزپێوەکردن) وەکو کار پەنجە لە پاشەڵی کەسێ ڕاکردن، بۆ تووڕە کردن یا گاڵتە پێکردن. (هەمان سەرچاوە: 85).

(ئاوهاتنەوە) هاتنە دەری (مەنی) لە ئامرازی نێرینەی ئادەمیزاد و هەندێ گیانداری تر، لەکاتی جوتبوونی نێرینە و مێینە یان بە هەر شێوەیەکی دیکە. (هەمان سەرچاوە: 1977: 94).

## ج- زانیاری لە بارەی پێگەی ئاستی خەڵکی و ڕۆشنبیریان:

زەبیحی لە فەرهەنگەکەیدا زانیاری لە بارەی پێگەی ئاستی خەڵکی و ڕۆشنبیریان نەداوە، بەڵام لە چەند وشەیەك نەبێت باسی کردووە. بۆ نموونە:

(ئەنیکە) هەر شتێکە کۆن ... زەبیحی ئاماژەی بەوە کردووە کە کەم لە کار دەکرێ و خوڵکی لادێ و نەخوێندەوار هەر (عەنتیکە) دەڵێن. (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 176)

(ئەهلی ئیمان) خوا پەرستن، ئیماندارن. (هەمان سەرچاوە: 193).

(ئەهلی بازاڕ) ئەوانەی لە بازاڕ کاسبی دەکەن، بازگان و دوکاندار و ... (هەمان سەرچاوە: 193)

(ئەهلی تەقوا) ئەو کەسەی ملکەچی فەرمانی خوایە، ئەوەی لە کار و کردەوەی پێچەوانەی ئامۆژگاری دین خۆی دەپارێزێ. (هەمان سەرچاوە: 193). زەبیحی ئەو کەسانەی دیاریکردووە کە لە کارەکانیاندا پیشەی جیاواز دەکەن.

ناوی (بانو) ژنی گەورە پیاوان، ژنی بەڕێز و لە خانەدانی گەورە. (هەمان سەرچاوە: 1979: 58).

**چ- زانیاری خودی وشەکان ( پیّوانەیی یان ناپیّوانەییە ):**

زەبیحی لە فەرهەنگەکەیدا لە هەر دوو بەرگی (ء – ب)کەیدا ئاماژەی بۆ هیچ زانیاری خودی وشەکان لە بارەی پیّوانەیی یان ناپیّوانەیی نەکردووە. کە لەناو فەرهەنگەکەیدا ئاماژە بەوە بکات کە ئەو وشەیە میللییە یان ئەدەبییە یان فەرمییە یان نافەرمییە.

**ح- زانیاری لە بارەی شویّنی بەکارهیّنانی وشەکە:**

زەبیحی لە فەرهەنگەکەیدا زۆر لیّهاتوانە زانیاری لە بارەی شویّنی بەکارهیّنانی زۆربەی زۆری وشەکانەوە نوسیووە، تەنانەت هیّمای بۆ شویّنەکانیش داناوە (با- بادینی، بک- باکوری، جنـ- جنوبی، زا- زازایی، مکـ- موکریانی ... هتد)، لەبەرئەوەی هەر وشەیەکی نووسیوە لە تەنیشتیەوە ئاماژەی بە شویّنی بە کارهیّنانی کردووە. بۆ نموونە:

(ئارفتە) سنەیە، هاوواتای لە باکوور ڕفتە. (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 20).

(ئۆخژە) موکریانیە. (هەمان سەرچاوە: 113).

(ئەشکەنجە) پەهلەویە. (هەمان سەرچاوە: 157).

(برژاو) موکریانی، سلیّمانی، هەولیّری، کەرکوکی)یە، واتە وشەی (برژاو) لە وشویّنانە (چوار) شار بەکاردیّت. (هەمان سەرچاوە: 71).

بەرسك: سلیّمانی. تەماشای بەرزگ. (هەمان سەرچاوە: 170).

(بەرانپۆز) سنەییە. (هەمان سەرچاوە: 153).

(بەق) هەورامیە. (هەمان سەرچاوە: 203).

(بەهی) بادینیە. (هەمان سەرچاوە: 226).

**هـ- زانیاری لە بارەی ئیتیمۆلۆژی:**

زەبیحی لە فەرهەنگەکەیدا چەندین وشەی لە ڕووی ئیتیمۆلۆژییەوە خستۆتە ڕوو. بۆ نموونە وەك:

**(ئاوونگ)** ئەم ناوە بە واتای هیّشوی ترێ، کە لە هیندێ شویّنی کوردستان داوەبەنی تیّدەبەستن و بە میچی خانووە هەڵی دەواسن بۆ زستان، ئەم وشەیە فارسییە و ئەسڵەکەی (ئاوەنگ)ە و لەگەڵ (اویختن) بەمانای هەڵواسین خزمایەتییان هەیە و بیّجگە لەوەی کە لەسەرەوە باسکرا هەرشتیّکی بەهۆی داوەبەنیّکەوە بە جیّگایەکەوە هەڵەواسرێ. (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 94).

**(ئەڕاگیّڵ)** ئەم وشەیە هەولیّرییە، حاڵی کەسیّك بە شویّن کەسیّکا یا شتیّکا ویّڵ بێ، ئەم وشەیە لە دوو کەرتی (ئەڕا) و (گیّڵ) پیّکهاتووە، بەلای زەبیحییەوە یەکەمیان (ئەڕا) دەبێ (هەرا)ی ئاویّستایی بێ کە

بەمانای کێوە و لە زمانی کوردیدا (هەڵەت) و (هەردە)ی لێکەوتۆتەوە، دووەمیشیان (گێڵ) بە مانای گەڕان و سوڕانەوە، وشەکە هەمووی دەبێتە: وێڵی چۆڵ و بیابان. (هەمان سەرچاوە: 132).

(باستان) ئەم وشەیە پەهلەوییە، لە کوردستانی عێراق بە واتای کۆن، قەدیم دێت. ... مامۆستا تۆفیق وەهبی ئەم وشەیەی لە فەرهەنگەکەیدا نووسیوە، وەك ئاماژەیەی پێکراوە ئەسڵی وشەکە (پەهلەوی)یە و بە مانای (هەمیشە و دایم، قەدیمی و بێ بسانەوە) هاتوە، بێ ئەوەی لێی بپرێنگەمەوە بە کوردی ڕەسەنی دەزانم بازمانی (فارسی)ش زۆری بەکاربێنێ وەکو ئەم وشەیە و دەبێ وا حیساب بکرێ کە (فارسی) لە (کوردی) خواستۆتەوە. (هەمان سەرچاوە: 1979: 38).

(بۆرژوا) ئەم ناوە تاکە کەسێك لە چینی بۆرژوازی، ئەم وشەیە لە زمانی فەڕەنسییەوە، هاتۆتە ناو زمانی فارسی و لە وێشەوە کەوتۆتە ناو زمانی کوردی و لە کوردستانی ئێران، لە زمانی کوردیدا وشەی (شارەزا)مان هەیە کە لە لایەنی لۆغەتەوە ماناکەی دەبێتە: (ئەو کەسەی لە شار – زاوە – لە دایك بوە) کە دەقاو دەق مانای (بورژوا)ی فەڕەنسیە، بەڵام وەکو دەزانین ئەم وشەیە ئێستا تەنیا مانای (کەسێکی ڕێوشوێنی کارێك بزانێ یان بەڵەدی جێگایەك بێ) بەکاردێت. (هەمان سەرچاوە: 118).

(بۆن) ئەم وشەیە دەنگی (ن)ی زیاترە لە (1– بۆ) کە نە لە (ئاوێستایی)وە نە لە (پەهلەوی)یەکەیدا دەنگێکی وانەبووە و پێشم شك نایە کە دەنگی (ذ)ی ئاوێستای بوو بێتەوە (ن)، لەلایەکی تریشەوە ڕەوتی گۆڕان و گەشەکردنی زمانان کە هەمیشە بەرەو ساکاربوونە ماوەی ئەوە نادا بڵێین ئەم دەنگی (ن)ە، پاش ساکاربوونەوەی وشەکە لە (بەئوذی) ئاوێستاییرا بۆ (بۆذ)ی پەهلەوی و (بۆ)ی دوا قۆناغی وشەکە، هاتۆتە گۆڕێ. بۆیە زەبیحی وای بۆدەچێت کە (بۆن)، (بێن)، (بێهن)ی باکوری لە (بۆ) کۆنتر بن و زیاتر ڕێی تێدەچێت کە وشەیەکی (مادیی) بن. (هەمان سەرچاوە: 124– 125).

(بەرمیل) ئەم وشەیە بە ڕێگای زمانی ئینگلیزیدا، لە کوردستانی عێراق هاتۆتە ناو زمانی کوردی، ئەسڵەکەی لە ئینگلیزیدا (بار_ ریل)ە کە لە (باریل)ی فرەنسی وەرگیراوە، بەڵام زەبیحی بۆی ساغ نەبۆتەوە و نازانێت دەنگی (م)ی چۆن لێ پەیدابووە. (هەمان سەرچاوە: 176).

### 9/4 ) زانیاری گشتگیری ( الموسوعی ):

### 1-9/4 ) أ- لە بارەی ناوەوە بۆ چواربەش دابەش دەبێت:

### 1- کەسەکان:

لە قامووسەکەی زەبیحیدا بە دیاریکراوی باسی ناوی کەسەکانی نەکردووە، بەڵام لە ڕێگای وشەکانەوە ئاماژەی بۆ ناوی کەس کردووە. بۆ نموونە: لە ناوی (ئەخت و چار) لە تورکیا ناوە بۆ پیاوان،

حاجی ئەختیی (محەمەد ئەفەندی مەحامیی – باڤێ تووژۆ – ) یەکێك بووە لە ناودارەکانی شۆڕشی شێخ سەعید. (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 125).

(ئاخوران بخوران) زاخورانی عەشیرەتێکی کوردن لە مەڵبەندی هەوشاری کوردستانی ئێران. (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 10).

(ئیمام) 3– هەر بکر، ئیمامی عومەر، ئیمامی جەعفەری (شیعە) کە یەکەمیان (ئیمامی عەلی) و ئاخریان (مەهدی)یە. هەریەك لەو چوار کەسەی کە پاش پێغەمبەر (د.خ) خەلیفەی ئیسلامیان کرد. بۆ نموونە: ئیمامی ئەبوبکر، ئیمامی عومەر، ئیمامی عوسمان، ئیمامی عەلی. (هەمان سەرچاوە: 222).

لە ناوی (بارە) ئاماژەی بە شاعیری کورد (خانی)یەوە کردووە. کە لە نموونە: لە بارەی (خانیی) شاعیری گەورەی کورد زۆر شت نووسراوە. (هەمان سەرچاوە: 1979: 25).

(بۆشایی) لەم ناوەدا ئاماژەی بە ناوی کەس کردووە. لە مەبەستی ئەم خاڵە 4– پلە و پاییەکی ڕەسمی و کۆمەڵایەتی لە دەزگای دەوڵەت یا وڵاتێکدا کە خاوەنەکەی لادرابێ یا هەر جۆرێکی دیکە شوێنەکەی بە تاڵ بوو بێ. بۆ نموونە: مردنی جەمال عەبدونناسر بۆشاییێکی زلی لە (میسر)دا بەجێ هێشت. (هەمان سەرچاوە: 120).

(بەیت) شێوەییێکی فۆلکلۆری ئەدەبیاتی کوردییە ... بۆ نموونە: بەیتی کاکە مەم و خاتووزین، بەیتی خەج و سیامەند، کە ناوی (مەم و خاتو زین و خەج و سیامەند)ی هێناوە وەکو کەسانێکی دیاری ناو ئەدەبیاتی کوردی باسدەکرێن. (هەمان سەرچاوە: 228).

### 2- ئاژەڵ و زیندەوەر و پەلەوەر و باڵندە:

لە فەرهەنگەکەی زەبیحیدا ئاماژە بە ناوی ئاژەڵ کراوە و ناوی باڵندەشی نووسیوە و شیکردنەوەی لەبارەیانەوە کردووە. بۆ نموونە وەك:

ئاروان: وشترێکی سێ بەهاری بینیوە.

ئاروان لۆك: وشتری نێر کە چوار بەهاری بینیبێ.

ئاروان وشتر: وشتری مێنگەی چوار بەهاری دیتووە,

ئاروانە: ووشترێکی (چ نێر چ مێ) چوار بەهاری دیتبێ. ئەو چوار ناوە ئاژەڵە کە بە شێوەزاری ناوچەیی موکریانی نوسیویەتی. (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 15).

ئاسك: گیاندارێکە کاوێژ دەکات، دەست و قاچی باریك و درێژن، چاوی ڕەش و جوانە، بە خیرا ڕاکردن بەناوبانگە، گۆشتی ناسك و خۆشە. (هەمان سەرچاوە: 29).

**ئاڵەتاج:** مراوییێکی سپی خاڵخاڵی کێوییە، پەڵییکی سەوزی سێ سوچی لە سەر سەرییەتی. (هەمان سەرچاوە: 63).

وەکو باڵندە (ئەسپەشینە) باڵندەیەکی ڕەنگاوڕەنگە، لە کەڕەواڵە گەورەترە، لە کاتی هەڵفڕینا دەنگێکی لێوە دێ لە حیلەی ئەسپ دەچێ. (هەمان سەرچاوە: 140).

(ئەسپێ)یە زیندەوەرێکە لەبەر پیسوپلۆخی لە لەشی مرۆڤ و هەندێ گیانداری تر وەکو (مەیمون و ...)دا پەیدادەبێ. هەروەها لەناو هەندێ خۆراکیش هەیە وەکو (گەنم و جۆ و برنج و ئارد ...). (هەمان سەرچاوە:141).

**ئێستر:** گیانداریێکی بەکاری چوار پەل قایمە، لە جووت بوونی نێرەکەر و مایین پەیدا دەبێ، لە کوردستان بۆ سواریی و بارەبەری کەڵکی لێ وەردەگیرێ. (هەمان سەرچاوە: 232).

**باز:** باڵندەیەکی گۆشتخۆری وریای خێرایە، نزیکەی سی چل سانتیمەتر درێژ دەبێ، باڵی کورت و باریکە، دندوکی خوارە و بەسینگی پەڵەپەڵەی ڕەشی تێدایە. (عبدالرحمن زەبیحی: 1979: 30).

**باشۆکە:** باڵندەیەکی دەنوك کەوانەییە، لە واشە بچوکترە، ڕاوە چۆلەکەی پێدەکرێت. (هەمان سەرچاوە: 41).

**باشو:** باڵندەیەکی ڕاوکەری بچکۆلەیە کە درێژایی دەوری سی سانتیمەتر دەبێت، چاوی زەردن، پشتی کەوەڕەنگ و بەر زگی سپییە پەڵە پەڵەی زەردی تاریکی تێدایە، لە حەوا باڵندەی تر دەگرێ و جار و باریش هێلکەی پەلەوەران دەخوا، لە کوردستانی خۆمان هەیە. (هەمان سەرچاوە: 41).

**باقۆ:** جۆرێك ماسی زلی بێ پولەکەی بێ درکە، دەمی لە باتی ئەوەی وەکو ماسی دیکە لە لەشی باریکتر بێ پانترە و جوتێ سمێڵی یەك داوی ئەستور کە لە هەر لەیەکەوە دە سانتیمەتر درێژ دەبێ ... شیعە خواردنی گۆشتی ئەم ماسییەیان بەلاوە حەرامە. (هەمان سەرچاوە: 43).

**بانبانك:** گیانداریێکی کێوییە لە شێوەی (سمۆرە)، دەستەکانی لە قاچی کورتترن، ڕەنگی بەپێی وەرزی ساڵ دەگۆڕێت، کەوڵەکەی بۆ هەنێ شتی وەکو (کیسەباخەڵ) و (بەرگەکالان) بە کەڵك دێت، بۆیە لە زستانا کە ڕەنگی سپی و جوان دەبێ زیاتر هەوڵی ڕاوکردنی دەدرێ، لە ناو (غەڵ)ە بەردانددا دەژی، لەناو کوردەواری دەڵێن ئەم گیاندارە زێڕ دەدزێ و دەیشارێتەوە. (هەمان سەرچاوە: 53-54).

**باوکە:** نێرەی باڵندە و پەلەوەری وەکو چۆلەکە و پاساری و پەڕەسلێرکە و... (هەمان سەرچاوە: 60- 61).

**بزن:** گیانداریێکی گییا خۆری کاوێژکەرە، دوو شاخی هەیە بەرەو دواوە دەشکێنەوە، ڕدێنێکی درێژ و کلکێکی کورتی هەیە، شیری دەدا و لەشی موو داپۆشیوە. (هەمان سەرچاوە: 87). هەروەها (بزنەدۆخە، بزنەقسر، بزنەکوڕانە، بزنەکێوی ... هتد) ئەو جۆرە بزنانەش هەیە.

**بولبـول**: باڵنـدەییێکی پچـکۆلانەیە بـە ئەنـدازەی چۆلەکەیەك، ڕەنگـی پشـتی کەوەیـەکی ئامـاڵ سـوور و بەرزەگی زەرد، دەندوکی پچوك و خۆی بە تێکڕایی جوان و ژیکەڵەیە، دەنگی زۆر خۆشە. (هـەمان سەرچاوە: 111).

**بۆق**: گیاندارێکە لە وشکانی و ئاوا دەژی، پێستێکی لینجی هەیە، پنۆك پنۆك ڕەش و قاوەیی تێدایـە، لـە ئاوا (گەرا) دادەنێ، بە گەراکەی دەڵێن (سەرەمێکوتە). (هەمان سەرچاوە: 120).

**بەراز**: گیاندارێکی بەهێز و قورسە، لەوانەیە بەچکەی خۆیان بەشیری مـەمکان بەخێودەکـەن، سمـی هەیـە، پێستی ئەستورە، تووکە کـورت و ڕەقە، لمبـۆزی هەیـە، دوو ددانـی لـەولاولای دەمـی هاتۆنەدەر(شـفرە)یان پێدەڵێن، بۆ خۆپاراستن و شەڕکردن کەڵکیان لێ وەرگرێ. (هەمان سەرچاوە: 151).

**بەرخ**: بەچکەی نێرە و مێی (مەڕ) پێش ئەوەی بۆ بڕینەوە دەست بدات. (هەمان سەرچاوە: 160).

**بـەرزەجوڕە**: حەشـوڕەیەکە وەکـو (کوللـە) وایـە، بـەڵام بچـوکترە و ڕەنگـی شـینە، لـە نـاو دەغڵانـدا دەژی، هەمیشە زیقەزیق و جیرەجیر دەکا و دەنگی تیژە. (هەمان سەرچاوە: 168- 169).

**بەرگاییلکە**: باڵندەیەکی بچوکە لە تیرەی چۆلەکە و کاتێ جوتێر جوت لـێ دەخـوڕێ لەبـەردەم جوتۆکـەوە هەڵدەقونێ. (هەمان سەرچاوە: 173).

**بەق**: نێرەکەو. (هەمان سەرچاوە: 203). بڕوانە پاشکۆی ژمارە (16)

## 3- ڕووەك و گیا و میوە:

زەبیحی لە فەرهەنگەکەیدا ناوی ڕووە ك و گیای نووسیوە و زۆربەیانی شیکردۆتەوە و زانیـاری زۆری داوە لەسەریان بۆ نموونە وەك:

**ئاڵووباڵوو**: بەری دارێکی دەسچێنە هەر بەم ناوە، شێوەی خڕە، ڕەنگی سـوورێکی مەیلـە و ڕەشـە، تـامی شیرینە و تۆزێ مزرە. لـە کوردسـتانی ئێران زۆرە و لـە هەنـدێ شـوێنی عێڕاقیش هەیـە. وەکو میوەییێکی هاوینەی دەخورێ و لە باتی ترش دەکرێتە هەندێ چێشتان، ڕیچاڵ و ڕوب و شەربەتیشـی لـێ دەگیرێ، وەکو (چا)ش دەم دەکرێ و دەخورێتەوە. (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 62).

(**ئاڵەکۆك**) ناوی گیاییەکە کە گیاییەکی بەهارییە، هەر زوو لە پەنا ڕەنوە بەفران سەر دەردێنـێ، لـە شـنگ دەچـێ، بـەڵام گـەڵای پـانترە و تـوکن، بسـتێك بـەرز دەبێتـەوە، گـوڵێکی زەردی هەیـە، ڕەنگـی کـەم لـە زەوی دەچێتە خوار، بنێکی خڕی هەیە دەخورێ. (هەمان سەرچاوە: 64).

**ئەسپەڕە**: گیایەکی بەنی پێ زەردەکەن. (هەمان سەرچاوە: 140).

**ئەسپەناغ:** گیایەکی بەهاری دەشتەکییە، گەڵای پانە و لاسکی باریك و شلکە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چۆتە ئەورووپا. لە کوردستانی عێراق پێی دەڵێن ئەسپەناخ. ئەپەندەر، ئەسپیندار...هتد (هەمان سەرچاوە: 140).

**ئەسپینگ:** گیایەکی دەشتەکی بەهارییە، گەڵای باریك و درێژ و گرنج گرنجە، لە چیا و دەشتی کوردستان زۆرە، بە خوێوە دەخورێ. هاوواتاکەی ئەسپنگە. (هەمان سەرچاوە: 141).

**ئەسرێلك:** گیایەکە، گوڵی جوانە، بنێکی ئەستوری هەیە کە مادەیەکی نووسەکی تێدایە، لە گەلێ شوێنی کوردستان شین دەبێ. (هەمان سەرچاوە: 150).

**بابنەپێچ:** گیایەکی بۆن خۆشی لاسك سەوزی باریکی گەڵا وردی بەهارییە، گوڵی سپییە و لە ناوەڕاستیا تۆزێ زەردە و بۆنی خۆشە، بۆ هەندێ داودەرمان بەکاردێت. (هەمان سەرچاوە: 1979: 10).

**باپیری:** جۆرە هەنارێکی ترش و شیرن (مزر)ە. (هەان سەرچاوە: 13).

**بادام:** میوەیەکە دەخورێ، دارەکە دەسچێنە (کێوییشی هەیە)، لە کوردستان زۆرە، پڕە لە ماددەی چەوری و شەکری میوە، لە کوردستان بۆ خواردن و داوودەرمان بەکاری دێنن. (هەمان سەرچاوە: 16).

**باڕێزە:** گیایەکی لاسکی درێژ و ڕەش باوە، گەڵای ورد و سێ گۆشەیە، بە کەرەوز دەچێ، لە شاخان لەو شوێنانەی کەمێ ئاویان هەیە شین دەبێ. (هەمان سەرچاوە: 29– 30).

**باقلە:** گیایەکە ساڵەوساڵ دەچێندرێ، هاوشانی (لۆبیا)یە، جار هەیە گەزێك بەرز دەبێتەوە، خواردنی بەری ئەم گیایە مرۆڤ پێ تێر دەبێت. (هەمان سەرچاوە: 43).

**باقۆ:** هەنجیرێکی پێش ئەوەی بە چاکی بگا، وەریبێ. (هەمان سەرچاوە: 43).

**باڵنگ:** میوەیەکە لە ڕەگەزی پڕتەقاڵ و نارنج، توێکڵی زر و ئەستور و زەردە، درێژۆکە و گەورە و قورسە، بۆنی خۆشە، دەکرێتە مرەبا و شەربەت. (هەمان سەرچاوە: 50).

**بامێ:** گیایەکی دەسچێنی گەڵا پانی یەکساڵەیە. گەڵاکانی بە گەڵای گوڵە هێرۆ دەچێ. (هەمان سەرچاوە: 52).

**باهەنجیر:** جورە هەنجیرێکە زووتر پێدەگات و بێ تام و ناخۆشە. (هەمان سەرچاوە: 65).

**باینجان:** گیاییەکی دەسچێنی ساقەت ئەستورە، گەڵای پان و درێژووکەیە گوڵی وورد و بنەوشە. (هەمان سەرچاوە).

**بنەمێو:** تاکە دارێکی ترێییە. (هەمان سەرچاوە: 106).

**بەرسیلە:** ترێیەکە هێشتا ئاوی تێنەگەڕابێ و شیرین نەبووبێ. (هەمان سەرچاوە: 170).

1- بەندۆکە: گیاییەکە بەهاران لە دەم جۆگا و چەمان شین دەبێ. بۆ خواردن دەس دەدا. بۆ نموونە: کوزەڵە و بەندۆکە. (هەمان سەرچاوە: 218). ناوی ڕووەك و گیا و میوە لە پاشکۆی ژمارە (17) خراوەتە ڕوو.

## 4- شوێنەکان:

زەبیحی لە فەرهەنگی (قامووسی زمانی کوردی)دا باسی چەند شوێنێکی دیاریکراوی کردووە. وەك: (ئاتەشگا) 2- ناوی شاخێکە لە ناوچەی تاوەگۆزی. (عبدالرجمن زەبیحی: 1977: 6).

بەهۆی پاشبەندی (ئەك)ەوە ناوی شوێنی (سیتەك، چەمەك)ی نووسیوە و لە لە هجەی باکوریدا (ئان)شی بە دواوە دێت، وەك: (کەمەکا) گوندێکە لە نیزێك دهۆکێ، سیدەکا (سیید ؟ + ئەك + ئان) گوندێکە لە برادۆست. (هەمان سەرچاوە: 162).

(ئوردوگا) جێگای کۆبوونەوەی لەشکر، شوێنێکی چەکدار ئۆردووبەزی لێدەکەن. (هەمان سەرچاوە: 114).

(ئاوی بابەقەتار) ئاوی کانییەکە لە موکریان، خەڵك لایان وایە خواردنەوەی کۆخە و کۆخەڕشە چاك دەکاتەوە و لە هەموو لایێکەوە بۆی دەچن و دەیهێنن. (هەمان سەرچاوە: 74).

بە هۆی ئاوەڵناوی (ئاوا) دەبێتە پاشبەند وەك: حەسەناوا، قازیاوا، هەمزاوا، قەرەجاوا. (هەمان سەرچاوە: 76).

(ئاوی زمزم) ئاوێکە حاجیان لە (مککە)ڕا بۆ پیرۆزی لەگەڵ خۆیان دەێنن. بە هۆی ئەو ناوەوە ئامـاژەی بە مەککەی پیرۆز کرددوە. (هەمان سەرچاوە). (بەستۆڕە) 3- ناوی سەیرانگایەکە لە نزیکی شاری هەولێر. (هەمان سەرچاوە: 193).

(بافڵ) 1- ئاوشار. 2- ناوە بۆ نێرینە. بۆ نموونە: بافڵەکەی چەمی ڕەزان سەیرانگایەکی خۆشە. زەبیحی لەو ناوەدا ئامـاژەی بە ناوی سەیرانگا کردووە کە سەیرانگای (چەمی ڕەزان)ە. (هەمان سەرچاوە: 1979: 42).

## 2-9/4) ب- زانیاری مێژووی و جوگرافی و شوێنە ناسراوەکان و ناوی نەخۆشی:

### 1- ڕووداوە مێژووییەکان:

یەکێك لە ڕووداوە مێژووەکانی سەر زەوی و یەکەم ڕووداو ئەو ڕووداوەی کە (ئادەم) یەکەم مرۆڤ کە لە سەر زەوی پەیدابووە. قورئان و تەوڕات باسی دەکەن: خوا دروستی کرد و لەگەڵ ژنەکەی لە بەهەشتا داییان، پاشان لە سەر نافەرمانی فڕێی دانە سەر زەوی و هەموو مرۆڤ بنچینەی ئەون. (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 11).

### 2- دیاردە جوگرافییەکان:

ئاسیا: یەکێکە لە پێنج وشکانییە گەورەکانی دنیا، بە تەواوی لە بەشی (نیوەی باکوری) کورەی زەویدا هەڵکەوتوە، لە هەموو وشکانییەکانی تر گەورە ترە و 44 ملیون کیلۆمەتری چوار گۆشە پانە و لە هەموانیش خەڵکی زۆر تر تێدایە. (1900 ملیۆن کەس، لە ساڵی 1969)، ئەوروپاو ئەفریقاش بەهەمان شێوە نووسیویەتی لە فەرهەنگەکەیدا. (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 32).

ئەوروپا: یەکێکە لە پێنج وشکانییە گەورەکانی دنیا، لە هەمووان بچووکترە. (هەمان سەرچاوە: 109).

ئۆقیانووس: دەریای زۆر گەورە و پان و بەرین. لە دونیادا پێنج ئۆقیانووس هەن: 1- ئۆقیانووسی گەورە.

2- ئۆقیانووسی ئەتلەس. 3- ئۆقیانووسی هیند. 4- ئۆقیانووسی سەهۆڵ بەندی باکوور. 5- ئۆقیانووسی سەهۆڵ بەندی باشوور. (هەمان سەرچاوە: 111),

## 3- شوێنە بەناوبانگەکان:

بنار: ئەو شوێنەیە کە چیا و کێو لەگەڵ زەوی لێك دەدەنەوە و پێدەشت دەسپێدەکات. نموونە: سلێمانی لە بناری گۆیژەیە. بنارگل مەڵبەندێکی کوردستانە لە گەرمیان. (عبدالرحمن زەبیحی: 1979: 101)

ئاتەشگەدە: شوێنێکە پەیڕەوانی دینی زەردەشت ئاگریان تێدا ڕادەگرت. جێگای بە جێ گەیاندنی ڕێ و شوێنی ئایینی زەردەشت. (هەمان سەرچاوە: 6).

## 4- ناوی نەخۆشی:

زەبیحی لە ناو هەر دوو فەرهەنگی (أ – ب)دا ناوی هەندێك نەخۆشی دیاری کردووە، هەر تەنها ناوی نەخۆشی مرۆڤی دەستنیشان نەکردووە، بەڵکو ناوی نەخۆشی ئاژەڵیشی نووسیوە بۆ نموونە وەك:

(ئاگرە) نەخۆشییەکی تایبەتی پێستە، زیاتر منداڵ تووشی دەبن، لەپێشدا لالغاوە و چەناگە دادەگرێ و پاشان دەپەڕێتە جێگای تر. ئەو شوێنانەی کە تۆش دەبن زیپکەی ورد دەردەکەن و زنچکاوێکی زەردیان لێدێت. (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 53).

(ئەنفلۆنزە) نەخۆشییەکە، بە هۆی (ڤیرووس)ی تایبەتی تووشی مرۆڤ دێت و (تا)ی دەبێت، ئەو کەسە هەندێ جار هەلامەتیشی لەگەڵە و خەڵك لە یەکتر دەگرنەوە. (هەمان سەرچاوە: 181).

نەخۆشیەکی تر ناوی (ئاوی مرواری)ە کە ئەم نەخۆشییە تووشی چاو دەبێت، تانەیێکی بۆرباو بەسەر چاوا دەکشێ و بینایی کوم دەکاتەوە، یا هەر دەیفەوتێنێ و پیاو کوێر دەکات. (هەمان سەرچاوە: 75).

(ئوفە)ە ناوی نەخۆشی ئەسپ و ماینە، ڕەفییسکەی پاشوویان خڕ دەبێ و ئاو دێنێ. (هەمان سەرچاوە: 110).

لە بەرگی (ب)دا چەند نموونەیەك وەك:

باژەڵـە (باژییلـە) نەخۆشـیەکە دەدات لەبـەر موسـوڵدانی سـاوا بەتایبـەتی نێرینـە و میـزی پـێ ناکرێـت. مامۆسـتا تۆفیـق وەهبـی ئـەم وشـەیەی بە نەخۆشـییێکی پێسـت تایبـەتی منـداڵان داناوە. (هـەمان سەرچاوە: 1979: 37).

(باغە) نەخۆشییە تووشـی سمـی وڵاغـی یەکسم دێت و کاسـەی سمـی درێـژ دەکـا و کـەڵکی سـواری پێوە نامێنێ. (هەمان سەرچاوە: 41).

(باوەڵی) نەخۆشـییەکە تووشـی مـەڕ و بـزن دەبێـت و گـۆدیـان دەکـا و پـەکی ڕۆیشـتنیان دەکـەوێ. (هـەمان سەرچاوە: 63).

(بەلەفیرە) نەخۆشی زگچوونە تووشی ئاژەڵ و پاتاڵ دەبێت. (هەمان سەرچاوە: 210). ناوی نەخۆشـی مرۆڤـ وەك: (ئەسـپەك) زیپکـە و (لیر)ێکـی بەهـۆی نەخۆشـی کـەوتوویی (تیفـۆس) لەشـی مرۆڤ بەتایبـەتی سـەر، دەریـی دەدات. زۆرجـار بـەهۆی ئـەم نەخۆشـییەوە شـێبوونی بەدواوەیـە، کـە بـە ڕەشـەگرانەتا بـەناوە ئـەم نەخۆشیە، ئەگەر کەسەکە نەکوژێت ئەوا شێت دەبێت. (هەمان سەرچاوە: 140).

(بای سوور) نەخۆشـیێکە تووشی مرۆڤ دێت و دەیپەنمێنێ و ڕەنگی سوورێکی مەیلە و مـۆر هەڵـدەگێرێ، ئاوساویەکەی تا توێژی بنـەوەی پێسـت دەچێت، زیاتر لـە دەم و چاو دەدات و یـەك لەیـەکی دەگرێتـەوە، میکرۆبـی ئـەم نەخۆشـییە (سـترێپتۆکۆك Streptocoque)ە و بـە زاراوەی پزیشـکی نەخۆشـییەکە (ئێریسیپیێل Erysipeie)ی ناوە. (هەمان سەرچاوە: 1977: 8).

(بـاداری) نەخۆشـی ڕۆمـاتیزم. نەخۆشـییەکە کـە تووشـی مرۆڤـ دەبێـت و لـە جومگـە و ماسـولکە و ئەندامـەکانی دەروون (جـەرگ، دڵ...) دەدات، چـونکە ژانـی ئـەم نەخۆشـییە لـە جێگایـەك ڕاناوەسـتێت و هەڵدەکشێ و دادەکشێ، پێشینیانی کورد وایان زانییوە (با)یە و لە لەشی مرۆڤدا دەگەڕێ و ناویان نـاوە (باداری). (هەمان سەرچاوە: 16).

(بۆقژە) نەخۆشییەکە منداڵ تووشی دەبن، نێو دەم و لێو و لچیان بلۆق دەکا. (هەمان سەرچاوە: 121).

(بەرهەنگ) نەخۆشیێکە توشی بۆڕی هەناسەکێشان دەبێ و پیاو تەنگەنەفەس دەکا، ئەم نەخۆشییە زیاتر مرۆڤی دەساڵە وەچوو دەگرێتەوە. (هەمان سەرچاوە: 179).

نەخۆشی مرۆڤ و درەخت و ئاژەڵ پاشکۆی ژمارە (18)دا ئاماژەی پێدراوە.

## 3-9/4 ) ج- زانیاری لە بارەی ناو و ناونیشانی هەڵبژێردراوی کارە ئەدەبی و فکرییەکان:

لە (قامووسی زمانی کوردی)دا زەبیحی ئاماژەی بە وشـەی ئـەدەبی و فکـری نـەکردووە، چـونکە وشـەی (شیرین و فەرهاد، خەجێ و سیامەند ...هتد) لەم دووبەرگەدا نییە.

تەنها بە وشەی (2–ئەدەب)ی کردووە. یەکێکە لە زانستەکان کە لقی زۆرن: ڕێزمان، بەیان و بـەدیع، عـەروز و قافیە، شیعر و نوسین. بۆنموونە ئەدەبی یۆنانی، ئەدەبی عەرەبی. نموونە: ((لە (ژین)ەوە ئەمە شاباشـی

**ڕێی (گەلاوێژ)ە))   ((لە پایەی ئەدەبا نوکتە بێژ و هەم گوڵ ڕێژە)). ئەدەبیات، ئەدەبی.** (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 127).

## 5-9/4 ) د- زانیاری لە بارەی داب و نەریت و باوەڕە دینی و کۆمەڵایەتیەکان:

**زەبیحی لە فەرهەنگەکەیدا ئاماژەی بۆ هەندێ زانیاری لە بارەی داب و نەریت و باوەڕی دینییەوە کردووە لەوانەش:**

**لە بارەی باوەڕی دینیەوە (ئاتەشپەرست) ئەو کەسەی ئاگر دەپەرستێ، ئاگر بە خودا دەزانێ یا لای پیرۆزە.** (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 5).

**داب و نەریتێکی تری کۆمەڵایەتی (ئیجازەی مارگرتن): کارێکە شێخێکی تەریقەتی قادری لەگەڵ دەروێش یا هەر کەسێکی تر دەیکا_ لە دەمی دەتفێ، یا پەنجەی لە دەمی خۆی دەنێ و پاشان دەیخاتە دەمی دەروێشەکەوە ... و ئەمە بۆی دەبێتە ئیجازە، پاشان دەروێش یا ئەو کەسە بە بێ ترس ماران دەگری و پێوەی نادەن.** (هەمان سەرچاوە: 197).

**لەبارەی کۆمەڵایەتییەوە زەبیحی وشەی بانبارگەی نووسیوە. (بانبارگە) بەربووك یا هەر ژنێکی دییکە، کە لە سەر بارگەی جییازی بووکەوە سوار دەبێ و لە ماڵ بوکەوە دەچێتە ماڵی زاوا.** (عبدالرحمن زەبیحی: 1979: 53).

**(بەرات) جێژنی بەرات، شەوی بەراتێ، شەوی (15)ی مانگی شابان.** (هەمان سەرچاوە: 151). **لەلای هاوڵاتیانی کوردستان ئەم شەوە گرنگی خۆی هەیە و یادی دەکرێتەوە.**

## 5-9/4 ) ه- زانیاری لە بارەی زاراوە زانستییەکانەوە:

**ئەو زاراوانەی ئێستا ئەدوێین تارادەیەك بونەتە هۆی ئەوەی زمان سنووری سەدەیەك لەمەوبەر بشکێنێ و ڕوخسارێکی تازە بکاتە بەر.** (برهان قانع: 1985: 5). **لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا زاراوەی زانستی بەکاردەهێنین بۆ ئەو وشانەی کە لە ڕۆژانەماندا بەکاردەهێنرێت، بیگومان زەبیحی چەند زاراوەیەکی نوسیووە لە فەهەنگەکەیدا بۆ نموونە وەك:**

**(ئالکۆڵ) زاراوەیەکی کیمیایی زانستییە.** (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 54).

**(ئەسپەك) کە ناوی نەخۆشیەکە کە لە ناو کوردا ناسراوە بە (ڕەشەگرانەتا).** (هەمان سەرچاوە: 140). **لە ڕووی فەلەك ناسییەوە زاراوەی (ئەستێرەناس) بەکاردەهێنرێت.** (هەمان سەرچاوە: 149). **هەروەها (ئوستوڕلاب) کە ئامرازێکە بۆ کاروباری ئەستێرەناسی بەکارهاتوە.** (هەمان سەرچاوە: 110).

(ئیسکارپین) جۆرە کوشێکی ژنانەیە لە دار دروست دەکرێت و تیزمالکە چەرمێکی لێدەدرێ کە سەر پەنجەی دەچێتە ناو. (هەمان سەرچاوە: 208).

(ئیسکلێت) هەموو ئێسقانی لەشی بنیادەم و گیاندارانی تر کە تیغەرەی پشتیان هەیە (ئی بنیادەم 208 پارچەیە) بەو شکڵەی تەبیعەت ڕێکی خستوە و تێکی خستونەوە، هەیکەلی عەزمی. (هەمان سەرچاوە: 208).

(ئیمپڕاتۆر/تور) پاتشایەکی چەند وڵات و میللەتی لە ژێر فەرمانـدا بێ، پاتشای پاتشایان. (هەمان سەرچاوە: 222). گەلێك زاراوەی تازە هەیە _ بەتایبەتی سیاسی _ کە لە زۆر کات و شوێندا بەکاردێن و زۆر کەس لە بیسەران _ بەتایبەتی ئەوانەی لە ژیانی شارستانێتی و تەکنیکی سەردەمەوە دوورن _ لێی تێناگەن. (برهان قانع: 1985: 5). زەبیحی هەندێ زاراوەی سیاسیانەی خستۆتە ڕوو بۆ نموونە:

(ئیمپریالیزم) سیاسەتی دەوڵەتانی گەورەی گەشە کردووە، ئامانجی داگیر کردنی وڵاتانی پاشەکەوتە و پەرەپێدانی هەموو چەشنە دەسەڵاتێکی خۆیانە لەنێوان وڵاتاندا.

(ئیمپڕیالست) کەسێك یا هەیئەتێ یا دەوڵەتێکی سیاسەتی ئیمپریالیستی پەیڕەوی بکا.

(ئیمپڕیاڵ) سکەییێکی زێڕی ڕوسیای کۆنە، بە ئەندازەی پێنج لیرەییێکی عوسمانی. (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 223).

(بورژوازی) چینی سەرمایەدار کە لە قۆناغی سەرمایەداریدا دەسەڵاتی دەوڵەت و هەموو ئامرازەکانی دروست کردنی (وسائل الانتاج) بە دەستەوەیە. (هەمان سەرچاوە: 1979: 118).

## 10/4 ) هۆکارە دیاریکراوەکان:

### 1- هۆکارە بینراوەییەکان:

لە بەرگی (ء – ب)دا زەبیحی ئاماژەی بە هیچ وێنەیەك نەکردووە و وێنە لە ناو فەرهەنگەکەیدا بەدی ناکرێت. کە بەکارهێنانی وێنە یان نەخشە لە فەرهەنگدا زۆر پێویستە چ لە ناو لاپەڕە سەرەکییەکاندا بێت یان وەك پاشکۆ لە کۆتایی فەرهەنگەکەدا بێت.

### 2- هۆکارە زارییەکان:

عبدالرحمن زەبیحی لە هەردوو بەرگی (ء – ب)دا چەندین شعری ناوازەی هێناوەتەوە لە گەڵ چەند نموونەیەك: ((ئاهیر ئازیزم! ئاهیر دووری بالآی تۆ))

((جەستەم کەرد وە بووڵ، شەماڵ بەرد پەی کۆ)). (عبدالرحمن زەبیحی: 1977: 105).

((بایەقوش بەرشی چەشین و زاریش)) ((بڵبڵ بێزاربی جە بێ قەراریش)). (هەمان سەرچاوە: 65).

((ڕەشە بەختم بە خەڵك صەگ دەوەڕێ)) ((ڕەشەمێ بوو، بە من پشیلە وەڕی)). (هەمان سەرچاوە: 1979: 140)

((ڕێی نەوتەکە ڕۆژ باجگری گەر زۆرە دەفەرمووی + ڕێی خاسە بە شەو خاڵییە بابێ بە بلاّغا)). (هەمان سەرچاوە: 1979: 14). نموونەی پەند ((دەیباتە سەرچۆمی و ئاوی نادا دەیهێنێتەوە)). واتا فریوی دەدات، فێڵی لێ دەکا. (هەمان سەرچاوە: 1977: 84). پەندێکی تر (ئاوری بن کا).

## 3- هۆکارە بیسراوەکان:

(قاموسی زمانی کوردی) تاوەکو ئێستا نەخراوەتە سەر (C. D) و (D. V. D) کە وشەکانی ناو ئەو قاموسە ببیسترێت، لەبەرئەوەی هەندێ لەو وشانەی ناو فەرهەنگەکە مۆرکی شێوەزاری تری زمانی کوردی پێوە دیار بێ، چەندین وشە لە ناو فەرهەنگەکەی زەبیحیدا هەیە وەك: (ئاردەڵ سنەییە ل14، ئۆخـژن موکریانییە ل113، ئەندۆ بە (پەهلەوی: هەندۆهـ) ل180، بۆلـووان کوردستانی عێراق ل122، بایەخدار سلێمانی ل226، بەینەت هەورامی ل229... هتد). کە ئەمەش پێویستی بە ئامرازی بیستن هەیە بۆ گۆکردن و ناسینی ئاوازی وشەکە و ئاوازی ڕستەکە.

## 4- پاشکۆکان:

لە هەر دوو بەرگەکەی فەرهەنگی زەبیحیدا، هیچ پاشکۆیەك نە بۆ وشە یان زاراوە یان پەند و یان جۆری ڕووەك یان جۆری ئاژەڵەکان یان ناودارەکانی کورد یان ناوی هەفتەکان دانەنراوە، کە ئەم کارەش لە فەهەنگدا زۆر بەگرنگ وەسف دەکرێت.

# ئەنجام

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێك گەیشتین:

1- فەرهەنگەکەی زەبیحی و زۆربەی فەرهەنگە یەك زمانییە کوردییەکان ئەوە دەردەخەن، کە دەروازەکانیان زۆر دەوڵەمەند نیین لە ڕووی زانیاری ڕێزمانیەوە، واتە لەو ڕووەوە سنوردارە و ئەوەندە زانیاری نادەن کەڵك بە فێرخوازانی زمان بگەیەنێ، بەڵام زەبیحی لە فەرهەنگەکەیدا تاڕادەیەکی زۆر هەوڵی داوە دەروازە فەرهەنگیەکان لە ڕووی زانیاری ڕێزمانییەوە دەوڵەمەند بکات بە پێچەوانەی هەندێك لە فەرهەنگنووسان کە ئەو کارە بە ئەرکی سەرشانی خۆیان نازانن و هەندێکی تریشیان شارەزاییان لە بواری زمانەوانیدا نییە.

2- فەرهەنگەکەی زەبیحی لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە زانیاری کەمی پێشکەش بە خوێنەر کردووە، کاری تەواوی لەسەر دانانی هێزی سەر وشەکان و ژمارەی بڕگەکان نەکردووە، کە ئەمەش بە کارێکی گرنگ لە دانانی فەرهەنگ دادەنرێت، بۆیە فەرهەنگساز دەبێت وەك مەرجێك لە مەرجەکانی پرۆسەدانانی فەرهەنگ ڕەچاوی بکات.

3- لەڕووی زانیاری مۆرفۆلۆجییەوە زەبیحی بەتێروتەسەلی لای لە زۆربەی زۆری ئەو کارانە کردۆتەوە کە تایبەتن بە مۆرفۆلۆژی، لەوانەش دیاریکردنی بەشەکانی ئاخاوتن و ژمارەی مۆرفێمەکانی وشەی ناسادە و ئەنجامەکانی و دیاریکردنیان لەڕووی پێکهاتنەوە.

4- ڕاستە کاری سینتاکس لە فەرهەنگدا کەمترە بەراورد بە ئەو زانیارییەی دەردێت لەڕووی مۆرفۆلۆژی و سیمانتیکەوە، کە زەبیحی لە فەرهەنگەکەیدا زانیارییەکی کەمی لە بواری سینتاکسەوە دیاری کردووە. سینتاکس بە دڵی فەرهەنگ دەژمێردرێت و پێویستە پەیوەندی نێوان جۆرەکانی وشە بدات و زانیاری سینتاکسی بۆ زیادبکرێت، چونکە ڕوونکردنەوەیان چ لەناو ڕستە بێت یان ئەرکەکانیان دیاریبکرێت ...هتد بەهۆی سینتاکسەوە دەبێت.

5- لەم فەرهەنگەدا توانراوە کاری پراگماتیك لە فەرهەنگەکە ڕەنگبداتەوە و پەیوەندییە واتاییەکان زۆر بە زانستیانە بەکاربهێنرێت و بنج و بنەوان و نەژادو زۆربەی وشەکان و ڕەچەڵکیان دیاری کراوە، کە زۆربەی فەرهەنگسازان ئەم کارەیان لە فەرهەنگەکانیاندا نەکردووە.

# سەرچاوەکان

**سەرچاوە کوردیەکان:**


1- ئاوڕەحمانی حاجی مارف، (2011)، فەرهەنگی میدیا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

2- ئازاد ئەمین فەرەج باخەوان، (2003)، پێشبەند و پاشبەند لە هەردوو دیالێکتی کرمانجی خواروو و ژووروی زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی پەروەردە ـ ئیبن روشد، بەغدا.

3- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (1975)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

4- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (1976)، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

5- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (1985)، ڕابەری سەرچاوە لەبارەی زمانی کوردییەوە، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکراوەی کورد، بەغدا.

6- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (1987)، لە بواری فەرهەنگنووسیی کوردیدا، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، بەغدا.

7- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (2014)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

8- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (2014)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، (مۆرفۆلۆجی)، بەشی یەکەم، ناو، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

9- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (2014)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، (وشەسازی)، بەشی دووەم، جێناو، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

10- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (2014)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، (وشەسازی)، بەشی سێیەم، ئاوەڵناو، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

11- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (2014)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، (وشەسازی)، بەشی چوارەم، ژمارە و ئاوەڵکردار، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

12- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (2014)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، (وشەسازی)، بەشی پێنجەم، کردار، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

13- أمیر محمد أمین، (2014)، وشەی ئەرکی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

14- بەدرخان سندی، (2001)، فەرهەنگی یەکگرتووی کورد پێویستیەکی نەتەوایەتی مەزنە، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژمارە (19)، هەولێر.

15- بەکر عومەر عەلی، (2014)، چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەلێر.

16- بەناز رفیق توفیق، (2008)، ڕێگە بنەڕەتیەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی لە دیالێکتی خوارووردا، نامەی ماستەر، کولیژی پەروەردە، زانکۆی بەغدا، بەغدا.

17- بورهان قانع، (1985)، زاراوەی نوێ یان: فەرهەنگی نوێ، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا.

18- تالیب حسین عەلی، (1989)، فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسان بوونی فۆنێمەکان لە زاری سلێمانیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

19- تاڵیب حوسێن عەلی، (2014)، زانستی زمان و زمانەوانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، هەولێر.

20- تالیب حوسێن عەلی، (2015)، دەنگسازی چەند بابەتێکی فۆنۆلۆجی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، هەولێر.

21- تریفە عومەر ئەحمەد، (2008)، مەبەستی پڕاگماتیکیی لە وتاردا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمانی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

22- جەلال مەحموود عەلی، (2001)، فەرهەنگسازی، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژمارەی (19)، هەولێر.

23- جەمال رەشید، (2001)، قامووس، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژمارە (19)، هەولێر.

24- جەمال عەبدول، (1998)، فەرهەنگی شەوکار (ئینگلیزی – عەرەبی – کوردی)، چاپی یەکەم، سلێمانی.

25- جەمال نەبەز، (2001)، بەبۆنەی ((سیمیناری قامووسی کوردی))یەوە، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژمارە (19)، هەولێر.

26- حوسێن محەمەد عەزیز، (2005)، سەلیقەی زمانەوانیی و گرفتەکانی زمانی کوردیی، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

27- ڕەفیق شوانی، (2001)، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر.

28- ڕەفیق شوانی، (2011)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، هەولێر.

29- ڕۆژان نوری عەبدوڵلا، (2013)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، بلاوکراوەکانی خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی چوارچرا، زنجیرەی (98)، چاپی دووەم، سلێمانی.

30- ڕۆستەم محەمەد ئەحمەد، (2016)، سینۆنیم لە زمانی کوردی ناوچەی گەرمیاندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

31- ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، (2013)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، بڵاوکراوەی ئەکادیمی کوردی، ژمارە (222)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

32- سازان رضـا معین، (2005)، واتا و دەوروبەر، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

33- سازان زاهیر سەعید، (2013)، پێزی مۆرفێمە داڕێژەکانی بچووکردنەوە و ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، هەولێر.

34- ساکار عەبدوڵا حەسەن، (2014)، خۆخزانی وشە بۆ ناو ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

35- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، (2010)، زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دووەم، سێیەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

36- سەید عەبدڵڵا سەمەدی، (2002)، بەسەرکردنەوەی مێژووی 320 ساڵەی فەرهەنگنووسی زمانی کوردی، گۆڤاری مهاباد، تاران- مهاباد.

37- شاخەوان جەلال فەرەج، (2013)، تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

38- شەوکەت مەلا اسماعیل حسن، (2007)، فەرهەنگی شوان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر.

39- شهاب تەیب، (2009)، فەرهەنگ، گۆڤاری ڕامان، ژ (147)، هەولێر.

40- شهاب شیخ طیب، (2013)، دەربارەی زمانەوانی، چاپی یەکەم، هەولێر.

41- شێروان حوسێن خۆشناو، (2011)، تێڕوانینێکی نوێ بۆ سینۆنیم لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی دیلان، سلێمانی.

42- شێروان حوسێن خۆشناو، (2016)، توانای مۆرفێمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسی، چاپی یەکەم، دەزگا و چاپی نارین، هەولێر.

43- شیلان عومەر حسەین، (2007)، ئیدیۆم و چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردییدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

44- صادق بهاالدین ئامێدی، (1987)، ڕێزمانا کوردی، کرمانجی یاژۆری و ژێر یا هڤبەرکری، چاپایەکێ، دار الشؤون الثقافیة العامة، بەغدا.

45- عەبدولوەهاب كانبی شەریف، (2005)، فەرهەنگی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕوون، هەولێر.

46- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ، (2015)، چەند باسێکی وردی زمانەوانی ـــ کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

47- عبدالرحمن محمد أمين زەبیحی، (1977)، قامووسی زمانی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

48- عبدالرحمن محمد أمين زەبیحی، (1979)، قامووسی زمانی کوردی، بەرگی دووەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

49- عبدالواحید موشیر دزەیی، (2011)، واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی دووەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

50- عبدالواحید موشیر دزەیی، (2013)، ڕستەسازی ڕۆنکاری و گوێزانەوە، چاپی یەکەم، هەولێر.

51- عبدالواحید موشیر دزەیی و دانا تەحسین محەمەد و دەرون عەبدلرحمان ساڵح، (2013)، فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی، چاپی یەکەم، هەولێر.

52- عبدالواحید موشیر دزەیی، (2014)، لێکسیکۆلۆجی، چاپی دووەم، هەولێر.

53- عبدالواحید مشیر دزەیی، (2015)، لێکۆڵینەوە پراگماتییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر.

54- غازی فاتح وەیس، (1984)، فۆنەتیك، چاپی یەکەم، لە چاپکراوەکانی ئەمیندارێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی کوردستان، زنجیرەی (5)، بەغدا.

55- فاروق عومەر سدیق، (2004)، فەرهەنگی خاڵ، گۆڤاری ڕۆڤار، ژمارە (29)، سلێمانی.

56- فاروق عومەر سدیق، (2011)، لەدایکبوونی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

57- فاروق عومەر سدیق، (2013)، جێپەنجەی فرێزی بە لیکسیکبوو لە پەرەسەندنی فەرهەنگی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە (43) بەشی B، سلێمانی.

58- فاروق عومەر سدیق، (2015)، ڕەچەڵکی وشە و پەلهاویشتنی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

59- کامیل حەسەن بەسیر، (2013)، بەراوردکارییەك لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

60- کەمال محەمەد ئۆمەر، (2003)، دەروازەی فەرهەنگیی هەندێ پێشکاری کوردی، نامەی ماستەر، کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

61- كوردستان موكریانی، (1986)، سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردی دا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی زنجیرەی 133، بەغدا.
62- کوردستان موکریانی، (2001)، مێژووی فەرهەنگی هۆڵەندی و فەرهەنگی کوردی لە بەراوردێکی کورتدا، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژمارەی (19)، هەولێر.
63- کامیل حەسەن بەسیر، (2013)، بەراوردکارییەك لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
64- لیژنەی ئەدەب/ کۆڕی زانیاری کوردستان، (2006)، زاراوەی ئەدەبی (کوردی – عەرەبی – ئینگلیزی)، هەولێر
65- مارف خەزنەدار، (2001)، فەرهەنگی کوردی، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژمارە (19)، هەولێر.
66- میدیا، (1998)، سەرەتایەکی زمانناسی، بەرگی یەکەم، سلێمانی.
67- محەمەد مەحوی، (2001)، وشەنامە و فەرهەنگ، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژمارە (19)، هەولێر.
68- محەمەد مەحوی، (2008)، فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی، بەرگی دووەم، زانکۆی سلێمانی.
69- محەمەد مەحوی، (2009)، زانستی هێما- هێما، واتا و لێکدانەوە، چاپخانەی پەیوەند، زانکۆی سلێمانی، بەرگی یەکەم، سلێمانی.
70- محەمەد وەسمان، (2004)، گیروگرفتەکانی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا، هەولێر.
71- محەمەد مەعرووف فەتاح، (2001)، زمانەوانی و فەرهەنگسازی و دەوڵەمەندکردنی دەروازە فەرهەنگییەکان، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژمارە (19)، هەولێر.
72- محمد معروف فتاح، (1982)، ڕێنووسی کوردی لە ڕوانگەی فۆنەتیکەوە، بەرگی نۆهەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.
73- محمد أمین هەورامی، (1974)، فۆنەتیکی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (دار الجاظ)، بەغدا.
74- محمد معروف فتاح، (1990)، زمانەوانی، کۆلیجی ئاداب، هەولێر.
75- محەمەدی مەلا کەریم، (2001)، چۆن بتوانین قاموسێکی سەرانسەری بۆ زمانەکەمان دابنێین؟، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژمارەی (19)، هەولێر.
76- نسرین فەخری، (1982)، پێشەکی چۆن بنووسین؟ لە دەنگەوە بۆ وشە، تا ڕستە، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، بەرگی نۆیەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.
77- وریا عومەر ئەمین، (1982)، ئیملای کوردی و چەند تێبینی یەك، بەرگی نۆیەم، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

78- **وریـا عومـەر ئـەمین**، (2009)، **چـەند ئاسـۆیەکی تـری زمانـەوانی، بـەرگی یەکـەم، بلاوکراوەکـانی دەزگای ئاراس، هەولێر**.

79- **وریا عومەر ئەمین**، (2011)، **پیتۆکەکانی زمانەوانی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر**.

80- **یوسف شەریف سەعید**، (2013)، **وشەسازی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر**.

## سەرچاوە عەرەبییەکان:

1- أبراهيم السامرائى، (1998)، رحلة في المعجم التاريخي، علم الكتب، القاهرة.

2- أحمد بن عبدالله الباتلى، (1992)، المعاجم اللغوية و طريق ترتيبها، الطبعة الثانية، دار الراية، رياض.

3- أحمد مختار عمر، (1998)، صناعة المعجم الحديث، الطبعة الاولى، جامعة القاهرة.

4- سليمة هالة، (2013)، المداخل في المعاجم العربية الحديثة، المعجم العربي الاساسى للمنظمة العربية للتربية والثقافة و العلوم أنموذجا، كلية الاداب و اللغات، جامعة قاصدى مرباح، رسالة الماجستير، الجزائر.

5- سنانى سنانى، (2012)، فى المعجمية و المصطلحية، الطبعة الاولى، الاردن.

6- سلمى بركات، (2005)، اللغة العربية مستوياتها وادائها الوظيفى وقضاياها، الطبعة الاولى، دار البداية، عمان.

7- **سنگر**علي مامة، (2013)، صناعة المعجم بين اللغتين العربية و الكردية، اطروحة دكتورا، كلية التربية للعلوم الانسانية (ابن رشد)، جامعه بغداد، بغدا.

8- صافية زفنكي، (2007)، التطورات المعجمية و المعجمات اللغوية العربية الحديثة، منشورات وزارة الثقافة فى الجمهورية العربية السورية، دمشق.

9- عمرو مدكور، (2008)، المعجم العربى المعاصر، الطبعة الاولى، دار البصائر، القاهرة.

10- على القاسمى، (2004)، علم اللغة و صناعة المعجم، الطبعة الثالثة، مكتبة لبنان ناشرون، لبنان.

11- محمد أحمد أبوالفرح، (2009)، المعاجم اللغوية فى ضوء دراسات علم اللغة الحديث، منشورات دار النهضة العربية (بيروت، لبنان).

12- محمد حسن عبدالعزيز، (1983)، مدخل الى علم اللغة، دار النمر للطباعة، جامعة القاهرة، مصر.

13- محمد خميس القطيطى، (2013)، البناء المعجمى فى معاجم الناطقين بغير العربية، الطبعة الاولى، عمان.

14- محمد على الخولي، (1991)، معجم اللغة النظري، انكليزى- عربى، لبنان.

## سەرچاوەی فارسییەکان:

1- **ابو الحسن نجفى**، (1387)، **مبانى زبان شناسى و كاربرد ان در زبان فارسى، چاپ دهم، انتشارات نيلوفر، تهران**.

2- **ازيتا افراشى**، (1388)، **ساخت زبان فارسى، ويراست دوم، چاپ چارهم، سمت، تهران**.

3- سید جلال الدین نظامی، (1388)، جامعه شناسی و زبانشناسی کرمانجی کردی شمال، چاپ، اول، تهران.
4- علامرضا ارژنگ، (1387)، دستور زبان فارسی امروز، چاپ پنجم، نشر قطره،تهران.
5- علی حق شناس، (1388)، او انشناسی (فونتیك)، چاپ دوازدهم مؤسسه انتشارات اگاه، تهران.
6- فاطمه مدرسی، (1386)، از واج تا جمله، فرهنگ زبانشناسی – دستوری، انتشارات چاپار، تهران.
7- کورش صفوی، (1380)، گفتارهایی در زبانشناسی، چاپ اول، انتشارات هرمس، تهران.
8- کورش صفوی، (1381)، نگاهی تازه بەمسئله چند معنایی واژگانی نامه فرهگستان، شماره 4و5.
9- ویدا شقاقی، (1387)، مبانی صرف، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها (سمت)، تهران.
10- محمد معین، (1376)، فرهنگی فارسی، جلد دوم، مؤسسة انتشارات امیر کبیر، تهران.
11- محمد معین، (1385)، فرهنگ فارسی معین، یك جلدی، چاپ اول، انتشارات گلی، تهران.

## سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

1 - Anne E. Baker & Kees Hengeveld, (2012), Linguistics, Blackwell published Ltd United kingdom.

2- C.L. Barnhart, (1966), The Amercan college Dictionary (New York: Random House.

3- Crstal, D, (1992), An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, Firstpublished, UAS. Blackwell

4- Crstal, D, (2008), Adictionary of Linguistics and Phonetics, Sixth edition, U.S.A, Blackwell publishing.

5- Fromkin, V, (2003), An Introduction to Language, united states

6- Wahby.T and C.j Edmonds, A kurdish – English dictionary, London, 1966.

7-Yule, G, (2000), Pragmatics, Oxford: Oxfort Universty press.

## سەرچاوەی ئینتەرنێت

- Dictionary Webster, (1973)
- WWW.Mufaismagdum. Wordpree. Com.
- http:// www. Dictionary. Com/ browse/ dictionary.

**ملخص الرسالة**

بحثنا الموسوم بـ ( **تقييم لغوى للصناعة المعجمية الكوردية، معجم الأستاذ زه بيحي انموذجًا)** إحدى المعاجم الكوردية من حيث المستويات اللغوية الأربع (الصوت (الفونولوجيا)، والصرف، والنحو، والدلالة)، وبيّنا أهمية دراسة هذه المعاجم دراسة لغوية شاملة وتقييم الصناعة المعجمية من خلال هذا المعجم، وكان منهجنا المتبع في هذه الدراسة المنهج الوصفي التحليلي، وتكمن أهمية الدراسة في كونها دراسة جديدة لم نسبق إليه، وهذا ما سبب لنا بعض المشاكل والصعوبات، بسبب جدة الدراسة، ولأجل ذلك ارتأينا أن نبحر في عالم الصناعة المعجمية وبيان أهمية هذه الدراسات، والأسس والقواعد والشروط التي يجب أن تُتَّبع في صناعة المعجم، وتسليط الضوء على كيفية إغناء الأصول اللغوية، والمداخل المعجمية.

وفي أثناء كتابة البحث واجهتنا عدد من الصعوبات حالنا حال سائر الباحثين الذين يشقون طريقا بكرًا، ومنها بكر الموضوع كما أشرنا، ممَّا سبب لنا عدم الحصول على المصادر الكافية وقلَّتها باللغة الكوردية، الأمر الذي كان لا بُدَّ لنا أن نعتمد على المؤلفات المكتوبة باللغات الأخرى كالعربية مثلا، والفارسية و النكليزية... الخ.

وتطلبت طبيعة الدراسة تقسيمها على أربعة فصول يسبقهم تمهيد، وجاء **الفصل الأوَّل** في المعاجم والمعجم الكوردي مقسَّم على ثلاثة مباحث، درسنا في **المبحث الأوَّل/** المعاجم بصورة عامة، **أمَّا المبحث الثاني/** فكان عن المعجم الكوردي، نبذة من حيث تأريخه، وأنواعه، والفائدة منه، وتوضيح الأصول اللغوية، وكيفية تنظيم الأدوات في المعجم، أمَّا **المبحث الثالث** تضمَّن التعريف بالمعجم المدروس، وتوضيح بعض الأمور العامَّة فيه.

أمَّا **الفصل الثاني** فدرسنا فيه: تقييم الجوانب الصوتية( الفونولوجيا) للمعجم المدروس.

**والفصل الثالث** تضمَّن مبحثين، جاء المبحث الأول في الجوانب الصرفية، والمبحث الثاني في الجوانب النحوية (السنتاكس) في المعجم المدروس.

أمَّا **الفصل الرابع** والأخير فدرسنا فيه الجوانب المتعلقة بعلم الدلالة والتداولية (البراغماتيك)، إذ سلطنا الضوء على تحديد الكلمات في الحقول الدلالية، متعدد المعانى، كالمترادفات، والمشترك اللفظي، والأضداد، وما جاء فيه من معلومات موسوعية من حيث التعريف بـأسماء الأعلام، والأماكن، والقرى، والأمراض، والألعاب... الخ.

وختمنا البحث بما توصلنا إليه من نتائج خلال رحلة البحث، والتوصيات التي نضعها بين يدي القُرَّاء والجهات المسؤولة عن التنفيذ، وذيلنا الرسالة بثبت المصادر والمراجع التي اعتمدت عليه الرسالة، ومن ثم ألحقنا الرسالة بعدد من الملاحق التي وجدنا ضرورة ذكرها لتسهيل الأمر على من يريد البحث عن أحد الأصول أو المواد اللغوية في المعجم – موضوع الدراسة – .

وآخر دعوانا أنِ الحمد لله ربِّ العالمين.

## Abstract

Entitled titled (**The Linguistic Evaluation Of The Kurdish Lexicography, dictionary of Mr. Zah Baiji as a model**) we've studied one of the Kurdish dictionaries, in terms of the four linguistic levels (phonology), morphology, grammar, and semantics). We have also demonstrated the importance of studying of these dictionaries as a comprehensive linguistic study, and the evaluation of the lexicon industry by this dictionary. We have applied the analytical and the descriptive method. The importance of this study lies in that it is a brand new study which no one hasn't preceded us to it, that's why we have faced some problems and difficulties due to the novelty of the study. For this reason we have found that our work is only a modest work in the world of lexicography industry, and we must demonstrate the importance of these studies, the bases, the rules and the conditions that must be followed in the industry of the lexicon, and highlight the way by which the linguistic origins and the lexical entries can be enriched. In the course of writing the research, we encountered a number of difficulties, such as the other researchers who make their way early, due to the novelty of the subject, as we have pointed out earlier, which caused us not to obtain sufficient resources for lack of the resources in the Kurdish language, As we had to rely on the versions that are available and written in other languages such as Arabic,fersian,andEnglish…etc.

Further than that, the nature of the study required the division into four chapters preceded by a preamble**. The first chapter** was on the dictionaries and on the Kurdish lexicon, as it was divided to three topics. We studied in **the first** section the dictionaries in general. **The second topic** was about the Kurdish lexicon with a description of it in terms of history and types, the usefulness of it, clarifying the linguistic origins and the way by which the tools in the lexicon are organized. **The third topic** included the definition of the studied dictionary and clarification of some of its general aspects.In **the second chapter**, we studied: evaluation of the phonological aspects of the studied dictionary.**The third chapter** included two topics, the first topic was on the morphological aspects, and the second was on the grammatical aspects (the Syntax) in the studied dictionary too.**In the fourth chapter** which is the last chapter, we've studied the aspects related to the science of deliberation and pragmatics, as we've highlighted the identification of words in the fields of semantics, multi-

meanings, such as synonyms, the common verb, the opposites, and the information contained in it in terms of identifying the proper nouns , villages, diseases, and games, etc.Our last prayers is praise be to Allah, the Lord of the Worlds. ***Best regards***

## پاشكۆكان:

### پاشكۆی ژمارە (1):

**وێنەی (عبدالرحمن محمد أمین زەبیحی) و هەر دوو بەرگی فەرهەنگەكەی (٦ – ب)**








## پاشکۆی ژمارە (2) ژیاننامەی (عبدالرحمن زەبیحی)[14]

زەبیحی لە ساڵی (1920) لە سابلاخ (موکریان) لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە مەهاباد و پاشان تاقیکردنەوەی سێی ناوەندی لە ساڵی (1937) لە ورمێ تەواو کردووە، بە گەنجی تێکەڵاوی جوڵانەوەی کورد بووە، یەکێ بوو لە دامەزرێنەرانی (ژ.ك – ژیانەوەی کورد) و تا هەڵوەشانەوەی ئەو ڕێکخراوە زەبیحی سکرتێری بوو.

دوای ئەوە بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردستان. دامەزرێنەری (گۆڤاری نیشتمان) بوو، کە بڵاوکراوەیەکی نهێنی (ژ.ك) بوو. هەروەها گەلێ وتار و نووسینی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوکردۆتەوە کە ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستان بوو. پاش ڕووخانی حکومەتەکەی مەهاباد، بەنهێنی خۆی ئەگەیەنێتە عێراق و دوای ئەوەی لە عێراقیش ئاشکرا دەبێت ڕوودەکاتە سوریا و لەوێش بەشدارییەکی کاریگەری کرد بۆ هاندانی دامەزراندی (پارتی دیموکراتی کورد). پاشان گەڕایەوە عێراق و لەناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا کەوتە کارکردن. ماوەیەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی بوو. لە دەسپێکی شۆڕشی ئەیلولدا لێپرسراوی لقی کەرکوك و دواتر لێپرسراوی لقی بەغدا بوو.

زەبیحی خۆنەویست و دڵفراوان و نەفسبەرز بوو. پسپۆڕێکی کەم وێنەی زمان و ئەدەب و مێژووی کورد بوو. لەو جۆرە سیاسیانە بوو کە دەیوت کورد کەوتە هەر پارچەیەکی کوردستانەوە، پێویستە خزمەتی ئەو پارچەیە بکات، بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا پرۆژە ڕۆشنبیرییەکەی تەواوبکات و تەنیا دوو بەرگی لە فەرهەنگە کوردییەکەی بڵاوکراونەتەوە و ئەو تێکۆشەرە خۆنەویستە لە هەلومەرجێکی ئاڵۆزدا و لە ناوچەیەکی سنووری نێوان (عێراق – ئێران)دا لە سەرەتاکانی ساڵی (1980)دا بێسەر و شوێن بوو.

---

14- زانیاری لەسەر ژیانی (عبدالرحمن زەبیحی) سودم لەم سەرچاوانە وەرگرتوە:
www. Kurdipedia. Org.-
https;// ckb. m.wikipedia.org -

## پاشکۆی ژماره (3) پوختەی مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردی[14]

فەرهەنگنووسیی کوردی دابەش بکرێتە سەر پێنج بەش و مێژووی فەرهەنگنووسی کوردی لە کەیەوە دەستیپێکردووە و کام فەرهەنگ لە دوای کام فەرهەنگەوە هاتووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**بەشی یەکەم:** ئەو فەرهەنگانەی کە بەشێوەی کتێبی سەربەخۆ نووسراون و چاپ و بڵاو کراونەتەوە.

1- ئەحمەدی خانی ((1650 – 1706)) ، لە ساڵی (1682)دا فەرهەنگۆکێکی ((عەرەبی– کوردی)) بە ناوی ((نەوبەهار)) بە هۆنراوەی کوردی دانا، تا منداڵانی کورد فێری وشەی عەرەبی بکات. ئەمە یەکەم فەرهەنگی زمانی کوردی بوو، ئەو فەرهەنگە تا ئێستا زۆرجار چاپ کراوەتەوە.

2-ئیسماعیل بایەزیدی ((1654 – 1709))، بە چاولێکەری ((نەوبەهار))ی خانی، فەرهەنگۆکێکی سێ زمانەی ((کوردی – فارسی – عەرەبی)) بە ناوی ((گوڵعوزار)) نووسی کە پێدەچێت لە ساڵی( 1684)دا نووسرابێ. گوڵعوزار بە یەکەم فەرهەنگی سێ زمانەی کوردی دەژمێردرێ.

3- شێخ مارفی نۆدێی ((1753 – 1837)) لە ساڵی( 1795)دا فەرهەنگێکی ((عەرەبی – کوردی)) بە ناوی ((ئەحمەدی)) بە هۆنراوەی کوردی نووسی و لە ساڵی( 1936)دا دووجار چاپ کرایەوە.

4- میرزا عەلی ئەکبەری کوردستانی ((ئەفسەر)) (کۆچی دوایی 1899))، لە ساڵی( 1869 )دا فەرهەنگێکی ((کوردی – فارسی)) بە ناوی ((بدایع اللغە)) نووسی، کە نزیکەی دوو هەزار و پێنچسەد وشە دەبێ. ئەو کتێبە لە ساڵی (1991)دا لە لایەن مامۆستا محەممەد ڕئووفی تەوەککولییەوە چاپ و بڵاوکرایەوە.

---

14- جێی خۆیەتی ئەوە بڵێن، کە بۆ نووسینی پوختەی مێژووی فەرهەنگنووسینی کوردی بە پلەی یەکەم سودمان لەو کارەی (سەید عەبدوڵڵای سەمەدی) بینیوە و وەرگرتوە و بەکاری ئەو لەقەڵم دەدرێ، هەروەها سودمان لە چەند سەرچاوەیەکی تریش بینیوە، لەوانەش:

1- سەید عەبدوڵڵای سەمەدی: 2002: بەسەرکردنەوەی مێژووی (320) ساڵەی فەرهەنگنووسی زمانی کوردی، ژمارەکانی: ژمارە (1) لاپەڕە (15– 17)ە، ژمارە (2) لاپەڕە (18– 19)یە، ژمارە (3) لاپەڕە (16– 17)، ژمارە (4) لاپەڕە (20– 21)، ژمارە (5) لاپەڕە (8–9)، ژمارە ( 6) لاپەڕە (14–17)، ژمارە (7) لاپەڕە (22–23)، ژمارە (8) لاپەڕە(22–24)، ژمارە (9) لاپەڕە (24– 25)، ژمارە (10) لاپەڕە (24)، ژمارە (11) لاپەڕە (20–21).

2- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، وشەی زمانی کوردی، 1975، لاپەڕە (71– 99).

3- حوسێن محەممەد عەزیز: 2005: 491– 294.

5- ئا . ژابا هەوەڵێن فەرهەنگی ((کوردی – فەڕەنسی)) کە بریتییە لە پازدە هەزار وشەی کوردی نووسی و ساڵی (1879) لە لایەن ف. ژووستییەوە چاپ و بڵاوکرایەوە. ژابا هەورەها دوو فەرهەنگی تریشی نووسی کە هەر بە دەست نووسی ماونەوە لە کۆڕی زانیاری شووڕەوی لە لێنیگراد هەڵگیراون.

6- ئەبولحەسەن ئەردەڵانی، لە ساڵی (1888) فەرهەنگێکی ((فارسی – کوردی)) بە ناوی ((کتاب لغت کردی)) ، بۆ ناسرەددین شای قاجار نووسیوە. ئەم فەرهەنگە ڕێزمانێکی کوردیشی لە پاڵدایە. وشە کوردییەکانی ئەم فەرهەنگە بە شێوە زاری ((سنە))ن.

7- ئی . پریمۆ ئا. سۆتسین ، فەرهەنگێکی ((کوردی – ئەڵمانی))یان لە چوار بەرگدا نووسیووە کە بە دیالێکتی ژووروو و بە شێوەزاری تورعابدین و بۆتانە. ئەو فەرهەنگە لە ساڵی (1890)دا بڵاوکرایەوە.

8- یۆسف زیائەددین پاشای خالدی لە ساڵی (1893)دا ، فەرهەنگێکی ((کوردی – عەرەبی)) بڵاوکردووە ، سەرجەم (319) لاپەڕەیە و لە ڕیزی فەرهەنگە هێژاکانی کوردیدایە.

9- هـ . ئاجاریان لە ساڵی (1911)، پەیڤ و وشەکانی ناوچەی بایەزید –ی کۆکردەوە و بە شێوەی فەرهەنگێکی ((کوردی – فەڕەنسی و فەڕەنسی – کوردی)) لە پاریس بڵاوی کردەوە.

10- ن . ڤ تێرلتسکی لە ساڵی (1913)، فەرهەنگۆکێکی ((ئازەری – کوردی)) لە بیت لاپەڕەدا لە تفلیس بڵاوی کردەوە.

11- و. نیکیتین لە ساڵی (1916) فەرهەنگۆکێکی ((ڕووسی – کوردی)) دانا ، کە کۆنسوولیەتی ڕووسیای قەیسەری لە ورمێ چاپی کرد. (72) لاپەڕەیە و بریتییە لە زاراوەی جەنگی.

12. (م. م) {= محەمەد مێهری} ، فەرهەنگێکی پێنج زمانەی (( کوردی – تورکی – عەرەبی – فارسی – فەڕەنسی)) نووسیوە و ساڵی (1919) لە ئەستەمبوڵ بڵاوی کردۆتەوە.

13- ئاکادێمی ئی . ئا . ئۆربیلی ، لە دەهەی بیستدا ، پڕۆژەی فەرهەنگی ((کوردی – ڕووسی)) بە ئەنجام گەیاند ، پاشان بەرێوەبەرانی بەشی کوردی لێنینگراد ئەو فەرهەنگەیان بۆ ئامادەکرد. بە پێی وتاری ((ئی . ئی . تسۆکرمان)) و ((ژ. س . موسیلیان)) ئەم فەرهەنگە کارێکی هێژا و کەم وێنەیە.

14- ف.پێتۆیان و لە.ئەڤدالٚ, بەهاوکاری کۆمەڵێك پسپۆڕ, لەساڵی (1923)دا فەرهەنگێکی((ئەرمەنی– کوردی)) یان لە (330) لاپەڕە و پتر لە نۆ هەزار وشەدا نووسی و لە یەریڤان بڵاویان کردەوە.

15- شاکر فەتاح, لەساڵی(1934)دا, فەرهەنگۆکێکی((ئینگلیسی – کوردی و کوردی – ئینگلیس))، لە 53 لاپەڕەدا نووسی و و شەکانی بە پێی بابەت دابەشکرد.

16- ساڵ (1935) لە یەریڤان فەرهەنگێکی تێرمینۆلۆژی (( ئەرمەنی – کوردی)) لە پەنجا لاپەڕەدا چاپدرا و بڵاوکرایەوە.

17- ئا. خاچاتریان و گ. کاپانسیان و هاوکارانیان لە ساڵی (1936)دا فەرهەنگێکی تێرمینۆلۆژی یان لە یەریڤان بڵاوکردەوە. ئەم فەرهەنگە بەرهەمی هەوڵ و کۆشش نۆ کەس لە نووسەران و توێژەرانی کورد و ئەرمەنییە.

18- دوکتۆر محەمەد موکری ، ساڵی (1947) لە تاران ، ناوی پەلەوەرە و باڵندانی لە زۆربەی دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا تۆمارکردوو لە ((فرهنگ نام های پرندگان))دا، ((کوردی - فارسی)) بڵاوی کردەوە، چاپی دوویەمی لە ساڵی (1976) لە پاریس و چاپی سێیەمی ساڵی (1982) لە تاران لێ دایەوە. دوایین چاپی فەرهەنگە (150) لاپەڕەیە و لە وێنەی باڵندەکان کەڵك وەرگیراوە. د. موکری بە تایبەت لە دیالێکتی گۆرانیدا گەلێك فەرهەنگ و کاری بە نرخی بڵاوکردۆتەوە.

19- ((فەرهەنگی مەردووخ)) فەرهەنگێکی ((کوردی - کوردی / فارسی / عەرەبی))ی ئایەتوڵڵا شێخ محەمەدی مەردووخی کوردستانییە، ساڵی (1949) لەهەزار و نۆ سەد و چل و دوو لاپەڕە و لە دوو بەرگدا چاپ و بڵاوکرایەوە . نزیکەی (57000)وشەی کوردی و (65000) وشەی فارسی و (76000) وشەی عەرەبی لەم فەرهەنگدا هەمبەری یەك کراون و سەرجەم فەرهەنگی مەردووخ نزیکەی دوو سەد هەزار وشەی گرتۆتە خۆی کە تا ئێستا بە گەورەترین فەرهەنگی زمانی کوردی دەژمێررێ.

20- گیوی موکریانی ، ساڵی (1950) فەرهەنگی ((ڕابەر)) - المرشد-ی بە (( عەرەبی - کوردی)) بڵاوکردەوە. ((ڕابەر)) فەرهەنگێکی قوتابخانەییە و نزیکەی پازدەهەزار وشەی تێدایە.

21- ((کۆلکە زێڕینە)) ناوی دوویەم فەرهەنگی گیوی موکریانییە کە لە ساڵی (1955)دا چاپ و بڵاوکرایەوە. کۆلکە زێڕینە فەرهەنگێکی پێنج زمانەی ((کوردی - فارسی - عەرەبی - فەڕەنسی - ئینگلیسی))یە، مامۆستا گیو لەو فەرهەنگەدا وشەکانی بە پێی بابەت، لە پەنجاو نۆ بەشدا جوێ کردۆتەوە. ئەو فەرهەنگە جارێکی تریش لە ساڵی (1966)دا چاپ کرایەوە.

22- د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، ساڵی (1955)، فەرهەنگێکی بۆ قوتابیانی کورد نووسی و لەودا وشە عەرەبییەکانی کتێبی چوارەم، پێنجەم و شەشەمی سەرەتایی بۆ قوتابیان لێك داوەتەوە.

23- سەمەند سیابەندۆڤ و ئارام چاچان، لە ساڵی (1957)دا ، فەرهەنگێکی نوێی ((ئەرمەنی - کوردی))یان نووسی لە (532) لاپەڕە و بیست و سێ هەزار وشەدا.

24- د. ئیوان ئیمارویچ فاریزۆڤ ، لە ساڵی (1957)، فەرهەنگێکی ((ڕووسی - کوردی )) لە (781) لاپەڕە و سی هەزار وشەدا نووسی و لە مۆسکۆ چاپیکرد.

25- د. چەرکەزی باکایێڤ، لە ساڵی (1957)دا فەرهەنگێکی ((کوردی - ڕووسی)) لە (618) لاپەڕە و چاردە هەزار وشەدا نووسی و لە مۆسکۆ چاپی کرد. ئی. ئا. ئوربیلی بەم فەرهەنگەدا چۆتەوە.

26- ساڵی (1957) ق. کوردۆ، فەرهەنگێکی بۆ خوێندکارانی سەرەتایی نووسی و لە مۆسکۆ چاپ و بلاّوی کردەوە.

27- مامۆستا ق. کوردۆ لە ساڵی (1960) فەرهەنگێکی ((کوردی کرمانجی ژووروو - ڕووسی)) لە (890) لاپەڕە و 34هەزار وشەدا نووسی و لە مۆسکۆ چاپ و بلاّوی کردەوە. ئەم فەرهەنگە بە هەنگاوێکی گەورەی فەرهەنگنووسی کوردی دێتە ژمار.

28- تا ساڵی (1960) هیچ فەرهەنگێکی ((کوردی - کوردی)) چاپ نەکرابوو، فەرهەنگی ((کوردستان))ی گیوی موکریانی بەر لەم ساڵە نووسرابوو ، بەڵام هەروا بە دەست نووسی مابۆوە و چاپ نەکرابوو. ((فەرهەنگی خاڵ))ی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لەم ساڵەدا بە ناوی هەوەڵین فەرهەنگی ((کوردی - کوردی)) لە سلێمانی چاپ و بلاّوکرایەوە، (بەرگی یەکەم ئـ - ج) لە ساڵی (1964) بەرگی دووەم (چ - ف) و ساڵی (1976) بەرگی سێیەم (ق - ی)یش چاپ کرا. فەرهەنگی خاڵ سەرجەم (1284) لاپەڕەیە و سی (30) هەزار وشەی تێدایە و بە هەنگاوێکی گرینگ دادەنرێ لە مێژووی فەرهەنگنووسی کوردیدا .

29- مامۆستا جەمال نەبەز ، ساڵی (1960) فەرهەنگۆکێکی زاراوەی زانستی لە (17) لاپەڕەدا نزیکەی (600) وشە بە ((کوردی - عەرەبی)) ڕێکخست.

30- ساڵی (1960) لە لایەن نەقابەی مامۆستایانی سلێمانیەوە، فەرهەنگێکی زاراوەی زانستی لە (104) لاپەڕە دوو هەزار زاراوەی زانستیدا بە ((عەرەبی - کوردی)) لە پێنج بەشدا چاپ و بلاّوکرایەوە.

31- مامۆستا جەمال نەبەز، ساڵی (1961) فەرهەنگۆکێکی تری زاراوەی زانستی بە ((کوردی - عەرەبی)) ڕێکخست کە نزیکەی سێ هەزار وشەی تێدایە بە چەشنی پۆلی کۆپی لە سەد نوسخەدا بلاّوی کردەوە.

32- گیوی موکریانی، ساڵی (1961) ((فەرهەنگی مەهاباد))ی لە (795) لاپەڕە و نزیکەی سی (30) هەزار وشەدا بە ((کوردی - عەرەبی)) بلاّوکردەوە. ئەم فەرهەنگەی مامۆستا گیو بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ فەرهەنگەکانی پێشووی، پێشکەوتنێکی بەرچاوی تێدایە.

33- عەلائەددین سەججادی، لە ساڵی (1962) ، فەرهەنگێکی ((کوردی - عەرەبی - فارسی)) لە بەغدا چاپ و بلاّوکردەوە، کە وشەکان بە پێی بابەت بە سەر حەڤدە بەشدا دابەش کراون و هەر بەشە وشەی تایبەت بە مەبەستی هەمان بەشی تێدا کۆکراوەتەوە.

34- جگەرخوێن ((فەرهەنگا کوردی)) بە ((کوردی - کوردی)) نووسی و ساڵی (1962) لە بەغدا چاپ کرا. ئەم فەرهەنگە لە دوو بەرگ دایە و بە دیالێکتی کرمانجی ژووروو نووسراوە، سەرجەم 0572) لاپەڕەیە و نزیکەی پێنج هەزار وشەی گرتۆتەخۆ.

35- حەمید ئیزەد پەنا، ((فرهنگ لك ولر)) بە ((کوردی (کرمانجی باشوور)- فارسی)) نووسی و ساڵی (1963) لە تاران چاپ و بڵاوکرایەوە. ئەو فەرهەنگە پتر لە دوو هەزار وشە دەبێ و مامۆستا مەحموود زامدار ساڵی (1978) هەمان فەرهەنگی بە شی کردنەوە و لەسەر نووسینی پترەوە بە چەشنی ((لوڕی - کرمانجی خواروو - فارسی)) لە (230) لاپەڕەدا چاپ و بڵاوکردەوە.

36- عەلی حسووری ، ساڵی (1963) ڕاپۆرتێکی لەسەر دیالێکتی لوڕی بڵاوکردەوە بەناوی ((گزارش گویش های لری)) کە بریتی بوو لە شێوەزاری خوڕڕم ئاوا، کوهدەشت ، ئێلی حەسەنوەند ، ئێلی سەگوەند، ئێلی بیرانوەند ، گەڵباخی، ڕوومشکانی تەرحان، ئابدانان و دێهلوڕان. وشەکان بە پێی ((فارسی - لوڕی)) ڕێکخراوەن. سەرجەم هەشتا لاپەڕەیە پتر لە دوو هەزار وشەی تێدایە.

37- حەمید ئیزەد پەنا ، ((فرهنگ لری)) لە (159) لاپەڕەیە و پتر لە (5000) وشەدا بە ((لوڕی - فارسی)) نووسی و لە (1964) بڵاوی کردەوە. ئەم فەرهەنگە جارێکی تر لە (1984) لە تاران چاپ کرایەوە.

38- کۆمپانی (world publishing)ی ئەمریکایی، لە ساڵی (1965) فەرهەنگۆکێکی 30 لاپەڕەیی بە شەش سەفحەی گرامافۆنەوە بڵاوکردەوە تاکوو گەڕۆکە بیانییەکان لە سەردانی کوردستاندا بتوانن کەڵکی لێ وەربگرن.

39- ((جۆیس بلۆ)) فەرهەنگێکی گەورەی ((کوردی - فەڕەنسی - ئینگلیسی)) نووسیوە کە ساڵی (1965) لە پاریس چاپ و بڵاوکرایەوە.

40- توفیق وەهبی بە هاوکاری سی . ج . ئەدمۆندس، فەرهەنگێکی کوردی - ئینگلیسی نووسی کە لە (179) لاپەڕەدا، ساڵی (1966) لە لەندەن چاپ و بڵاوکرایەوە.

41- ئێرنێست مەکاریۆس، فەرهەنگێکی ((کوردی - ئینگلیسی)) لە (194) لاپەڕە و پێنج هەزار وشەدا نووسی کە لە ساڵی (1967) لە میشیگان چاپ و بڵاوکرایەوە.

42- مووسا ئەنتە، فەرهەنگێکی ((کوردی - تورکی)) لە (167) لاپەڕە و یازدە هەزار وشەدا نووسی و ساڵی (1967) لە ئەستەنبووڵ چاپ و بڵاوکرایەوە.

43- مێهرداد ئەوڕەنگ، فەرهەنگێکی ((کوردی - فارسی)) بە ناوی ((فرهنگ کردی)) نووسیوە کە تەنها دوو بەرگی لێ چاپ و بڵاوکرایەوە. بەرگی یەکەم بریتی یە لە دوو پیتی (ئا - ب)، کە ساڵی (1968) لە تاران چاپکرا ، ئەم بەرگە (6400) وشەی تێدایە. هەروەها ساڵی (1969) بەرگی دووەم (پ - ت)ی هەر لە تاران چاپ کرد کە نزیکەی (6000) هەزار وشەی گرتۆتەخۆی. مامۆستا سدیق بۆرەکەیی لە نووسینی ئەم فەرهەنگەدا یارمەتی نووسەری داوە.

44- مستەفا خوڕڕەمدڵ ساڵی (1968) دوو کتێبی لەمەڕ زمانی کوردی بڵاوکردەوە: ((صرف دستر زبان کردی سورانی)) و ((مکالمەی روزمره زبان کردی)). کتێبی دوویەم بریتی یە لە دوو بەش: بەشی هەوەڵ (ل 9 – 124) نزیکەی پێنج هەزار وشەی فارسی یە بە هەمبەری کوردی یەوە، بەشی دوویەم (ل 125 – 170) پتر لە شەشسەد ڕستەی کوردی یە کە لە وت و وێژی ڕۆژانەدا پتر دەکار دەکرێن. ئەم کتێبە جارێکی تر چاپ کرایەوە ساڵی چاپی دوویەم دیاری نەکراوە، بەڵام لەوانەیە لە مابەینی ساڵانی (1981) تا (1985) بووبێ.

45- محەممەد ئەمین میسری (سەیدیان) فەرهەنگۆکێکی بچووکی ((کوردی – فارسی – عەرەبی)) لە مەهاباد چاپ و بڵاوکردەوە. ساڵی چاپی ئەو فەرهەنگۆکە دیاری نەکراوە، بەڵام وێدەچێ لە سەرەتای حەفتاکاندا بووبێ.

46- مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس، بەشێوەی ((نەوبەهار))ی ئەحمەدی خانی و ((ئەحمەدی)) شێخ مارفی نۆدێی، فەرهەنگێکی ((عەرەبی – کوردی)) بە ناوی ((دوو ڕشتە)) بە هۆنراوە نووسی و ساڵی (1970) لە بەغدا چاپ و بڵاوکرایەوە. ئەو فەرهەنگە هەوڵ دەدا منداڵی کورد بە هاسانی فێرە وشەی عەرەبی بکات. (112) لاپەڕەیە بە سەر سی و چوار باسدا دابەش کراوە. ((دوو ڕشتە)) جارێکی تر لە ساڵی (1982) لە بەغدا چاپکرایەوە.

47- ساڵی (1971) لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتی یەوە لە مامۆستایان و خاوەنڕایان، فەرهەنگێکی زاراوەکانی پارێزگای سلێمانی، بە ((عەرەبی – کوردی)) بڵاوکرایەوە. ئەو فەرهەنگە (34) لاپەڕەیە و نزیکەی (1500) وشە و زاراوەی کارگێڕی تێدایە.

48- سەددیق بۆرەکەیی، فەرهەنگۆکێکی بەناوی ((واژەهای همانند در پهلوی و کردی)) نووسیوە کە بریتی یە لە (96) لاپەڕە و (1591) وشەی پەهلەوی، بە هەمبەری فارسی و کوردییەوە. ئەو فەرهەنگۆکە ساڵی (1971) لە تاران چاپکراوە.

49- عەبدولقادر بەرزەنجی، ((فەرهەنگی زانیاری)) یا ((ئنسکلۆپیدیای کوردی)) نووسیوە و بەرگی یەکەمی لە (237) لاپەڕەدا لە ساڵی (1971) لە سلێمانی چاپ و بڵاوکردۆتەوە.

فەرهەنگی ئەعلام لە زمانی کوردیدا، تا ئێستا ئاوڕی وەلا نەدراوەتەوە و وەك کەم و کووڕی یەکی گەورە لە کتێبخانەی کوردیدا جێگای دیارە. هەوڵی تاکە کەسی مامۆستا بەرزەنجی ، کە ڕەنگە یەکەم هەنگاوبێت لەم مەیدانەدا، بە هەنگاوێکی گرینگ دادەنرێ، بەرگی یەکەمی ئەم فەرهەنگە لە (ئەلف)ەوە هەتا (س)ی گرتۆتەخۆ.

50- بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی، ژمارە 4ی گۆڤارەکەی تەرخان کرد بۆ فەرهەنگێکی ((عەرەبی – کوردی))، ساڵی (1972)، لە (196) لاپەڕە و پتر لە چوار هەزار وشە و زاراوەی زانستیدا بڵاویکردەوە.

51- مەعرووف قەرەداغی مەردۆخی، فەرهەنگی ((کشت و کاڵ))ی بە ((کوردی – کوردی)) لە دوو بەرگ دا نووسی. بەرگی هەوەڵ ((ئەلف – س)) (7000) وشە و بەرگی دووەم ((ش – ی)) (6000) وشەی گرۆتەخۆ. بەرگی هەوەڵی ئەم فەرهەنگە لە ساڵی (1972) و بەرگی دوویەم لە (1973) لە بەغدا چاپ و بڵاوکرایەوە.

52- سادق بەهائەددین ئامێدی، فەرهەنگی ئیدیۆمی کوردی لە (162) لاپەڕەی گەورە و دوو هەزار و پێنسەد ئیدیۆم بە دیالێکتی کرمانجی ژووروو نووسی و ساڵی (1973) لە بەغدا چاپ و بڵاویکردەوە. ئەو فەرهەنگە ((کوردی – کوردی – عەرەبی))یە.

53- کەمال جەلال غەریب، خاوەنی ((فەرهەنگی زانیاری))یە ، کە فەرهەنگێکی چوار بەرگی ((عەرەبی – ئینگلیسی – کوردی))یە. بەرگی یەکەم لە ساڵی (1974) بە (438) لاپەڕەوە چاپکرا. بەرگی دووەم لە ساڵی (1979) لە لایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە لە (400) لاپەڕەدا چاپکرا. بەرگی سێیەم ساڵی (1983) لە بەغدا بە (382) لاپەڕەوە چاپ و بڵاوکرایەوە.

54- بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی، ژمارە (7) و (8)ی گۆڤارەکەی تەرخانکرد بۆ فەرهەنگۆکێکی ((کوردی – عەرەبی)) و لە ساڵی (1974)، سەرجەم وشە و زاراوەی زانستی کتێبە دەرسییە کوردیەکانی کۆکردەوە لە بەرگێکدا چاپ و بڵاویکردەوە.

55- ((زاراوەی کارگێڕی)) ناوی فەرهەنگێکی (169) لاپەڕەییە کە لەلایەن ئەنجومەنی کۆڕی زانیاری کوردەوە پێکهاتووە، د. کەمال مەزهەر پێشەکی بۆ نووسیوە و ڕێکی خستووە و ساڵی(1973-1974) لە لایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئەم فەرهەنگە کۆکراوەی ئەو دوو لیستەیە کە لە بەرگی یەکەم و دووەمی گۆڤاری کۆڕدا چاپکراون، نزیکەی (2500) زاراوە دەبێ و ((عەرەبی – کوردی))یە.

56- ((زاراوەی هەمەچەشنە)) ناوی فەرهەنگێکی ترە کە لە لایەن ئەنجومەنی کۆڕی زانیاری کورد و لێژنەکانی یەوە پێکهاتووە، د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف پێشەکی بۆ نووسیوە و ڕێکی خستووە و ساڵی (1974) لە لایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە چاپکراوە.

57- ((لیستەی چوارەمی زاراوەکانی کۆڕ)) ناوی فەرهەنگێکە کە لە لایەن ئەنجومەنی کۆڕی زانیاری کورد و لێژنەکانی یەوە پێك هاتووە، د. ئەوڕەوحمانی حاجی مارف پێشەکی بۆ نووسیوە و ڕێکی

خستووه و ساڵی (1975) له لایەن كۆڕی زانیاری كوردەوه به شێوەی فەرهەنگێكی ((عەرەبی – كوردی)) چاپكراوه.

58- كەمال جەلال غەریب، ((فەرهەنگی زانیاری وێنەدار))ی له (110) لاپەڕەی گەوره و پتر له (1400) وشەی زانستیدا نووسی و ساڵی (1975) له بەغدا چاپكرا. ئەم فەرهەنگه كه ((عەرەبی ، ئینگلیسی – كوردی))یه له سەرەتای هەشتاكاندا جارێكی تر له سنه چاپكرایەوه.

59- بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی كوردی، ژماره (7 و 8)ی گۆڤارەكەی تەرخان كرد بۆ فەرهەنگۆكێكی((عەرەبی– كوردی)) و له ساڵی (1975) نزیكەی (6500) وشه و زاراوەی زانستی له بەرگێكدا بڵاوكردەوه.

60- حەسەنی سەلاح (سۆران) فەرهەنگێكی ((كوردی – فارسی)) نووسیوه كه ساڵی (1976) له لەندەن چاپ و بڵاوكراوەتەوه.

61- ((ئەستێره گەشه)) ناوی فەرهەنگێكی ((كوردی – عەرەبی))یه كه فازڵ نیزامەددین نووسیویەتی و له ساڵی (1977) به (770) لاپەڕه و نزیكەی بیس هەزار وشەوه له بەغدا چاپكراوه.

62- یێ . ئی . كیێ دایتینیێ، كوردستان موكریانی، ڤ . ئی . میترۆخینه ساڵی 1977 فەرهەنگێكی قوتابخانەیی ((ڕووسی – كوردی))یان بۆ ئەو كەسانەی كه تازه دەست به فێربوونی زمانی ڕووسی دەكەن. نزیكەی (2100) وشەیه و له مۆسكۆ چاپكراوه.

63- ((قامووسی زمانی كوردی)) ناوی فەرهەنگێكی ((كوردی – كوردی))یه كه مامۆستا عەبدوڕەحمان زەبیحی، دوو بەرگی لێ بڵاوكردەوه و كارەكەی وەستا. بەرگی یەكەم (356) لاپەڕەیه و نزیكەی دوو هەزار وشەیه. ئەم بەرگه بریتییه له سەرجەم ئەو وشانەی كه به پیتی ((ئ)) ەوه دەست پێ دەكەن. (110) لاپەڕەی هەوەڵی فەرهەنگەكه تەرخان كراوه بۆ چەند باسێكی زمانەوانی و فەرهەنگنووسی و مێژووی زمان و (246) لاپەڕەی دوایی دەقی فەرهەنگەكەیه. بەرگی یەكەم له ساڵی (1977)، له چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد له بەغدا چاپكراوه. بەرگی دووەمی ئەو فەرهەنگه له لایەن كۆڕی زانیارییەوه له ساڵی (1979) چاپكرا ، ئەم بەرگه تەرخان كراوه بۆ ئەو وشه و زاراوانەی كه به پیتی ((ب)) ەدەست پێ دەكەن، بەڵام كارەكه نەگەیشتۆته دوایی و له وشەی ((بەیەوه))دا دەبڕێتەوه. وشەكانی ئەم بەشەش دەگەنه ڕادەی (2000) دانه. پاشی ئەو دو بەرگه ئیدی هەواڵێك له پاش ماوەی كارەكه نییه و گۆیا فیشەكان له ناوچوون. ماوەیەك دوایه ، مامۆستا زەبیحیش به چارەنووسێكی وەكوو قامووسەكەی گرفتار بوو. قامووسی زمانی كوردی له ڕووی ئوسلووب و شێوازەوه به یەكێك له هەنگاوه گەورەكانی فەرهەنگنووسی كوردی دێتەژمار.

64- بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی ژمارە (14)ی گۆڤارەکەی تەرخان کرد بۆ فەرهەنگێکی زاراوەکانی زانستی ((عەرەبی – کوردی)) و لە ساڵی (1978) لە بەرگێك دا پتر لە شەش هەزار وشە و زاراوەی زانستی تێدا بڵاوکردەوە.

65- سابیر گرد عازەبانی، ساڵی (1978) چوارەمین چاپی کتێبی ((چۆن فێری زمانی عەرەبی دەبیت))ی بڵاوکردەوە. فەسڵی سێیەم تا هەشتەمی ئەو کتێبە بریتی یە لە فەرهەنگێکی ((عەرەبی – کوردی)).

66- عەزیز ڕەشید عەقراوی فەرهەنگێکی ((عەرەبی – کوردی)) بە ناوی ((گیانیٚ مرۆڤی)) لە 55 لاپەڕە و سێ هەزار وشەدا نووسی و ساڵی (1978) لە بەغدا چاپ و بڵاوکرایەوە. ئەو فەرهەنگە چاپی ڕەنگی وێنەدارە و ئەو وشە و زاراوانە تۆمارکراون کە پێوەندییان بە لەشی مرۆڤ و نەخۆشی یەکانەوە هەیە.

67- د. کامران بەدرخان فەرهەنگێکی ((فەڕەنسی کوردی و کوردی فەڕەنسی)) نووسیوەو ساڵی (1979) لە پاریس چاپ و بڵاوی کردووەتەوە و نزیکەی (95) هەزار پەیڤی تێدایە.

68- ((گۆڤاری ئەستێرە)) کە لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی ئیسلامی ئێران، لە سنە بڵاودەکرایەوە ، لە ساڵی (1979) فەرهەنگۆکێکی ((کوردی – فارسی)) بە نزیکەی دوو هەزار وشەوە لە (56) لاپەڕەدا بەشێوەی فۆتۆ بڵاوکردەوە.

69- فەتاح عەزیزی ئەقدەم فە رهەنگێکی بچووکی ((کوردی – فارسی)) لە (181) لاپەڕە و پتر لە دوو هەزار وشەوە نووسیوە، کە لە ساڵی (1979) چاپ و بڵاوکراوەتەوە. هەرچەند فەرهەنگەکە بەناوی ((بەرگی یەکەم))ەوە بڵاوکراوەتەوە و نووسەر لە پێشەکی دا بەڵێنی بەرگەکانی تریشی داوە، بەڵام سەرجەم پیتەکانی ((ئەلف هەتا یێ))ی تێدا هاتووە و بە ڕواڵەت فەرهەنگەکە گەیوەتە دوایی.

70- د. مەکسیمی خەمۆ، فەرهەنگی ئیدیۆمی ((کوردی – ڕووسی)) لە (284) لاپەڕە و نزیکەی هەشت هەزار ئیدیۆم دا نووسیوە و ساڵی (1979) لە یەریڤان چاپ و بڵاوی کردووەتەوە. نووسەر بیست و هەشت لاپەڕەی پێشەکی تەرخان کردووە بۆ باس و لێدوانی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا. دیالێکتی ئەم فەرهەنگە، کرمانجی ژووروو (بە تایبەت شێوەزاری کوردەکانی سۆڤیەت)ە.

71- د. محەمەد تەقی ئیبراهیم پوور، فەرهەنگێکی ((فارسی – کوردی)) نووسیوە و هەنگاوێکی تازەی لە کاری فەرهەنگنووسی کوردی دا هاویشتووە، بەم چەشنە کە لە بەرامبەر ئەستوونی فارسیدا، سێ ئەستوونی ((شێوەزاری ئەردەڵان – دیالێکتی هەورامی – دیالێکتی کرمانجی ژووروو))ی داناوە و بەو چەشنە لە بەر یەك ڕانان و هەڵسەنگاندنی شێوە ئاخاوتنەکانی زمانی کوردی هاسان کردووەتەوە. ئەو فەرهەنگە 742 لاپەڕەیە و پتر لە هەشت هەزار وشەی تێدایە و بەرهەمی بیست ساڵ هەوڵی نووسەرە. ساڵی چاپی دیارینەکراوە، بەڵام لە سەرەتای هەشتاکاندا چاپ و بڵاوکرایەوە.

72- سیامەند سەلیم ، ساڵی (1981) بەرگی یەکەمی هەنگی ((هیندی - کوردی - عەرەبی)) بە ناوی ((چۆن فێری ئەم سێ زمانە دەبیت))ی بڵاوکردەوە. کە (125) لاپەڕەیە و نزیکەی دوو هەزار وشە و ئیدیۆم و ڕستەی هیندی تێدایە. ئەوە دەبێتە یەکەم فەرهەنگی زمانی کوردی کە بۆ زمانی هیندی ڕێکخرابێ، بەرگی دووەمی ئەوفەرهەنگە لە (184) لاپەڕەدا، ساڵی (1983) لە بەغدا بڵاوکرایەوە. نووسەر هەر لەم ساڵەدا بەرگی یەکەمی فەرهەنگەکەی بۆ جاری دووەم چاپ و بڵاوکردەوە.

73- سەدیق بۆرەکەیی فەرهەنگێکی ((کوردی - فارسی)) بە ناوی ((فەرهەنگی ماد)) نووسیوە کە تائێستا دوو بەرگی لێ چاپ کراوە، بەرگی یەکەم ساڵی (1982) لە (125) لاپەڕە و دوو هەزار و پێنسەد وشەدا بڵاوکرایەوە. حەفتا لاپەڕەی هەوەڵی فەرهەنگەکە تەرخانکراوە بۆ هەندێ باسی زمانەوانی و ڕێزمانی، ئەم بەرگە بریتی یە لە ئەو وشە و زاراوانەی کە بە پیتی ((و))ەوە دەست پێ دەکەن. بەرگی دووەمی فەرهەنگی ماد پاشی هەش ساڵ، یانی لە 1990 چاپ کرا، ئەم بەرگەش تایبەتە بە پیتی ((ب))، دوو سەد هەشت لاپەڕەیە و نزیکەی (4500) وشەی گرتۆتەخۆ.

74- شوکڕوڵلای بابان، فەرهەنگێکی فارسی - کوردی بە نێوی ((فەرهەنگی بابان)) نووسیوە کە لە ساڵی (1982) لە (872) لاپەڕەدا چاپکراوە. فەرهەنگی بابان بەشێوەی وشەی هاوواتا ڕێکخراوە و لە بەرانبەر هەشت وشەی فارسی دا، نزیکەی چل هەزار وشەی کوردی تۆمارکراوە.

75- قادر فەتتاحی قازی، پەراوێزێکی لەسەر ((فەرهەنگی مەهاباد))ی مامۆستا گیوی موکریانی نووسیوە ، بەناوی ((حاشیە بر فرهنگ مهاباد)). مامۆستا قازی لەم کتێبە باسی لەو وشانە کردووە کە لە فەرهەنگی مەهابادا لە قەڵەم کەوتوون یا بە تەواوی ڕاڤە نەکراون. ((حاشیە))کەی مامۆستا قازی ساڵی (1982) لە تەورێز چاپ و بڵاوکرایەوە.

76- خۆشناو سەلاحەددین، کە ئەندازیارێکی کوردە، ساڵی (1982) فەرهەنگێکی ((کوردی - ئینگلیسی - فەڕەنسی - سوئێدی - تورکی - عەرەبی - فارسی)) نووسی و لە مەنچستەری ئینگلستان چاپ و بڵاوی کردەوە. وشە کوردییەکانی ئەم فەرهەنگە بە ئەلف و بێی لاتینی نووسراون.

77- م. س : کارا ، فەرهەنگی فارسی - کوردی ((وشەبژێر))ی لە حەوت هەزار و پێنسەد وشەدا نووسیوە. ((وشەبژێر)) لە قەوارەی باغەڵی دایە و 348 لاپەڕەیە و لە ساڵی (1982) لە سنە چاپکراوە.

78- محەمەد ئەمینی ئوسمان. فەرهەنگێکی بەناوی ((کوردی - ئورووپی برهەڤکرن)) نووسیوە و ساڵی (1982) لە بەغدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئەو فەرهەنگە (60) لاپەڕەیە و نزیکەی (400) وشەی کوردی هەڵبژاردووە کە لەگەڵ زمانە جۆربەجۆرەکانی ئەوروپایی هاوبەشن و بەو کارە خزمایەتی نزیکی زمانی کوردی لەگەڵ زمانە ئەوروپاییەکان نیشانداوە.

79- پرۆفیسۆر ق. کوردۆ و ز.یۆسف ، 1983فەرهەنگێکی گەورەی ((کوردی (کرمانجی خواروو) – رووسی))یان لە (752) لاپەڕە و (30) هەزار وشەدا نووسی و بڵاویان کردەوە ئەم فەرهەنگە بەرهەمی کۆششێکی دە ساڵە بوو.

80- سابیر گرد عازەبانی، ساڵی (1983) لە کتێبی ((کیف تتعلم التدریب علی المحادپه باللغتین العربیه والکردیه))دا گەڵی وشە و ڕستەی عەرەبی و کوردی بەرانبەر یەك داناوە و بە شێوەی فەرهەنگێك ڕێکی خستووە. ئەم کتێبە دوو بەرگە و سەرجەم (249) لاپەڕەیە.

81- م. س : کارا، لە ساڵی (1984) هەنگاوێکی گرینگ و ڕاستیانەی بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی هاویشت و کارەکەی وەکوو پێشنیارێك خستەبەر سرنج و تێبینی شارەزایان. م. س: کارا بە کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی زمانی ئێسپرانتۆ، لە دیالێکتەکان و شێوەزارەکانی زمانی کوردی، دیالێکتێکی نوێی خوڵقاند، بەم چەشنە کارا بە شێوەی زامێنهۆڤ، لە هەموو چەشنە ئاخاوتنەکانی کوردی، دوو هەزار پێنسەد ڕیشەی دەستنیشانکرد و کۆمەڵەیەك پێشگر و پاشگر و نێوگریشی بۆ دانا ڕیشەکان بە یارمەتی ((پێشگر))ەکان، وشەی تازە دەخوڵقێنن و مانای نوێ دەبەخشن و بەم چەشنە دیالێکت یا زمانێکی نوێ پێکدێنن بەناوی((ژوورە زاری کار)) کە هیچکام لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی نین و هەمووشیانن. کارا لە ساڵی (1984) ((فەرهەنگی ژوورە زاری کار))ی بڵاوکردەوە کە لە ڕاستی دا فەرهەنگی(ڕەگ/ ڕیشە)کانی ئەو دیالێکتەیە. ئەو فەرهەنگە (320) لاپەڕەی قەوارە بچووکە و بە ((کوردی- فارسی- ئێسپرانتۆ))یەو بەڕادەیەکی بەرچاویش لە وێنە کەڵك وەرگیراوە. نووسەر بۆ نیشاندانی توانایی ئەو زمانە، بەیناوبەین لە فەرهەنگەکەدا چەند دەقێکیشی پێ نووسیوە. ((ژوورە زاری کار)) ئاوڕی وە لانەدرایەوە و نەکەوتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، بەڵام هەنگاوێکی گرینگ بوو لە کاری زمانەوانی دا.

82- مالمیسانژ، فەرهەنگێکی دملکی- تورکی نووسیوە و ساڵی (1984) لە (431) لاپەڕەدا لە پاریس چاپ و بڵاوکردەووەتەوە. (16) لاپەڕەی هەوەڵی ئەو فەرهەنگە، بریتی یە لە: پێشەکی بە کوردی (زازایی)) و پێشەکی بە تورکی و بیبلۆگرافی.

83- سابیر گرد عازەبانی ساڵی (1985) بەرگی یەکەمی ((فەرهەنگی ئاری)) بە ((کوردی – کوردی – عەرەبی)) لە (224) لاپەڕەدا بڵاوکردەوە. بەرگی یەکەم، ئەو وشانەن کە بە پیتی ((و)) ەوە دەست پێ دەکەن و نزیکەی دووهەزار پەیڤێك دەبن.

84- سلام عەبدوڵڵا، فەرهەنگۆکێکی سوئێدی – کوردی نووسیوە کە ساڵی (1985) لە لایەن ((بنکەی چاپەمەنی ئازاد))ەوە لە سوئێد، لە (71) لاپەڕەدا چاپ و بڵاوکرایەوە. ئەم فەرهەنگۆکە، پاشکۆی کتێبێکە بە ناوی mal (مۆل: ئامانج / مەبەست) کە بۆ فێرکردنی زمانی سوئێدییە.

85- تـەها فـەیزی زادە لـە سـاڵی (1985) کتـێبیٚ ((نۆبـەرە))ی بـە نـاوی ((گەڵاڵەیـەك بـۆ داڕشـتنی قامووسـێکی زاراوەیـی زمـانی کـوردی)) بڵاوکـردەوە. لـەو کتێبـەدا سـەرجەمی ئـەو وشـە تێکـەڵاو و پێکهاتووانەی کە لە وشەی ((چوون))ەوە سازدەکرێن، دەستنیشانکراون و بە کوردی ڕاڤەکراون.

86-عەبدولسـەتتار تـاهیر شـەریف، ((فەرهـەنگی دەروون ناسـی)) بـە ئینگلیسـی – عـەرەبی – کـوردی نووسیوە و ساڵی (1985) لە (252) لاپەڕە و نزیکەی هەزار وشەدا بڵاوی کردووەتەوە.

87- عـەلی سـەیدۆ گـۆرانی، سـاڵی (1985) لـە ((عـەممان))ی ئـۆردۆن، ((فەرهەنگـە کـوردی نـووژەن)) ((القاموس الکردی الحدیپ))ی بە کوردی – عەرەبی بڵاوکردەوە. عەلی سەیدۆ بۆ نووسینی ئەم فەرهەنگە کـەڵکی لـە زۆربـەی فەرهەنگـەکانی پێشـوو بینیـوە و گـەلێك وشـە و زاراوەی کرمـانجی نێوەڕاستیشـی لـە فەرهەنگەکەی خۆی دا هێناوە و سەرجەم بریتی یە لە (35) هەزار وشە.

88- ((البـاکورە / نۆبـەرە)) یـەکێك لـە فەرهەنگـەکانی مامۆسـتا ((گیـوی موکریانی))یـە، ئـەم فەرهەنگـە عەرەبلی– کوردی یە و سەرجەم 25هەزار وشـەیە. بـەرگی یەکـەمی ( ا – ت) سـاڵی (1986) لـە لایـان ((د. کوردسـتان موکریانی)یـەو بڵاوکرایـەوە. بـە پێـی ئاگـاداری نووسـەری ئـەم وتـارە تـا ئێسـتا دوو بـەرگ لـەو فەرهەنگە چاپ کراوە: (أ – خ).

89- عەبدولسـەلام محەممـەد نـەبی خۆشـناو ((فەرهـەنگی گوڵشـەن))ی بـە کـوردی – فارسـی – عـەرەبی نووسـیوە و سـاڵی (1986) لـە (176) لاپـەڕە و نزیکـەی دوو هـەزار و حەوسـەد وشـە (ل3 – 150) و پێنسەد ڕستە (ل 151 – 176)دا لە بەغدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

90- محەممەد ئەمین هەورامانی، ((فەرهەنگی ئێریەن ڤاچ))ی نووسیوە و لەو فەرهەنگە (338) لاپـەڕەیی یەدا وشەگەلی ((ئێریەن ڤاچ))ی لەگەڵ زمانی نـوێی کـوردی بـەراورد کـردووە و لـە ڕیشـەیانی کۆڵیوەتـەوە. (16) لاپـەڕەی سـەرەتای کتێبەکـە تـەرخان کـراوە بـۆ ڕوون کردنەوەیـەك لـە بابـەت زاراوە و هۆزەکـانی ((ئێریەن ڤاچ)). ئەو فەرهەنگە ساڵی (1987) لە بەغدا چاپکراوە.

91- حەمید ئیزەد پەنا، فەرهـەنگێکی کـوردی (لـەکی) – فارسـی بـە پـتر لـە سـیٚ هـەزار وشـەوە نووسـی و ساڵی (1988) لە تاران چاپ و بڵاوی کردەوە. دەقی وشەکان (149) و پێشـەکی یـەکی (56) لاپەڕەیـە لـە پێشـەکیەکەدا چـەند باسـێکی گـرنگ گونجـاوە، وەك: جوغرافیـای لوڕسـتان، وشـەی لـەك، تیرەکـانی عەشیرەتی لـەك، دیـالێکتی لـەکی، چۆنیەتی ژیـان و ئـاژەڵ داری و کشـت وکـاڵ و داب و نـەریتی لـەکان، هەروەها چەند ئاماژەیەکی گرنگی ڕێزمانی. سەرجەمی وشەکان بە ڕێنووسی لاتینیش نووسراونەوە و لـە شوێنی پێویست دا لە وێنەش کەڵك وەرگیراوە. (52) لاپـەڕەی پاشـکۆی فەرهەنگەکـەش تـەرخانکراوە بـۆ هەندیٚ ڕستە و پەندی پێشینانی لـەکی و هـەروەها کلیلـی دەکارهێنـانی فارسـی – لـەکی فەرهەنگەکە. لـە دوایی کتێبەکەدا نەخشەیەکی پارێزگـای لوڕستان لکێنـراوە، کـە شـار و شارۆچکەکانی و ئـەو پارێزگایـە

دیاری دەکا و هەروەها شوێنە لەك نشینەکانی پارێزگای لوڕستان دەستنیشان دەکا. ئەم فەرهەنگە کارێکی ورد و سەرکەوتوویە و نرخێکی تایبەتی بە کاری فەرهەنگنووسی کوردی بەخشیوە.

92- تەها فەیزی زادە، ساڵی (1988) لە کتێبی ((هەوێن))دا، بە شێوەی کتێبی ((نۆبەرە)) {بڕ : فەرهەنگی ژمارە 85}، هەمان گەڵاڵەی بۆ وشەی (دەست) داڕشتەوە.

93- تەها فەیزی زادە، ساڵی (1988) ((فەرهەنگی وشە دوانەکانی زمانی کوردی)) بڵاوکردەوە. ئەو فەرهەنگە (130) لاپەڕەیە و لە پێشەکی کتێبەکەدا ( ل 5 – 13) باسی چۆنیەتی کارەکە و دەوری وشە دوانەکان لە زمان دا کراوە. لە لاپەڕەی (15) تا (130) دەقی فەرهەنگەکەیە کە (کوردی – کوردی) یە. نووسەر جگە لە مانای وشەکان، بۆ هەر کام ڕستەیەکی ڕێکخستووە تا شێوەی دەکار کردنی وشە دوانەکان نیشان بدا. تا ئەو ساڵە، ئەمە یەکەم کاری لەم چەشنەیە لە زمانی کوردی دا.

94- عەلی عەبدوڵڵا، ساڵی (1988) فەرهەنگی ((گەنجینە))ی بە عەربی – کوردی ، لە (196) لاپەڕە و نزیکەی هەشت هەزار وشەدا بڵاوکردەوە.

95- نیعمەت عەلی سایە، ساڵی (1988) فەرهەنگی ((گەوهەری گەرمەسێر))ی لە سێ بەرگدا بە کوردی (کەلهوڕی) – عەرەبی، لە بەغدا بڵاوکردەوە. ئەو فەرهەنگە سەرجەم (730) لاپەڕەیە و نزیکەی (13) هەزار وشەی گرتۆتەخۆ. بەرگی یەکەم (280) لاپەڕەیە و بریتییە لە (أ – خ) ، بەرگی دووەم (220) لاپەڕەیە و بریتییە لە (د – ق)، بەرگی سێیەم (230) لاپەڕەیە و بریتییە لە (ك – ی) . نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەدا (ل 6 – 12) ئاماژەی بە گرینگی کۆکردنەوەی وشەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی کردووە، بۆ دانانی بناغەی زمانی یەکگرتوو.

96- نووسینی فەرهەنگی ((هەنبانە بۆرینە)) لە لایەن مامۆستا هەژار و چاپ و بڵاوکردنەوەی کارێکی گینگ بوو لە مێژووی فەرهەنگنووسی کوردی دا. بەرگی یەکەمی ئەو فەرهەنگە (و – س) ساڵی (1989) چاپکرا. ساڵێك پاشان، بەرگی دوویەم (ش – ی) بڵاوکرایەوە هەر لە هەمان ساڵدا سەرجەمی فەرهەنگەکە لە یەك بەرگدا بە قەوارەی گەورەتر چاپ و بڵاوکرایەوە. هەنبانە بۆرینە فەرهەنگێکی کوردی – کوردی – فارسی یە و پتر لە (65) هەزار وشەی کوردی لە (1035) لاپەڕەدا گرتۆتەخۆ.

97- پڕۆژەی Lexinلە سوئێد، تا ئێستا گەلێك فەرهەنگی سوئێدی – بیانی ئامادە کردووە. ئەو پڕۆژەیە کاری فەرهەنگەکانی خۆی لە سێ چەشنی گەورە، ناونجی و بچووك دا بە ئەنجام دەگەیەنی ساڵی (1989) فەرهەنگی سوئێدی – کوردی (کرمانجی) لە چەشنی سێیەم ((mini lexicon)) و لە (6000) وشەدا، بە وەرگێڕانی ((ڕەشۆ زیلان))، لە چاپخانەی ((نۆشتێت))ی ستۆکهۆڵم، چاپ و بڵاوکردەوە.

98- شەوکەت ئیسماعیل حەسەن، ساڵی (1989) بەرگی یەکەمی ((فەرهەنگی کوردی - ئیگلیزی)) لە (374) لاپەڕە و نزیکەی سێ هەزار وشەدا بڵاوکردەوە. ئەو فەرهەنگە لە ڕاستیدا ((کوردی - کوردی - ئینگلیسی))یە و لە هەمبەر سێ هەزار وشەی سەرەکیدا، نزیکەی سێزدە هەزار وشەی کوردی و کەمتر لەم ڕادەیەش وشەی ئینگلیسی داناوە. بەرگی یەکەم تەنیا ئەو وشانە دەگرێتەوە کە بە پیتی ((و))ەوە دەست پێ دەکەن. (18) لاپەڕەی سەرەتای فەرهەنگەکە تەرخانکراوە بۆ پێشەکی ئینگلیسی و پێشەکی کوردی و کورتە وشە و نیشانەکانی ناو فەرهەنگەکە و سەرچاوەکان و هەندێ وردە باسی تر. شێوازی ڕێکخستن و نووسینی ئەم فەرهەنگە، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ فەرهەنگەکانی پێشوو، گەلێك پێشکەوتووترە و دانەر هەوڵی داوە کە بە یارمەتی (54) کورتە وشەوە پتر بە دەوری وشەدا بێ و تێگەیاندنی بۆ خوێنەر ئاسانتر بکات. ئەم فەرهەنگە وەك لەسەر بەرگەکەی ئاماژەی پێکراوە، ((وشە و زاراوەی هاو واتا))یە.

99- ((خوناو خورشید)) و ((سیروان خورشید)) و ((شێڵ لیسکەر))، فەرهەنگێکی سوئێدی - کوردییان نووسیوە و ساڵی (1989) لە شاری ((پۆپلاندس برووو))ی سوئێد بڵاویان کردۆتەوە. نووسەران لە پێشەکی فەرهەنگەکەیاندا دەڵێن: ((ئەم فەرهەنگۆکە وەکوو پرۆژەیەك ، لە قوتابخانەی Bro، لە شارەوانی ئۆپلاندس بروو لە لایەن چەند قوتابییەکی کورد بە هاوکاری مامۆستاکەیان هاتۆتەکایەوە. لە ساڵی (1986)ەوە دەست پێکراوە لەبەر ئەوەی کە فەرهەنگەکەمان بە پیتی لاتینی نووسراوە، بۆیە ڕەنگە ئەمە ببێتە سەرچاوەیەکی سوودبەخش چ بۆ کوردی ئاوارە و چ بۆ ئەو سوئێدیانەی کە دەیانەوێ هەندێ لە زمانی کوردی بگەن. لەم فەرهەنگۆکەدا لە وشەی کرمانجیش کەڵك وەرگیراوە و نزیکەی (2000) وشەیە.))

100- حەمید ئەبووبەکر ئەحمەد، فەرهەنگێکی چوار زمانەی ((ئینگلیسی - عەرەبی - کوردی - فارسی)) بەناوی ((فەرهەنگی وێنەدار بۆ منداڵان)) نووسیوە کە لە ساڵی (1991) لە هەولێر چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

101- د. ئیزۆلی فەرهەنگی کوردی - تورکی / تورکی - کوردی نووسیوە کە لە ساڵی (1992) چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

102- باران ڕزگار، فەرهەنگێکی کوردی - ئینگلیزی / ئینگلیزی - کوردی نووسیوە و ساڵی (1993) لە لەندەن چاپ و بڵاوی کردۆتەوە. ئەم فەرهەنگە (400) لاپەڕەیە و (25) هەزار وشە و ڕستەی کوردی و (20) هەزار وشە و ڕستەی ئینگلیسی تێدایە. وشە کوردییەکان بە پیتی کریلی و عەرەبی و لاتین نووسراون.

103- د. محەممەد تەقی ئیبراهیم پوور، دوویەم ئەزموونی فەرهەنگنووسی خۆی لە ساڵی (1994) لە تاران چاپ و بڵاوکردەوە. بەرهەمی ئەم ئەزموونە دوو فەرهەنگی سەربەخۆیە بەناوی ((واژەنامەی کوردی

– فارسی)) و ((واژەنامەی فارسی – کوردی)). هەردوو فەرهەنگ وێنەدارن. یەکەمیان (795) لاپەڕەیە کە (37) لاپەڕەی هەوەڵی تەرخانکراوە بۆ پێشەکی و ڕێزمانی کوردی و نزیکەی (28) هەزار وشەی کوردی گرتۆتەخۆی. دووەمیان (429) لاپەڕەیە و (19) لاپەڕەی هەوەڵی تەرخان کراوە بۆ پێشەکی و نزیکەی (9) هەزار وشەی فارسی تێدایە.

104– ئەمیر ئەمینی، ((فرهنگ گیاهان دارویی)) بە ((کوردی – ئینگلیسی – فارسی – عەرەبی)) نووسی و ساڵی (1995) لە کرماشان چاپ و بڵاویکردەوە. ئەم فەرهەنگە (284) لاپەڕەیە و لە (533) چەشن ڕووەك دەدوێت. بۆ نزیکەی سەرجەمی وشەکان لە وێنە کەڵك وەرگیراوە. وشە سەرەکیەکان بە پێی ناوی فارسی ڕیزکراون. لە بەرامبەر هەر وشەیەکی سەرەکی دا ناوی زانستی و تیرەی ڕووەکەکە نووسراوە. ئەمجار ناوی هەمان ڕوەك بە چوار زمانی کوردی، فارسی، ئینگلیسی و عەرەبی هاتووە. لە دواییدا بیچم و دروشمی گیایەکە ڕاڤەکراوە و دەکارکردنی بەشێوەی دەرمانی شیکراوەتەوە. دەقی کتێبەکە فارسییە و (8) لاپەڕەی بۆ پێشەکی تەرخانکراوە و لە دوایی کتێبەکەدا چوار پێرست بۆ هەر چوار زمان ڕێکخراوە کە کەڵك وەرگرتن بۆ خاوەنی هەر کام لە زمانەکان هاسان دەکاتەوە، چاپی دووەمی ئەم فەرهەنگە ساڵی (1997) بڵاوکرایەوە.

105– چیرۆك نووسی کورد، عەلی ئەشرەف دەروێشیان، ((فەرهەنگی کوردی کرماشانی – فارسی)) لە (433) لاپەڕە و نزیکەی (10) هەزار وشەدا نووسی و ساڵی (1996) چاپ و بڵاویکردەوە. ئەم فەرهەنگە تایبەتە بە وشە و زاراوەی سەر بە لەهجەی کرماشانی. نووسەر هەوڵی داوە وشە و زاراوەی خەڵکی ڕەمەکی کوچە و کۆڵان دەستەچن بکا و بە وەبەرچاوگرتنی کورتە وشە، شێوەزارەکانی کرماشانیشی دەستنیشان کردووە. هەروەها شێوە ئاخاوتنی وشەکانیشی بە پیتی لاتینی تۆمارکردووە. (36) لاپەڕەی سەرەتای فەرهەنگە تەرخانکراوە بۆ چەند باسێکی وەك: جوغرافیای کرماشان، مێژووی کرماشان ، زمانی کوردی و ڕێزمانی کوردی (لەهجەی کرماشانی).

106– حامید دروودی و حاتەم مەنبەری، فەرهەنگی ((بێستوون))یان بە سۆرانی – هەوارمی نووسی و ساڵی (1998) لە ستۆکهۆڵم چاپ و بڵاویان کردەوە.

107– ((کوردستان)) ناوی دوایین فەرهەنگی چاپ کراوی ((گیو موکریانی))یە. ئەم فەرهەنگە نزیکەی نیو سەدە هەروا بە دەست نووسی مایەوە و ئەگەر لە کاتی خۆیدا چاپکرابا، یەکەم فەرهەنگی کوردی – کوردی بوو. ساڵی (1999) بە کۆششی د. کوردستان موکریانی لەسەرە ئەرکی نیچیرەڤان بارزانی، لە هەولێر چاپ و بڵاوکرایەوە. هەشت لاپەڕەی سەرەتای فەرهەنگە تەرخانکراوە بۆ هەندێ باسی هەوڵەکانی مامۆستا گیو، لە بواری فەرهەنگنووسیدا و زمانی کوردی و پێرستی کورتە وشە و نیشانەکانی نێو فەرهەنگەکە. دەقی ئەم فەرهەنگە (940) لاپەڕەی گەورەیە و دەوری (50) هەزار وشەی گرتۆتەخۆ.

هەنگاوێکی بە سوود کە لەم فەرهەنگەدا بەرچاو دەکەوێت، ئەوەیە کە شوێنی جوغرافیایی و دیالێکت و لەهجە و بن لەهجە و شێوەزاری وشەکان بە وردی دەست نیشان کراون و بە (180) کورتە وشە لێك جیاکراونەوە و سنووریان لە زمانی کوردی دا دیاریکراوە ، کە ئەم کارە بەم وردییە تا ئێستا لە فەرهەنگە کوردییەکاندا ئاوڕی وەلا نەدراوەتەوە. بەرەڕای ئەوە، کەم و زۆر لە وێنەش کەڵك وەرگیراوە.

108- ((بەرەوفێربوونی دیالێکتی کرمانجی ژووروو)) ناوی فەرهەنگۆکێکی کوردی (کرمانجی نێوەڕاست) – کوردی (کرمانجی ژووروو)یە کە بە هەوڵی ئیسماعیل مستەفا زادە هاتۆتە بەرهەم و ساڵی (2000) لە مەهاباد چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئەم فەرهەنگۆکە لە دووبەش پێك هاتووە ، بەشی یەکەم – وشە، بەشی دووەم – ڕستە. هەردوو بەش بە پێی بابەت ڕێکخراون و وشە و ڕستەکان بە سەر (20) بابەتی جۆراوجۆر دابەشکراون.

109- ((حەوتەوانە)) بەرهەمی هەوڵ و کۆششی ((فەتاح کاویان))ە کە ساڵی (2000) لە سلێمانی چاپ و بڵاوکرایەوە. حەوتەوانە، فەرهەنگی ئیدیۆمی ((ئینگلیزی – کوردی – فارسی))یە و مامۆستا کاویان، ئەم فەرهەنگەی لە بەرگی یەکەمی ((فەرهەنگی ئیدیۆمی کارای زمانی ئینگلیسی ، ئاکسفۆرد)) وەرگێڕاوە و بە شێوەیەکی تایبەت دای ڕشتووە و شێوازێکی بۆ داناوە، کە حەوت چەشنی: ((کوردی – کوردی))، ((فارسی – فارسی)) ، ((ئینگلیسی – ئینگلیسی))، ((کوردی – فارسی))، ((کوردی – ئینگلیسی)) ، ((فارسی – کوردی)) و (( فارسی – ئینگلیسی)) کەڵکی لێ وەردەگیرێ. سەرجەی‌م فەرهەنگەکە پتر لە (1100) لاپەڕەیە.

110- شەفیق قەزار ، ((فەرهەنگی شارەزوور))ی بە کوردی – ئینگلیزی نووسیوە، کە ساڵی (2000) لە هەولێر، چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئەو فەرهەنگە (601) لاپەڕەیە گەورەیە و نزیکەی (9) هەزار وشەی گرتووە ، کە بریتین لە وشەگەلی گشتی، زانستی، زاراوە، پەند، ڕامیاری و .... شێوازی ڕێکخستنی فەرهەنگەکە بە بەراورد کردن لەگەڵ فەرهەنگەکانی پێشوو کارێکی تازە و پێشکەوتووە و هەنگاوی نوێی پێوەدیارە. شێوەی ئاخاوتن و بە زار داهێنانی وشەکان بە پیتی لاتین دیاری کراوە. پاشان باری ڕێزمانی وشەکە دەست نیشان کراوە، ئەمجار هەمبەر یا مانا ئینگلیزییەکەی نووسراوە و لە دوایی دا ڕاڤەی وشەکە هاتووە. (20) لاپەڕەی سەرەتای فەرهەنگە هەندێ باسی سوودمەندە بۆ ڕوون کردنەوەی ئەرکی فەرهەنگەکە. لاپەڕەی(21–601) دەقی کتێبەکەیە.

111- ((هەرمان)) فەرهەنگی کوردی – کوردییە، کە ((عەلی نانەوا زادە)) نووسیویە و ساڵی (2001) لە تاران، بەرگی یەکەمی کە بریتییە لە ((ئا – ب)) چاپ و بڵاوکراوەتەوە. دانەر لە (30) لاپەڕەی سەرەتادا باسی فەرهەنگەکەی کردووە و دەقی کتێبەکە ( ل 31 – 495) نزیکەی چوار هەزار وشەی گرتووە. ((هەرمان)) دەکەوێتە خانەی ئەو فەرهەنگە کوردییانە کە لە ((قامووسی زمانی کوردی)) بەم لاوە

شـێوازێکی زانسـتییانەتریان گرتەبـەر و پـتر بـە دەوری وشـەدا هـاتن. سـەرەڕای ئـەوە، دانـەر بـە دەستێوەردانی ڕیزی ئەلف و بێی باوی کوردی، هەنگاوی تازەی هاویشتووە و دەرکی باسێکی نوێی لەم بوارەدا کردۆتەوە. وشە لە فەرهەنگی هەرماندا باری ڕێزمانییەکەی دیاری کراوە ، ڕەگ و ڕەچەڵەکی باس کراوە، چەند مانا ببەخشێ، بە جیا ڕاڤەکراوە هەروەها ئاماژەی ئەوز ئیدیۆم و پەند و قسە نەستەقانەش کراوە کە وشەکە لەوان دا دەوری سەرەکی گێڕاوە. بەشی ((تێبینی)) لە دوایی هەندێ وشەدا، گەلێك زانیاری بە کەڵك و پێویست دەداتە دەستی خوێنەر.

112– مستەفا سلێمان، ((فەرهەنگی زاراوەی زانستی)) لە دوو بەش دا نووسیوە بەشی یەکەم: ئینگلیزی – عـەرەبی – کـوردی (220ل) و بەشـی دووەم: کـوردی – عـەرەبی – ئینگلیسـی (180ل). فەرهەنگـە سـەرجەم 400 لاپەڕەیـە و نزیکـەی 9 هـەزار وشـەی گرتـووە. بەشی دوویـەمی فەرهەنگەکـە گـەلێك وێنـەی پێویستی لەگەڵ دایە. ئەم فەرهەنگە لە ساڵی (2001) بە چاپی ئۆفسێت (500) دانەی لێ چاپ کراوە.

113– فەرهـەنگی ئـارام، بەرهـەمی دووەمـی ئـەزموونی فەرهـەنگ نووسـی ((ئـەمیر ئەمینی))یـە کـە بـە ئینگلیسـی – کـوردی – فارسـی نووسـیویە و سـاڵی (2001) چـاپ و بڵاوی کردۆتـەوە. هـەر لاپـەڕە لـەم فەرهەنگەدا بە سێ ئەستوون دابەش کراوە و لە بەرامبەر 6 هەزار وشەی ئینگلیسی دا ، هەمبەری کوۆدی و فارسی ڕیزکراون. (29) لاپەڕە تەرخان کراوە بۆ پێشەکی و پاشکۆی پێویست و (352) لاپەڕە دەسقی فەرهەنگەکە پێك دێنێ. هەرچەندی لە پێشەکی دا، ئەم فەرهەنگە بە یەکەم فەرهەنگی ئینگلیسی– کوردی ناسێندراوە، بەڵام بێ شك بەر لە فەرهەنگی ئارام گەلێك فەرهەنگی لـەم چەشـنە نووسـراوە و لـە ڕاسـتی دا دەبێتە دوایین فەرهـەنگی ئینگلیسـی– کوردی. تایبەتمەنـدی ئـەم فەرهەنگـە لـەوە دایـە کـە لـە ڕیـزی وشـە کوردییـەکان دا گرینگییـەکی بەرچـاو بـە دیـالێکتی هـەورامی دراوە و بـۆ سـەرجەمی وشـەکان، هەمبـەری هەورامی وەبەرچاو گیراوە. فەرهەنگی ئارام، فەرهـەنگی وشـەی هاوواتایـە. جگـە لـە سـێ ئەسـتوونی باس کراو ، ئەستوونێکیش تەرخان کراوە بۆ شێوە ئاخاوتن و بـە زار داهێنـانی وشـە ئینگلیسییەکان، کـە بـە پیتی عەرەبی نووسراوە. هەروەها باری ڕێزمانی وشە ئینگلیزییەکان بە کورتە وشە دیاریکراوە.

114– ئەحمەد بەحری ((فەرهـەنگی باڵنـدە))ی کوردی بـە کـوردی نووسـیوە و سـاڵی (2001) لـە هـەولێر چاپ و بڵاوی کردۆتـەوە. دەقی فەرهەنگەکـە (ل8 – 183) بریتییـە لـە نـاوی کگـودری هـەزار باڵنـدە. کـە هەمبـەری ((فارسـی، لاتینی، فەڕەنسـەوی و ئینگلیسـی))ش لـە ژێـر وشـە کوردییەکـەدا هـاتووە و پاشـان دیاردەکان و شوێنی ژیانی خۆراك و هەندێ زانیاری تر لەسەر هەمان باڵندە دراوە. دانەر لە پێشـەکییەکی کـورت دا (ل 5 – 6) ئامـاژەی کـردووە کـە هەنـدێ لـە نـاوە کوردییـەکان پێشـنیاری خۆیـەتی. پاشـکۆی فەرهەنگەکـە (ل 184 – 344) لـە دوو بەشـی گـرینگ پێـك هـاتووە: یەکـەم، پێرسـتەکان (ل184 – 248)، دوویەم، وێنەی باڵندەکان (ل249 – 344). پێڕستەکان بە سەر 6 بابەتی ((تۆرەمەکان، کوردی، فارسـی،

لاتینی، فەڕەنسەوی و ئینگلیزی)) دابەش کراون. فەرهەنگی باڵندە بە مەودای (54) ساڵ پاش فەرهەنگە بە نرخەکەی د. محەممەد موکری، دووەم فەرهەنگی کوردییە لەم چەشنە. دانەر ساڵی (1990) لە چوار ژمارە گۆڤاری سروە (33 – 36)دا، فەرهەگۆکێکی هەر بەم ناوە بڵاو کردەوە کە دەوری (100) باڵندەی تێدا باسکردبوو.

115- حاجی حەبیبوڵڵا مەنسووریان، فەرهەنگێکی کوردی (ئیلامی) بە فارسی نووسیوە، کە ساڵی (1990) چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئەم فەرهەنگە (168) لاپەڕەیە و دەوری (2500) وشەی گرتووەتەخۆ. دانەر، شێوەی بە زار داهاتنی وشەکانی بە سەر و ژێر و بۆری عەرەبی دیاری کردووە. ((فەرهەنگی مەنسووریان)) و باقی ئەو فەرهەنگانەی کە بۆ دیالێکتەکان ڕێکخراون ، لە ڕوانگەی دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی نرخێکی تایبەتییان هەبە.

116- ((گوڵچنینەوە لە خەرمانی هەنبانە بۆرینەی هەژار))، ناوی فەرهەنگۆکێکی کوردی – کوردی، عەبدوڵڵا حەسەن زادەیە کە ساڵی (1995) لە ستۆکهۆڵم چاپی یەکەمی بڵاوکراوەتەوە. گوڵچنینەوە (150) لاپەڕەیە و دەوری (2000) هەزار وشەی تێدایە. ئەم فەرهەنگۆکە لە ڕاستی دا پێداهاتنەوەیەکی هەنبانەبۆرینەیە. نووسەر لە پێشەکی دا ئاماژەی چەند خاڵی گرینگ دەکا و وشەکانی فەرهەنگۆکەکە دەکاتە سێ بەش، بەشی یەکەم ئەو وشانەیە کە لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا نەهاتوون. بەشی دووەم ئەو وشانەن کە ماناکەیان لە هەنبانەبۆرینەدا تەواونییە، واتە جگە لەو مانایەی مامۆستا هەژار تۆماری کردووە، وشەکە مانای تریش دەبەخشێ. بەشی دوایی ئەو وشانەن کە بە بڕوای نووسەر ماناکانیان لە هەنبانە بۆرینەدا بە دروستی لێك نەدراوەتەوە. گرینگایەتی گوڵچنینەوە لەوەدایە کە چەپکێکە لە ڕەسەنترین وشەکانی زمانی کوردی کە لە لایەن نووسەر و وەرگێڕ و کوردی زانێکی بە تواناوە ڕاڤەکراوە و دەتوانێت هەندێ فەرهەنگێکی گەورە سوود بەخش بێ.

117- ((فەرهەنگی پەهلەوی))، دوویەم ئەزموونی فەرهەنگ نووسی کاك عەلی نانەوا زادەیە. ئەم فەرهەنگە، پەهلەوی بە کوردییە و بریتییە لە دەوری (3500) وشەی پەهلەوی. دانەر زۆرتر ئاوڕی وەلای ئەو وشە پەهلەوی یانەدا داوەتەوە کە لە کوردی نزیکن. لە هەمبەرە کوردییەکاندا، دیالێکتی وشەکان بە کورتە نیشانە دیاریکراوە و شێوەی بە زار داهاتنی وشەکان بە پیتی لاتینی نووسراوە. سەرجەم 336 لاپەڕەیە و ساڵی (2002) لە تاران چاپ و بڵاوکراوە.

118- مامۆستا هەژار لە هەڤپەیڤینێك دا لەگەل گۆڤاری ئاوێنە، ئاماژە بۆ فەرهەنگێگ دەکا و دەڵێ: ((لە ئۆردۆنەوە بۆ کاك مەسعوود بارزانی)) هاتبوو، ناوی نووسەرەکەیم لە بیر نییە، ناوی کتێبەکە فەرهەنگی بنەڕەتی گەورەبوو. بە کوردی لاتینی نووسرابوو و لە بەریەوە واتای عەرەبیەکەی هاتبوو.))

119- مامۆستا سەدیق بۆرەکەیی لە پێشەکی ((فەرهەنگی ماد))دا، باسی دوو فەرهەنگی ((کوردی – ئەڵمانی)) و ((ئەڵمانی – کوردی)) د. کامران بەردخان دەکات.

120- مامۆستا بابە مەردووخ ڕووحانی، لە بیۆگرافی ((شێخ محەممەد ئەمین کاردۆخی نەقشبەندی)) لە ((تاریخ مشاهیر کرد))دا لە باسی شوێنەوارەکانی کاردۆخی، ئاماژە بە فەرهەنگێکی ((هەورامی – سۆرانی))دەکات.

121- فەرهەنگی زێوار، ئینگلیزی - عەرەبی - کوردی، جەمال عەبدول، هەولێر،(1995).

122- زاراوەی کوردی زانستەکان، لیژنەی زاراوە زانستییەکان، کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، نامیلکەی یەکەم (فیزیا و کیمیا – 1989)، نامیلکەی دووەم (فیزیا – 1992).

123- فەرهەنگە بریفکانی، شێخ مەمدووحیٚ بریفکانی، کوردی – عەرەبی.

124- ڤوکال بۆلایری، فەرهەنگی فەڕەنسی – کوردی.

125- ڕێبوار، فەرهەنگی سوئێدی – کوردی .

126- فەرهەنگۆکە خوێندکاری، نزار ئەحمەد بامەڕنی، فەرهەنگۆکی کوردی – عەرەبی.

127- فەرهەنگی تورکی – کوردی، ئەنستیتۆی کورد لە ئەستەمبووڵ، (2001)، ئەم فەرهەنگە بریتییە لە چل هەزار پەیڤ.

128- عەبدوڵڵا عەبدوڕڕەحمان، تەندرووستی گشتی، کوردی – عەرەبی – ئینگلیسی، بەغدا،(1972).

129- عەزیز ئەمینداروف، فەرهەنگی کوردی – ئینگلیسی/ ئینگلیسی– کوردی، نیۆیۆرک، (1994)،(313)ل.

130- جۆیس بلو، فەرهەنگی کوردی – ترکی ، Anvers،(1975).

131- جۆیس بلو، فەرهەنگی کوردی – ترکی / ترکی – ئینگلیسی، ئەستەمبووڵ،(1991).

132- جۆیس بلو، فەرهەنگی کوردی – ترکی – فەڕەنسی – ئینگلیزی، ئەستەمبووڵ، (1991)،(341)ل.

133- حەسەن قازی و Hawa cardoi، فەرهەنگی سوئێدی – کوردی، ستۆکهۆڵم،(1992).

134- حەکیم هەڵکەوت و Cautler Gerar، فەرهەنگی فەڕەنسی – کوردی (سۆرانی)، پاریس،(1993).

135- حەکیم هەڵکەوت فەرهەنگی کوردی (سۆرانی) فەڕەنسی، پاریس،(1996).

136- ئیزۆلی، فەرهەنگی کوردی – ترکی، La Haya،(1987).

137- کورییێڤ و Jusopovaz، فەرهەنگە کوردی – ڕووسی، مۆسکۆ،(1971).

138- جەمال عەبدول، فەرهەنگی قوتابی، ئینگلیزی – کوردی، بەغدا، (1985)،272ل.

139- Kaiesf ، Abdula، فەرهەنگی کوردی – دانیمارکی، دانیمارك، (1993)،(250)ل.

140– محەممەد ئەمین بۆز ئەرسەلان، فەرهەنگی کوردی – ترکی،(1978).

141– Chyet , Michael، فەرهەنگی کوردی – ئینگلیزی 1997،(550)ل.

142– ڕەشۆ زیلان، فەرهەنگی سوئێدی – کوردی، (1981)،(74)ل.

143– Khanoian , M. U، فەرهەنگی کوردی – ڕووسی، یەریڤان،(1979).

144– فەریاد فازڵ عومەر، فەرهەنگی کوردی – ئەڵمانی، Bildung، (1992)،(721)ل.

145– موژدە ڕەشید، فەرهەنگی کوردی ( سۆرانی) – سوئێدی، سوئێد، (1994) ،(358)ل.

146– موژدە ڕەشید، فەرهەنگی کوردی (سۆرانی) – ئینگلیزی، سوئێد، (1995)،(138)ل.

147– موژدە ڕەشید، فەرهەنگی پزیشکی کوردی (سۆرانی) – سوئێدی، سوئێد، (1997)،(256)ل.

148– Sagnic , Feqi Huseyn ، فەرهەنگی کوردی – ترکی، ئەستەمبووڵ، (1991)،(133)ل.

149– عەبدوڵڵا شاڵی و محەممەد ئەمین هەورامانی، فەرهەنگی قوتابی، ئینگلیزی – کوردی، بەغدا(1958).

150– Sirin، فەرهەنگی ئینگلیزی – کرمانجی / کرمانجی – ئینگلیزی ، (دیالێکتی بادینی).

151– مونزوور جەم، فەرهەنگی کوردی (زازاکی) – ترکی، ستۆکهۆڵم.

152– کەمال جەلال غەریب، ڕووەك و پزیشکێتی میللی – فەرهەنگی گیاناسی کوردی.

**بەشی دووەم:** ئەو فەرهەنگانەی کە بەشێك لە کتێبێکی ڕێزمان یان زمانەوانی پێك دێنن و بە شێوەی پاشبەند ڕێك و پێك کراون.

1–ماوریزۆ گارزۆنی، ساڵی (1787) لە پاشبەندنی کتێبی ((کورتەی ڕێزمانی کوردی))دا کە (287) لاپەڕەیە، فەرهەنگێکێکی ((ئیتاڵی – کوردی)) هێناوە، کە بریتییە لە دەوری پێنج هەزار وشە. شێوەزاری وشە کوردییەکان، سەر بە ناوچەی ئامێدە. کتێبەکەی گارزۆنی بە یەکەم فەرهەنگی کوردی دێتە ژمار کە لە لایەن ئەورووپاییەکانەوە نووسرابێ.

2– پ . س . پالاس، ساڵی (1787) لە کتێبی ((فەرهەنگی بەراوردیی هەموو زمان و شێوەکان))دا، (273) وشەی بە دووسەد زمانی ئەورووپایی و ڕۆژهەڵاتی هەمبەر کردوون، کە ((کوردی))ش یەکێکە لەوان.

3– کلاپرس ، ساڵی (1814) وتارێکی بەناوی پێرستی وشەی کوردی لە هەمبەر فارسی و کۆمەڵە زمانە هاوڕیشەکانی تردا نووسی، کە لە ((کۆمەڵە سەرچاوەکانی ڕۆژهەڵاتی))دا چاپ کرا. وتارەکەی کلاپرس بریتییە لە کۆمەڵێك وشەی کوردی ، کە لەگەل وشەی فارسی و زمانە نزیکەکانی تردا بەراوردی کردوون.

4- كلۆدیوس جێیمس ڕیچ، ساڵی (1836) لە پاشبەندی کتێبێکی خۆیدا، دوو سەد وشەی کوردی تۆمارکردووە.

5- پ. لێرخ، ڕۆهەڵاتناسی، (1858) کتێبێکی لە بارەی کورد و کوردستانەوە نووسی، کە ئەمە سێیەمین کتێبی ئەو بوو لەم بابەتەدا. لێرخ لەو کتێبەدا دوو فەرهەنگۆکی کوردی گونجاندووە، یەکەم: ((کوردی (کرمانجی ژووروو) – ڕووسی))، ((کوردی (زازاکی) – ڕووسی)).

6- ف. مولێر، ساڵی (1863) لە کتێبی ((لیستەی وشەکانی کوردی و سووری))دا نزیکەی هەزار پەیڤی سادە و لێکدراوی کوردی بە زمانی ئەڵمانی ڕاڤە کردووە. نووسەر خۆی لە باکووری کوردستان گەڕاوە و وشەکانی لە زاری خەڵك کۆکردووەتەوە.

7- س. ڕی، ساڵی (1872) کتێبێکی لە سەر ڕێزمانی کوردی نووسی و فەرهەنگێکی بیست لاپەڕەیی ((کوردی – ئینگلیزی))شی بۆ کردە پاشکۆ.

8- ف. ژووستی، ساڵی (1787) لە کتێبی ((ناوی ئاژەڵان لە زمانی کوردی))دا، هەندێ وشەی بەشێوەی فەرهەنگۆکێکی ((کوردی – فەڕەنسی)) ڕاڤەکردوون.

9- س. ئا. یەگێزارۆف، کتێبێکی لە بارەی ئەتنۆگرافیای کوردەوە نووسیوە کە ساڵی (1891) لە تفلیس چاپ کرا. لەو کتێبەدا دوو فەرهەنگۆك هەیە، ((کوردی – ڕووسی)) (ل1 – 65) و ((ڕووسی – کوردی)) (ل66 – 122). کە سەرجەم دەوری حەوت هەزار وشە دەبن.

10- هـ. ماکاس، لە پاشکۆی کتێبێکی خوی دا، کە بریتییە لە چەند دەقی کوردی شێوەزاری دەڤەری ماردین، فەرهەنگێکی ((کوردی – ئەڵمانی)) ڕێك خستووە و ساڵی (1897) بڵاوی کردووەتەوە.

11- لە دوایی سەدەی نۆزدەدا، ڕۆژهەڵاتناس ((ئا. سۆتسین)) کتێبێکی لە بابەت ڕێزمانی کوردییەوە بڵاوکردەوە، کە بەشی سێیەمی کتێبەکە (ل 281 – 341) بریتییە لە فەرهەنگۆکێکی ((کوردی – ئەڵمانی)).

12- ژاك دێ مۆرگان، ساڵی (1904) کتێبێکی دەربارەی شێوەکانی زمانی کوردی بڵاوکردەوە . لەو کتێبەدا باسی شێوەکانی زمانی کوردی (موکری، گەڕووسی، یەزیدی، بایەزیدی، سەحنەیی، کرماشانی، هەورامانی، جافی، ڕێژاوی، سلێمانی، لەکی و خۆجەوەندی) کردووە و لەگەڵ یەکتر بەراوردی کردوون. لەو کتێبەدا، وشە و زاراوەکانی کوردی، بە فەڕەنسی ڕاڤەکراون.

13- میجرسۆن، ساڵی (1913) کتێبێکی دەربارەی ڕێزمانی کوردی نووسیوە و لە پاشکۆی ئەو کتێبەدا فەرهەنگێکی ((ئینگلیزی – کوردی)) چێ کردووە (ل 170 – 289) و لە لەندەن بڵاوی کردووەتەوە.

14- هەروەها میجرسۆن لە ساڵی (1919) ڕێزمانێکی سەرەتایی زمانی کوردی نووسی و لە بەغدا بڵاوی کردەوە. پاشکۆی ئەو کتێبە بریتییە لە فەرهەنگۆکێکی حەفتا لاپەڕەیی ((ئینگلیسی – کوردی)).

15– ئێل ، ئۆ. فاسۆم، کتێبێکی لە بابەت ڕێزمانی کارای زمانی کوردییەوە نووسیوە کە ساڵی (1919) لە لایەن ((کۆمەڵی میسیۆنێری لۆتێری ڕۆژهەڵات))ەوە چاپ و بڵاوکرایەوە. فەرهەنگۆکێکی شازدە لاپەڕەیی (ل 262– 278) کە نزیکەی شەش سەد وشەی گرتووەتەخۆ، کراوەتە پاشبەندی کتێبی ناوبراو.

16– ئاغا پێترۆس ئەللو ، ساڵی (1920) کتێبێکی بەناوی ((ڕێزمان و فەرهەنگی ئاسۆری و کوردی و یەزیدی)) بڵاوکردەوە کە سەرجەم دەوری 90 لاپەڕەیە و بریتییە لە ڕێزمانێکی کورت و فەرهەنگێك.

17. ڕ. ف. جاردین، کتێبێکی دەربارەی ڕێزمانی کوردی نووسیوە و ساڵی (1922) لە بەغا چاپ و بڵاوی کردووەتەوە. پاشکۆی ئەو کتێبە، فەرهەنگۆکێکی ((کوردی – ئینگلیسی))یە (ل 55 – 114).

18– د. محەممەد موکری ، ساڵی (1950) لە تاران، کتێبی ((گۆرانی یا ترانەهای کردی)) بڵاوکردەوە. فەرهەنگۆکێکی ((کوردی – فارسی)) کراوەتە پاشکۆی ئەو کتێبە.

19– ئەمینێ ئەڤدال، ساڵی (1958) کتێبێکی (214) لاپەڕەیی لەمەڕ ڕێنووسی کوردی، لە شاری یەریڤان بڵاوکردەوە و فەرهەنگێکی ((کوردی – ئەرمەنی)) کردە پاشکۆی کتێبەکە.

20– د. چەرکەزی باکاییڤ، ساڵی (1962) کتێبێکی (270) لاپەڕەیی دەربارەی دیالێکتی کوردەکانی کۆماری تورکمەنستان نووسی کە لە مۆسکۆ چاپ و بڵاوکرایەوە سەد لاپەڕەی دوایی کتێبەکە تەرخان کرد بۆ فەرهەنگێکی ((کوردی (دیالێکتی کوردەکانی تورکمەنستان) – ڕووسی)).

21– هەروەها د. چەرکەزی باکاییڤ، ساڵی (1965) لە کتێبێکی تری دا بەناوی ((زمانی کوردەکانی ئازەربایجان))، کە ئەویش هەر لە مۆسکۆ چاپ و بڵاوکرایەوە ، سەد لاپەڕەی دوایی تەرخان کرد بۆ فەرهەنگێکی ((کوردی (دیالێکتی کوردەکانی ئازەربایجان) – ڕووسی)).

22.د. کامران بەدرخان ، ساڵی (1965) کتێبی ((نڤیسا من))ی لە پاریس یلاوکردەوە و فەرهەنگێکی ((کوردی – فەڕەنسی))شی بۆ کردە پاشکۆ.

23– د. محەممەد موکری، ساڵی (1966) لە پاریس، دەگەڵ کتێبی ((ڕێزمانی گۆرانیی کۆن)) ، فەرهەنگێکی دیالێکتی ((گۆرانی))شی چاپ و بڵاوکردەوە.

24– د. محەممەد موکری، لە ساڵەکانی (1966) و (1971) دوو بەرگ ((حق الحقایق یا شاهنامەی حقیقە))ی حاجی نێعەمتوڵڵای جەیحوون ئابادی لە تاران چاپ و بڵاوکردەوە. د. موکری لە ساڵی (1982) چاپی دووەمی ئەو کتێبەی لە بەرگێکدا بڵاوکردەوە. پاشکۆی کتێبەکە (571 – 786) هەندێ بابەتی جۆراوجۆری تێدایە کە یەك لەوان فەرهەنگۆکێکی ((کوردی – فارسی)) (ل 777 – 786)یە ، کە بریتییە لە وشە و زاراوەی سەر بە ئایینی ئەهلی حەق.

25– د. محەممەد موکری ، ساڵی (1967) لە پاریس، فەرهەنگ و کورتەی ڕێزمانی گۆرانی بڵاوکردەوە.

26- د. جەمال نەبەز، ساڵی (1969) کتێبێکی بە زمانی ئەڵمانی، لەسەر هۆنراوە و پەخشانی کوردی نووسیوە و فەرهەنگێکی گرینگ و هێژای ((کوردی - ئەڵمانی))شی بۆ ڕێك خستووە.

27- جۆیس بلو، ساڵی (1975) لە کتێبێکی (252) لاپەڕەییدا باسی شێوەی کوردی ئامێدی و ژەنگار دەکات. پاشکۆی کتێبەکە فەرهەنۆگکێکی کوردییە.

28- د. محەممەد موکری، ساڵی (1977) لە پاریس ، فەرهەنگ و ڕێزمانی شیکاریی دیالێکتی گۆرانیی کۆنی بڵاوکردەوە.

29- فەتاح عەزیزی ئەقدەم، ساڵی (1979) کورتەیەکی ڕێزمانی کوردی بە زمانی فارسی بڵاوکردەوە. لە پاشکۆی ئەو ڕێزمانەدا نزیکەی (800) وشەی کوردی بە هەمبەری فارسییەوە ڕێکخراوە و وشەکان بە پێی بابەت جیاکراونەوە.

30- م . بەرزنجی، کتێبێکی لەسەر فێربوونی زمانی کوردی نووسیوە کە ساڵی (1079) لە لایەن ((کۆمەلا زانستی جڤاکی کوردی)) چاپ و بڵاوکراوەتەوە. بەشێکی کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ فەرهەنگۆکێکی ((عەرەبی - کوردی))، کە وشەکان بە پێی بابەت دابەش کراون. وشە کوردییەکانی ئەو فەرهەنگە بە دیالێکتی کرمانجی ژووروویە و لە دوو ڕیزدا نووسراون. ڕیزی یەکەم بە ئەلفوبێی عەرەبی و ڕیزی دووەم بە ئەلفوبێی لاتینی.

31- جۆیس بلو، ساڵی (1980) لە پاشکۆی کتێبی ((ڕێزمانی دیالێکتی سۆرانی))دا، فەرهەنگۆکێکی ((کوردی - فەڕەنسی))شی بڵاوکردەوە. ئەو کتێبە (287) لاپەڕەیە و بریتییە لە: باسی ئەلفوبێ و ڕێزمان و تێکست بۆ خوێندنەوە.

32- جەلال مەحموود عەلی، لە کتێبی ((ئیدیۆم لە زمانی کوردی))دا، بەشێکی بەرچاوی کتێبەکەی تەرخان کردووە بۆ ئەو ئیدیۆمانەی کە بەپێی ئەلفوبێی کوردی تۆماری کردوون و مانای لێکداونەوە. ئەو کتێبە ساڵی (1982) لە بەغدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

33- ئێران کەلباسی، ساڵی (1983) لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر شێوەزاری کوردیی مەهاباد بڵاوکردەوە. نووسەر لە بەشی پێنجەمی کتێبەکەدا (ل 105 - 227) نزیکەی سێ هەزار و پێنسەد وشەی بە شێوەی فەرهەنگۆکێکی ((فارسی - کوردی)) ڕێکخستووە و بێژەی وشەکانی بە پیتی لاتینی تۆمارکردووە.

34- مستەفا ئیلخانی زادە، ساڵی (1983) کتێبێکی قەوارە باغەڵی بۆ فێرکردنی زمانی کوردی بڵاوکردەوە. کە بریتی بوو لە (800) وشە و سەد و پەنجا ڕستەی ((کوردی - فارسی). نووسەر ، ئەو کتێبەی جارێکی تر لە ساڵی (1989) چاپ کردەوە و وشە و ڕستەکانی گەیاندە ڕادەی دوو بەرامبەری چاپەکەی پێشوو.

**بەشی سێیەم:** ئەو فەرهەنگۆکانەی کە لە یەك یا چەند ژمارەی بلاڤۆکێکدا چاپ کراون.

1- جەلادەت عالی بەدرخان ، ساڵی (1932)، بەناوی ((هەرەکۆل ئازیزان)) لە (9) ژمارەی گۆڤاری ((هاوار))دا، فەرهەنگۆکێکی زاراوەکانی جڤاکی و ڕامیاری بڵاوکردەوە، ئەم فەرهەنگە لە بەشە لاتینییەکەی گۆڤاری هاواردایە و مانای وشەکان هەر بە کوردی لێك دراوەتەوە.

2- دیسان میر بەدرخان، هەر بەناوی ((هەرەکۆل ئازیزان))ەوە، لە هەمان گۆڤاردا، لە ساڵی (1932)، فەرهەنگۆکێکی کوردی – عەرەبی بڵاوکردووەتەوە.

3- تۆفیق وەهبی، لە ساڵانی(43–1942) لە پێنج ژمارەی گۆڤاری ((گەلاوێژ))دا، فەرهەنگۆکێکی بەناوی ((فەرهەنگی گەلاوێژ)) بڵاوکردەوە ، کە بریتی بوو لە نزیکەی (500) وشەی ((عەرەبی – کوردی))، کە وشە کوردییەکان لە دوو ستووندا بە پیتی عەرەبی و لاتینی تۆمار کرابوون.

4- عەلائەدین سەجادی، لە گۆڤاری ((نزار))دا کۆمەڵێك زاراوەی کوردی بەشێوەی فەرهەنگۆك بڵاوکردەوە.

5- ساڵی (1955)، لە سێ ژمارەی گۆڤاری ((پەیام))دا، فەرهەنگۆکێکی کوردی – کوردی – عەرەبی بڵاوکرایەوە.

6- ساڵی (1955)، ش . م . بەهرامی، لە پێنج ژمارەی گۆڤاری ((هەتاو))دا، لەژێر ناوی ((یەکیەتی زمانی کوردی)) بۆ لەیەکتر نزیك کردنەوەی دوو دیالێکتی سەرەکی زمانی کوردی، لیستەیەکی وشەی کوردی ، وەکو فەرهەنگۆکێکی ((کوردی ژووروو – کوردی باشوور – عەرەبی)) بڵاوکردەوە.

7- ت. ئامینیان ، ساڵی (1957)، لە پێنج ژمارەی گۆڤاری ((هەتاو))دا زنجیرە وتارێکی نووسیوە بەناوی ((ئامۆژگاری و کوردی و ئاوێستا)) و لیستەیەکی ڕێکخستووە بۆ بەرامبەر یەك گرتنی وشەکانی ئاوێستا و کوردی.

8- ت. ئامینیان ، هەروەها لە چوار ژمارەی تری هەمان گۆڤاردا، لە ساڵی (1957)، وتارێکی هەیە بەناوی ((ئاوێستا ، پەهلەوی ، کوردی ئێستا)) ، لەم وتارەدا ، هەندێ وشەی ئاوێستا و پەهلەوی و کوردی هەمبەری یەك داناون و بەراوردی کردوون.

9- ساڵی (1958)، لە سێ ژمارەی گۆڤاری ((پێشکەوتن))دا، فەرهەنگۆکێکی کوردی – کوردی بڵاوکرایەوە کە لە ڕاستیدا ((زازاکی – سلێمانی))یە.

10- عەبدولخالق حسەین جەباری، ساڵی (1958)، لە گۆڤاری ((پێشکەوتن))دا کۆمەڵێکی وشەی کوردی بڵاوکردووەتەوە.

11- دوکتۆر محەممەد موکری، ساڵی (1959) لە ((گۆڤاری ئاسیایی پاریس))دا لیستەی ناوی فارسی – کوردی ((با))یەکانی بڵاوکردەوە.

12- عومەر عەبدوڕڕەحیم، لە ساڵی (1959)، لە دوو ژمارەی گۆڤاری ((نەورۆز))دا فەرهەنگۆکێکی کوردی – عەرەبی بڵاوکردەوە.

13- عومەر عەبدوڕڕەحیم، لە ساڵی 1960، لە سێ ژماری گۆڤاری ((ڕۆژی نوێ))دا، لیستەیەکی تری وشەی کوردی – عەرەبی بڵاوکردەوە.

14- عومەر عەبدوڕڕەحیم لە هەمان ساڵدا (1960)، لیستەی شەشەمیشی لە دوو ژمارەی گۆڤاری ((بڵێسە))دا بڵاوکردەوە.

15- شاکر فەتتاح، سمایل فەرەج، ڕەفیق فەتحوڵڵا، سامی حوسێن نازم، عەبدولکەریم شێخ محەممەد تەوفیق وردی، لە ساڵی (1960)، لە دوو ژماری گۆڤاری ((ڕۆژی نوێ))دا، نزیکەی شەشسەد وشەی کتێبی دەرسییان بە عەرەبی – کوردی بڵاوکردەوە.

16- لیژنەیەك بریتییە لە ئەبووبەکر هەوری، جەمال جەلال، جەمال ئیبراهیم، ئەحمەد هەردی و عوسمان عارف، لە ساڵی (1960)، لە دوو ژمارەی گۆڤاری ((ڕۆژی نوێ))دا، نزیکەی شەشسەد وشە و زاراوەی زانستیی ڕیازیاتیان بە چەشنی فەرهەنگۆکێکی عەرەبی – کوردی بڵاوکردەوە.

17- جەمیل ڕۆژبەیانی، ساڵی (1960) لە گۆڤاری ((بڵێسە))دا، فەرهەنگۆکێکی کوردی – عەرەبی بڵاوکردەوە.

18- قادر شاڵی، ساڵی (1960) لە دوو ژمارەی گۆڤاری ((ڕۆژی نوێ))دا، لیستەی وشە و زاراوەی سەر بە لەشساغی و نەخۆشی بە عەرەبی – کوردی بڵاوکردەوە.

19- گۆڤاری ((زانیاری)) لە ساڵی (1970)ڕا کە دامەزرا، دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی لیستەیەکی کوردی– عەرەبی، کە پتر ئەو وشە و زاراوە زانستییانە بوون کە نووسەرانی زانیاری لە گۆڤارەکەدا بەکاریان دێنا.

20- ڕەشید مەلا عەلی، ساڵی (1971)، لە گۆڤاری ((دەنگی مامۆستا))دا، فەرهەنگۆکێکی کوردی– عەرەبی بەناوی ((فەرهەنگی وشە ئاوێتەکان)) بڵاوکردەوە.

21- محەممەد ڕەشید مەحموود، لە ساڵی (1971)، لە گۆڤاری ((دەنگی مامۆستا))دا، فەرهەنگۆکێکی کوردی – ئینگلیسی بڵاوکردەوە.

22- کەمال جەلال غەریب، ساڵی (1971)، لە گۆڤاری ((دەنگی مامۆستا))دا، لیستەیەکی زاراوەکانی زانستی عەرەبی – کوردی بڵاوکردەوە.

23– فوئاد عێزەت و جەمال عەبدول، ساڵی (1972)، لە هەوەڵین ژمارەی گۆڤاری ((دەنگی مامۆستا))دا لیستەیەکی زاراوەی زانستی (بیۆلۆژی)یان بە کوردی – عەرەبی بڵاوکردەوە کە تەنیا وشەگەلی سەر بە دوو دەنگی ((و)) و ((ب))ی گرتەوە.

24– فوئاد عیزەت و محەممەد ساڵح سەعید ، ساڵی (1973)، لە گۆڤاری ((دەنگی مامۆستا))دا، لیستەیەکی کوردی – عەرەبی وشە و زاراوەی زانستی یان بڵاوکردەوە.

25. ساڵی (1973)، لە ژمارە (6)ی گۆڤاری ((زانیاری))دا ، لیستەیەکی کوردی – عەرەبی زاراوەکانی زانستی بڵاوکرایەوە.

26– دوکتۆر نەسرین فەخری، ساڵی (1974)، لە ((گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات))دا وتارێکی هەیە بەناوی ((فەرهەنگی ناوی دەنگ لە زمانی کوردیدا)).

27– جەمال بابان، ساڵی (1974)، لە ((گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد))دا، وتارێکی هەیە بەناوی ((هەندێك لەو زاراوانەی واتایەك زیاتر ئەبەخشن))، ئەم وتارە لە وشەی هاوبێژی کوردی دواوە و لە پەیدابوونیانی کۆڵیوەتەوە.

28– بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی، لە ژمارە 9ی ساڵی (1975)ی گۆڤاری ((پەروەردە و زانست))دا، دوو لیستەی لە زاراوەکانی زانستی چاپ و بڵاوکردەوە، لیستەی یەکەم : پێنسەد وشەی کوردی (کرمانجی ژوورو – کرمانجی نێوەڕاست – عەرەبی) و لیستەی دوویەم: دووسەد وشەی _ کوردی یە.

29– دوکتۆ جەمال ڕەشید، لە بەرگی چوارەی ساڵی (1976)ی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد دا، لیستەیەکی 78 وشەیی ، بەناوی ((ئێسکبەندی مرۆڤ)) بە کوردی – عەرەبی – ئینگلیسی بڵاوکردەوە.

30– د. نەسرین فەخری ساڵی (1976)، لە گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات دا، وتارێکی بڵاوکردووەتەوە بەناوی ((هەندێ زاراوە و ئیدیۆمەی کوردی)) و، (87) ئیدیۆمی کوردی لێکداوەتەوە.

31– کۆڕی زانیاری کورد، هەرچەند لە ماوەی کورتی ژیانیدا نەیتوانی ئەو هەنگاوە گەورەی کە خۆی مەبەستی بوو، بۆ کاری وەدیهێنانی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی کوردی هەڵێنێتەوە، بەڵام گەلێك کاری بنەڕەتی و گرینگی لەم مەیدانەدا جێ بەجێ کرد و بناغەیەکی پتەوی بۆ دواڕۆژ دانا لە بەرگی هەوەڵی گۆڤاری کۆڕەوە دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی لیستەی ئەو وشە و زاراوانەی کە لە مەیدانی ڕۆشنبیریی کوردیدا جێگایان دیاربوو و پێویستییەکەیان بە توندی هەست پێ دەکرا.

لە ژمارە (1) تا (6) ی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد (1978 – 1973) ، کە لە (10) بەرگدا چاپ و بڵاوکرایەوە نزیکەی پێنج هەزار زاراوەی زانستی لە فەلسەفە و ژێربێژی ، نەفس، پزیشکی، کارگێڕی و،

ڕیازی، جوغرافی و ئەستێرەناسی بە عەرەبی – کوردی – ئینگلیسی بڵاوکرایەوە و پاشانیش لە سێ کتێبی سەربەخۆدا زاراوەکان لە لایەن کۆڕەوە چاپ کرانەوە.

32- کەمال جەلال غەرەیب، ساڵی (1979)، لە گۆڤاری ((پەروەردەی زانست))دا، فەرهەنگۆکێکی زاراوەکانی زانستی بە عەرەبی– ئینگلیسی– کوردی بڵاوکردەوە.

33- جەلال مەحموود عەلی، ساڵی (1979)، لە گۆڤاری ((ڕۆشنبیری نوێ))دا، وتارێکی هەیە بەناوی ((جووتە وشە))، نووسەر لەو وتارەدا ئەو وشانەی هێناوە کە بە یاریدەی ((و))ی پێوەندی، پێکەوە دەبەسترێنەوە.

34- جەمال بابان، ساڵی(1979)، لەگۆڤاری((پەروەردە و زانست))دا، وتارێکی هەیە بەناوی ((بنچینەی هەندێك وشە و لە یەکچوونی هەندێکی تر لە کوردیدا)).

35- کەمال جەلال غەریب، ساڵی (1983)، لە گۆڤاری ((کاروان))دا، لیستەیەکی زاراوەکانی زانستی عەرەبی– ئینگلیسی بڵاوکردەوە.

36- ئەمینێ ئۆسمان، لە ساڵی (1983)، لە گۆڤاری ((کاروان))دا لیستەیەکی وشەی دیالێکتە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی بڵاوکردەوە.

37- زلفی ، لە گۆڤاری ((هیوا))، وەرزنامەی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس ساڵی (1983) فەرهەنۆگکێکی (800) وشەیی (دملکی – کرمانجی ژووروو – تورکی) بڵاوکردەوە.

38- د. نەسرین فەخری، ساڵی (1984)، زنجیرە وتارێکی لە گۆڤاری ((ڕۆشنبیری نوێ))دا بڵاوکردەوە و لە باسی پەرەسەندنی وشە و دەوری لە دەوڵەمەند کردنی زماندا، ژمارەیەك وشەی ڕاڤەکردووە.

39- بەهجەت محەممەد هەوری، ساڵی (1984)، لە گۆڤاری ((کاروان))دا وتارێکی هەیە بەناوی ((ئەو پەیڤێن ژ دوو ڕا مانا و پتر هەین د زمانێ کوردیدا))، وتارەکە باسی ئەو وشانە دەکات کە لە یەك مانا پتر دەبەخشن.

40- عەباس عەبدوڵڵا یۆسف، ساڵی (1985) لە گۆڤاری ((ئۆتۆنۆمی))دا، لەژێر ناوی ((فەرهەنگۆکی فەلسەفە))، لیستەیەکی وشە و زاراوەی کوردی – عەرەبی بە ڕاڤە و لێدوانەوە بڵاوکردەوە.

41- ئەحمەدی بەحری، ساڵی (1990)، لە چوار ژمارەی گۆڤاری سروەدا، فەرهەنگۆکێکی بەناوی ((پەلەوەر و باڵندان)) بڵاوکردەوە. ئەو فەرهەنگە، کوردی – فارسی یە و دەوری سەد باڵندەی تۆمار کردووە و سەرجەم بە وێنەی ڕەنگی لە دوایین لاپەڕەی گۆڤارەکە کارەکە دەوڵەمەندتر کراوە.

42- لە دوا چاپ و بڵاوبوونەوەی ((فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە))ی مامۆستا هەژار، گۆڤاری سروە بانگەوازی کرد کە ئامادەیە بۆ چاپی ئەو وشانەی فەرهەنگی هەنبانە بۆرنە نەیگرتوون.

بەم جۆرە چەند لاپەڕەیەکی تەرخان کرد بۆ بەشێك بەناوی ((قامووس))، و هەوەڵێن بابەتی ئەو بەشە، ساڵی (1991)، لە ژمارە (63)ی سروەڕا دەستی بە بڵاوبوونەوە کرد و تاکوو ئێستا کە گەیاندوویەتە ژمارە (195)، بەردەوام درێژەی هەیە.

**بەشی چوارەم:** ئەو ناونامانەی کە بەشێوەی فەرهەنگێکی سەربەخۆ، چاپ و بڵاوکراونەوە.

1- پێشەنگی ناونامەی زمانی کوردی، بەرهەمەکەی مامۆستا گیو موکریانییە. ناوی کچ و کوڕانی کوردی، فەرهەنگی ناونامەی گیو موکریانییە ، کە لە ساڵی (1985)، لە (38) لاپەڕەدا، لە هەولێر چاپ و بڵاوی کردەوە. ئەم بەرهەمە جارێکی تر لە ساڵی (1970)، هەر لە چاپخانەی کوردستان، لە هەولێر ، بە دەستی گیوی ئەمر چاپ کرایەوە. دەقی کتێبەکە (ل7 – 57) ، کۆمەڵێك ناوی کچانە و کوڕانەیە کە بە جیا لە یەکتر، بە پێی ئەلفوبێی کوردی ڕیزکراون و تەنیا ئەو ناوانەی کە بە ڕای نووسەر، پێویستییان بە مانا و لێکدانەوە بووە، لە پەراوێزدا مانا کراونەوە.

2- ((ناوی کوردی نوێ)) ناونامەیەکی 52 لاپەڕەییە و ((هۆشیار محەممەد حاجی عەزیز قەفتان))ە، کە ساڵی (1968)، لە سلێمانی چاپ و بڵاوی کردۆتەوە. نووسەر پاشی پێشەکییەکی کورت (ل 5 – 6) ، کۆمەڵە ناوەکانی بە کوڕانە و کچانە دابەش کردووە و بەشێوەی ناونامەکەی مامۆستا گیو، هەندێ لە ناوەکانی لە پەراوێزدا ڕاڤە کردووە. ئەم بەرهەمە، چوار جار چاپ کراوەتەوە.

(3)- ((اسمە در ادبیات کردی)) ناونامەیەکی کوردی – فارسی، ((بابا شێخ حسێنی))یە، کە (58) لاپەڕەیە و دەوری (1000)وشە دەبێ و لە تاران چاپ کراوە. هەرچەند ساڵی چاپی لەسەر نییە، بەڵام وێ دەچێ لە 1978 چاپ کرابێ. نووسەر لە پێشەکی (ل 4 – 14)دا، هەندێ باسی ئەدەبی و زمانەوانی کردووە و لە دەقی کتێبەکە (ل 15 – 58)دا، کچانە و کوڕانەی سەرجەم ناوەکانی دەستنیشان کردووە.

3- ((فرهنگ نامە)) ناونامەیەکی کوردی – فارسی ((ئەحمەد شەریفی))یە، کە ساڵی (1981) لە مەهاباد چاپ و بڵاوکراوەتەوە. (184) لاپەڕەیە و پتر لە (1200) وشەی گرتۆتەخۆ. دەقی کتێبەکە کراوەتە دوو بەش: بەشی یەکەم (ل 4 – 72)، ناوی کچانە و بەشی دوایی (ل73 – 172)، ناوی کوڕانەیە. سەرجەم ناوەکان بە فارسی ڕاڤەکراون و هێما و ئاماژە گەلی مێژوویی و جوغرافیایی لە فەرهەنگۆکەکەدا زۆرە.

5- ((نێونامە))، فەرهەنگۆکێکی ناوی کوردییە ، کە محەممەد سیراجوددینی، ساڵی (1983) لە سنە و چاپ و بڵاوی کردۆتەوە ، (50) لاپەڕەیە و دەقی نامیلکەکە (ل 7 هەتا 40)، بریتییە لە (691) وشە ، کە بە سەر ناوی کچانە و کوڕانە دابەش کراوە. بەشی یەکەم ( ل 7 – 24) ، تایبەتی ناوی کچانەیە و بەشی دوویەم ( ل 26 – 40)، ناوی کوڕانەیە. نووسەر ، پتر مەبەستی ئەوە بووە کە چەپکێ ناوی جوانی

کوردی، بۆ ناونانی منداڵانی کورد ئامادەبکا. کەواتە لە هەندێ شوێنی پێویست نەبێ ، ئاوڕی وەلای مانا و ڕاڤەی وشە نەداوەتەوە.

6- ((نامنامـەی کـوردی))، بەرهـەمی ((سمکـۆ ئـەییوبیان))ە، کـە سـاڵی (1982) لـە مـەهاباد چـاپ و بڵاوکرایەوە. مامۆستا عوبەیدوڵڵا ئەییوبیان پێشەکییەکی کورتی بۆ نووسیوە و ئامـاژەی دا بـوو نـەریتی ناولێنان لە ناو کوردانی کردووە. لەو نامیلکەیەدا، دەوری هەزار ناوی کچانە و کوڕانە، بە پێی ئەلف و بێ ڕیوکراوە ، کە هیچ چەشنە مانا و ڕاڤەیەك نەکراون.

7- ((کۆمـەڵێك ناوێـك بـۆ منـاڵانی کـورد))، ناونامەیـەکی ((سـەلمان عەبدولسـەمەد باڵەکی))یـە کـە (30) لاپەڕەیە و ساڵی (1983) لە بەغدا چاپ و بڵاوکراوەتوە. نووسـەر پاشی پێشـەکیەکی کـورت (ل 3) بـەبێ دەستنیشان کردن و جیاکردنەوەی کچ و کوڕ، ڕادەی (1370) ناوی کوردی بە ژمارە و بەپێی ئـەلف و بـێ تۆمارکردووە و هیچ چەشنە ڕاڤەیەکیشی بەکار نەهێناوە.

8- ((فرهنگ نام های کردی))، نێونامەیەکی ((محەممەد سەعید مەجیدی))یە، کە ساڵی (1987) لە سنە چاپ و بڵاوکراوەتەوە. (63) لاپەڕەیە و دەوری (1800) وشەی تێدایە. ئەم فەرهەنگە، کوردی – فارسییە و، نووسەر مانا و ڕاڤەی وشەکانی بە فارسی کردووە و شێوەزار و لەهجـەی بەشێکی زۆری وشـەکانی بـە کورتە نیشانە دیاری کردووە. ((فرهنگ نام های کردی)) جارێکی تـر لـە (1996) لـەژێر نـاوی فەرهـەنگی نـاو چـاپ کرایـەوە و ئـەمجار دەوری (3000) وشـەی گرتـەخۆ و کچـانە و کوڕانـەی ناوەکـانی تێـدا دەستنیشان کرا.

9- (( ناونامەی منداڵانی کورد))، بەرهەمێکی ((عەباس سلێمان سمایل))ە، کە سـاڵی (1990) لـە بەغـدا چـاپ و بڵاوکراوەتـەوە. لـە پێشـەکی دا (ل 3 – 14)، هەنـدێ بـاس و لێـدوانی پێویسـت هـاتووە، وەك: ئاماژەی کارەکانی پێشوو، کورتە باسێکی مێژوویی ناولێنانی منداڵانی کورد ، فەلسەفەی ناولێنان و .... دەقی نامیلکەکەش (ل 19 – 46)، بریتییە لە سێ بـەش: یەکـەم ، نـاوی کـوڕان ( ل19 – 23) ، دوویـەم : نـاوی کچـان (ل 24 – 28)، سـێیەم: فەرهـەنگۆك (ل 30 – 46) نووسـەر لـە دوو بەشـی هەوەڵـدا تـەنیا ناوەکانی بەپێی ئەلف و بێ ڕیزکردووە ، ئەمجار لە بەشی دوایی دا ڕاڤەی کردوون. هـەروەها بـە کورتـە نیشانە ، هەندێ لەهجە و شێوەزاریشی دەستنیشان کردووە.

10- ((ناونانی کوردی))، بەرهەمی (( ح بەفرین))ە کە ساڵی (1990) چاپ و بڵاوکرایەوە. بیست لاپەڕەیە دە وری (800) ناوی کچانە و کوڕانە . بەبێ هیچ مانـا و لێکدانەوەیـەك تۆمـار کـراوە. بـەڵام دوو لاپـەڕەی دوایـی نامیلکەکـە تەرخانـە بـۆ ڕاڤـەی هەنـدێ لـەو وشـانەی کـە بـە بۆچـوونی نووسـەر ، پێویسـتییان بـە لێکدانەوە هەبووە.

11- خاتوو فەریبا کەرەمی ، ساڵی (1999) لە تاران ((فرهنگ نام های برگزیده))ی بڵاوکردەوە. ئەم بەرهەمە کە (264) لاپەڕەیەو، بریتییە لە ناوی فارسی، لوڕی، کوردی، ترکمەنی، عیبری، ئەرمەنی، تورکی، عەرەبی، فەڕەنگی. نووسەر بەبێ جیاکردنەوەی ناوی کوڕ و کچ سەرجەم وشەکانی بەپێی ئەلفوبێی فارسی ڕیزکردووە و مانای کورتی بە دەستەوە داوە هاوکاری نووسەر بۆ بەشی کوردی ناوەکان خاتوو نیشتمان محەممەدی بووە.

12- ((نێو لە کۆمەڵی کوردەواری دا))، فەرهەنگێکی ناونامەیە، کە هونەرمەند ناسر ڕەزازی، نووسیویەتی و، ساڵی (1991) لە ستۆکهۆڵم چاپ و بڵاوی کردۆتەوە. (364) لاپەڕەیە و دەوری (1700) وشەی گرتۆتەخۆ. کتێبەکە لە دوو بەش پێکهاتووە:ك بەشی یەکەم (ل 33 هەتا 174) ، تایبەتی نێوی کچانەیە و دەوری (750) وشەیە. بەشی دووەم (ل 177 هەتا 344) تایبەتی نێوی کوڕانەیە و دەوری (900) وشەیە، نووسەر تا ڕادەیەکی بەرچاو بە دەوری وشەدا هاتووە و بە ڕاڤە و وشەی هاوواتا و شاهید، مانای پوختی بە دەستەوە داوە لە کاری ناونامەنووسینی کوردی دا، ئەم بەرهەمە پێشکەوتنیەبەرچاوی پێوەدیارە.

13- ((نێونامەی ژینەر))، فەرهەنگۆکێکی ناوی کوردی - فارسی یە ، کە فرووغ ناهید (ژینەر) نووسیویە، (81) لاپەڕەیە و ساڵی (2002) لەلایەنە ناوەندی بڵاوکردنەوەی سەلاحەددینی ئەییووبی، لە ورمێ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، 20 لاپەڕەی سەرەتای کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ پێشەککی و هەندێ باسی پێوەندی دار بە ناونامەکە، لە دەقی کارەکەدا (1100) ناوی کوردی، بە فارسی ڕاڤە کراون و ناوی کچانە و کوڕانە و هەروەها ناوی هاوبەش بە نیشانە لە یەك جیاکراونەوە.

14- ((فەرهەنگی ناوی کوردی))، بەرهەمی ((سیروان کاروانی))یە، کە تا ئێستا سێ بەرگی لە سوئێد بڵاوکراوە. بەشی دوویەمی ئەو کتێبە (240ل) ، ساڵی (2000) و بەشی سێیەمی (174ل)، ساڵی (2002) چاپکراوە.

**بەشی پێنجەم:** ئەو فەرهەنگە دەستنووسانەی کە هێشتا چاپ نەکراون. **یاهەڵگیراون و پارێزراون.**

1- د. مارف خەزنەدار، لە کتێبی ((لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردی یەوە))دا، باسی دەستنووسێکی نامەخانەی ئامۆژگای ڕۆژهەلاتناسی ئەکادیمیەی زانستی سۆڤیەت لە لینینگراد دەکا کە لە دانان و ڕێکخستنی ((ئەلێکساندر ژابا))یە و برتییە لە فەرهەنگۆکێکی ((کوردی ((شێوەزار حەکاری - ڕەوەندی) - فەڕنسی))و نزیکەی حەوسەد وشەی گرتۆتەخۆ.

2- ئا. ژابا، فەرهەنگێکی سێ زمانەی ((کوردی - فەڕەنسی - ڕووسی)) ئامادە کردووە. کە دەستنووسە و لە کۆڕی زانیاری سۆڤیەت لە لێنینگراد هەڵگیراوە.

3- ئا. ژابا، هەروەها فەرهەنگێکی سێ زمانەی تری هەیە کە ((فەڕەنسی - ڕووسی - کوردی))یە و بە دەستنووسی لە کۆڕی زانیاری سۆڤیەت لە لێنینگراد هەڵگیراوە.

4- عەبدوڵڵا زێوەری شاعیر، لەساڵی (1941) کاری وەرگێڕانی فەرهەنگی ئەختەری بە عەرەبی - کوردی دوایی پێ هێنا. ئەم دەستنووسە لە دوو دەفتەری گەورەدا لە کتێبخانەی کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا پارێزراوە.

5- د. جەمال نەبەز، لە وتارێکدا باس لە فەرهەنگێکی چاپ نەکراوی خۆی دەکا ، کە ئەڵمانی - کوردی یە و (30000) وشە دەبێ و مانا کوردییەکان بە پیتی عەرەبی و لاتین و ترانسکریپسیۆن نووسراونەتەوە و جاروبار ماناکان بە چەند شێوەیەکی کوردی لێکدراونەتەوە.

6- سەدیق بۆرەکەیی، لە پێشەکی ((فەرهەنگی ماد))دا، ئاماژە بە فەرهەنگێکی کوردی - کوردی ، د. کامران بەدرخان دەکا ، کە شەست هەزار وشەیە و هێشتا چاپ نەکراوە.

7-مەعرووف قەرەداغی، لە پێشەکیی ((فەرهەنگی کشت و کاڵ))دا ئاماژە بە دوو دەستنووسی خۆی دەکات، بەم جۆرە: 1- فەرهەنگی قەرەداغی کوردی - کوردی، سی هەزار وشەیە و جاریێ لە شکڵی ((موسەووەدە))دا ماوە و بۆم ڕێك نەخراوە بە تەواوی. مامۆستا قەرەداغی، دوو بەرگ فەرهەنگە ((کشت و کاڵ))ەکەی خۆی بە گوڵچنێك لە (( فەرهەنگی قەرەداغی))یەکە دەداتە قەڵەم. 2- وەرگێڕانی کوردی (المنجد)، نووسراوی ((لویس مەئلووف))، کە لە هێرشی بەعس دا، لە (10 / 1963) سووتێنرا.

8- یەکێك لە پڕۆژە گەورەکانی کۆڕی زانیاری کورد، نووسین و ئامادەکردنی، فەرهەنگێکی کوردی - کوردی بووە، بەناوی تاقانە، کە لە ماوەی تەمەنی کۆڕدا هەولێکی زۆریشی بۆ دراوە و کارە سەرەکییەکانی بە ئەنجام گەیشتووە. بەڵام پاشی هەڵوەشانەوەی کۆڕ لە ساڵی (1979)دا ، کاری فەرهەنگەکەش وەستێنراوە و گۆیە لەلایەن بەعسەوە لەناوبراوە و فەوتێنراوە.

9- سەید محەمەدی سەمەدی، ساڵی (1982) کتێبی ((فێربوونی زمانی ئۆردوو لە دوو مانگ دا))ی ((پڕۆفیسۆر عەزیز و ڕەحمان))ی لە ئینگلیزیەوە کردە فارسی و لە (256) لاپەڕەدا ئامادەی چاپیکرد. ئەو کتێبە لە (56) بەش پێکهاتووە. وەرگێڕ، لە دوایی هەر بەشێکدا، فەرهەنگۆکێکی سێ زمانەی ((ئۆردوو - فارسی - کوردی)) ڕێککخستووە، کە سەرجەم پتر لە (1500) وشە دەبێ و یارمەتییەکی زیاتری فێرخواز دەدا بۆ فێربوونی زمانی ئۆردوو. ئەوە یەکەم جارە کە وشەی ئۆردوو و کوردی بە شێوەی فەرهەنگۆکێك ڕێك بخرێن.

10- ئەنستیتۆی کورد لە پاریس، ساڵی (1984) ڕایگەیاند کە پێوەیە فەرهەنگێکی گەورەی کوردی - فەڕەنسی ڕێك بخات و تا ئەم ساڵە توانیویەتی کاری وشەگەلی سەر بە پیتەکانی A و B و C لە

پەنجاوپێنج هەزار وشەدا بە ئەنجام بگەیەنێ، هەروەها پێوەیە پاشی تەواوکردنی فەرهەنگەکە هەر هەمان فەرهەنگ بە زمانەکانی ((تورکی، ئەڵمانی، ئینگلیسی، عەرەبی و فارسی))ش ئامادەبکات.

11 د. بەهمەن فەریوەر (سۆران سنەیی)، ساڵی (1991)، لە پاشکۆی کتێبی ڕیسالەی عیشق لە لیستەی بەرهەکانی خۆیدا ، باسی ئەم فەرهەنگانەش دەکا کە لەژێر چاپ دان:

1.فەرهەنگی هەورامان ، ((هەورامی – کوردی ئەدەبی – فارسی)). 2. فەرهەنگی کوردستان ، ((کوردی – کوردی)) ، ((کوردی – فارسی))، بەرگی یەکەم (ئا) بڵاوکەرەوە : ناجی ئەحمەدی، بانە. 3.فەرهەنگی ناوەکانی کوردی ، بڵاوکەرەوە: ناجی ئەحمەدی، بانە. 4.فەرهەنگی ئانسیکلۆپێدیای ژیانی کوردەواری (20بەرگ).

12– هەژار، لە چێشتی مجێوردا دەڵێ: ((یەکێك لە دۆستانی قامیشلیم ، مەلا ئەحمەدی نامی بوو، کوردی چاك و شاعیرێکی تەبع ڕەوان و فەرهەنگێکی کوردی – عارەبی نووسیبوو کە بەداخەوە چاپ نەکرا و لەگەڵ شیعرەکانی وابزانم نەماوە.)).

13– مەلا خەلیل سلێمان (مشەختی)، لە هەڤپەیڤینێك دا لەگەڵ گۆڤاری ئاوێنە، باسی دوو فەرهەنگی خۆی دەکا و دەڵی: ((فەرهەنگێکی گەورەی ((کوردی – کوردی))م بەناوی فەرهەنگی مەرگ و ژین، لە (1200) لاپەڕەدا نووسیوە، تایپ کراوە و ئامادەی چاپە)). هەروەها مامۆستا مشەختی باسی فەرهەنگی ئشکەفتان دەکا، کە ئەویش خۆی نووسیویە و بەر لە ساڵی (1974) لەلایەن مامۆستا هەژارەوە براوە بۆ کۆڕی زانیاری کورد تا چاپ بکرێ، بەڵام لەوێ بە جێماوە و چاپ نەکراوە.

14– عەبدوڵڵا ناهید ( ئیفتیخار)، لە کتێبی بیرەوەرییەکانی خۆی دا دەڵێ: ((ساڵی (1300)ی هەتاوی {1921} ماڵم لە گوندی یەك شەوە بوو، لەوێ دەستم کرد بە نووسینی فەرهەنگێکی کوردی – فارسی کارەکەم بە ئەنجام گەیاند)).

15– د. ئسمر نقا، لە هەپەیڤینێك لەگەڵ گۆڤاری ئاوێنەدا، باسی فەرهەنگی گ. کەریم ئەییوبی دەکا کەبیست هەزار وشەیە و دەستنووسە و هێشتا چاپ نەکراوە.

16– مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی، ((فەرهەنگی زاراوە و ئیدیۆمی زمانی کوردی)) نووسیوە و دەستنووسەکە لە لای کۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی کورد)ە و ، ساڵی (1987) بڕیاری لە چاپ دانیان داوە.

17– د. ڕەشید قەرەداغی لە هەپەیڤینێك دا باسی فەرهەنگێکی ئینگلیسی – کوردی کرد، کە هەزار لاپەڕەیە و (60) تا (65) هەزار وشەی گرتووەتەخۆ ، لە ساڵی (1972)ڕا کاری لە سەر کردووە و هێشتا چاپ نەکراوە.

18- د. نووری تاڵەبانی لە ساڵی (1975)ڕا دەستی داوەتە فەرهەنگی قانوونی کوردی، کە عەرەبی - فەرەنسی - ئینگلیسی - کوردییە و بریتییە لە وشە و زاراوەگەلی سەر بە قانوون، کە بۆ زانیاری کاروباری دادگا بەکاردێ. بەپێی زانیاری ساڵی (1990)، ئەم فەرهەنگە هێشتا دەستنووسە و چاپ نەکراوە.

19- کاک فارس نووری، لە نامەیەکدا بۆ گۆڤاری ئاوێنە، دەنووسێ: ((ڕێزمانی کوردی شێوەزاری کەلهوڕم نووسیوە و ئامادەی چاپە، هەروەها فەرهەنگێکی کوردیشم ڕێك خستووە کە لە دیالێکت و شێوەزارە جۆرەبەجۆرەکانی کوردیم کەڵك وەرگرتووە، بە تایبەت شێوەزارەکانی کرماشان، ئیلام، لۆڕستان. ئەو فەرهەنگە پتر لە شەش هەزار پەیڤە)).

20- ئەلێساندرۆ کۆلێتی (1928 - 1985) ، بەشێکی زۆری تەمەنی خۆی تەرخان کرد بۆ نووسینی فەرهەنگێکی کوردی - ئیتاڵی و کاری دوو بەرگی فەرهەنگەکەی بە ئەنجام گەیاند. بەرگی یەکەم ( ئـ . ب) و بەرگی دووهەم (پ . ژ)، بەڵام مەرگی کۆلێتی لە ساڵی (1985) کاری فەرهەنگەکی نیوەچڵ هێشتەوە. ئەلێساندرۆ ئەویندراى زمانی کوردی بوو و شارەزایی تەواوی بە سەر دیالێکتی کرمانجی نێوەڕاستدا هەبوو. ئەو هەڵبژاردەیەکی وێژەی فۆلکلۆری کوردی وەرگێڕایە سەر زمانی ئیتاڵی و بڵاوی کردەوە. دوایین بەرهەمی ئەو، کە وەکی فەرهەنگەکە بە نیوەچڵی و ناتەواوی بەجێ ما، دوو وتار بوو بە زمانی ئیتاڵی لە سەر فۆلکلۆری کوردی و تێکستەکانی ئۆسکارمان. ئەلێساندرۆ لە ساڵی (1979) کتێبێکی لەسەر ڕێزومانی کوردی نووسی و بڵاوی کردەوە، ئەم کتێبە، پاشی بەرهەمەکەی ((ماوریزۆ گارزۆنی))، دووەمین ڕێزمانی کوردییە کە بە ئیتاڵی نووسرابێ.

21- مەلا خەلیل سلێمان، فەرهەنگێکی کوردی ((زاراوەی شەبەك)) عەرەبی نووسیوە و، کە هێشتا چاپ نەکراوە.

22- ئەحمەد بەحری، کۆمەڵێك فیشی لە ئیدیۆمەکانی زمانی کوردی ناوچەی موکریانی کۆکردۆتەوە، کە دەبێ ڕێك و پێك بکرێن و وەکی قامووسێکی زاراوەیی ((کوردی - کوردی)) ئامادەبکرێ.

23- ڕەسوڵ ڕەش ئەحمەدی, گەلێك فیش ویادداشتی لەسەر زاراوەکانی ناوچەی موکریلن کۆکردۆتەوە ، کە زۆربەی پیشە و کار و داب و ڕەسم و بەشە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەواری دەگرێتەوە.

24- سەید ساڵح ئەییوبیان، لە ساڵی (1355) {1976}ەوە خەریکی وەرگێڕان و ئامادەکردنی ((فرهنگ عمید))ە، بەشێوەی فەرهەنگێکی ((فارسی - فارسی - کوردی)) ، (2250) لاپەڕەیە و ئێستا لە کاری دوایین پێداهاتنەوەی دایە.

25– زانای کورد، بابا مەردووخی ڕووحانی، گەلێك شوێنەوار و بەرهەمی بەکەڵکی بە کوردی و فارسی و عەرەبی لە دەوا بەجێماوە کە لە ناویان دا دوو کاری فەرهەنگ نووسی بەرچاو دەکەوێ:

1. ((فرهنگ روحانی))، عەرەبی – فارسی، کە وەرگێڕانی ((المنجد))ە و بە نا تەواوی ماوەتەوە.

2.((فرهنگ نوزاد))، کە بە شێوەی کوردی – فارسی، لە سێ بەرگ دا ئامادەکراوە و کارێکی تاقانەیە، چونکە تایبەتی ئەو وشە و زاراوانەیە کە منداڵ بەر لە فێربوونی زمان، بە کاریان دێنێ.

26– حەبیبوڵڵا تابانی، لە کتێبی ((تاریخ تمدن کردستان))دا، بەم جۆرە ئاماژەی فەرهەنگێکی دەستنووس دەکا: ((فەرهەنگێکی هێژای ئوستاد عوبەیدوڵڵا ئەییوبییان لە دەستی چاپ و بڵاوکردنەوەدایە، کە دەتوانێ کەلەبەرێکی گەورەی فەرهەنگ نووسی کوردی پڕبکاتەوە)).

27– جەلادەت عالی بەدرخان، چەندین ساڵ لەسەر فەرهەنگێکی کوردی – ئینگلیسی کاری کردووە، بەڵام نەیتوانیوە پێش مردن کۆتایی پێ بێنێ. فەرهەنگەکە بە پیتی لاتینی نووسراوە . دەستنووسی پێنج پیتی یەکەمی فەرهەنگەکە، کاتی خۆی براوە بۆ مەدرەسەی توێژینەوە ڕۆژهەڵاتییەکان، لە لەندەن. بەڵام ئێستا هیچ شوێنەوارێك لەم دەستنووسە دیار نییە.

28– ج . س . ئ . جانسۆن، ساڵی (1937)یا بەر لەم ساڵە، فەرهەنگێکی ئینگلیسی – کوردی و کوردی – ئینگلیسی لە دوو بەرگ دا نووسیوە، کە دەستنووسی ئەم فەرهەنگە ئێستا لە ناوەندی ((سواس))، لە لەندەن پارێزراوە پێناسی ژمارە (MS. 380327)ی پێدراوە. بە دیالێکتی کرمانجی خواروو نووسراوە و مۆرکی بن لەهجەی سلێمانی بە سەر وشەکانییەوە دجیارە.

29– ((فەرهەنگی مێدیا)) ناوی فەرهەنگێکی کوردی – کوردی ((عەباس سلێمان سمایل))ە، کە ساڵی 1988 بڕیاری لە چاپدانی بەشی یەکەمی وەرگیراوە.

30– مەسعوود خالید گوڵی، لە دوایین لاپەڕەی کتێبێکی خۆیدا، بەناوی ((فەرهەنگۆکا کلاسیکێن کورد))، ئاماژەی ئەو بەرهەمانەی خۆی دەکا کە لە ژێر چاپدان، یەك لەوان ، ((قاموسا فارسی بۆ کوردی)) یە کە هێشتا چاپ نەکراوە.

31– مامۆستا مەلا عەبدولقادری شەریفی (1918)– 2002، کوڕی عەبدوڵڵا لە دایکبووی گوندی ((سلۆك))ی ناوچەوی مەنگوڕی مەهاباد، و دانیشتووی گوندی ((تازە قەڵا))ی سەرە بە شاری نەغەدە لە ماوەی تەمەنی دا هەولێکی زۆری کۆکردنەوەی وشەی کوردی داوە و لە بیست و دوو دەفتەری گەورەی دەستنووس دا، وشەی کوردی و فارسی و عەرەبی لەسەر ڕووەك و پەلەوەر و ئاژەڵ و گژوگیا، کۆکردۆتەوە و ڕاڤەی کردوون. ئەو دەفتەرانە کە ئێستا لە لای بنەماڵەکەی پارێزراون بەم چەشنەن: یەکەم: فەرهەنگی پەلەوەر و باڵدارەکان، حەوت دەفتەر. دووەم: فەرهەنگی دار و گوڵ و گیا، پێنج دەفتەر.

سێیەم: فەرهەنگی گیانداری وشکایی و دێمی و ئاوی، هەشت دەفتەر. چوارەم: فەرهەنگی جرِوجانەوەر ((حەشەرِات)) ، دوودەفتەر .

لە بەشی دوایی، واتە بەشی پێنجەمی ئەم لیستەیەدا، ئامانج ئەوەبوو، کە بۆیەکەم جار ئەو واژەنامە دەستنووسانەش بخرێنە بەرباس کە ئەرکێکی زۆریان لە پێناودا کێشراوە، بەڵام شانسی ئەوەیان نەبووە کە تائێستا رِووناکی ببینن، جا یان فەوتاون و لەناوچوون، یان بە دەستنووسی کەوتوونەوە و چاوەرِاونی دەرفەتێکن بۆ رِزگاربوون لە مەرگ. هەرچۆنێك بیّ ناساندن و کێشانەو بەر باسیان کەمترین ئەرکێك بوو کە لەم پێیەدا دەگونجا، بەڵکو ئەم تیشك خستنەسەرە، ببێتەهۆی ئەوە کە شوێن پێیان بۆ هەڵگرتن بمێنێتەوە و سەودا سەرانی ئەم رِێبازە ، لانی کەم بوارێکیان هەبیّ بۆ کەوتنە شوێن و پەیجۆیی یان. بیّ گومان ژمارەشیان گەلێك لەوە پترە کە لێرەدا باسیان لیّ کراوە. پێویستە وەبیربێنمەوە کە دوور نییە ژمارەیەك لەم فەرهەنگە دەستنووسانەی کە لێرەدا باسیان لیّ کراوە ، لە ماوەی کۆکردنەوەی زانیارییەکانی ئەم وتارە، تا بڵاوکردنەوەی، کە ماوەی یازدە ساڵی خایاندووە، لەوانەیە تا ئێستا چاپ کرابن و نووسەری ئەم وتارە ئاگاداری چاپ بوونیان نەبووبیّ.

بەڵام هەندیّ فەرهەنگی تازەش چاپ و بڵاوکرانەوە و کتێبخانەی کوردییان پیّ رِازایەوە. جگە لەمانە، چەند فەرهەنگێکیش لە قەڵەم کەوتبوون. ئەوا لە بەشی تێبینی دا، بە لیستەکە زیاد دەکرێن کە بریتین لە:

1- حەمید ئەبووبەکر ئەحمەد، ساڵی (1994)، بەرگی دووەمی ((فەرهەنگی وێنەدار بۆ منداڵان))ی بە ((ئینگلیزی – کوردی – عەرەبی – فارسی)) نووسی، کە لە هەمان ساڵدا لە هەولێر چاپ و بڵاوکرایەوە.

2- حەمید ئەبووبەکر ئەحمەد ، ساڵی (1996)، بەرگی سێیەمی ((فەرهەنگی وێنەدار بۆ منداڵان))ی بە ((ئینگلیزی – کوردی – عەرەبی – فارسی)) نووسی، کە لە هەمان ساڵدا لە هەولێر چاپ و بڵاوکرایەوە.

3- ((کتاب منتخب الخواص)), ناوی بەرهەمێکی شێخ محەممەدی مەردۆخی کوردستانییە. کەلە ساڵی(1951), چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئەو کتێبە سەرجەم (138) لاپەرِەیەو لەباسی زیندەوەر, بەتایبەت گژوگیاو نەخۆشی و داو ودەرمانی خۆماڵی و پزیشکێتی کۆن دەدویّ. (110) لاپەرِەی بەشی هەوەڵی کتێبەکە، بەپێی ئەلف و بیّ، کۆمەڵێك ناوی رِووەك و زیندەوەر و خواردەمەنیی کوردی و فارسییە، کە بە فارسی لێیان دوواوە و چۆنیەتی دەکارکردن و بەرهەم هێنانی دەرمانەکانی شی کردووەتەوە. (28) لاپەرِەی بەشی دوویەمی کتێبەکەش تەرخان کراوە. بۆ لیستەی ناوی نەخۆشییەکان، کە بە شێوەی کوردی و فارسی – فارسی رِاڤەکراون.

4- احسان علی عبدالکریم، ((فەرهەنگی گیرفانیی جاف))ی بە ئینگلیسی – کوردی نووسی و ساڵی (2001) لە کوردستان، چاپ و بڵاوی کردەوە. چاپی دووەمی ئەو فەرهەنگە، ساڵی (2002) لە تاران، لە

لایەن ((نشر أحسان))، لێدرایەوە. پێنسەد و نەوەد لاپەڕە و هەشت هەزار وشەیە بۆ دروست خوێندنەوەی وشە ئینگلیسییەکان، لە ئەلفوبێی دەنگیی نێودەوڵەتی کەڵك وەرگیراوە.

5- فەرهەنگی نوێ، کۆمەڵێك زاراوەی سیاسییە کە مامۆستا بورهان قانع ساڵی (1981) لە زمانی فارسییەوە کردووە بە کوردی و لە (1985) لە بەغدا چاپ و بڵاوی کردووەتەوە. فەرهەنگی نوێ ، (200) لاپەڕە و دەوری (270) زاراوەیە و بە دەست پێکردنێکی پێویست دێتەژمار، بۆ هاویشتنی هەنگاوی گەورەتر لەم بوارەدا.

6- مەسعوود خالد گولی، ((فەرهەنگۆکا کلاسیکێن کورد))ی نووسی کە ساڵی (2001)، لە هەولێر چاپ و بڵاوکرایەوە. ئەو بەرهەمە کە (144) لاپەڕەیە، فەرهەنگۆکی ئەو وشە و زاراوە عیرفانییانەیە کە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە ئیما و ئیشارە دەکار دەکرێن و هەڵگری مانای مەجازین. بەشی دوویەمی فەرهەنگۆکەکەشی تەرخان کردووە بۆ هەندێ ناوی مێژوویی و جوغرافیایی و ئەفسانەیی، کە ئەوانیش لە شیعری کلاسیکی کوردی دا گەلێك بەرچاون و ڕاڤە و مانای عیرفانییان هەیە.

7- ((فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی))، ناوی فەرهەنگێکی کوردی – ئینگلیزی / ئینگلیزی – کوردی یە، کە بەختیار سەجادی و محەممەد مەحموودی نووسیویانە و ساڵی (2002) لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، لە (204) لاپەڕەیە و تیراژی (700) بەرگدا، لە سلێمانی چاپ و بڵاوکراوەتەوە. زاراوەکان بریتین لە: ئەدەب، ڕەخنەی ئەدەبی و تیئۆری ئەدەبی.

8- ((ئینسکلۆپیدیای ئابووریی))، ناوی فەرهەنگێکی عەرەبی – ئینگلیزی – کوردی یە . کە فەیسەڵ دەبغ نووسیویە و پتر لە دوو هەزار زاراوەی ئابووریی بە کوردی لێکداوەتەوە. ئەم فەرهەنگە 517 لاپەرەیە و ساڵی (2001) لە هەولێر ، چاپی یەکەمی بڵاوکراوەتەوە.

9- ((قامووسا سەلاحەدین))، ناوی فەرهەنگێکی ئینگلیزی – کوردییە، کە سەلاح سەعدوڵلا نووسیویە و ساڵی (1998) لە بەغدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

10- ((فرهنگ نام های کردی)) نێونامەیەکی کوردی – فارسییە، کە ((بەدیع مرادی)) نووسیویە و ساڵی (2003) لە سنە چاپ و بڵاوکراوەتەوە. نووسەر بەبێ هیچ پێشەکی و لێدوانێك ، دەوری (2000) ناوی کوردی، بەبێ جیاکردنەوەی کوڕانە و کچانە تۆمار کردووە و لە ڕستەیەکی کورت دا بە فارسی مانای کردوونەوە.

11- مامۆستا تەها فەیزی زادە، لە لیستی بەرهەکانی خۆی دا، سێ فەرهەنگ ناودەبا، کە لە قۆناغی ئامادەکردن دان. ئەم فەرهەنگانە بریتین لە: 1. ((فرهنگ ترکیبات عگفی در زبان کردی)). 2. ((قامووسی زاراوەیی زمانی کوردی))، بەرگی یەکەم. 3.((بەرکوت)) گەلایەك بۆ قامووسێکی زارایوەیی. تەها فەیزی

زادە پێشتریش گەلێك كاری فەرهەنگ نووسی بە ئەنجام گەیاندووە ، كە چاپ و بڵاوكراونەوە. بە داخەوە مەرگ مەودای تەواوكردنی ئەم سێ كارەی نەدا.

12- نەوزاد محەممەد، فەرهەنگۆكێكی ئەڵمانی – كوردی نووسیوە كە ساڵی (1988) لە ئەڵمان چاپ و بڵاوكرایەوە. ئەو فەرهەنگۆكە، كە لە بڵاوكراوەكانی ((گۆڤاری پەڕەنگ))ە، بریتیە لە (326) لاپەڕەی بچووك.

13- میرزا سەدیق ئەحمەد چنگیانی، ساڵی (1990) كتێبی ((گژوگیا و ئاژەڵ))ی بڵاوكردەوە, كە بریتی یە لە دوو بەش, یەكەم: گوڵ و گژوگیا، دوویەم:ئاژەڵ و گیاندار و گیانەوەر. سەرجەم (215) لاپەڕەیە و بەشێوەی كوردی – كوردی ڕێك خراوە.

ئەو هەوڵە تازانەی لەم مەیدانەدا دراون و نەكەوتوونەتە ناو بیبلۆگرافییایەكانی پێشوو، لێرەدا تۆمار بكرێن و لیستەیەكی بە پێی توانا كامڵ و تەواو بە دەستەوە بدرێ.

## پاشكۆی ژمارە (4) ڕاناوەكانی بەرگی (٦)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئو ل117 | ئەنگۆ ل184 | ئەوەتە ل190 | ئەوهە ل191 | ئێ ل236 |
| ئەتۆ ل122 | ئەو ل186 | ئەوەكە ل191 | ئەوێ ل192 | ئێوە ل238 |
| ئەز ل133 | ئەوانە ل187 | | | |

## پاشكۆی ژمارە (5) ئامرازەكانی بەرگی (٦) و (ب)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئات ل4 | ئایەكو ل107 | ئەدی ل132 | ئەهێو ل195 | ئیش ل242 |
| 2- ئاخر ل7 | ئم ل109 | ئەك ل162 | ئەی ل195 | ئامرازەكانی بەرگی |
| ئاخۆ ل10 | ئۆ ل112 | ئەككو ل162 | ئەیەڕۆ ل195 | (ب) |
| ئارێ ل18 | ئۆی ل116 | ئەگەر ل164 | ئێ ل229 | با ل7 |
| ئان ل70 | ئو ل117 | ئەوە ل190 | ئێر ل231 | بریا ل75 |
| 3- ئاو ل76 | ئە ل118 | ئەهو ل194 | ئێل ل236 | بۆ ل112 |
| ئایا ل106 | ئەر ل128 | ئەهۆی 195 | ئی ل 228 | |

## پاشكۆی ژمارە (6) دژواتاكانی بەرگی (٦)

| | | |
|---|---|---|
| ئاچغ// ڕەنگی تاریك،تۆخ ل7<br>ئاخر// هەوەڵ، یەکەم ل8<br>ئاخرخێر// ئاخرشەڕ ل8<br>ئاخرشەڕ// ئاخرخێر ل8<br>ئاخنین// هەڵاخنین ل9<br>ئارام// توڕەوتۆس ل12<br>ئازا// پوت، پوچ ل20<br>ئاسان// دژوار ل2 | ئاشکرا// نهێنی ل36<br>ئافەرین// نەفرین ل45<br>ئاوگرتن// ئاوبەردانەوە ل90<br>ئاوڵە// لقاح ل91<br>ئومێدەوار// نائومێد ل112<br>ئۆرتە// کەنارە، لاکێش ل114<br>ئۆین// مەرس ل117<br>ئە// ئی ل118 | ئەبەد// ئەزەل ل120<br>ئەداکردن// قەزا ل126<br>ئەزەل// ئەبەد ل134<br>ئەندرون// بیرونی ل180<br>ئەوڵ// ئەمێ ل192<br>ئیشکانی// دەریا ل212 |

**پاشکۆی ژمارە (7) هاوواتاکانی ( ) بەرگی (٦)ی پێکهاتووە لە (724) هاوواتا، لەبەر زۆری ژمارەیان هەندێك لەم هاوواتایەنە دەخەینە ڕوو:**

| | | |
|---|---|---|
